# مـــەدرەســـە
# مەحبەسەیە

## نووسین و وتار دەربارەی
## پـــەروەردە و فـــێرکـــردن

**بەڕێز عەباس**

سلێمانی ٢٠٢٣

**ناسنامەی کتێب**

- ناوی کتێب: مەدرەسە مەحبەسەیە
- نووسەر: بەڕێز عەباس
- بابەت: پەروەردە و فێرکردن
- دیزاینی بەرگ: عیسا عوسمان
- دیزاینی ناوەوە: فوئاد کەوڵۆسی
- نۆرەی چاپ: چاپی یەکەم- سلێمانی- ٢٠٢٣
- شوێنی چاپ: چاپخانەی گەنج- سلێمانی

**ژمارەی سپاردن: لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە (٢٦٥١)ی ساڵی ٢٠٢٣ی پێدراوە.**

# پێڕست


پێشەکی.......................................................... ٩

مەدرەسە یان مەکتەب .................................................... ١٣

پەروەردە و فێرکردن لە کوردستاندا لە سەر هێڵێکی چەوتە ..................... ٢٥

هۆوکینگ و ئەنیشتاینیش تەمبەڵ بوون! ......................................... ٤٣

مامۆستاکانی مام جەلال و کۆچەر بیرکار......................................... ٤٦

لەنێوان مامۆستا ئەسما و مامۆستا عەبدولزاهیردا.................................. ٤٩

توندوتیژیی قوتابخانەیی ..................................................... ٥٢

سوهراب و وانەیەکی پەروەردەیی............................................. ٥٦

چ لە خوێندنگادا فێر دەبین؟ ................................................. ٦٠

مەدرەسە، مەحبەسەیە! ...................................................... ٦٣

فێربوونی بانکی "Banking " ................................................. ٦٦

پەروەدە وەك ئەزموون، پەروەردە لای ئەدییان .................................. ٦٩

جەنگ و پەروەردە و یادەوەری................................................ ٧٤

پەروەردەکار ................................................................ ٧٩

پەروەدە چی نییە؟ ........................................................... ٨٢

پەیوەندی نێوان خوێندکار و مامۆستا ............................................ ٨٦

هۆکاری ئەو پێشکەوتنەمان بایەخدان بوو بە پەروەردە.............................. ٩٠

ناوی قوتابخانەکان و چەند سەرنجێك ........................................... ٩٤

گرنگی وانەی هونەر و پەراوێزخستنی لە خوێندنگاکان ..... ٩٧
خوێندکاری "تەممەڵ" ..... ١٠١
ئەزموون و مامۆستایەتی ..... ١٠٤
فێرخواز و دەوروبەر ..... ١٠٨
هەڵهاتن لە زانین! ..... ١١٣
مامۆستا نامۆکە! ..... ١١٧
پەروەردەی ئێمە دیموکراسی نییە ..... ١٢٠
زمانی مامۆستا ..... ١٢٣
پیاو یان ئافرەت، کامیان مامۆستای سەرکەوتوون؟ ..... ١٢٦
شکۆی مامۆستا و وتە و کاردانەوەکانی دوایی ..... ١٣٠
لەبارەی کەسێتیی مامۆستاوە ..... ١٣٤
مامۆستای جدی کێیە؟ ..... ١٣٨
سێکوچکەی (فێرخواز، پرۆگرام، مامۆستا) ..... ١٤١
مامۆستایەتی و وانەوتنەوە وانابێت ..... ١٤٧
ئایا منداڵ پەڕەیەکی سپییە؟ ..... ١٥٠
جیاوازیکردن لە نێوان زانستەکان ..... ١٥٣
وێنایەکی نا پەروەردەیی بۆ بەشی وێژەیی ..... ١٥٧
وانە پەراوێزخراوەکان ..... ١٦١
قوتابخانەکانی ئێمە زیندانیش نین! ..... ١٦٤
منداڵی مامۆستا لە یەکەمەکانن! ..... ١٦٧
پشوی هاوینتان چۆن بەسەر برد؟ ..... ١٧١

خوێندنگا وەك دەزگایەكی ئەمنی ..............................................١٧٤
باخچە وانابێت ..............................................................١٧٧
بۆ كوڕ و كچ جیابكرێنەوە؟..................................................١٨٠
موتەبیقەكان كێشەمان بۆ دروست دەكەن.......................................١٨٣
كەس وەزارەتی پەروەردەی ناوێ؟! ...........................................١٨٦
دیسان وەزیری پەروەردە! ....................................................١٨٩
بەشی زانستی كۆمەڵناسی و فەلسەفە بۆ ناخوێنن؟! ..........................١٩٣
٩/٢١ یان ١٠/٢١ دەسپێكی دەوامە!؟..........................................١٩٦
دەسپێكی دەوامی خوێندن و قەیرانەكانی دووانەیەكی لێكدانەبڕاو!؟...............١٩٩
بڕیارەكانی وەزارەتی پەروەردە و دروستكردنی كێشە .........................٢٠٣
بڕیاردان پێش بیركردنەوە......................................................٢٠٦
مامۆستا و هەڵمەتی پاككردنەوە...............................................٢٠٩
هەڵبژاردنی خوێندكاران بۆچی؟...............................................٢١٢
سەرپەرشتیاران پێویستیان بە تاقیكردنەوەیە ...................................٢١٥
كێ هەڵسەنگاندن بۆ سەرپەرشتیاران بكات؟ ...................................٢١٧
كێشەی كارگوزار لە خوێندنگاكان ..............................................٢٢٠
ئەو شتەی گوێی پێنادرێت تاقیگەی خوێندنگاكانە...............................٢٢٣
تاقیكردنەوە و كێشەكانی ......................................................٢٢٦
تاقیكردنەوەی بەكالۆری، یان ڕاگەیاندنی باری نا ئاسایی! .....................٢٢٩
بەڕێوەبەری خوێندنگاكان ئیتر بەسە! ..........................................٢٣٣
ئایا خوولەكانی تایبەت چارەسەرن؟ ...........................................٢٣٧

خوێندکاری زانکۆ چۆن نمره دەهێنێت؟.......................................................................٢٤٠
چیم نەدی ؟!.........................................................................................................٢٤٣
بۆ نەڕۆینه دەرەوه بۆ خوێندن ............................................................................ ٢٤٧
هەڕاجکردنی خوێندن! ..........................................................................................٢٥٠
ڕۆمانی پەروەردەیی و کاریگەری لەسەر دونیابینی و هزری فێرخواز ........................ ٢٥٣
ڕۆڵی ناوەندەکانی خوێندن له به کلتورکردنی خوێندنەوه.......................................... ٢٥٨
فەلسەفه وانەیەك بۆ ڕق له دانایی! ......................................................................... ٢٦١
بەڕاست وەزارەتی پەروەرده بۆ وادەکات؟ ................................................................ ٢٦٥
لای وەزارەتی پەروەرده شاری فۆلکستۆن لەئەڵمانیایه! ............................................٢٦٨
له بارەی پێدانەوەی نمرەی پۆله ناکۆتاییەکان.......................................................... ٢٧١
کێشەی ٣٠ نمرەکه.................................................................................................. ٢٧٥
پەیوەندی نێوان مامۆستا و قوتابی.........................................................................٢٧٨
پەروەرده و فێرکردن لای ژان پیاژێ ...................................................................... ٢٨٥
پێویستمان به مامۆستای هاوشێوەی "جۆن کیتینگ" ە، نەوەك مامۆستایەکی وەك "نۆلان" ........٢٩٠
کاریگەرییەکانی جەنگ و تیرۆر لەسەر منداڵان ........................................................ ٢٩٦
ڕۆمانێك لەسەر ڕۆڵی باوکایەتی... باوکی ئەو ........................................................ ٣٠٨
خوێندنەوەیەك بۆ دۆخی زانکۆکان و خوێندنی باڵا له هەرێمی کوردستان......................٣١٤

# پێشکەشە

بەو فێرخوازانەی بەهۆی نەخێرەکانیان و بێدەنگ نەبوونیان، هەروەها گومان و پرسیارەکانیان، یان بۆچوونی جیاوازیان و بیرکردنەوەکانیان...... تاد سزا دراون و ئازاریان چەشتووە!

بەو مامۆستایانەی دەیانەوێت پەروەردەییانە هەڵسوکەوت بکەن و دیداکتیکی هاوچەرخ پیادە بکەن، بەڵام لە بەرانبەردا ئازاری ڕۆحی و دەروونی دەدرێن!

# پێشەکی

لە ماوەی ساڵانی پێشوودا لە ڕێگەی نووسینەوە لە ڕۆژنامە و گۆڤارە جیاوازەکانی کوردستاندا گرفت و کێشە و خەمەکانی پەروەردە و فێرکردنمان لە قوتابخانە و خوێندنگاکان خستووەتەڕوو، ناوەڕۆك و باسەکانی ئەم نووسین و وتارانە دوای تێپەڕبوونی چەندین ساڵ بەسەر بڵاووبوونەوەیاندا بۆ ئێستاش نوێن و ئەو خەم و گرفتانە کەم و زۆر بەردەوامن و گۆڕانکارییەکی ئەوتۆی بەسەردا نەهاتووە !

بە پێویستمان زانیوە هەموو نووسینەکان کۆبکەینەوە و وەکو کتێب بڵاوی بکەینەوە، چونکە هەر یەکێك لەو بابەتانە لەسەردەم و کاتی جیاوازدا بڵاوبوونەتەوە و پەرش و بڵاون بۆیە کۆکردنەوەیان لە کتێبێکدا لە ون بوون و لەناوچوون دەیانپارێزێت، هەروەها نووسین لەبارەی پەروەردە و فێرکردنەوە لای کورد لە چاو کایەکانی تر زۆر کەمە و بایەخ و گرنگی پێنەدراوە، دەتوانین بڵێین بەجۆرێکە ئەگەر توێژەرێك بیەوێت لێکۆڵینەوەیەك لە بارودۆخی پەروەردە و فێرکردن بکات لە سەردەمێك لە سەردەمەکان تووشی نائومێدی دەبێت لە دەستکەوتنی سەرچاوە بۆ لێکۆڵینەوەکەی! هەربۆیە لەو ڕوانگەیەوە پێمان وابوو کۆکردنەوەی ئەم نووسین و وتارانە و چاپکردنی وەکو کتێب بارودۆخی پەروەردە و فێرکردنمان بۆ ڕووندەکاتەوە و هەر توێژەرێك لە ئێستادا یان لە داهاتوودا

بیەوێت لێکۆڵینەوە لە بواری پەروەردە و فێرکردن بکات دەتوانێت سوودی لێببینێت.

وەك مامۆستایەك و بە هەستکردن بە بەرپرسیارێتی هەر لەسەرەتاوە بە پێویستمان زانیوە ئەو خەم و گرفتانە کە لەناوەندەکانی خوێندندا دەیانبینین، یان گوێبیستیان دەبین لە قۆناغی زارەکییەوە بیانگوێزینەوە بۆ قۆناغی نووسراو و تۆماری بکەین، هەربۆیە نووسینەکان بە تەنیا بریتینین لە ناوەڕۆکێکی تیۆری، بەڵکو لە گەڵیشیدا یادەوەری و بیرەوەری مامۆستایەکن، کە ویستویەتی بەوانیتر بڵێت دۆخی پەروەردە و فێرکردن لە قوتابخانە و خوێندنگاکان بەمشێوەیە و تکایە مەیشارنەوە !

لە نووسینەکاندا بە شێوەیەکی گشتی دیدێکی ڕەخنەیی خراوەتەڕوو لەبارەی ئەو شێوازی پەروەردە و فێرکردنەی کە پیادە دەکرێت، هەڵبەت ئەوە دەزانین خەم و گرفتەکان زۆرن و هەمووی بریتی نییە لەوەی کە ئێمە لە نووسین و وتارەکان ئاماژەمان پێکردووە، بەڵام ئەو ڕۆژنامانەی کە نووسین و وتارەکانی تێدا بڵاوبونەتەوە ئەوانیش داخران و ئێمەش نەمانتوانی بەردەوامی پێبدەین، وەك سەرنجێکیش بەشێکی زۆری نووسینەکان بۆ ڕۆژنامە نووسراون و هەندێکجار باس و ناوەڕۆکی بەشێکیان کورتن، ئەمەش هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ستوونی ڕۆژنامەکە دیاریکردوە کە دەبێت ژمارەی وشەکان ئەوەندەبێت و ئێمەش پابەندبوین پێیەوە ئەگینا قسەی زیاتری هەڵدەگرت، لە کاتی خوێندنەوەی کتێبەکە لە ناوەڕۆکدا لەوانەیە هەست بەوە بکرێت هەندێك نووسین و بۆچوون لەچەند شوێنێك دووبارە کراونەتەوە، ئەمەش لە ڕاستیدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئەم کتێبە وەك ئاماژەمان پێکرد لە یەك کاتدا نەنووسراوە وتارێك

نووسراوە دوای چەند ساڵێکیتر وتارێکیتر نووسراوە بەبێ ئەوەی مەبەستمان بێت یان گرنگییەکەی وای کردووە هەندێك ڕستە و بۆچوون دووبارەبکرێنەوە.

چوار وتاریان پێکەوە لەگەڵ هاوڕێم مامۆستا " سەریاس سەمین " پێکەوە نووسیومانە لە ستوونی " تەختە ڕەش" ی ڕۆژنامەی "ئاوێنە" کە بریتین لە وتارەکانی (موتەبیقەکان کێشەمان بۆ دروست دەکەن، باخچە وانابێت، بۆ کوڕ و کچ جیابکرێنەوە؟، کێ هەڵسەنگاندن بۆ سەرپەرشتیاران بکات؟) هەموو نووسین و وتارەکان وەك چۆن پێشتر بڵاوبونەتەوە ئێمەش لێرە وەك خۆی دامانناوەتەوە، تەنیا چەند وتارێکیان نەبێت کە دەستکاری ڕێنووسیمان کردوە، یان بەشێکیان لەبەرئەوەی ستوونی ڕۆژنامەکە ڕێگەپیدراو بووە بۆ ئەو ژمارە وشەیە هەندێکی لە نووسینەکە لابراوە کاتی خۆی، بۆیە ئێمە لێرەدا ئەوەی لابراوە دامانناوەتەوە لەبەرئەوەی پێمانوایە بابەتەکە زیاتر ڕووندەکاتەوە و خزمەت بە ناوەڕۆکی بابەتەکە دەکات.

هەموو نووسین و وتارەکان لە هەرچ ڕۆژنامە و گۆڤارێك بڵاوبووبێتەوە ناوی ڕۆژنامە و گۆڤارەکە و بەرواری بڵاوبوونەوەیمان داناوە تەنیا سێ وتاریان نەبێت کە بەداخەوە لە ئەرشیڤی خۆماندا ئەو ڕۆژنامانەمان بۆ نەدۆزرایەوە کە تێیدا بڵاوبوونەتەوە ئەوانیش بریتین لە وتارەکانی (مامۆستای جدی کێیە؟، مامۆستا و هەڵمەتی پاککردنەوە، بڕیاردان پێش بیرکردنەوە)، هەروەها پێویستە ئاماژە بەوە بکەین بابەتی (مەدرەسە یان مەکتەب) پێشتر لە هیچ ڕۆژنامە و گۆڤارێکدا بڵاونەبووەتەوە و یەکەمجارە لێرەدا بڵاودەبێتەوە، ئەم بابەتانەش بەناونیشانی (چیم نەدی ؟!،

خوێندکاری زانکۆ چۆن نمرە دەهێنێت؟، بۆ نەڕۆینە دەرەوە بۆ خوێندن، خوێندنەوەیەك بۆ دۆخی زانکۆکان و خوێندنی باڵا لە هەرێمی کوردستان) کە ئەوانیش دەچنە چوارچێوەی پەروەردە و فێرکردنەوە، بەڵام جیاواز لەوانیتر باسی خوێندنگا و قوتابخانەکان ناکات، بەڵکو باس لە قۆناغێکی باڵاتر دەکات کە ئەویش زانکۆیە.

سەبارەت بە ناونیشانی کتێبەکەش لە شیعرێکی شاعیری ناسراوی کورد "نالی" وەرمانگرتووە و ناونیشانی یەکێك لە وتارەکانی کتێبەکەشە، لەوانەیە پرسیاری ئەوە دروستببێت لای هەندێك لە خوێنەران یان ئەو کەسانەی لەگەڵ ئەو شێوازە لە خوێندن و پەروەردە و فێرکردنەی کوردستانن بەوەی پەروەردە و خوێندنی کوردستان بەو جۆرە خراپ نییە و مەحبەسە نییە، دەزانین لێرە و لەوێ خوێندنگاو قوتابخانە هەیە پەروەردە و فێرکردنی دروستی تێدا ئەنجام دەدرێت، بەڵام ئێمە باسی زۆرینە و ڕێسا گشتییەکە دەکەین کە فێرخواز و تەنانەت مامۆستاش هەمیشە چاوەڕێی ئەوەدەبن کەی و زوو لە قوتابخانە و خوێندنگا بەربن!

بەڕێز عەباس

# مەدرەسە یان مەکتەب

"عوسمانیەکان بۆ جیاکردنەوەی قوتابخانە ئاینییەکان لە قوتابخانە نوێیەکان، وشەی (مەدرەسە) یان بۆ یەکەم و مەکتەبیان بۆ جۆری دووەم بەکارهێنا. کە دیارە بەکارهێنانی وشەی مەکتەب لە کوردستانی باشووردا تا سەردەمانێکی زۆر دوای ئەوە لە هەندێ ناوچەدا بەکارهاتووە. تاکو ئێستاش لە زۆربەی کوردستان لە ئاستی میللیدا وشەی مەکتەب بەکاردەهێنرێ"(١)، لە سەردەمی جیهانێکی نوێداین، بەلاَم دەتوانین بلێین لە زۆر بارودۆخدا کوردستانی باشوور لە ڕووی پەروەردەوفێرکرنەوە سەربەجیهانی کۆنەو هێشتا بۆ هەندێك لە ناوەندەکانی خوێندن ناتوانین ناوی "مەکتەب" یان لێبنێین، بەڵکو لە جەوهەردا هەر "مەدرەسە"ەکەی جارانن!

نالی شاعیر دەڵێت:

**"مەدرەسە، مەحبەسەیە، مەبحەسەیی وەسوەسەیە**

**کەسی تێدا هەیە، ئەمما خۆش و خورسەندی نییە.**

مەدرەسە واتە حوجرەی فەقێ. مەحبەسە واتە حەپسخانە. مەبحەسە واتە جێگای باس و لێکۆڵینەوە. خورسەندی واتە شادمانی. واتە حوجرەکانی فەقێ بەندیخانەی گیان و بیرن و، باسەکانی کە فەقێکان

باسیان لێ ئەکەن هەموو وەسوەسە و خەیاڵی بێ مایەن و، ناڵێم فەقێکان بنیادەمی زیرەك و لێهاتوویان تیا نییە، هەن، بەلاَم خۆشی و شادمانی لە دەم و چاویانا بەدی ناکرێ"(٢)، "ڕەنگە نالی بیری لە شێوەی دروستی پەروەردەی قوتابی نەکردبێتەوە، بەلاَم وەکو شاعیرێکی بە هەڵوێست شێوەی سەردەمی خۆی بە باش نەزانیوە. خۆ لە کەسیش شاراوە نیە کە تا ئێستاشی لە گەڵدابێت، منالاَنی کورد لە قوتابخانەکاندا زەین کوێر دەکرێن و وەکوو مرۆڤێکی سەربەست چاویان لێ ناکرێ و بەگشتی کورد نەیتوانیوە شارۆمەند پەروەردەبکات. ئێستاش پەروەردەی ئێمە خەریکە لە جێگەی مرۆڤی شارۆمەند و سەربەست، مرۆڤەکان رەعییەت باردێنێ.

بەڕای نالی مەدرەسە بەندیخانەی هۆش و بیرو ئاوەزی قوتابی کوردە. ئەو دەڵێ قوتابیەکان گیان و بیریان لە بەندیخانەی حوجرەکاندا دیلەو لە باتی زانست باسی وەسوەسە و خەیاڵی بێ مانا دەکەن. لە بارەی دەروونیشەوە ئاماژە بە دەماغ و زەوقی قوتابییەکان دەکات و دەڵێ شادمانی بە دەم و چاویانەوە بەدی ناکرێ. کە لە ڕاستیدا قوتابخانە ئەشێ بۆ قوتابی خۆشترین جێگابێت و هەموو شادمانی و خۆشییەکان بە قوتابی ببەخشێ"(٣).

ئەوەی نالی شاعیر بە شیعر گوزارشتی لێکردوە و بە شیعر قۆناغێکی مێژوویی پەروەردە و فێرکردن دەگێڕێتەوە لە بەشێکی زۆر قوتابخانەو خوێندنگەکانی کوردستاندا پیادەدەکرێت، وەك ڕەخنەگرتنێك لەو شێوازە خراپ و نا پەروەردەییانەی لە قوتابخانەکاندا هەیە" شاعیرێکی فەڕەنسیی وەك ڕامبۆی یاخی، ڕستەیەکی گەوهەرباری هەیە کە وتوویەتی: ئەو پەڕی پووچی و گەمژەییە لەسەر ئەو تەختە ڕەقانەی قوتابخانەدا پانتۆڵەکانمان

بدڕێنین!"(٤). وەك مێژوونووسی ناسراوی جیهانی ویل دیورانت لە بەرگی یەکەمی کتێبە بەناوبانگەکەیدا (چیرۆکی شارستانییەت) دەنووسێت: "مرۆڤ تەنیا بە پەروەردە لە ئاژەڵ جیا دەکرێتەوە، کە ئەویش بریتییە لە ئامرازی گواستنەوەی شارستانێتی لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکیدی"(٥). ئەگەر پەروەردە ئەمە نەکات ئەوە شتێکیترەو پەروەردەی دروست نییە.

هەندێکجار قوتابخانە و خوێندنگاکان لەبری ئەوەی شوێنێکبن بۆ ئارامی و دروستکردنی کەسایەتییەکی زانستخواز و پەروەردەیی، کەچی شوێنێك دەبن بۆ دروستکردنی مرۆڤێکی تێکشکاو و نا پەروەردەیی وات لێدەکات لەبری ئەوەی حەز و ئارەزووت لە خوێندنگە هەبێت بە پێچەوانەوە لێی ڕابکەیت و ڕقت لێی بێت! وەك دەروونناس دکتۆر محەمەد تەها حوسێن لە کتێبی (سایکۆلۆجیای کەسێتی) لەبارەی پەروەردەو فێرکردنەوە لە کوردستان دەڵێت: "پەروەردە و خوێندنی باڵا پڕ بوون لەو ورووژێنەرانەی ڕەفتاری تاکەکان نەك هەر دەشێوێنن، بەڵکو هەلاهەلایان دەکەن، سیمبول و وورووژێنەرەکانی نێو پەروەردە و فێربوون بۆ ئەوە فەراهەم کراون دەستەپاچەیی و توندوتیژی بەرهەم بهێنن و لە ڕاستیشدا ئەوەی پێی دەڵێن سیستمی پەروەردە سیستمێکی شێواوی شەپڕەلێدراوی سیمبولیکییەو ئاماژەی فێربوون و پەروەردەکردنی دروستی تاکەکانی تیا نییە، بەڵکو زیاتر ملکەچی و پاسیڤی و کوێرایی لێ دەکەوێتەوە.(٦).

"لایەنەکانی فێرکردن لەم چەرخەدا لای گەورە پەروەردەکاران، ئەمانەن:

١- تەواوکاریی گەشەی کەسێتی فێرخواز لە هەموو ڕوویەکەوە: لاشەیی و هۆشی و دەروونی و گیانی و کۆمەڵایەتی.

٢ـ ئامادەکردنی فێرخواز بۆ ژیانی کردەیی لەو دەوروبەرەدا کە تێیدا ئەژی.

٣ـ چاندنی گیانی نیشتمانپەروەری لەناخی فێرخوازاندا و گەشەپێکردنی گیانی شانازی پێوەکردن.

٤ـ وا لە فێرخوازان بکرێت کە بنەما و ئاراستە و دروشمەکانی کۆمەڵی نوێ و فەلسەفەیەکی تێ بگەن و کاری پێ بکەن.

٥ـ تیا پەیداکردنی گیانی خزمەت و قوربانی و لەخۆبوردن لە پێناوی کۆمەڵدا"(٧). کە سەرنجی ناوەندەکانی خوێندن دەدەیت لە کوردستاندا هیچ یەك لەو لایەنانە بەرێژەیەکی زۆر دەتوانین بڵێین ئامادەییان نییە!

"خوێندکار، مامۆستا و ژینگە لە لای بونیاد گەراییەکان سێ کارەکتەری ئەکتیڤی پرۆسەی پەروەردەن. لە هەمان کاتدا، لەکاتی پرۆسەی بیرکردنەوە و فێربووندا، پێداگیرییان لەسەر ستراکچەرەکانی بیرکردنەوەی خوێندکاران دەکردەوە. بونیادگەراییەکان هەوڵیان دەدا خوێندنگاکان دیلی زانستە ئەبستراکتەکان نەبن، بەڵکو ئەو زانستانە لە ژیانی ڕۆژانەدا بەکاربێنن. خوێندنگاکانیان بە ژیانی ڕۆژانەی خوێندکارەکان بەستەوە و چەندین میتۆدی نوێیان داهێنا بۆ ئەوەی خوێندنگەکان ببنە بەشێك لە ژینگەی دەوروبەر. بونیادگەراییەکان لەگەڵ میتۆد و شێوازە کلاسیکییەکانی وانەگوتنەوە و کارکردندا هاودژن، بۆ نموونە میتۆدی بانکی، گوێگرتن و لەبەرکردن، تاقیکردنەوە کلاسیکییەکان و ... هتد. ئەوان بە پێچەوانەوە، پشتیوانییان لە ئینتەراکسیۆنی کۆمەلایەتی، شرۆڤەکاری، دیالۆگی ناو پۆلەکان دەکردەوە. ڕابەرە ناودارەکانی ئەم ڕەوتە، بریتین لە لیۆ ڤیگۆتسکی، ژان پیاژێ، جۆن دیوی، نوام چۆمسکی،

ماریا مۆنتسیۆری و ...هتد"(٨). خوێندنگە و قوتابخانەکان بەڕێژەیەکی بەرز ئاگاییان دەربارەی میتۆدە نوێیەکانی وانەوتنەوە نییەو هەرشێوە کلاسیکییەکە دەناسن و پیادەی دەکەن کە تەڵقین و بەباغییە !

جۆن دێوی بیرمەندی پەروەردەناس لە کتێبێکیدا بەناونیشانی ( فێرگە و کۆمەڵگە) دەنووسێت: " لە تێڕوانین و تێڕامان لە خودی منداڵ و فێرخوازەوە، گەورەترین خراپبوونی پەروەردە ئەوەیە، کە ناتوانن لە دەرەوەی فێرگەکانیان سوود لەو خوێندن و پەروەردە و فێربوونە وەربگرن، کە لەناو فێرگەکانیاندا فێری دەبن. پەیڕەو و پرۆگرام و ڕێکخستنی پەروەردەی نەریتیی، وا لە منداڵ دەکات، ئەوە لەبیر بکات، کە بەشێکە لە ژیان و ژیانی کۆمەڵایەتی، ئەمەش گەورەترین دابڕانە تووشی منداڵ و فێرخوازان دەبێت. ئەم جۆرە پەیڕەوەی پەروەردەکردنە، بە بڕوای من، پەیڕەوێکی گەندەڵ و خراپە. چونکە لە ڕاستیدا فێرگەی باش و لەبارو هاوچارخانە ئەوەیە، کە فێربوونی منداڵەکان و فێرخوازەکان بە جۆرێك تیایدا بێتە بار، کە کەڵکی وەبەرهێنانی هەبێت. ئەگەر فێربوون سوودی وەبەرهێنانی نەبوو لە دەرەوەی فێرگەکاندا ئەوە ئازارێکی گەورەو ناڵەیەکی بەردەوام دەهێنێتە ئاراوە بۆ فێرخوازان. چەند ساڵێك لەمەوپێش لە یەکێك لە سەردانەکانمدا بۆ شاری مۆلینە، بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەی ئەو شارە پێی ڕاگەیاندم، هەموو ساڵێك کۆمەڵێك فێرخواز ئەوەیان بەلاوە سەیرە، ئەو ئاوەی پشتی ماڵ و گەڕەکەکانیان پەیوەندی بەو ڕووبارەوە هەیە کە لە کتێبی جیۆگرافیادا دەخوێندرێت. چونکە لە کتێبەکەدا ئاماژە نەدراوە بەمە، هیچ جۆرە ئاگاداری و بە ئاگاهاتنەوەیەکیشی تیا نییە، بەوەی ئەم کتێبە، کتێبێکی فەرمیی

فێرگەیە، هەموو وردەکاریەکانی تێدا نییە، کە لە ژیانی ڕۆژانەماندا بەرمان دەکەوێت و هەستی پیێ دەکەین. ئەمەش جۆرێکە لە کەمتەرخەمی ئەو وانەیە"(٩). خوێندنگەکانی کوردستان پرۆگرامی خوێندن و ژینگەی پەروەردەکردن تیایدا بەجۆرێکە پەیوەندی بە دەرەوەی خوێندنگەوە نییە و خوێندکار ئامادە ناکات بۆ ژیان و دەستکارییەکی ئەوتۆی دونیابینی فێرخواز ناکات کە شایانی باس بێت! وەك " ڕۆسۆ بیرمەندی سەدەی هەژدەهەمی ئوروپا، پێی وایە کە پەروەردە ئەشێ خوودی ژیان بێت، یاخۆ لانیکەم قوتابی بۆ ژیان ئامادە بکات"(١٠).

ئەو جۆرە لە پەروەردە و فێرکردنەی لە کوردستاندا هەیە فێرخواز و تاکی کوردی ناگەیەنێتە کەناری ئارام و جۆرێك لە بێسەروبەری تێدا دەبینرێت و ئامانجی دروستی پەروەردە و فێرکردن نایەنێتەدی، بۆیە زۆرجار ئەوەی لە قوتابخانە و خوێندنگەکان بەناوی پەروەردە و فێرکردنەوە دەکرێت و کەسێتی فێرخوازی تیادا دروست دەکرێت دژ دەوەستێتەوە بە بنەمای ڕاستەقینەی پەروەردە و فێرکرنی نوێ و هاوچەرخەوە و "زۆر جاری وا هەیە دروستکردن تەواو لە خزمەتی وێرانکردندایە و وێرانکردنیش دەچێتە خزمەتی دروستکردنەوە"(١١).

جۆن دێوی هەردەڵێی باسی خوێندنگەکانی کوردستان دەکات کاتێك ڕەخنە لەو شێوازە پەروەردە و فێرکردنەی سەردەمی خۆی دەگرێت کە پیادەکراوە، هەروەها باسی خانمێکمان بۆ دەکات چۆن گەڕاوە تا خوێندنگایەکی دەست بکەوێت کە پەروەردە و فێرکردنێکی ئامانجدار و دروستی تێدا هەبێت کەچی ئەوەی ئەو دەیەوێت هیچ خوێندنگایەکی دەستی ناکەوێت! جۆن دێوی دەنووسێت:"دوێنێ، خانمێك پێی ڕاگەیاندم،

کە هەوڵێکی زۆری داوە بۆ ئەوەی فێرگەیەك بدۆزێتەوە تیایدا فێرخوازان پشت بە فێربوون و هەوڵەکانی خۆیان ببەستن، پێش ئەوەی هەموو زانیارییەکان و وەڵامە ئامادەکراوەکان لە مامۆستاکانیانەوە وەربگرن، بەڵام دوای پشکنینی بیست و چوار خوێندنگە یەك خوێندنگەی نەدۆزیوەتەوە تیایدا فێرخوازان فێری خۆماندووکردن بووبێتن بۆ ئەوەی جگە لە زانیاری مامۆستاکانیان خۆشیان زانیاری بەدەست بێنن و خۆیان خۆیان فێرکەن. مێز و کورسیە ڕیزکراوەکانی ناو پۆلی فێرگە نەریتییەکان بۆ ئەوەیە زۆرترین ژمارەی فێرخواز جێگەیان بێتەوە، چونکە ئەم جۆرە لە فێربوون، لەسەر شێوازی مامەڵەکردنە لەگەڵ کۆ و ژمارەی گەورە و زۆریی فێرخوازان، بۆیە جارێکی دیکە جەخت دەکەمەوە لەسەر ئەوەی ئەم جۆرە لە فێربوون یەجگار نەرێنییە و ئەنجامی باشی فێربوونی لێ ناکەوێتەوە"(١٢).

کایەی پەروەردە و فێرکردن کایەیەکی گرنگ و هەستیارە و دەبێت ئەوە بزانین کە "هەر کەم و کوڕیەك لە ئەرکەکانی پەروەردەدا دەبنە هۆی سەرهەڵدانی کۆسپ و بەربەست لەسەر ڕێی بەرەو پێشچوونی کۆمەڵگە بەو جۆرەی نەتوانێت شان بەشانی پێشکەوتنەکان هەنگاو بنێت. بایەخ و گرنگی بواری پەروەردە لە سەردەمی زانست و تەکنەلۆجیا و شۆڕشی زانیاریەکان و ئەلکترۆنیات چەند بەرابەر زیاد دەکات، چونکە پەروەردە هۆکار و ئامڕازی بنەڕەتی و سەرەکی ئەو پێشکەوتنانە دەبێت کە لە کۆمەڵگا ڕوو دەدەن، بەڵگەش لەسەر ئەم ڕاستیە هەر وڵاتێکی پێشکەوتوو و بەهێز لەڕووی سەربازی، ئابووری، تەکنەلۆجیدا لە پشت ئەم پێشکەوتن و بەهێزیەدا پەروەردەیەکی تۆکمەو پتەو ئامادەیی هەیە کە ئەو پێگە

بەهێزەی پێدەبەخشێت لەنێو شارستانیە سەردەمیەکاندا. لەبەر ئەم هۆیە وڵاتان لە پێشبڕکێی ئەوەدان پەروەردە لە کۆت و بەندەکان ڕەها بکەن و بە جۆرێك بەرەو پێشی ببەن کە بکرێتە هێزێکی وەڵامدەرەوە بۆ خواست و پێداویستیەکانیان لەم سەردەمە هەوڵدانێك بێت بۆ باشکردنی دوارۆژ و هەنگاو بەرەو داهاتوو"(١٣). بۆیە گرنگە بزانین "هیچ گۆڕانکارییەك لە ژیانی ڕامیاری و ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتووری و تێکنۆلۆژی ڕوو نادەن، بێ دەستکاریی سیستەمی پەروەردە، سیستەمێك هەیە خۆی بە پێشەنگی گۆڕانکارییەکان دەزانێت و هەمیشە دینامیکییە، سیستەمێکی پاشکەوتوو کە خۆی بەرهەمی کۆمەڵگەیەکی خەوتووە و ئاسوودەیە جڵەوی خۆی بداتە دەست عەقڵێکی باو و نەگۆڕو کۆنەپارێز و تاریکپەرست، سیستەمێکی پەروەردەیی تاقانە بوونی نییە لە دەرەوەی ئەو ٢ سیستەمە کە یەکەمیان تەکاندەر و خەونبینە و ئەوی دیکەیان خۆشبەختە بە عەقڵێکی سست و ڕۆحێکی مردوو، کە ئێمەین"(١٤).

ساڵانە بەهۆی نەبوونی پلانێکی ستراتیژی و بە هەند وەرنەگرتنی بواری پەروەردە و فێکردن بەشێکی زۆری گرفت و کێشەکان دوبارەدەبنەوە و ئەمەش وادەکان ساڵ بە ساڵ قەیرانەکانی پەروەردە و فێرکردن قوڵتربینەوە، هەربۆیە دەبینین جیاواز لە وڵاتێکی دواکەوتوو " پاش هەموو ساڵێکی خوێندن، لە وڵاتە خواپێداوەکاندا، دوای تاقیکردنەوە گشتی و تایبەتەکانیان، (وەك هەموو کارو پرۆژەیەکی هەمەلایەنەی تری خۆیان)، بە پەرۆش و گیانی چاودێری و چارەسەرەوە، سەراپای دەزگا بەرپرسەکان سەرقاڵی تێڕوانین و پێداچوونەوە و لێکۆڵینەوەی ئەو زانیاری و ئامارە وردو زانستیانە ئەبن، کە پێشەکی لە هەموو ساڵێکی خوێندندا ساز و

ئامادە ئەكرێن، پاش ئەوەی لە هەموو ڕوویەکەوە بەهی ساڵانی پێشتر بەراوردیان ئەکەن، ئینجاپسپۆڕ و شارەزایانی تایبەتمەندی هەر بوارە، خەریکی دیاریکردن و دۆزینەوەی ئەو ناتەواوی و هەڵە و کەلێن و گرفتانە ئەبن کە هەن و بە ڕێگەی زانستی، چارەسەری پێویستی بۆ ئەدۆزنەوە و هەموو توانستێکتان ئەخەنەگەڕ، بۆ ئەوەی ئەو کێشەیە ساڵێکی تر ڕوونەداتەوەو یەکبینە، کار بەرەو باشتر بچێت...!"(١٥).

ئەوەی مایەی تێبینی و سەرسوڕمانە سەرەڕای ڕەخنەگرتن لە شێواز و میتۆدە کلاسیەکیەکانی پەروەردەو فێرکردن لە ڕابردوودا چ لە کوردستان و چ لەعێراقدا، بەڵام هەندێك لایەنی باشەشیان هەبووە کە لە بری ئەوەی پەرەیان پێبدرێت پەراوێزخراون و کاری بۆ نەکراوە وەك کاتی دەوام و ئیش و کاری دەستی و کاری هونەری و... تاد "لە عێراقدا زیاد لە سەدەیەك پێش ئێستا و لە ساڵی ١٩١٥ دا لە قۆناغی سەرەتاییدا قوتابیان لە کاتژمێر ٨ ی بەیانی تاوەکو ٤ ی ئێوارە لە خوێندنگا دەمانەوەو دەوامیان دەکردو وانەکانیان دەخوێند!"(١٦). نەرمین عوسمان وەزیری پەروەردەی پێشوو لە کابینەی چوارەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بیرەوەرییەکانی خۆیداو لە بارەی قۆناغی خوێندنی سەرەتایی خۆیەوە دەنووسێت: " خوێندن دوو دەوام بوو، بەیانیان و نیوەڕوان، بەیانیان دەچووین و دەگەڕاینەوە بۆ نانخواردنی نیوەڕۆو جارێکی تر دەگەڕاینەوە بۆ خوێندنگا، زۆربەی وانەکانی دەوامی دووەم هونەریی بوون، فێری ئیشی دەست و کاری ماڵ و چێشتلێنان و سفرە ڕازاندنەوە دەکراین، هەموو جۆرە کارێکی دەست لە وانەکاندا هەبوون"(١٧).

لە سەردەمی عوسمانییەکان بە قوتابخانەو خوێندنی نویێ و هاوچەرخ وتراوە مەکتەب بۆ ئەوەبووە جیای بکاتەوە لە مەدرەسەی پێشخۆی و دابڕانێکی مەعریفی و پەروەردەیی دروستبکات بە گوێرەی سەردەمی خۆی، پەروەردە و فێرکردن لە کوردستاندا نەیتوانیوە بەتەواوی دابڕانێکی مەعریفی و پەروەردەیی دروستبکات لە شێوازی پەروەدە و فێرکردنە کلاسیکی و تەقلیدییەکە، دواخالێ گرنگە ئاماژەی پێبکەین "مامۆستا" یە کە ڕۆڵێکی گرنگ و بنەڕەتی هەیە لە بواری پەروەردە و فێرکردندا ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ئەو زاراوەیەی لەسەردمی عوسمانییەکان بەکارهاتووە دەڵێین دەبێت مامۆستا مامۆستای مەکتەب بێت نەوەك مامۆستای مەدرەسە، "ڤیگۆتسکی لە کتێبی << دەروونناسیی پەروەردە>>دا لەسەر کاری مامۆستاکان ڕادەوەستیّ و ئەوە یادداشت دەکات کە :>> هەموو کەسێك بۆ پیشەی مامۆستایی ناشیّ، تەنها ئەو کەسانە نەبیّ کە شایستەن/// بۆ مامۆستاکان تەنها ئەوە بەس نییە ئەو شتانە بزانن کە پێیان وایە پێویستە خوێندکاران بیزانن و شەوان بیر لەو پرسیارانە بکەنەوە کە سبەی لەوانەیە ئاڕاستەی خوێندکارەکانی بکەن/// مامۆستاکان پێویستیان بە شتێکی زۆر کەم هەیە بۆ ئەوەی وانە بڵێنەوە، بەڵام بۆ ئەوەی سەرپەرشتیی خوێندکارێك بکەن کە ببێتە خاوەنی مەعریفەی خۆی، پێویستیان بە شتێکی زۆر زیاتر هەیە>>"(١٨).

**پەراوێز و سەرچاوەکان:**

١- د.محەمەد عەبدوڵڵا کاکەسور: گەشەکردنی خوێندنی فەرمی لە لیواکانی کوردستانی عێراقدا (١٩٢١_١٩٥٣)، لە زنجیرە بڵاوکراوەکانی گۆڤاری ئاسۆی پەروەردەیی، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٤، ل١١.

٢- مەلا خدری ئەحمەدی شاوەیسی مکایەڵی: دیوانی نالی، لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕڕیس و فاتیح عەبدولکەریم، چاپی نۆهەم، انتشارات کردستان، سنە، ١٣٩٢، ل٦٠٠.

٣- ئیبراهیم ئیسماعیل پوور: فەلسەفە و پەروەردە، چاپی یەکەم، ناوەندی چاپ و بڵاوکردنەوەی گوتار، سەقز، ١٣٩٥، ل٥٧.

٤- شێرزاد حەسەن: کارگەکانی تابووت، چاپی یەکەم، ناوەندی غەزەلنووس بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، سلێمانی، ٢٠١٩، ل٩٨.

٥- ویل دیورانت: چیرۆکی شارستانییەت، و/ عومەر عەلی غەفور، بەرگی یەکەم، بەشی یەکەم، چاپی یەکەم، خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر، ٢٠١٥، ل٤.

٦- محەمەد تەها حوسێن: سایکۆلۆجیای کەسێتی " کەسێتیی کورد لەبەر ڕۆشنایی ڕوانگە جوداکاندا"، چاپی یەکەم، ناوەندی بڵاوکردنەوەی ئەندێشە، سلێمانی، ٢٠١٧، ل١٦٤-١٦٥.

٧- جەمال عەبدول: چەردەیەکی نووسین و وەرگێڕان و تەلاشە پەروەردەییە بڵاوکراوەکانم، یەکەم بەرگ، یەکەم چاپ، سلێمانی، ٢٠١٨، ل٤١.

٨- فایەق سەعید: لیۆ ڤیگۆتسکی" تیۆری سۆسیۆکولتووری و پەروەردەی هاوچەرخ"، چاپی یەکەم، ناوەندی غەزەلنووس بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، سلێمانی، ٢٠٢٠، ل٢٣١.

٩- جۆن دێوی: فێرگەو کۆمەڵگە، و/ جیهاد موحەمەد، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، ٢٠١٩، ل١٣٢-١٣٣.

١٠- ئیبراهیم ئیسماعیل پوور: سەرچاوەی پێشوو، ل٥٦.

١١- محەمەد تەها حوسێن: سەرچاوەی پێشوو، ل١٥١.

١٢- جۆن دێوی: سەرچاوەی پێشوو، ل٨٤-٨٥.

١٣- د. ئەحمەد عەلی ئەلحاج محەمەد: فەلسەفەی پەروەردە، و/ گەمحەمەد ئەمین قەرەداغی، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٨، ل٤٤.

١٤- شێرزاد حەسەن: سەرچاوەی پێشوو، ل١١١.

١٥- جەمال عەبدول: سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٢.

١٦- عبد الرزاق الهلالي: تاريخ التعليم في العراق في العهد العثماني ١٦٣٨-١٩١٧، الطبعة الأولي المنقحة، دار الرافيدين، لبنان، ٢٠١٧، ص٢٣٠-٢٣١.

١٧- نەرمین عوسمان: لەبەر تریفەی مانگ خەونەکانی نیشتیمانمان دەچنی، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ، لە بڵاوکراوەکانی ئنیستتیوتی نارین بۆ توێژینەوەو بڵاوکردنەوە، ٢٠٢٠، ل٢٨.

١٨- فایەق سەعید: سەرچاوەی پێشوو، ل٢٥٥.

# پەروەردە و فێرکردن لە کوردستاندا
# لە سەر هێڵێکی چەوتە*

مەزنترین دیاری دەکرێت پێشکەشی کۆمەڵگەی بکەین، بریتییە لەوەی منداڵەکانی فێر بکەین.

(فەیلەسوف و گوتاربێژی ڕۆمانی "شیشرۆن").

پەروەردە بەهێزترین چەکە کە دەتوانیت جیهانی پێ بگۆڕیت.

(نیلسۆن ماندێلا).

ئەگەر ویستتان پرۆژەی ساڵانە دابنێن، گەنم بچێنن، ئەگەر ویستان پرۆژەی دە ساڵانە دابنێن، دار بڕوێنن، خۆ ئەگەر ویستتان پرۆژە بۆ سەراپای ژیان دابنێن، مرۆڤ پەروەردە بکەن..!

(فەیلەسوفی چینی "کیواتزۆ")

مامۆستایەکی هاوڕێم بۆی گێڕامەوە، کاتێك لەگەڵ قوتابییەکان چاکی و چۆنی دەکات بەڕێوەبەری قوتابخانە دەهری دەبێ و سەرکۆنەی دەکا: ئەرێ فلانی ئەوە کارنییە تۆ دەیکەی، بۆ ئەوەندە ڕوو دەدەی بەو قوتابییانە.سبەینێ ڕوویان دەکرێتەوە، بەڕبەت ناپێون و ئیتر کەس دەرۆستیان نایەت!

("سەمەد بێهرەنگی" چیرۆکنوسی ناسراوی ئێرانی لە کتێبی" لێکۆلینەوەیەك لەمەڕ چۆنیەتیی پەروەردە لە ئێراندا)

---

* لە گۆڤاری "خاڵ" ژمارە "٢٨"ئایاری ٢٠٢٠ بلاۆکراوەتەوە.

پەروەردە و فێرکردن بە هۆکاری جیاواز لە کوردستان بە قەد ئەو گرینگی و کاریگەریەی کە هەیەتی لەسەر کۆمەڵگە بایەخ و گرنگی پێنەدراوە، فەلسەفە و سیستمی پەروەردە لە کوردستاندا چاوەڕێی ئەوەی لێناکرێت تاکێکی درووست و پەروەردەیی پێبگەیەنێت بەهۆی ئەو کێشە و گرفتانەی هەمیشە دوبارە دەبنەوە و بە دەستیەوە دەناڵێنێت، هەربۆیەشە ڕۆژ بە ڕۆژ قەیرانە جیاوازەکان لە کۆمەڵگەی کوردی پەرەدەسێنن و چارەسەرییەکان زەحمەت دەبن لە ڕاستیدا هۆکارەسەرەکییەکەی دەگەڕێتەوە بۆ شکستی ڕیشەی پەوەردە و فێرکردن! ئەزموونی گەلان پێمان دەڵێت بۆ ئەوەی کۆمەڵگەیەك پێشبکەوێت و قۆناغی دواکەوتوویی جێبهێڵێت دەبێت سەرەتا و یەکەم هەنگاو لە پەروەردە و فێرکردنەوە دەستپێبکات، قەیران و گرفت و کێشەکانی پەروەردە و فێرکردن لە کوردستاندا جۆراو جۆرو هەمەچەشن و هێندە زۆرن ئێمە لەم نووسینەدا دەتوانین سەرنجی خۆمان لەسەر هەندێکی دەردەبڕین و ئاماژەی پێبکەین، نەوەك هەمووی.

"ڕەنگە ئەگەر بگوترێ ئاییندەی هەر میللەت و وڵاتێك لە قوتابخانەکانییەوە دەخوێنرێتەوە، یان بەلای کەمەوە هێڵە گشتییەکانی ئاییندەی هەر وڵات و میللەتێك تا ڕادەیەکی زۆر لە قوتابخانەکانەوە دەبینرێت و دیاری دەکرێت، ئەمە نەکاتە زێدەڕۆیی. چونکە ئاستی فێرکردن و پەروەردە، ئاستی پێشکەوتن، یان پاشکەوتن دیاری دەکات"(١)، "بۆ ئەوەی کوردستانێکی دیموکرات و پێشکەوتوو بنیات بنێین، دەبێت نەوەیەکی سەربەست و بڕوابەخۆبوو پەروەردەبکەین. بۆ زانینی ئاستی بەرزی و نزمیی کۆمەڵگایەك سەیری منداڵان و گەنجانی ئەو

کۆمەڵگەیە بکە. لەم ڕوانگەیەوە مرۆڤ شێوەو ئاستی پەروەردە و فێرکردنی ئەو کۆمەڵگایە تێدەگات، بۆی دەردەکەوێت کە دەسەڵاتدارانی ئەو کۆمەڵکایە چەند و بە چ شێوەیەك گرنگی بە فێرکاری دەدەن"(٢).

دەبێت ئەوە ڕوونبێت و بزانین کە سەرەتای دەرکەوتنی قوتابحانەی مەدەنی و شارستانی و مۆدێرن لای کورد مێژوویەکی زۆر دووری نییە کە دەگەڕێتەوە بۆ چارەکی یەکەمی سەدەی بیستەم چەند قوتابخانەیەکی کەم لە چەند ناوچەیەکی دیاریکراو نەوەك لە هەموو کوردستان دەکرێنەوە"هەتا سەرەتای سەدەی بیستەم مزگەوت و حوجرە تەنها جێگەی خوێندن و خوێندەواری بوون لە کوردستاندا"(٣)، "حوجرە و خانەکانی فێرکردن، تا سەردەمانێکی درێژ تاکە دامودەزگای فێرکاری بوون، کە پرۆسەی فێرکردنیان تێیدا ئەنجام دەدرا، زانای ئاینی یان مەلا و فەقێ تەنها مامۆستای ئەم بوارە بوون"(٤).

"ئەفلاتۆن پەروەردە بە (هەوڵدان بۆ گەیشتن بە کامڵبوون یاخۆ نزیکبوونەوە لەو پلەیە) دادەنێت، زانا و فەیلەسوف (جۆن دیوی) پەروەردە بە خودی ژیان دەزانێت، (ئەمیل دۆرکایم) جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە پەروەردە (بوونێکی کۆمەڵایەتییانە دەداتە مرۆڤ) (کانت)یش وای بۆ دەچێت ئەگەر بمانەوێت مرۆڤ بگۆڕین ئەوا دەبێت لە هزرو بیرییەوە دەست پێ بکەین کە ئەمیش کارو ئەرکی پەروەردەیە" (٥)، هەروەها "کۆنفۆشیۆس لە کتێبی سروتەکانیدا وتوویەتی: فێرکردن تاکە ڕێگەیە کە شارستانییەت بۆ مرۆڤ دابین بکات، هۆیەکی نموونەییشە بۆ چەسپاندنی ڕەوشت و نەریتەکان و سیستەمە لە بارەکانی ناو کۆمەڵ. ئەوەی بیەوێ پایەداربێ و خۆی ڕۆشنبیربکات دەبێ پەنا بەرێتە بەرفێرکردن. پارچە

تەختەیەك نابێتە تابلۆیەكی جوان بە ڕەندە سفتی نەكەیت، هەروەهاش خەڵك ناتوانن هەست بە گرنگی قانونی ڕەوشت باشی بكەن ئەگەر فێرنەكرێن"(٦).

"ئەنترۆپۆلۆژیستی ئەمریكایی (مارگریت مید) لە زۆربەی توێژینەوەكانیدا جەختی لەسەر پەروەردەیەكی ڕاست و دروست (تەندروست)ی نەوەكان دەكردەوە، ئەو پێی وابوو كە قوتابخانە بناغەیەكی باشە بۆ بنیادنانی كەسایەتییەكی بەرهەمهێن و زیندوو، كە سایەتییەكی وا كە باوەڕی بە هەبوونی ئەو هەموو كولتورو ئایین و ئیتنیكە جیاوازە هەبێت، كەسایەتییەك كە مێژووی وڵاتەكەی بزانێت و، لەوێوە سوود لە دەرفەتە مێژووییەكانی وەربگرێت، كەسایەتییەك كە بە بێ ئەوەی گوێ بداتە هەژاری و دەوڵەمەندی و ڕەگەز و ڕەنگ و دەنگی خەڵك، ڕێزیان لێ بگرێت و، بەرپرسیاریەتیی نیشتمانی هەڵبگرێت"(٧).

"١-شتێكی تازەمان نەگوتووە گەر بڵێین پەروەردە و فێركردن پڕ بایەخترین پێكهاتەی ئاسایشی نەتەوەیییە بۆ هەموو گەلانی جیهان، چونكە ئەو ڕۆڵەی فێركراو (المتعلم) دەبینێت هیچی لە ڕۆڵی سوپا كەمتر نییە بگرە تەنانەت پێشینەترە و تەواوكەری یەكتر دەبن. ٢-ئەزموونی یابان سەلمێنەرێكی زۆر مەزنی ڕۆڵ و بایەخ و هەستیاری بواری پەروەردەیە لە سەرانسەری جیهاندا كە بووەتە مەتەڵێك موعجیزەی زانستییانەی بەرپاكردووە، دەڵێن لە یابانییەكانیان پرسیوە دەبێت چ پەنهانییەك هەیە لە پشت ئەو ڕابوونە مەزنەی وڵاتەكەتان؟ ئەوانیش وەڵامیان بەم جۆرە داوەتەوە:(ئێمە بە مامۆستا و فێركارانمان هەیبەتی دادوەرو دەسەڵاتی ئەفسەرو مووچەی وەزیر دەدەین!). ٣-فەیلەسووف

ئەڵمانیی (فیتشە) دەڵێت: لەو ساتانەی سەرکەوتنەکانی ناپلیۆن ڕەشبینی و پشت ساردبوونەوەی لای ئەڵمانەکان دروست کرد لە سەدەی نۆزدەمدا، وای بۆ دەچووین کە شکستەکان پێش ئەوەی سەربازیی بن شکستی پەروەردەیی بوون، بۆیە ڕزگاربوونمان تەنیا لەوەدایە سیستمی فێرکاریمان بگۆڕین بە پەروەردەیەکی نویٚ و سەردەمییانە! "(٨).

پەروەردە و فێرکردن هێندە کایەیەکی گرنگ و هەستیارە دەتوانین بڵێین وڵاتانی پێشکەوتوو گەر کێشەو گرفتێکیان هەبێت دەگەڕێنەوە بۆ لایەنی پەروەردە و فێرکردنیان بۆ ئەوەی بزانن سەرەتای سەرهەڵدانی قەیرانەکانیان ناگەڕێتەوە بۆ بوونی گرفت لە پەروەردەو فێرکردنیان! "سەروەختێك ئەڵمانیا لە جەنگی نێوان ئەڵمانیاو فەڕەنسا لە ساڵانی ١٨٧٠ بۆ ١٨٧١ سەردەکەوێت، سەرکردەیەکی ئەو وڵاتە دەڵێت: مامۆستای قوتابخانەی ئەڵمانیا سەرکەوت. فەڕەنسا کە لە جەنگی دووەمی جیهانیدا شکستی هێنا، سەرکردەیەکی فەرەنسا دەڵێت: پەروەردەی فەرەنسا دواکەوتووە. کە ڕووسەکان دەستیان گەیشت بە بۆشایی ئاسمان و غەزووی فەزایان کرد، سەرکردەیەکی ئەمریکی دەڵێت: سیستمی پەروەردەی ئێمە چیی لیٚ قەوماوەو بۆ وای لێهاتووە؟"(٩).

"قەیرانی پەروەردە یەکێکە لە هەرە قەیرانە کوشندەکانی کۆمەڵگای ئێمە. ئاشکرایە ئەم قەیرانە پەیوەندییەکی ئۆرگانی بە تەواوی ژیانی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی ئێمەوە هەیە، ئەمە کێشەیەك نییە تایبەت بەو کەسانەی لە بواری پەروەردەدا کاردەکەن، بەڵکو کێشەیەکی گشتییە کە تەواوی کۆمەڵگا دەبێت قسەی لەسەر بکات. کێشەی پەروەردە تەنیا کێشەی مامۆستایان نییە بە تەنیا ، بەڵکو کێشەی هەموو ئەوانەیە کە

خەون بە گۆڕانەوە دەبینن. کێشەی فەرمانبەرانی پەروەردە نییە، بەڵکو کێشەی هەموو ئەو هێزانەیە کە بیردەکەنەوە"(١٠)، دەتوانین بڵێین "ماوەیەکی یەکجار زۆرە قوتابخانەکانی ئێمە ڕوویان لە قیبلە نییە، چونکە سەرجەمی ئەو پێوەرانەی کاری لەسەر دەکەن لە پێوەرە پەروەردەییە هاوچەرخەکانەوە زۆر دوورن. ڕاپەڕین لەبری ئەوەی بکرێتە خاڵێکی وەرچەرخان بۆ بنیادنانی سیستمێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی، تەنیا وەکو ڕووداوێکی جەماوەریی گەورەی ڕووت مایەوە و ئەوەی لێ سەوز نەبوو کە بەتەما بووین. پرۆسەی پەروەردە و فێرکردنیش بە میتۆدگەلێك بەڕێوەدەبرا، زۆر لە میتۆدەکانی کاتی بەعس خراپتر بوون. بە درێژاییی ئەو هەموو ساڵانە تەنیا یەك وەزیری پسپۆڕیش دانەمەزرا بۆ ئەوەی گۆڕانکارییەك بخاتە نێو سیستمی پەروەردەییەوە"(١١).

"ئەگەر بمانەوێت سیستمی پەروەردەیی وڵاتێك بگۆڕین، بیرکردنەوەی مامۆستایان و خوێندکاران بگۆڕین، ڕۆحێکی داهێنەرانە و هاوچەرخ لە منداڵەکانماندا دروست بکەین، ئەوە دەبێت بە هەر نرخێك بووبێت دیداکتیکی خوێندنگاکان بگۆڕین. دیداکتیك، باڵکێشترین بەشی سیستمی پەروەردەیە، کە ئاڕاستەی گەشەسەندنی مەعریفیی منداڵان و خوێندکاران بەرەو ئاڕاستەیەکی بونیادگەراییانە دەگۆڕێت. بەشێوەیەکی دیکە، سێ بەشی سیستمی فێرکاری لەسەر دیداکتیك ڕاوەستاوە. بە بۆچوونی ژان پیاژێ، دیداکتیکی باش گۆڕانکاریی زۆر گەورە لە ژیانی منداڵەکاندا دەهێنێتە ئاراوە (١٢)، نمونەی ڕاپرسی مامۆستایەکی عەرەب بە نموونە دەهێنینەوە کە لەسەر خوێندکارەکانی خۆی دەیکات نمونەکە لە دونیای پەورەدە و فێرکردنی کوردستانیشەوە نزیکە و دەتوانین بڵێین هاوشێوەی

یەکن و جیاوازییەکی ئەوتۆ لە نێوانیاندا نییە! بۆ جارێك" مامۆستایەکی عەرەب پرسیارێك لە خوێندکارەکانی دەکات لە بارەی ئەوەی ئایا هۆکاری خۆشنەویستنی مەکتەبیان بۆچی دەگێڕنەوە؟ ئەو مامۆستایە دەڵێت: کەس نییە لە خوێندکارەکان باشتر وەڵامی ئەم پرسیارەی من بداتەوە، کاتێ وەڵامەکانیانم وەرگرتەوە، قەناعەتم کرد و بە دە پەنجە بۆم مۆرکردن. من لێم پرسین: بە باوەڕو بیروڕای ئێوە، بۆچی ئێمە جاران قوتابخانەمان خۆش دەویست؟ ئەمە وەڵامەکەیان بوو: زۆر بە سادەیی چونکە ئێوە لە ژینگەیەکی تا بڵێی هەژار لە ڕووی مەعریفییەوە دەڕۆشتنە ژینگەیەکی دیکە کە لە ڕووی مەعریفییەوە دەوڵەمەندترو باشتربوو. دواتر پێم وتن: باشە ئێوە لەمڕۆدا بۆچی قوتابخانەتان خۆش ناوێت؟ وتیان: چونکە هاوکێشەکە تەواو پێچەوانە بووەتەوە. ئێمە لە ژینگەیەکی مەعریفیی پێشکەوتووەوە، دەگوازینەوە بۆ ژینگەیەکی مەعریفیی زۆر هەژار"(١٣)، "مامۆستا وەك بەشێکی لە پرۆسەی فێرکردن، پێویستە بەردەوام یەك ئامانجی سەرەکی لەبەرچاو دابنێت، ئەویش چۆن دەتوانێ بە شێوەیەکی تەندروست قوتابیانی بەرەو پێشەوە ببات. مامۆستا تەنها کاری وانەوتنەوە نییە لەناو پۆل دا، بەڵکو وەك فاکتەرێکی سەرەکی هەژمار دەکرێت بۆ وروژاندنی فێرخوازان و ئاڕاستەکردنی هزرو سۆزیان بۆ بابەتە جیاجیاکان! بۆیە درککردن بە گرنگی مامۆستا یەکێکە لە بنەما سەرەکییەکانی پرۆسەی فێرکردن. چونکە مامۆستا وەك کەسێکی پسپۆڕ لە بوارەکەی و شارەزا لە بواری پەروەردەدا دەتوانێت بەشێوازێکی تەندروست مامەڵەی قوتابیانی بکات"(١٤)، بەداخەوەین"فێرکردن، لە زۆربەی وڵاتانی پاشکەوتوودا، کە کوردستان یەکێکە لەو وڵاتانە، چ وەکو

میتۆد و شێواز ، چ وەکو ناوەڕۆك و بابەت زۆر سەرڤە سەرڤەو کاڵ و کرچ و ناواقیعییە. شێوازی فێرکردن تاکو ئەمڕۆش تەڵقینییە، ئاسۆییە و بەیەك ڕاستە ئاڕاسەتەدا دەڕوات، لە مامۆستای هەموو شت زان و عەماری زانست و زانیارییەوە بۆ قوتابی نەزان و هیچ نەزان، هەموو شتێکی بەسەرا دەسەپێنرێ، بێ ئەوەی ڕێگە بدرێ گەنگەشەو موناقەشە بکات، دیالۆگی لەگەڵدا بکرێت، یان مێشکی بخرێتە کار.. هەندێ مامۆستا بە خۆیشی هەر کەچە سیواتێکی هەیەو بۆ ئەوەی دەستەکەی نەکەوێتەڕوو، هەڕەشەی ئەوە لە قوتابی دەکات، کە ئەگەر لە تاقیکردنەوەدا کتومت وەکو کتێبەکە نەنووسێت دەری ناچێنێ.."(١٥).

"پەروەردە و فێرکردن هەر تەنیا دیسپلینێکی زانستی، یان مەهارەتێکی پیشەیی، یان بڕێك لە خزمەتکردن نیە بە کۆمەڵگا و دەستەیەکی تایبەت لە ئێستادا، بەڵکو هەڵوێستێکی ئەخلاقیانەشە لە ئاست داهاتوودا. هەڵوێستێکی پێشوەختی ئەخلاقیانەیە کە بەرجەستەکەری ئیلتیزامی ئێمەیە لە ئاست ئەوانیتری هاوچەشندا(١٦).، بێرتراند ڕەسڵی فەیلەسوف لە کتێبە گرنگەکەیدا بەناو(دەربارەی پەروەردەکردن) دەنووسێ: "من بۆ خۆم لەو فاکتەرانە تێئەگەم، کە بوونەتە زەمینە بۆ هەڵگیرسانی جەنگ و خوێنڕژانی مرۆڤەکان و شەڕەنگێزی و ستەم و ئازار و ئەشکەنجەدان. بەلای منەوە فاکتەرەکان ئەو جۆرە مامۆستایانە بوون، کەوا تێگەیشتوون و ا بیریان کردووەتەوە، پەروەردەکردن ئەبێت بە ڕێگەی ئەشکەنجەدان و زەبر و ئازاردان و لێدان بێت. وا تێگەیشتوون، کە بەڕێگەی سزادان ئەتوانن منداڵ فێربکەن، کە ڕەوشتی سزا نەمێنێت تیایاندا. یەکێکیش لەوانە دکتۆر ئارنۆڵد بووە، دیارە

بەلایەوە وا بووە کە مامۆستا ئەبێت منداڵ وەك شەیتان تەماشا بکات. جێگەی داخە تا ئێستاش ئەم چەشنە تیۆریە کاری پێ ئەکرێت، کە گەورە بەو جۆرە مامەڵە لەگەڵ منداڵدا بکات، لەسەر هەڵە سزای بدات"(١٧).

"یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی لە گەرمیان کە ژمارەیەك ڕاپۆرتی کردوە لە سەرکایە جیاوازەکانی پەروەردە بەناوی (ڕاپۆرتی چاودێری ڕەوشی پەروەردە) بە شێوەی مەیدانی، ئەم یەکەیە سەربە ڕادیۆی دەنگە لە شاری کەلار و بە پاڵپشتی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی ئەمریکی (NED) دامەزراوە، لە بیستەمین ڕاپۆرتیاندا کە ئەنجامیانداوە دەربارەی (توندوتیژی بەرامبەری خوێندکار)ە، بەروارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ مانگی ئایاری ٢٠١٩، لەوێدا خوێندکار و کەس و کاری خوێندکار و مامۆستایان و توێژەرانی دەروونی و کۆمەڵایەتی و بەرپرسانی پەروەردەیی لەو بارەیەوە بۆچوونی خۆیان دەردەبڕەن، یەکێك لە خوێندکارەکان بەناوی ئاڤێستا حەیدەر باوەخان قوتابی قۆناغی هەشتەمی بنەڕەتی لە قوتابخانەی (مەتینی) بنەڕەتی لە قەزای کەلار دەڵێت: هەندێکجار توندوتیژیمان بەرامبەر کراوە بە قسەی نەشیاو پێمان ئەڵێن(بێخاوەن) یان پەروەردەتان نیە یان( لەکارکەوتوو) یان دایك و باوکتان نییە تەربێتان بدات، هەردوو ڕەگەزی مامۆستایان ئەم وشانە بەکارئەهێنن. هەروەها محەمەد لوقمان قوتابی قۆناغی شەشەم لە قوتابخانەی ژین لە قەزای کەلار دەڵێت: هەندێکجار توندوتیژیمان بەرامبەر دەکرێت، ئەوەشی هەیە قسەی نەشیاوە، وەك وشەی (کەر) یان (حەیوان)"(١٨)، " ئاکۆ عومەر باوکی فێرخوازێکە باس لەو توندوتیژیە دەکات بەرامبەر مناڵەکەی کراوەو دوڵێت: لەسەر ئەوەی نەچۆتە ناو ساحە لە کچەکەمیان دابوو، بە لێدان دابویان لە

پشتیا تاو دووڕۆژ ناوسکی ئازاری هەبوو، پێشیان وتبو قسە مەکە لەماڵەوە و قەڵەم و دەفتەری وێنەیان بۆ کڕیبو کە قسە نەکات، هەتا خوشکەکەی پێی وتین مامۆستا لێیداوە(١٩). لە ڕاستیدا ئەو جۆرە لە هەڵسوکەوتە دەتوانین بڵێین لە شوێنە جیاوازەکانی کوردستان بەشێوەیەکی گشتی هەیە و کەلار و گەرمیان تەنها نمونەیەکی بچووککراوەیە، "دەبێت قوتابخانە قوتابیەکان فێری ئەوە بکات کە توانای تێگەیشتنیان لە شێوەی ژیان و بیرکردنەوەی کەسانی تر هەبێت. ئەو کات قوتابی بیر لە سەرکوتکردن و بەکارهێنانی زەبروزەنگ ناکاتەوە. لەم ڕوانگەیەوە شارەزابوون لە کولتوور و داب ونەریتی گەلانی تر و ڕێزلێگرتنیان دەبێتە ئەرکێکی تری قوتابخانە، بەمەش مرۆڤی ئاشتیخواز بەرهەمدێت کە بۆ چارەسەرکردنی جیاوازی، ڕێگەی گفتوگۆ و دیالۆگی شارستانی لە جیاتی بەکارهێنانی زەبروزەنگ دەگرێتەبەر. گەیاندنی زانست، پەروەردەکردن و ئامادەکردنی قوتابیان بۆ ژیانی گەورەساڵی، ئەرکی سەرەکیی هەموو قوتابخانەیەکە کە بەها بنەماییەکانی قوتابخانە ڕێگەنیشاندەر و سەروەربن"(٢٠)، نووسەر و ئەکادیمیستێکی یابانی هەیە بەناوی(نوبوئاکی نوتوهارا) لە کتێبێکی خۆیدا ئەزموونی خۆی دەگێڕێتەوە لەو وڵاتە عەرەبیبیانەی تێیدا بۆ ماوەیەك ژیاوە کتێبەکە ناوی(عەرەب لە ڕوانگەیەکی ژاپۆنییەوە)یە، لە شوێنێکدا باسی جۆری پەروەردە و فێرکردن دەکات و سەرگوزەشتەی خۆی دەگێڕێتەوە کە دیسانەوە لەبارەی توندوتیژییەوە دەڵێی باسی هەندێك شوێنی کوردستان دەکات! جا ئەگەر بەو شێوەیە توندوتیژیی جەستەیی زۆر نەبێت لە کوردستان بەتایبەتی لەم ساڵانەی دوایدا، بەڵام توندوتیژییە زارەکی و ڕەمزییەکان هەر زۆر زۆرە! (نوبوئاکی

نوتوهارا) دەڵێت: "جارێك سەردانی قوتابخانەیەكی قۆناغی بنەڕەتیی عەرەبیم كرد، منداڵەكان بە هێوری ڕیزبووبوون و هەموو قوتابیەكان بێ دەنگ بوون، پاشان چوونە هۆڵی خوێندن. پێنج خولەك تێپەڕی قوتابخانەكە وەك ئەوەی شوێنی تێڕامان و خواپەرستی بێت و لەناكاو دەنگەكان تەقینەوە و لە پشت دەرگای هەموو پۆلەكانەوە دەنگ دەهات، دەنگی مندالآن كە دەگریان و هاواریان ئەكرد و لە مامۆستاكان دەپاڕانەوە. لەوەش تێگەیشتم كە لێدان دەستی پێكرد. هەتا ئێستاش لێدان ڕێبازێكی بەكارهێنراوە لە زۆربەی قوتابخانە عەرەبییەكاندا. سەردانەكانم بۆ قوتابجانە عەرەبییەكان دووبارە دەكردەوە و زۆربەی جار هەمان ئەنجامم دەست دەكەوتەوە. سەركوتكردن بەم شێوەیە دەست پێ دەكات، لە دەسەڵاتی باوكەوە لە ماڵەوە بۆ دەسەلاتی مامۆستا لە قوتابخانە و بەم شێوەیە منداڵ سەركوتكردن دەكات بە بەشێك لە بوونی خۆی"(٢١).

"بۆ پێشكەوتن لە پەروەردەكردن و فێربوون و كاروبارە كۆمەلأیەتییەكانی تردا، هیچ ڕێگەیەك نییە، جگە لە ڕێگەی زانست و بەكارهێنانی خۆشەویستی. خۆشەویستی بە بێ زانست، ناتەواوە. زانستیش بە بێ خۆشەویستی، وێرانكەرە". فێربوون پێویستە ئاماژە و نیشانەبێت بۆ خۆشەویستی، بە ئامانجی ورووژاندنی هەستی خۆشەویستی لە منداڵدا. دەنا ئەبێت بە ئامرازێكی زیانبەخش. خۆشەویستی منداڵ لەو كۆمەلأنەدا هێزێكی كارایە و ئاماژەیە بۆ كەمبوونی مردنی مندالآن و باشیی پەروەردەیان"(٢٢)، "تێڕوانین بۆ پەروەردە وخوێندن لە ولأتە دیموكراتییەكانی جیهاندا لە تێڕوانین بۆ مرۆڤەوە دەستپێدەكات. مرۆڤی سەرەكیش لە سیستمی فێركاریدا خوێندكار و قوتابیە. تێڕوانینی بەرز بۆ

مرۆڤ لە دیدی بەها بنەمایيە مرۆڤایەتییەکانەوە، پرۆسەی خوێندنی لای قوتابی خۆشەویست کردووە. هەموو مرۆڤێك مندالْ یا گەورە، کە ڕێزی تاکەکەسیی لیْ گیرا، دەتوانیْت بە ئاسانی ڕێز لە بەرامبەرەکەی بگرێت و ئەو کارەی دەیکات خۆشی بوێت. بۆ ئەوەی پرۆسەی فێرکاری لە کوردستاندا پرۆسەیەکی سەرکەوتوو بێت دەبێت خوێندکار یا قوتابی بکرێت بە ناوەند. دەبێت هەموو پرۆسەکە لە خزمەتی قوتابیدا بێت. هیچ گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی ڕوونادات ئەگەر قوتابی ناوەند نەبێت، ئەگەر مامۆستا و بەرپرسیارانی پەروەردەیی لە قسەو گوتاریاندا، لە کردارو ڕەفتاریاندا، لە هەڵسوکەوت و بۆچونیاندا خوێندکاریان نەکردبێت بە ناوەند و ڕۆڵی سەرەکی سیستمی فێرکاریان نەدابێتیْ"(٢٣).

"نابێت کۆمەڵگا دواکەوتنی خۆی بەسەر سیستمی پەروەردەدا بسەپێنێت، بە پێچەوانەوە دەبێت پەروەردە گەشەی خۆی بەسەر کۆمەڵگادا بسەپێنێت. ئەوانەی کە ڕایان وایە پەروەردە دەبێت ئاوێنەی کۆمەڵگابێت، گەورەترین دوژمنەکانی پەروەردەن، بە پێچەوانەوە قەدەری پەروەردە و کەسی پەروەردەساز ئەوەیە کە لە کۆمەڵگا نەچێت و پێوەرەکانی دووبارەنەکاتەوە. هەرکات پەروەردە کەوتە دووبارەکردنەوەی خۆی، کەوتە پاراستن و بەرهەمهێنانی ئەو دۆخەی کە بالأدەستە، ئیدی چیتر پێویستی بە بانگەوازی نوێکردنەوە نابێت"(٢٤)، لە کوردستاندا ئەوەی تێبینی دەکرێت پێوەرو هەڵە باوەکانی دەرەوەی قوتابخانە زۆرجار بەسەر قوتابخانەدا دەسەپێنرێت، کە لە ڕاستیدا ئەمە پێچەوانەی ئامانجی دروست و زانستی پەروەردەو فێرکردنە، دەبێت قوتابخانە دەستکاری کۆمەڵگە بکات و ناشرینیەکانی بگۆڕێت بە جوانی، بۆ نمونە جار بەجار

هەندێك دەنگۆ دەبیستین بۆ جیاکردنەوەی کوڕ و کچ لە قوتابخانەکان کە لە کاتێکدا هیچ ئەرگۆمێنتێکی زانستی نەیسەلماندوە هۆکاری دواکەوتنی خوێندن لە کوردستان هۆکارەکەی تێکەڵاوییە! لە کاتێکدا"د.جەمال نەبەز لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا لە باسی خوێندکاری خۆیدا لە حوجرەدا کە دەگەڕێتەوە بۆ نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم دەڵێت:" لەم حوجرانە(قوتابخانانە) دا منالآن (کوڕ و کچ) پێکەوە دەیانخوێند. ئەوەش هەر لە کۆنەوە وابووە. مامۆستا مەلا و خەلفەکەی بۆیان هەبووە مندالّی کوڕ فەلاقە بکەن، بەلآم کچیان فەلاقە نەکردووە (٢٥)، مەلا کاکە حەمە حاجی سەیفولاّ هاوشێوەی نەجمەدینی مەلا یەکێك لەو کەسانە بووە کە ڕۆڵی هەبووە لە خوێندەوارکردنی لاوانی کورد وەك ئەوەی باسی ئەمڕۆی کوردستان بکات دەڵێت: "خەڵق خوێندنی بۆ یەکێك لەم شتانەیە و بۆ زانیاری نییە، بێتە مەلا تا خۆی بە خەڵق بژێنێ و بەرزتر بێت لە خەڵق، بێتە مەئمور ڤیروسیا لە ئازادی مەجبوریش بێت بە قەسوەت بێ لەگەڵ خەڵقدا، بۆ ئەوەی نەخوێندەوار و نەزان بخەڵەتێنێ، جا ئەم سێ شتانە لای من دەستناکەوێ"(٢٦).

"سیستەمێکی پەروەردەیی باش کە تیایدا مرۆڤ ئامانج بێت، بەبێ تێگەیشتنێکی فەلسەفیی لە مرۆڤ و ڕوانگەیەکی پەروەردەناسیانە بۆ زانین و فێربوون، سوودی خۆی نابێت. جیاکردنەوەی سیستەمیی پەروەردەیی لە دانایی فەلسەفیی لە بارەی مرۆڤ و توانا و پێویستییەکانیەوە، دەبێتە سیستەمێکی لەدەرەوەڕا جوانکراو و ڕازاوە و لە ناوەوەڕا بۆش و بەتاڵ کە بۆی هەیە هەموو بیروڕایەکی دژە پەروەردەییانە و بگرە دژە مرۆییانە تیایدا سەرهەڵبدات. سیستەمی پەروەردەیی ئێمە لە پازدە بیست سالی

چوودا، هەمیشە لە هەوڵی خۆجوانکرندا بووە و بەبارتەقای ئەوەش لەناوەڕۆکە پەروەردەناسیی و فەلسەفییەکەی خۆی بەتاڵکراوەتەوەو بۆتە سەکۆی ساخکردنەوەی ململانیٚ سیاسی و حزبییەکان. جگە لە ڕەنگدانەوەی ئەو ململانێیە لە ئاستی زمان و زاراوەسازییدا بۆ ناسینەوەی بەشەکانی ئەو سیستەمە بە پێی ئەو لایەنە سیاسییەی سیستەمەکەی بەسەردا دابەشبووە( وەك بەکارهێنانی زاراوەکانی خوێندکار و قوتابیی و فێرخواز بۆ هەمان مەبەست)، ئەوە خودی سیستەمەکە لە بەردەم هەڕەشەی بنەما مێژووییەکانی خۆیدا بووە و هەوڵێکی شێلگیرانە دراوە بۆ ئەوەی هەر لایەنێکی سیاسیی لە هەر کونێکەوە بۆی هەڵکەوتبیٚ، گۆڕانێك لە ئەدەبیاتی سیستەمەکەدا بکات و بە شێوازێك وانەو ماترییاڵە دەرسییەکان دابڕێژێتەوە کە خزمەت بە بنەما ئایدیۆلۆژییەکانی خۆی بکەن"(٢٧).

"لە وڵاتانی پێشکەووتودا، بە بەردەوامی لەگەڵ گۆڕان و بەرەوپێشەوەچوونی کۆمەڵگادا، سیستمی فێرکاری دەگۆڕدریٚ"، (٢٨)، هەندێکجار بەناوی دڵسۆزی و داهاتووی کوردستان و خەمی نەوەی داهاتوەوە لە کوردستاندا بڕیاری گۆڕانکاری دەدرێت، بەڵام ئەو گۆڕانکارییانە زۆر نابات یان شکست دەهێنێت یان لێی پەشیمان دەبنەوە! بۆیە وەك بێرتراند ڕەسڵ دەیڵێت: "دڵسۆزی مەرج نییە بە تەنها، بەڵکو پێش دڵسۆزی لێزانین گرنگە، کاتێك شتێکی بیناکراو دەڕوخێنین، دەبێت پێش ڕوخاندن زانیبێتمان کە دروستکراوی نوێمان لە جێگەی ڕوخاوەکە باشتر و چاکتر و سوودمەندترە"(٢٩).

له کۆتاییدا دەڵێین: "ئینستتیوی پەی بۆ پەروەردە و گەشەپێدان(PAY) کە ڕێکخراوێکی ناحکومییە لە ڕاپۆرتێکیدا دەربارەی هەڵسەنگاندنی ڕەوشی پەروەردە لە کابینەی هەشتەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان(٢٠١٤-٢٠١٨) کە لە کانونی دووەمی ٢٠١٩ بڵاوکراوەتەوە بە قەبارەی ١٥٨ لاپەڕە بەناونیشانی (پەروەردە لەبەردەم ئاڵنگاری و گرفتی چارەنەکراودا) لە هەژدە تەوەرەی جیاواز و لە ١٢٧ خاڵدا کۆی کێشە و گرفتەکانی پەروەردە و فێرکردنی خستۆتەڕوو بە داتا و زانیاری ورد و هەندێك جاریش گەڕاوەتەوە بۆ دۆخی پەروەردە و فێرکردن بۆ ساڵانی پێش ٢٠١٤" لەو ڕاپۆرتەدا تێبینی دەکەیت و زیاتر بۆت ڕوون دەبێتەوە و ئەوەت بۆ دەسەلمێنێت کە پەروەردە و فێرکردن لە کوردستاندا لەسەر هێڵێکی چەوتە !(٣٠).

## پەراوێز و سەرچاوەکان:

١- حەمەکەریم عارف: مێژووی پەروەردە و خوێندن لە حوجرەکانی کوردستاندا، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٨، ل٤٣.

٢-هۆمەر قەرەداخی: سیستمی فێرکاری، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠١١، ل٦٩.

٣-د.ئاراس محەمەد ساڵح: هۆیەکانی گەشەکردنی بزاڤی ڕۆشنبیری لە شاری سلێمانیدا ١٧٨٤-١٩٥٨، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی، ٢٠١٥، ل٢٤.

٤-خالد مەحمود کەریم: باشوری کوردستان لە کۆتاییەکانی سەردەمی عوسمانیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، ٢٠١٩، ل١١.

٥- تەها محەمەد ئەمین: گرفتە پەروەردەییەکان، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠١٢، ل١٥.

٦-حەمە کەریم هەورامی: سەرچاوەی پێشوو، ل١١٧.

٧-کۆمەڵێك نووسەر: پەروەردە لە تێهزرینی کۆمەڵناسی و دەروونناسیدا، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی کۆمەڵناسان و دەروونناسانی کوردستان، ٢٠١٥، ل٧٥.

٨- تەها محەمەد ئەمین: سەرچاوەی پێشوو، ل١٨-١٩.

٩- هەورامان وریا قانع: پەیوەندیی نێوان مامۆستا و قوتابی" چی لە ناوەوەی قوتابخانە و پۆلەکانی خوێندندا دەگوزەرێت؟، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٢٠، ل١٠٤.

١٠-بەختیار عەلی: هەندێك سەرەنج دەربارەی سیستەمی پەروەردەو ستراتیژی گۆڕانکاری لەم سیستەمەدا، گۆڤاری (سەردەمی ڕەخنە)، ژمارە(٥)، پاییزی ٢٠٠٦، ل٢٠١.

١١-فایەق سەعید: قوتابخانەکان ڕوویان لە قیبلە نییە، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٨، ل٥.

١٢-فایەق سەعید: دیداکتیك" مۆدێل و میتۆدەکانی وانەگوتنەوە"، چاپی یەکەم، ناوەندی غەزەلنووس بۆ چاپ و بڵاوکرنەوە، سلێمانی، ٢٠١٩، ل٩.

١٣-هەورامان وریا قانع: سەرچاوەی پێشوو، ل٤٦.

١٤-دکتۆر عزالدین احمد عزیز: دەروازەیەك بۆ دەروونزانی پەروەردەیی، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠١٨، ل٢٢٤.

١٥–حەمەکەریم عارف: سفرەی فەقیران، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠١٢، ل١٢.

١٦–ڕێبوار سیوەیلی: (فەلسەفە، ڕەگەزپەرستی، پەروەردە)، چاپی یەکەم، ڕێکخراوی زەریاب بۆ خزمەتگوزاریی کولتووری و ڕۆشنبیری، هەولێر، ٢٠١٦، ل١٨١.

١٧– بێرتراند ڕەسڵ: دەربارەی پەروەردەکردن، و/ جیهاد محەمەد، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠١٨، ل٧٢.

١٨–یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان" پرۆژەی چاودێری دۆخی پەروەردە": ڕاپۆرتی بیستەم: توندوتیژی بەرامبەر فێرخواز، ئایاری ٢٠١٩، ل١١.

١٩– یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان" پرۆژەی چاودێری دۆخی پەروەردە": سەرچاوەی پێشوو، ل١٣.

٢٠– هۆمەر قەرەداخی: سەرچاوەی پێشوو، ل١٤–١٥.

٢١–نوبوئاکی نوتوهارا: عەرەب لە ڕوانگەیەکی ژاپۆنییەوە، و/کامەران چروستانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەردەم، ٢٠١٩، ل٧١.

٢٢– بێرتراند ڕەسڵ: سەرچاوەی پێشوو، ل٢٧٣–٢٧٤.

٢٣– هۆمەر قەرەداخی: سەرچاوەی پێشوو، ل١٢١.

٢٤–بەختیار عەلی: سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠٤.

٢٥–جەمال نەبەز: بیرەوەرییینامەی ئەو ڕۆژانەی جارەکی دیی ناگەڕێنەوە، چاپخانەی شڤان، سلێمانی ، ٢٠١٧، ل٧١.

٢٦-زانا قەرەداغی: مەلا کاکە حەمەی حاجی سەیفوڵڵا زانایەکی گومناو" خاوەنی یەکەم پرۆژەی قەڵاچۆکردنی نەخوێندەواری لە کوردستان"، چاپخانەی حەمدی، چاپی یەکەم، ٢٠١٩، ل٥٨.

٢٧- ڕێبوار سیوەیلی: سەرچاوەی پێشوو، ل٣٦٥-٣٦٦.

٢٨- هۆمەر قەرەداخی: سەرچاوەی پێشوو، ل٥٨.

٢٩-بێرتراند ڕەسڵ: سەرچاوەی پێشوو، ل١٨١.

٣٠-ئینستتیوتی پەی بۆ پەروەردە و گەشەپێدان: پەروەردە لە بەردەم ئاڵنگاری و گرفتی چارەنەکراودا، کانونی دووەمی ٢٠١٩، ل٣-٦.

# هۆوکینگ و ئەنیشتاینیش تەمبەڵ بوون![*]

له قوتابخانەکاندا وشەی "تەمبەڵ" و هاوشێوەکانی که مانای نەرێنی دەگەیەنن، ڕۆژنییە و وانە نییە لە بەشێك لە قوتابخانەکانی کوردستاندا قوتابییەکانی پێ بریندار نەکرێن! نموونە زۆرن و ئێمە تەنها نموونەی دوو کەسایەتی جیهانی سەرنج ڕاکێش ئاماژە پێدەکەین وەك سوود لێبینین کە لە قوتابخانە پێیان وتراوە تەمبەڵ یان وەك خۆیان دەڵێن باش نەبوون کەچی بوون بە دوو زانای بەناوبانگی جیهان و خاوەن بیردۆز کە کاریگەری گرنگیان لە کایەی زانستی فیزیا دانا!

"ستیڤن هۆوکینگ" یەکێکە لە زانا ناسراوەکانی ئینگلیز و جیهان لە بواری فیزیا، ئەو لە تەمەنی بیست و یەك ساڵیدا تووشی شەلەل و ئیفلیج بوون هات و جەستە و زمانی لە جوڵە وەستا تەنها مێشکی کاری دەکرد کورسی و کۆمپیوتەرێکی تایبەتی بۆ دروستکرا و لە ڕێگەی ئەو کۆمپیوتەرەوە تیۆرەکانی خۆی دادەڕشت، پزیشکەکان لە تەمەنی لاوێتیدا پێیانگوت گەر بمێنێت وبژێت پێنچ ساڵی تر دەمێنێت، کەچی وا دەرنەچوو دوای دەیان ساڵ و تەمەنێکی دوورودرێژ لە ساڵی ٢٠١٨ کۆچی دوایی کرد! کتێبێکی هەیە بەناونیشانی "وەڵامە کورتەکان بۆ پرسیارە گەورەکان" کە

* لە ژمارە "٤٤"ی ڕۆژنامەی "زەمەن" ڕۆژی سێشەممە ٢٦/١١/ ٢٠١٩ بڵاوکراوەتەوە.

دوای مردنی خۆی بڵاوکرایەوە، لەو کتێبەیدا کە کتێبێکی زانستییە لە چەند شوێنێکدا ئاماژە بە ژیانی خوێندن و خوێندکاری خۆی دەکات کە باش و سەرکەوتوو نەبووە و دەڵێت "کاتێك لە قوتابخانە بووم، قوتابییەکی باش نەبووم، زۆر بە زەحمەت ئاستم دەگەیشتە نیوەی یەکەمی پۆلەکە. کارەکانم شپرزەبوون و خەتم خۆش نەبوو.بەڵام هاوڕێی باشم لە قوتابخانە هەبوو. قسەمان لەسەر هەموو شتێك دەکرد. بەتایبەتی سەرچاوەی گەردوون. ئەمە ئەو شوێنەبوو خەونەکانی من دەستی پێ کردو زۆر ئاسوودەم کە بەدی هات".

هەروەها باسی کاریگەری مامۆستایەکی دەکات کە چۆن هاوکاری کردووە و دەنووسێت "من کەسێکی ئاسان بۆ فێربوون نەبووم، لە فێربوون و خوێندنەوەدا هێواش بووم و دەستوخەتم زۆر ناخۆش بوو، بەڵام کاتێك تەمەنم چواردەساڵ بوو، مامۆستاکەم، دیکران تاتا، لە قوتابخانەی سێنت ئالبانس، پیشانی دام چۆن وزەکەم کۆبکەمەوە و هانی دام بەشێوەی خەلاقانە سەبارەت بە ماتماتیك بیربکەمەوە. ئەو چاوەکانی منی بۆ ماتماتیك، وەکو ڕەشنووسی گەردوون کردەوە. ئەگەر سەیری ڕابردووی هەر کەسێکی نایاب بکەیت، مامۆستایەکی نایاب هەیە. کاتێك هەریەك بیر لەوە دەکەینەوە، کە دەکرێ لە ژیاندا چی بکەین، بەختی ئەوەی دەتوانین چی بکەین، دەگەڕێتەوە بۆ مامۆستایەك"، لە شوێنێکی دیکەدا دەڵێت"بنچینە بۆ ئایندەی پەروەردە دەبێت لە قوتابخانەکان و لە لای مامۆستا خۆشەویست و دڵسۆزەکانەوە بێت. بەڵام قوتابخانەکان تەنها چوارچێوەیەکی سەرەتایی پێشکەش دەکەن کە هەندێك جار فێربوونی بێفکرانەی هاوکێشەکان و تاقیکردنەوەکان دەکرێ منداڵ لە زانست بێگانە بکات".

"جێس بڕالێر" لە کتێبی " ئالبێرت ئەنیشتەین کێ بوو؟" کە کتێبێکە لەسەر ژیان و دونیابینی و بیرکردنەوەکانی زانای فیزیایی بەناوبانگ ئەنیشتاین ودەنووسێت :" جارێکیان باوکی ئالبێرت، لە بەرپرسی قوتابخانەکەی پرسی بەڕای ئێوە ئالبێرت دەبێ بیر لە چ کارو پیشەیەك بکاتەوە؟ بەرپرس لە وەڵامدا کوتی گرینگ نییە، چونکوو ئالبێرت ناتوانێ لە هیچ بوارێکدا سەرکەوتووبێت". " یەکێك لە بەرپرسانی قوتابخانە پێی دەکووت:" ((سەگی تەممەڵ!!)) یەکێکی تریان دەیکوت: ئالبێرت کاریگەری خراپ دەکاتە سەرمێشکی هاوپۆلەکانی! چونکوو بەردەوام پرسیار دەکات و ئەو پرسیارانەی ئەو دەپرسێ، مامۆستاکانی ناتوانن وەڵام بدەنەوە. ئەنجامی بوو بەوەی کە ئالبێرتیان لە قوتابخانە دەرکرد".

"جەمال عیرفان" یەکێکە لە سیاسەتمەدار و ڕۆژنامەنووس و ڕۆشنبیرە ناسراوەکانی کورد، نزیك بە سەدەیەك پێش ئێستا لە زنجیرە نووسینێکیدا بەناوی " حقایق" کە لە ژمارە "٩٤"ی ڕۆژنامەی "پێشکەوتن" لە فێبریوەری ساڵی ١٩٢٢ بلاَوکراوەتەوە بە ڕێنووسی ئەوکات دەڵێت "چاو بو بعچی سر پنجرەیە، بو بعچی سر اوینیە یە، بو بعچیکیش دوربینە" ، بۆ مامۆستا و پەوەردەکار گرنگ و پێویستە چاو و بیرکردنەوەی تەنها پەنجەرە و ئاوێنە نەبێت و لەو دووانەوە لە خۆی و قوتابییەکانی نەڕوانێت، بەڵکو گرنگتر و پێویستتر ئەوەیە بچێتەوە ئەو خانەیەوە وەك جەمال عیرفان دەڵێت چاوی سەری دووربین بێت بەرانبەر قوتابییەکانی و توانا شاراوەکان بناسێت و پێیوانەبێت گەر لە ساتێکدا یان قۆناغێکدا قوتابییەك لاوازبوو دەبێت ئیدی لە بازنەی پەروەردەوفێرکردن بیکاتە دەرەوە!

# مامۆستاکانی مام جەلال و کۆچەر بیرکار*

ڕۆڵ و پێگەی مامۆستا بەرزە و کەم نییە مامۆستای وا هەیە لە ڕێگەی پەیامی مامۆستاییەوە ناوی دەچێتە مێژووەوە و مێژووی بۆ خۆی تۆمارکردوە، چ ڕابردوو و ئێستا و یان داهاتوو بە تەنیا سیاسیی و سەرکردەکان درووستی ناکەن، بەڵکو مامۆستاش وەك چینێکی کاریگەر ڕۆڵی گرنگی هەیە لەو درووستکردنەدا مامۆستاکانی مام جەلال و کۆچەر بیرکار لەو مامۆستایانەن.

مام جەلال و کۆچەر بیرکار وەك دوو ناوی ناسراو یەکێکیان سیاسیی و ئەویتریان ئەکادیمی باسی ئەو مامۆستایانە دەکەن کە ڕۆڵیان لە درووستکردن و پێگەیاندنیاندا هەبووە و ئەو مامۆستایانەشیان لە یاد نەکردوە خراپ بون و لە پەیامی دروستی مامۆستایی لایان داوە.

مام جەلال لە بەرگی یەکەمی کتێبی " مام جەلال، دیداری تەمەن لە لاوێتیەوە بۆ کۆشکی کۆماری"، کە چاوپێکەوتنێکی دورودرێژە و "سەلاح ڕەشید" لەگەڵیدا ئەنجامی داوە، لە گێڕانەوەی یادەوەرییەکانی ژیانی لە ڕۆژگاری خوێندنیدا لە چەند شوێنێکی جیاوازدا بەم جۆرە باس لە هەڵسوکەوت و تێڕوانینی مامۆستاکانی دەکات و دەڵێت:" لەناو مامۆستاکاندا، دو سێ مامۆستای سەرەتایی زۆر کاریان کردەسەر بیر و

---

* لە ژمارە "٣٦"ی ڕۆژنامەی "زەمەن" ڕۆژی سێشەممە ١/١٠/ ٢٠١٩ بڵاوکراوەتەوە.

ڕەوشت و بۆچونی سیاسیم، یەکێکیان، مامۆستای مێژومان خوالێخۆشبو مامۆستا مەجید شێخ نوری بو، یەکێکی تریان، محەمەد ئەمین مەعروف بو، ئەو زۆر زیاتر لە هەمویان کاری کردەسەر بیروڕا و بۆچونەکانم، مامۆستایەکی زۆر زیرەك بو، هەر یەکەیان دەرسی جیا جیان پێ ئەگوتین، بەلاّم بە هەڵسوکەوتیان و ڕەوشت بەرزیان لە گەڵماندا بە گشتی، کاریان زۆر تێ ئەکردین".

هەروەها دەڵێت :" لە زستانی ١٩٤٧دا، مامۆستایەکی ترمان هەبو ناوی تایەر سەعید بو، زۆر پیاوێکی زیرەك و هوشیاربو، لە حساب و ئینگلیزیدا زۆر باش بو"، مام جەلال ئەو مامۆستایانەشی بیرنەکردوە کە خراپ بون و لە پەیامی ڕاستەقینەی مامۆستایی لایانداوە لەوبارەیەوە دەڵێت: " لە پۆلی شەشەمی سەرەتایی بوم، مانگرتنێکمان لە دژی دو مامۆستا سازدا، یەکێك لە مامۆستاکان بەد ڕەفتاریی هەبو، واتا دەستی لە ڕومەتی قوتابیان ئەدا، لەبەرئەوە ناڕەزاییمان دەربڕی و ڕاپەڕین و مانمانگرت، لە مانگرتنەکەدا، من لە پێشەوە بوم و دەمڕاستی مانگرتنەکە بوم و چوینە سەر بەڕێوەبەری قوتابخانەکە و ئەو وتارەی کە نوسیبومان پێشکەشمان کرد".

زانای کوردی ناسراو کۆچەر بیرکار براوەی بەناوبانگترین خەلاّت لە بواری بیرکاری بەناوی (فێڵدن) لە سەر ئاستی جیهان بابەتێکی بە چەند بە شێکی جیاواز نوسیوە بە ناونیشانی "چیرۆکی سەرکەوتن" لەوێدا لە باسی قۆناغەکانی خوێندنی خۆی بەم شێوەیە ئاماژە بەمامۆستاکانی دەکات :"بە گشتی مامۆستاکانمان زەحمەتکێش بوون و هەوڵیان ئەدا فێرمان کەن. پەروەردەکردنی خوێندکاری سەرەتایی نا ڕەحەتترە لە خوێندکاری

زانكۆ. برێ لە مامۆستاكان دڵڕەق بوون و هەموو ڕۆژێ شووڵكاری و داركارییان ئەكردین. لە جێی پەلكەی زولفی ڕەش پەلكەی سیمی كەوە و سووریان ئەنا مشتمان. یە كێ لە مامۆستا هەرە باشەكانم مامۆستای پۆلی پێنجەم بوو بەناوی كاك ڕەحمان كە خەڵك بە ڕەحمانی خاتوو مەلێعا ناویان ئەبرد. پیاوێكی زۆر هێمن و لەسەرخۆبوو. هەموو ڕۆژێ دوای تەواوبوونی وانەكان داستان و حەكایەتی بۆ ئەگێڕاینەوە. لە ڕۆژە خۆشەكانی بەهاردا ئەیبردین بۆ دەشت و چیا و لەوێ وانەكانی ئەوتەوە. جاری وایش بوو ئەیبردین بۆ دەشتی كانیسانان و پۆلێكی خوێندكاری كانیسانانیش ئەهاتن بۆ ئەوێ و هەردوو مامۆستا بە یەكەوە فێریان ئەكردین. تا ئەو شوێنە لە بیرم بێ، یەكەم جار كە هەستم كرد حەز لە بیركاری ئەكەم پۆلی پێنج بووم. زۆریش خەریكی نە ئەبووم، بەڵام باشم لێ ئەزانی . لەوانەیە لەبەر باشی مامۆستاكەمان بووبێ".

هەروەها دەڵێت "كاك ڕەحمان كۆنەپوشی یەكێكە لە باشترین مامۆستاكانی هەموو تەمەنی خوێندەواریم. پێم وابێ لەو ساڵەدا بوو كە بۆ یەكەم جار بیركاری سەرنجی زۆری ڕاكێشام"، لە بەرانبەردا بە پێچەوانەوە لە شوێنێكی دیكەدا باسی مامەڵەی خراپی مامۆستایەكی دیكەی دەكات و دەنووسێت : " كە چوومە پۆلی چوار جارێ تر گوازراینەوە خوێندنگایەكی تر. مامۆستاكەمان كابرایەكی دڵڕەق بوو و ئەو ساڵە بە شووڵ و بە پەلكەی سیم نیوە گیانی كردین. ئەو لێدانە شتێكی زۆر خراپ بوو و مامۆستا خەش خۆی بە خوێندكار ئەڕشت. مامۆستایە ترمان بوو پێنووسەكەی ئەخستە بەین پەنجە چكۆلەكانمان و پەنجەمانی ئەگووشی".

# لەنێوان مامۆستا ئەسما و مامۆستا عەبدولزاهیردا*

"کەچە کۆمار" یەکێکە لە ڕۆمانەکانی ڕۆماننووسی ناسراوی میسری "عەلا ئەسوانی" ڕۆمانەکە باس لە کۆمەڵگای میسری و دەسەڵاتداری میسری دەکات بە تایبەتی شۆڕشی، یان مانگرتن و خۆپیشاندانی ئۆکتۆبەری میسری کە بووە هۆی لابرنی فەرمانڕەوای میسری "حوسنی موبارەك". ئێمە لەسەر دیمەنێکی ڕۆمانەکە دەوەستین کە دۆخی پەروەردەوفێرکردنمان بۆ ڕوون دەکاتەوە لە میسردا.

گابریێل گارسیا مارکیز ڕۆماننووسی ناسراوی کۆلۆمبی کوڕێك دەگێڕێت لە ئەڵمانیا لە بارەی ڕۆمانەناوبانگەکەیەوە"سەدساڵ تەنیایی" ئامادەبووییەکی کوڕەکە بە مارکیز دەڵێت: کاتێك سەد ساڵ تەنیاییم خوێندەوە وام هەست دەکرد تۆ لە خێزانەکەی مندابی، یان لە ناوچەکەی ئێمەدا ژیابی، چونکە کتومت باسی ئێمە دەکەیت!

وەك خوێنەرێك کاتێك "کەچە کۆمار"ی عەلا ئەسوانیم خوێندەوە لە زۆرشوێندا و بەتایبەتی ئەوەی باسی دۆخی پەورەردە و فێرکردن دەکات بە مانا و فۆرمی جیاواز، ئەو هەستەم لادروست بوو زۆر لە کوردستان دەچێت!

---

* لە ژمارە "١٩"ی ڕۆژنامەی "زەمەن" ڕۆژی سێشەممە ٢١/٥/ ٢٠١٩ بلاّوکراوەتەوە.

مامۆستا "عەبدولزاهیر" بەڕێوەبەری قوتابخانەیەکە بەناوی "قوتابخانەی ئامادەیی نەهزەی کچان" قسەکانی و کارەکانی نوێنەرایەتی کۆمەڵگا و دەسەڵاتدارێتی میسر دەکات، مامۆستا ئەسماش مامۆستای زمانی ئینگلیزییە پاش دووساڵ لە بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە هەمان قوتابخانە دەبێ بە مامۆستا، مامۆستا ئەسما دەیەوێ بەڕاستی پەیامی مامۆستایی بگەیەنێت و تاکە مامۆستایە هەموو فێرخوازەکانی خۆشیان دەوێت و لە وانەکانی تێدەگەن مامۆستا ئەسما لە بەرژوەندی بەڕێوەبەر و مامۆستاکانی دیکە دەدات کە خەریکی گەندەڵین و بەمەش کێشەی بۆ دروست دەبێ تا دەگات بەوەی تۆمەتی جۆراو جۆری دەخەنەپاڵ. بەڕێوەبەری قوتابخانە بە تۆمەتی سفوریبوونەوە سکاڵا بۆ سەرووی خۆی بەرزدەکاتەوە بۆ ئەوەی لایبەرن و لێپرسینەوە لە مامۆستا ئەسما بکەن! کاتێك لە وەزارەت و لەسەرووی خۆیەوە لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا دەکرێت دەردەکەوێت مامۆستا ئەسما جلێکی یاسایی لەبەرکردوە و هیچ کێشەی نییە، بەڵام ڕوون دەبێتەوە بەڕێوەبەر لەخۆیەوە ئەو کارەی نەکردوە و لە وەزارەت پشتی هەیە.

جا ببینە ئەوەی خوارەوە ڕەنگدانەوەی سەرەوەیە! لە کاتی لێکۆڵینەوەکە مامۆستا ئەسما دەڵێت: کێشەکە ئەوەیە، من وانەی تایبەتی ناڵێمەوە و بە دڵسۆزی لە پۆلدا وانە دەڵێمەوە. کێشەکە ئەوەیە، من هەڕەشە لە تۆڕی وانە تایبەتییەکان دەکەم کە بەڕێوەبەری قوتابخانەکە لەگەڵ مامۆستای یەکەم و زۆربەی مامۆستاکان سەرکردایەتی دەکەن. ئەوانە کچەقوتابیەکان دەڕووتێننەوە و ناچاریان دەکەن وانەی تایبەتی وەربگرن و بچنە گروپەکانی بەهێزکردنەوە.

مامۆستا ئەسما باسی مامۆستا عەبولزاهیر و مامۆستاکانی دیکەمان بۆ دەگێڕێتەوە کە چۆن جیاوازی لەنێوان خوێندکارەکاندا دەکەن و خوێندنگا لە بنەما پەروەردەییەکانی خۆی لای داوە، ئەوەی پارەی هەیە بە قۆپیەشبێ دەردەچێ لەژێر ناونیشانی "یارمەتی!" ئەوەشی پارەی نییە و ناتوانێت خوول بکاتەوە کەوتنی مسۆگەر کردووە. بۆیە مامۆستا ئەسما ئەمەی پێ قبوولێ ناکرێت و وتنەوەی وانەی تایبەتی و خوولی بەهێزکردن ڕەت دەکاتەوە! مامۆستا ئەسما دەڵێت: لە یەکەمین ڕۆژەوە بڕیارمدا هەموو تواناکانی خۆم بخەمەگەڕ، بۆیە ئاستی کچە خوێندکارەکانم وردە وردە بەرزبووەیەوە هەموویان لە تاقیکردنەوەی نیوەی ساڵ دەرچوون. لەو سێ پۆلەی من وانەم پێ دەوتنەوە تاقە کچە قوتابیەك لە ئینگلیزیدا نەکەوت. کەچی لەبری ئەوە سوپاس و دەسخۆشی لێبکرێت لەلایەن مامۆستا عەبدولزاهیری بەڕێوبەرەوە بانگ دەکرێت بۆ لێپرسینەوە و پێی دەڵێت: ئەگەر شێوازی وانەوتنەوەی خۆت نەگۆڕیت، ئەوا سزات دەدەم.

دادە مەنال کە یەکێکە لە مامۆستاکان بە مامۆستا ئەسما دەڵێت: کاتێك هەموو شتێك لە پۆلدا باس دەکەی، نانی مامۆستاکانی تر دەبڕیت و کەسیش هەرگیز ڕێگەی ئەوەت پێ نادات!

ئەوە ڕاستە عەلا ئەسوانی دۆخی هەژاریی و شێوازی ژیانی میسرییەکان دەگێڕێتەوە کە چەند کاریگەرییەکی خراپی جێهێشتووە، دەیەوێت ئەوەشمان پێبلێت تاکەکان چەند دوو ڕوون بەناوی پاکێتی و پاراستنی ئەخلاقەوە چی دەکەن بە مامۆستا ئەسما و لەلایەکی دیکەوە چ خیانەتێك لە خوێندکارەکان دەکەن و چ جۆرە پەروەردەیەکیان دەکەن!

# توندوتیژیی قوتابخانەیی*

ڕێبوار سیوەیلی لە کتێبی "فەلسەفە، ڕەگەزپەرستی، پەروەردە" دەنووسێت:" زاراوەی توندوتیژیی قوتابخانەیی لە بواری هزری پەروەردەیی و توێژینەوەکانی توندوتیژیدا، زاراوەیەکی کارپێکراوی ناسراوە و زیاد لە پێناسەیەکی بۆدەکرێ و لە کەنار زاراوەکانی توندوتیژیی خێزانی، توندوتیژیی سیاسیی و توندوتیژیی کردەیی و سێمبوولی و هتد... بەکاردەهێنرێت. گرنگترین خەسڵەتی ئەم جۆرەی توندوتیژیی ئەوەیە کە بەرهەمهێنەرەکەی قوتابخانە و ئەو فۆرمی پەیوەندییەیە کە لەو دامەزراوەیەدا لە نێوان(شوێن و مرۆڤ)، نێوان(مرۆڤ و مرۆڤەکان) و لەنێوان(مرۆڤ و ڕێنماییە پەروەردەییەکان) دا لە هاتوچۆدایە".

هەواڵەکانی چەند ڕۆژی ڕابردوو لە تیڤی و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە دیسانەوە چەند ڕووداوێکی تریان بۆ ئاشکراکردین لەبارەی توندوتیژیی و ئازاردان لە قوتابخانە و خوێندنگاکانەوە، چ مامۆستا بەرانبەر خوێدکار و چ خوێندکار بەرانبەر مامۆستا ! لە ڕاستیدا بۆ یەکێك سەرنجی ورد بدات و لەو ناوەندەدا کاربکات ئەو هەواڵانە مایەی سەرسوڕمان و شۆکبوون و سەیر نییە، چونکە لە بنەمادا کۆی کۆمەڵگا و حوکمڕانی کوردی و بونیادی کۆمەڵگا لە هەموو ڕوویەکەوە مایەی سەرسوڕمان و شۆکبوونە! لە

* لە ژمارە "٦١٣"ی ڕۆژنامەی "ئاوێنە" ڕۆژی سێشەممە ٢/١٣/ ٢٠١٨ بلاوکراوەتەوە.

خوێندنگاکان بە شێوەیەکی گشتی هەست بەوە دەکرێت توندوتیژیی و ئازاردان بە هەموو جۆر و شێوەیەك هەیە چ مادی یان مەعنەوی لە چەشنی لێدانی جەستەیی و هەڕەشەکردن و ناووناتۆرە لێنان و گاڵتەپێکردن و شکانەوە و توڕەبوون و قسەی زبرو تەریقکردنەوە و ....تاد.

لێدان و توندوتیژیی و ئازاردان لە خوێندنگاکان ڕیشەی خۆی هەیە هەڵە دەکەین پێمانوابێت بە تەنیا لە ئێستادا سەری هەڵداوە، هەموو پنتێکی کۆمەڵگای ئێمە بەهێز دەڕوات بەڕێوە جا هێزی ڕەق بێت یان هێزی نەرم و مەعنەوییە بەدیوە نێگەتیڤەکەیدا، ئایا لە دۆخێکی بەمشێوەیە دەمانەوێت ڕوودوای توندوتیژیی ڕوونەدات لە خوێندنگاکان وەك بینیمان و دەیبینین؟ ئێمە پێمان وایە لەڕاستیشدا دەبێت وابێت ناوەندەکانی خوێندنی پەروەردە و فێرکردن دەبێت خۆی ڕێگا لە توندوتیژیی بگرێت و بنبڕی بکات و هەرمەهامەکەشی ئەوەیە، بۆیە بڵاوبونەوەی هەواڵی توندوتیژیی و ئازاردانمان لە ناوەندەکانی خوێندندا پێ سەیر و شۆکە، بەڵام ئەو شۆکبوونە بۆ وڵاتێکی پێشکەوتوو و دامەزرا و ناوەندێکی دروست و زانستی پەروەردەیی و فێرکاری تەواوە، نەوەك بۆ شوێنێکی وەك کوردستان، دەبێت ئەوە بزانین کەمنین ئەو مامۆستا و بەرپرسە پەروەردەییانەی ئێستاش داخ بۆ ئەوە دەخۆن لێدان و دار و سۆندە نەماوە و دەڵێن تەنها قسەمان ماوە بیکەین" چ جۆرە قسەیەك!" و پێیان وایە کۆمەڵگای ئێمە بۆیە دواکەوتوە، چونکە لێدان نەماوە!

ناوەندەکانی خوێندن و دەسەڵاتی کوردی بوونەوەری تێکشکا و و توندوتیژ بە هەموو فۆرمەکانییەوە بەرهەمدەهێنێت ئینسانی کوردی بۆی بڕەخسێت هەمیشە ئامادەیە بۆ لێدان و ئازاردان جا کەسی سەر

بەهەرپیشەیەك بێت، وەك چۆن کەمنین ئەو تووندوتیژییانەی بەرانبەر مامۆستا دەکرێت لەهەمان کاتیشدا گەر زیاتر نەبن کەمترنین ئەو توندوتیژییانەی ڕۆژانە مامۆستا بەرانبەر فێرخوازی دەکات، دونیای کوردی غەرقە لە توندوتیژیی و لێدان، لە کەشێکی وادا وازحە توندوتیژیی هەرتوندوتیژیی بەرهەدێنێت! "ئەلبێرت باندۆرا"ی ناودارترین سایکۆلۆژیست و گەورەترین زانای دەروونیی زیندوو لەسەرتاسەری دونیا دەڵێت:" ڕەفتار بەهۆی گۆڕان لە مەعریفەی کەسەکە و ژینگەکەیدا گۆڕانی بەسەردێ"، ئێمە نە ژینگەکەمان گۆڕانی ئەوتۆ و گرنگی بەسەرهاتووە و نە مەعریفەکەی کەسەکانیش، بۆیە توندوتیژیی بەهەموو فۆرمەکانییەوە لە ناوەندەکانی خوێندندا لە جیاتی ئەوەی لە دوامانەوەبێت بەردەوام لەبەرچاو و لەپێشمانەوەیە!

پەروەردەناس و نووسەری بواری پەروەردە "فایەق سەعید" لە کتێبی "قوتابخانەکان ڕوویان لە قیبلە نییە" دەربارەی توندوتیژیی و ئازاردان و پەروەردە و فێرکردن و سیستەمەکەی لە کوردستان دەڵێت:"چاکتر وایە بەم سیستەمە بڵێین سیستمی فێرکردن، نەك سیستمی پەروەردەیی، ئەم سیستەمە بریتییە لەوەی چۆن منداڵ بەخراپترین شێوە فێربکەین و پەروەردە بکەین، چۆن منداڵ فێری شەڕانگێزی و هێرشکردنە سەر ئەوانیتر بکەین" دەربارەی مامۆستاش لە شوێنێکیتردا دەنووسێت:" لە ڕووی پەروەردە و مامەڵەکردنی منداڵەوە، تاوەکو ئێستاش مامۆستاکانی ئێمە، هیچ جۆرە تێگەیشتنێکیان بۆ پێناسەی پیشەکەیان نییە و نازانن میکانیزمەکانی کارکردنی مامۆستا چییە" هەروەها دەڵێت:" تا بۆمان بکرێ منداڵ هەراسان دەکەین و بەهاکانی تێکدەشکێنین". شێرزاد حەسەن

له کتێبی "دەرۆزەکەرەکانی سەربەستی " پێیوایە" سیستمی فێرکردن لەم وڵاتەدا لە قۆناغی نەهێشتنی نەخوێندەواریدا تێپەڕی نەکردووە" هەروەها دەنووسێت " ئەوەی لە کوردستان دەگوزەرێت پەروەردەیەکە ئیش لەسەر لێسەندنەوەی عەقڵ دەکات"، "محەمەد تەها حوسێن" لە کتێبی "سایکۆلۆجیای کەسێتی، کەسێتیی کورد لەبەر ڕۆشنایی ڕوانگە جوداکاندا" دەڵێت:"سیمبول و ورووژێنەرەکانی نێو پەروەردە و فێربوون بۆ ئەوە فەراهەم کراون دەستەپاچەیی و توندوتیژیی بەرهەم بهێنن".

# سوهراب و وانەیەکی پەروەردەیی*

پرسیارێك زۆرجار لامان دروست دەبێت ئەوەیە بۆچی ئەوانەی لە قوتابخانە زیرەك و لێهاتوو نەبوون، لە دوایی و دەرئەنجامدا کاتی وازهێنانیان لە خوێندنگا یان کاتی گەورەبوونیان و دوای تەواوکردنی خوێندنی زانکۆیی بوون بەکەسی بەناوبانگ و داهێنەر لە بوارە جیاوازەکاندا، لە تێڕوانینی زۆرینەدا واباوە تەنیا ئەوانە پێدەگەن و ناوبانگ پەیدا دەکەن کە لە ژیانی سەرەتایی خوێندنیاندا زیرەك و لێهاتوون، کتێبی قەبارە گەورە نووسراوە کە ژمارەیەکی زۆر لە زانایان و داهێنەران خوێندنگایان جێهێشتووە! پرسیار ئەوەیە ئایا ئەمە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە خوێندنگا مرۆڤ لە قالب دەدات و ناهێڵێت بە ئازادی بیربکاتەوە و دیسپلینی زۆرە وەك هەندێك وای بۆدەچن، یان نەخێر پەیوەندی بەدۆخی ناسروشتی و ناپەوەردەیی خوێندنگاکانەوە هەیە بەوەی لەهەموو ڕوویەکەوە دواکەوتوون و پێداویستی ئەو فێرخوازە تێرناکەن؟ ئێمە پێمان وایە هەردوو بۆچوونەکە بەڕێژەی جیاواز بەشێك لەڕاستییان تێدایە.

مرۆڤ بەپێی قۆناغەکانی تەمەن گۆڕانکاری بەسەر دید و هوشیارییدا دێت جاری واهەیە لەخراپەوە بۆ باش و بەپێچەوانەشەوە لە باشەوە بۆ خراپ، کەمنین ژمارەی ئەو فێرخوازانەی لە سەرەتای ژیانی خوێندنیاندا

* لە ژمارە "٥٩٠"ی ڕۆژنامەی "ئاوێنە" ڕۆژی سێشەممە ٢٢/٨/ ٢٠١٧ بلاْوکراوەتەوە.

لاوازبوون و دواتر لە قۆناغەکانی تری ژیانیاندا بەتوانا و زیرەك بوون یان بەپێچەوانەوە لەسەرتادا زیرەك و بەتوانابوون و دواتر بوون بەکەسی لاواز، لە کوردستاندا کەم تازۆر ئەم دیاردەیە هەستی پێدەکرێت، ئەوانەی لە خوێندنگا دەرچوون و یان خوێندنیان تەواو نەکردووە لەبوارێکی دیاریکراو و جیاوازدا سەرکەوتووبوون، ئەوانەی خوێندنیان تەواو کردووە سودێکی ئەوتۆیان وەرنەگرتووە، ئەمە ڕەخنە نییە لە خوێندنگا وەك خۆی، چونکە دەبێت ئەوە بزانین بەدیلی خوێندنگا هەر خوێندنگایە، بەڵکو ڕەخنەیە لەو شێوازی بەڕێوەبردنەی کە لەخوێندنگاکانی کوردستان و سیستەمی پەروەردەدا هەیە.

ئەوەی لەم نووسینەدا لەڕاستیدا زیاتر مەبەستمانە ئەو دیاردەیە کە لەخوێندنگاکانی کوردستاندا هەیە ئەویش ئەوەیە هەر فێرخوازێك بزێوبێت و جوڵەیەکی زیاد لەپێویست بکات، یان لاوازبێت لەخوێندندا، یان کارێکی هەڵە بکات ئیتر لای مامۆستا و کارگێڕی قوتابخانە دەکرێتە دەرەوە و وێنەی فێرخواز هەر ئەو وێنە ناشرینەیە کەبۆی دروستدەکرێت تا ماوەیەکی دوور! بەبێ ئەوەی بزانرێت هۆکاری زیاد جووڵەو هۆکاری لاوازی بۆچی دەگەڕێتەوە، ئاسانترین سزای هەڵەی سووکی نەوەك قورسی فێرخوازێك فەسڵکردن و نەقڵکردنە(ئەمە جگە لەوەی دەبێت بپرسین هەندێك لەو ئەتوارانەی ناونراوە هەڵەن لە ڕاستیدا هەڵەن یان بەتێڕوانینی مامۆستا هەڵەیە کە مەرج نییە وابێت)، زۆرجاریش دەبێت ئاماژە بەو فێرخوازانە بکەین کە حەزلێنەبوون و ڕقلێبوون و پرسیارکردنی وای کردووە لەلایەن کارگێڕو مامۆستایانەوە غەدری لێبکرێت!

ژمارەیەکی زۆر لە کەسانی بەناوبانگ و ناودار لە بیرەوەرییەکانیاندا کە نووسیویانەتەوە باسی ئەم لایەنەی خۆیانکردووە بەوەی جووڵە و بزێویان زۆربووە، یان کارێکی هەڵەیان کردووە، یان بەهرەیەکی خۆیان مومارەسە کردووە و ڕێگەیان پێنەدراوە، بەمەش وێنەیان لا مامۆستا ناشرین بووە و کاریگەری لەسەریان دروستکردووە، دەبێت ئەوە بزانین مامۆستا مامۆستای هەموو فێرخوازێکە بەباش و خراپ و بەلاواز و بەتوانا، هیچ حیکمەتێك لەوەدانییە فێرخواز لە هەموو ڕوویەکەوە باشبێت ئەوجار ئێمە لێی ڕازیبین و بڵێین باشە، بەڵکو حیکمەت لەوەدایە و کاری پەروەردەیی و مامۆستایی لێهاتوو ئەوەیە فێرخوازی خراپ لە ڕووی پەروەردەییەوە بگۆڕێت بۆ فێرخوازی باش. هەمو منداڵێکی بزێو مانای خراپی ناگەیەنێت واسەیری نەکەین تەواو ئەم فێرخوازە داهاتوی باش نابێت!

ئەوەتا کەسایەتی ناسراوی کوردستان"فاروقی مەلا مستەفا" لە یادداشتەکانی خۆیدا باس لەوە دەکات کە منداڵێکی بزێو بووە و لەسەر ئەم بزێویەشی فەلاقەی خواردووە، تەنانەت لەسەر شەڕکردن و بزێوی لە قوتابخانەکەی خۆیەوە دەگوێزرێتەوە بۆ قوتابخانەیەکیتر! ".

سوهراپ سپهری شاعیری بەناوبانگی ئێرانی موعاناتی خۆی لەگەڵ مامۆستا و قوتابخانە دەگێڕێتەوە لەکتێبی "با بەڕووتی بڕۆینە ژێرباران" کەبەشێکی ژیاننامەی سوهراپ لەخۆ دەگرێت کە لەلایەن خۆی یان ئەوانیترە نووسراوە، سوهراپ"زۆرجار لە قوتابخانە لەکاتی وانەی وشکی مامۆستا توندوتیژەکاندا خەریکی وێنەکێشان دەبێت یان خەیاڵی دەڕوات بۆ ئەو دیو پەنجەرەی پۆلەکە، سەیری درەخت و باڵندە دەکات، مامۆستاکانیش بەم هۆیەوە سزای دەدەن و لێی دەدەن، ئەمەش دەبێتە

هۆی ئەوەی سوهراب لەسەرەتاوە ڕقی لە قوتابخانەبێت، لە مامۆستاکانی بترسێت"، هەروەها" سوهراب لەبارەی پەیوەندیی خۆی، قوتابخانەو ڕەفتاری مامۆستاکانەوە دەڵێت: " ئەو دارەی ئێمەیان پیێ دارکاری دەکرد، تووڵی هەناربوو، کە لەشارەکەی مندا زۆر بوو"، سوهراب " وێنەکێشان دەبێتە خەونی یەکەمی . قوتابخانە دیسان ئەو ژینگەیە نییە کە ئەو تیایدا بەدوای خەونەکانیدا بگەڕێت، ڕێگرە لەبەردەم نەخشاندنی خەیاڵەکانیدا تا ئەو ڕادەیەی لەسەر وێنەکێشان سزادەدرێت"، سوهراب ئارەزووی وێنەکێشانی هەبووە و ئەو بەهرەیەی تێدابووە، بەڵام ژینگەی قوتابخانە و مامۆستاکانی ئازاریان داوە و لە شوێنێکدا دەڵێت:"هاواری مامۆستاکەم بەرزبووەوە:" کەودەن، لەهەموو وانەکانتدا باشیت، عەیبی تۆ ئەوەیە وێنە دەکێشی. خۆزگە زیندووبوایە و بیدیبایە هێشتا هەر ئەم عەیبەم هەیە" قوتابخانە خەوەکانی منی وەك مەقەست دەبڕی".

# چ لە خوێندنگادا فێر دەبین؟*

چ لە خوێندنگادا فێر دەبین؟ پرسیارێکی فە یلەسوفی فەرەنسی "شارل پێپەن"ە، لە یەکێك لە کتێبەکانیدا ئەم پرسیارە دەکات و دەیەوێت لە ڕووی فەلسەفییەوە وەڵامی بداتەوە، لە ڕاستیدا ئەو پرسیارەی سەرەوە پرسیارێکی جدی و لە شوێنی خۆیدایە، پرسیارەکەی" شارل پێپەن" پرسیارێکی گشتگیرە و بەشێوەیەکی گشتی لەسەر خوێندنگا و قوتابخانەکان ئەو پرسیارە دەکات، دەکرێت ئەو پرسیارەی" شارل پێپەن" تایبەتی بکەین و بپرسین چ لە خوێندنگاکانی هەرێمی کوردستان فێر دەبین؟ ئایا خوێندنگاکانی هەرێمی کوردستان فێرخوازی ئێمەیان لە بونەوەرێکی بایلۆژییەوە کردووە بە بونەوەرێکی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی؟ ئایا ئەو قەیرانە سیاسی و ئابوورییەی ئێستا تێیداین، لە ڕاستیدا لە بنەمادا ئەوە نییە کە ئێمە پێش قەیرانی سیاسی و ئابووری، قەیرانی پەروەردەو فێرکردنمان هەبووەو هەیە؟ گەر بەوردی و دیقەتەوە چ لە ڕووی تیۆریی و چ لە ڕووی پراکتیکییەوە دۆخی خوێندنگاکان هەڵسەنگێنین بۆمان ڕوون دەبێتەوە پەروەردەو فێرکردن چ لە قەیرانێکی قوڵدایە!

فێرخواز بونەوەرێکی سەلیمە بەڵام تەنیا ئەو کاتەی لە خوێندنگایە، ئەویش بەڕێگەیەکی درووست و تەندرووست و پەروەردەیی نا، بەڵکو بەزۆر

* لە ژمارە "٥٧٣"ی ڕۆژنامەی "ئاوێنە" ڕۆژی سێشەممە ١٨/٤/ ٢٠١٧ بڵاوکراوەتەوە.

و بەرێگەیەکی ناپەروەردەیی، خوێندنگاکان فێرخواز پەروەردە و فێر ناکەن بۆ کۆمەڵگە و بۆ دەرەوەی خێزان، بەڵکو تەنیا بۆ کاتێکی دیاریکراوە و بۆ ئەو کاتەیە تاوەکو لە خوێندنگایە، کە وەکو ئاماژەمان پێکرد گومان دەکرێت ئەو کاتەی کەمەشی لە خوێندنگایە بەرێگایەکی درووست و پەروەردەیی فێربکرێت، سەرنج بدەین ئەوانەشی کە فێربوون و قۆناغەکانی خوێندنیان بڕیووەو بوون بە بوونەوەرێکی ڕۆشنبیر و کراوە و تێگەیشتوو و شارستانیی ئەوانە بوون کە لەدەرەوەی خوێندنگاکان فێربوون و هەوڵیانداوە! ئەوەی باوە وەك چۆن لە بەشێکی زۆری خێزانەکان ئینسان گەورە دەکرێت نەوەك پەروەردەبکرێت، ڕێك و بەهەمان شێوە لە بەشێکی زۆری خوێندنگاکان ئەمە هەستی پێدەکرێت و فێرخواز گۆڕانکارییەکی ئەوتۆ بەسەر هزر و دونیابینیدا نایەت، بۆیە دەبێت زۆر پێمان سەیر نەبێت زۆرجار ڕووداوە نەشازەکان روودەدەن و تووشی شۆکمان نەکات، چونکە دۆخی خوێندنگاکان هاندەر نین بۆ ئەوەی ئەو ڕووداوانە ڕوو نەدەن.

ئەو بابەتانەی فێرخوازەکان لە خوێندنگا دەیخوێنن کاریگەری لەسەر هزر و بیرکردنەوەیان دروست ناکات و دەستکاری هەڵسو کەوت و ئەو شێوازە ژیانەیان ناکات کە پێی ڕاهاتوون و پێویستە بگۆڕدرێت. فەیلەسوفی ئەڵمانی "ئێمانوئێل کانت" دەربارەی فێرکرن لە خوێندنگاکاندا دەڵێت:" ئێمە منداڵان دەنێرینە خوێندنگا نەك بۆ ئەوەی فێری شتێك بن، بەڵکو بۆئەوەی خوو بگرن بە ئارام دانیشتن و بە سەرنج گوێگرتن لەو ئەمرانەی پێیان دەکەین"، ئەم بۆچوونە ڕەخنەییەی فەیلەسوفی ناسراو و گرنگی ئەڵمانی لەسەر خوێندنگاکان، ڕاست و ڕەوان لەسەر خوێندنگاکانی هەرێمی

کوردستان جێبەجێ دەبێت، فێرخواز لە هەرێمی کوردستاندا بەشێوەیەکی پەروەردیی و دروست فێرناکرێت، دەزگای پەروەردەییش وەکو هەموو دەزگاکانی تری کایە جیاوازەکان ئەگەر خراپتر نەبێت کاروباری ڕاستەقینەی خۆی بەجێ ناهێنێت. زیاد لەسەدەیەك پێش ئێستا ئەم دیدە ڕەخنەییە بۆ خوێندنگا لە دونیای کوردیدا هەبوە و هەندێ کەس ڕەخنەیان لە خوێندنگا گرتوە بەوەی پرۆسەی فێرکردن و فێربوون تیایدا ڕوونادات.

لە گۆڤاری "رۆژی کورد"دا کە لە ئەستەنبوڵ دەرچووە و لە ساڵی ١٩١٣ دا‌و لە ژمارە یەکی گۆڤارەکەدا کەسێك بەناوی "عبدالکریم" لە شاری سلێمانییەوە وتارێکی بۆ گۆڤارەکە نوسیوە و بڵاوکراوەتەوە بە ناونیشانی" منداڵ بۆ چ زو فیر خوندن نابی" لەو وتارەیدا باس لەوە دەکات و پرسیاری ئەوە دەکات بەوەی بۆچی منداڵی کورد زوو فێری خوێندن نابێت کەچی منداڵی فەڕەنسییەکان زوو فێری خوێندن دەبێت و، دەنووسێت"**لە شاری کردە بدبختەکانا منداڵ بوچی زو فیر خواندن نابی و منداڵی فرنك بوچی بەشش بە حوت روژ، فیر خوندنو نوسین دبی منداڵی ایمە لبرچی لە مکتب رادکاو میلی تحصیلی نیە ام دردە توش حمولایە بوە.......**" دەبینین ئێستاش ئەم دیدە ڕەخنەییە بۆ خوێندنگاکان بەردەوامە خوێندنگاکانی ئێمە بەشێوەیەکی گشتی تاکێکی عەدالەتخواز و داهێنەر و دیالۆگکار و لێبوردەی بەرهەم نەهێناوە و دروست نەکردووە و نەیخستۆتە ناو کۆمەڵگاوە، بەڵکو دەتوانین بڵێین بەشێوەیەك کە شایانی باس بێت خوێندنگا دەستکاری دۆخی باوی نەکردووە!

# مەدرەسە، مەحبەسەیە!*

"نالی" شاعیری ناسراوی کلاسیکی کوردی، کە لەسەدەی نۆزدەدا ژیاوە شیعرێکی هەیە باس لە دونیای خوێنەواری و حوجرە و ژیانی فەقێیەتی دەکات و ڕەخنەی لێ دەگرێت، بەهۆی ئەوەی فە قێکانی دوێنێ کە فێرخوازی ئەمڕۆ دەکات بە شێوازێکی دروست پەروەردە ناکرێن! مەبەست یان مانای وشەکانی" مەدرەسەو و مەحبەسە" لای نالی بریتی یە لەوەی کە مەدرەسە حوجرەی فەقێیە و "مەحبەسە"ش بە واتای حەپسخانەو زیندان دێت، "نالی" لە شیعرەکەدا دەنووسێت:

مەدرەسە، مەحبەسەیە، مەبحەسەیی وەسوەسەیە
کەسی تێدا هەیە، ئەمما خۆش و خورسەندی نییە

مانای ئەم شیعرە وەك "مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس" لێکی داوەتەوە واتە" حوجرەکانی فەقێ بەندیخانەی گیان و بیرن و، باسەکانی کە فەقێکان باسیان لێ ئەکەن هەموو وەسوەسەو خەیاڵی بێ مایەن و، ناڵێم فەقێکان بنیادەمی زیرەك و لێهاتوویان تیا نییە، هەن، بەڵام خۆشی و شادمانی لەدەم و چاویانا بەدی ناکرێ". دەبینین دوای زیاد لە سەد ساڵ و ئەو گۆڕانکارییانەی لەدونیا ڕوویانداوە بە هەموو کایە و ئاستەکانەوە کەچی زۆرێك لە شارەزایانی پەروەردەی ئەمڕۆ پێیان وایە خوێندنگاکانی

* لە ژمارە "٥٦٧"ی ڕۆژنامەی "ئاوێنە" ڕۆژی سێشەممە ٢/٢٨/ ٢٠١٧ بلاوکراوەتەوە.

کوردستان زیندانن و فێرخوازەکانیشی وەکو تاوانبار مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت و ئینسانی نوێ بەرهەم ناهێنێت، نەوەك هەر ئەوە، بەڵکو گومان دەکرێت پەروەردەی ئێمە پەروەردەیەکی ئاراستەکراوە و بە مەبەست کار دەکرێت بۆ لێدان لە شکۆی فێرخواز و لە مرۆڤ خستنی مرۆڤ!

ئێمە لە شوێنیتر و لەنووسینیتردا ئاماژەمان پێکردووە و پێمان وابووە تەنانەت خوێندنگاکانی ئێمە زیندانیش نین، بەڵکو لە زیندانیش خراپترن! ئێستاش هەمان بۆچوونمان هەیە، بەڵام ئێستا باس لە زیندان دەکەین هاو واتای خوێندنگا زیاتر مەبەستمان ڕوونکردنەوی دیدی نالییە بۆ قۆناغێکی مێژوویی ئێمە لە پەروەردە و فێرکردن کە تا چەند ناپەروەردەیی بووە، هەروەها بەراوردکردنی دوو سەردەمی جیای دونیای کوردییە بەوەی دۆخی پەروەردە ورفێرکردنمان لە ڕابردوودا چۆن بووە کە شاعیرێکی گرنگی وەکو"نالی" باسی دەکات لەگەڵ بەراورد بە ئێستا، چونکە لانی کەم زیندانی ئەمڕۆ هەندێك پێداویستی و بنەمای بۆ دیاریکراوە کە لەوانەیە مرۆڤی تاوانبار دوای دەرچوونی لە زیندان ببێت بە مرۆڤێکی ترو گۆڕانکاری بەسەردا بێت و بگەڕێتەوە ناو کۆمەڵگا.

گومان دەکەم ئەگەر"نالی" ئێستا زیندووبوایە و دۆخی خوێندن و شێوازی پەروەردەکردنی بەم جۆرە ببینایە کە ئێستا لە کوردستاندا بەڕێوە دەچێت، لەبری بەراوردکردنی حوجرەکانی دوێنێ بە زیندان بۆ خوێندنگاکانی ئەمڕۆ شتێکی تری لە بەرانبەردا هەڵدەبژرارد کە لە دۆخی زیندانی دوێنێ خراپتر بێت! بۆیە"نالی" حوجرەی بە زیندان هاوواتا کردووە، لەبەرئەوەی لەو سەردەمەدا هیچ شوێنێك بە قەد زیندان خراپ نەبووە لە هەموو ڕوویەکەوە، بەڵام ئێستا بە لەبەرچاوگرتنی سەردەمی

نالی لەگەڵ ئێستادا و بەراوردکردنی هەردوو سەردەمەکە خوێندنگاکانی ئێستا زۆر باشتر نین، دەبوایە شێوازی خوێندنی حوجرەی سەردەمی نالی ببوایە بەمێژوو و ئێستا ئێمە وەکو ڕابردوویەك بمانخوێندایەتەوە و وەکو پەند بگێڕدرایەتەوە و باسبکرابایە، بەڵام بە پێچەوانەوە ئەوەی ئێمە لەسەردەمی نالی جیا دەکاتەوە تەنها زەمەنە!

لەوانەیە یەکێك بپرسێت چۆن، ئەی ئەو هەموو شتە ماددیانە دەیبینین و ئەو جۆرە ژیانەی هەمانە لەسەردەمی نالی دەچێت؟ وەڵامی ئێمە ڕوونە نەخێر، بەڵام مەبەستمانە بڵێین ئەو شتانەی بەچاو دەیانبینین و هەمانە شتی ستراتیژی و قوڵ و ورد و بەرهەمی میللەتێکی پێشکەوتوو وە پەروەردەو فێرکردنێکی تەندروست نییە، بەڵکو دیاردەیەکی سروشتییەو ڕەوتی مێژوو ئەمەی دروست کردووە، کوردیش نەبوایە هەر میللەتێکی دواکەوتوویتر بووایە ئەو شتەی دەبوو ئێستا هەیەتی. بۆیە ئەو دۆخەی ئێستای پەروەردە و فێرکردنی کوردستانی تێدایە دەیان جار نالەبارتر و ناگونجاوترە و ئاڵۆزترە وەك لە سەردەمی نالی کە خوێندنگای بەراورد بەزیندان کردووە!

وەك چۆن لەحوجرەدا بەناوی نەزانینەوە فە قێ ئازار دراوە و مافی بیرکردنەوەی جیاواز لە مامۆستاکەی نەبووە، لە ئێستاشدا کەم نین ئەو چیرۆك و ڕووداوانەی چ بەشێوەی ئاشکراو چ بە نهێنی کە گوێمان لێدەبێت و دەیبینین بەوەی سەرەڕای سنووردارکردنی بیرکردنەوەی فێرخواز ئازار و ئەشکەنجەش دەدرێت!

# فێربوونی بانکی"Banking"*

"پێداگۆگیی ستەملێکراوان" یان"هونەری پەروەردە و فێرکردنی ستەملێکراوان" یەکێکە لەدیارترین کتێبەکانی بیرمەند و پەروەردەکاری بەڕازیلی و جیهانی "پاولۆ فرێری"، ئەم بیرمەندە چەمکی فێربوونی بانکی بەکار هێناوە لەو کتێبەیدا کەچەمکێکی گرنگی پەروەردەیی و فێرکارییە و باشتریش وایە هەر لەڕێگەی فرێری خۆشییەوە چەمکەکە بناسێنین و ڕوونی بکەینەوە، فرێری دەڵێت : فێرکردنی بانکی بەواتای ئەوەی مامۆستا دەیداتە فێرخوازەکەی، فێرخوازەکەش وەك خۆی وەریدەگرێت و لەجێگەیەکی دیکە و کاتێکی دیکەدا توتیئاسا دەیلێتەوە، واتە مێشکی فێرخواز دەبێت بە "بانك" و واتای چەمکی لەبانکنان( Banking )هەڵدەگرێت، ئەوەی تێی فڕێدراوە دەیداتەوە، بەبێ لێکدانەوە و گومانکردن لەڕاستی و ناڕاستی تێفڕێدراوەکە.

ئەم جۆرە لەفێربوونی بانکی(Banking)لەنێو سنووری وەرگرتن و دانەوەی هەمان زانیاریدا، هیچ دەرفەتێك ناهێڵێتەوە بۆ چالاکی و چاپووکی و بەدواداچوون و گومان و پرسیاری فێرخواز، تەنیا وەك تۆمارکەرێك مێشکی دەکات بە تۆمارگە و ئەوەی لەمامۆستاکەیەوە وەریگرتووە، تێیدا تۆماری دەکات و خۆی پڕدەکاتەوە و هەڵگری ئەو زانیارییانە دەبێت کەپێی دەدرێت، فێرخواز هیچ دەرفەتێکی تێپەڕاندنی بۆ نامێنێتەوە"،

---

* لە ژمارە "٥٢١"ی ڕۆژنامەی "ئاوێنە" ڕۆژی سێشەممە ٢٩/٣/ ٢٠١٦ بڵاوکراوەتەوە.

دەتوانین لەڕێگەی ئەم چەمکەوە واقیعی پەروەردە و فێرکردن لەدونیای کوردیدا بخوێنینەوە و لێی تێبگەین، هەروەها بزانین تاچەند چەمکی"فێرکردنی بانکی" لەسیستەمی پەروەردەیی ئێمەدا جێی کراوەتەوە و کاری پێدەکرێت بێ ئەوەی هەستمان پێکردبێت کەچ زیانێکی گەورەی لێداوین!

لەفێرکردنی بانکیدا مامۆستا دەبێتە حیکایەتخوان، فێرخواز دەکاتە وەرگرێکی ئۆتۆماتیکی و ئەزبەرێکی ملکەچ و نابینا، ئەوەش لەپێناو وەرگرتنی هەموو باس و وانەکانی مامۆستا، وەك خۆی و بەو شێوەیەی بۆیان دەگێڕێتەوە، لەمەش خراپتر ئەوەیە، مامۆستا مێشکی فێرخواز دەکات بەدەفرێك یان جەواڵێك بۆ پڕکردنەوە، هەتا مامۆستا زیاتر بکاتە ئەو دەفر و جەواڵەوە و زیاتری تێ بئاخنێ، ئەوە مامۆستایەکی باشترە، هەتا فێرخوازیش وەرگرێکی باش بێت و قبووڵی هەموو گێڕانەوەکەی مامۆستا بکات وەك خۆی و ملکەچ و گوێڕایەڵ بێت بۆهەرشتێك لەدەمی مامۆستا دێتە دەرەوە، ئەوە فێرخوازێکی سەرکەوتووە ".

بۆیە لەم جۆری فێربوونی بانکییەدا مامۆستا وەك دژێکی پێویست بۆ فێرخواز خۆی بەرجەستە دەکات و نەزانینی فێرخوازانیش بەنەزانینێکی ڕەها دادەنێت" چەمکی بانکی بەنەوتراوی، واتە بەپەنهانی، هەڵگری گریمانەی جیاکردنەوەی مرۆڤە لەجیهانی دەوروپشتی، گریمانەی ئەوەی مرۆڤ تەنیا لەجیهاندا هەیە، نەك لەگەڵ جیهاندا، یان لەگەڵ ئەوانی دیکەدا، مرۆڤ تەماشاکەرە، نەك بونیادنەر و دروستکەر، بەپێی ئەم چەمکە مرۆڤ بوونەوەرێکی هۆشمەند نییە، بەڵکو دەبێت بەخاوەنی هۆش"فێرکردنی بانکی، بۆ زاڵبوون و هەژموونی ئایدیۆلۆژیای چین و توێژێکی سەردەست و

ستەمکارە، هەروەها بۆهاندانی ساویلکەیی فێرخوازان بەکار دەهێنرێت، ڕەنگە زۆربەی ئاموزشکارەکان بەئاگا نەبن دەرهەق بەم پرسە، دیسان بۆخۆگونجاندنیان و خۆڕاهێنانیان لەگەڵ جیهانی چەوسانەوە و واقیعی ناهەمواری ژیان و گوزەرانی ڕۆژانەیاندا ئەم میتۆدی فێرکردنە بەکار دەهێنن"پێچەوانەی فێرکردنی بانکی دەبێت مامۆستا فێرکردن و پرۆژەی دیالۆگکردن بەکاربهێنێت، لەم حاڵەتەدا فێرخوازان کەڕامکراو نین بەملکەچی و گوێڕیەڵی، توێژەر و بەشدار و ڕەخنەگر و دیالۆگکارن لەگەڵ مامۆستادا، مامۆستا بابەتەکان دەخاتە بەردەستی فێرخوازان بۆ تێڕوانین و لێوردبوونەوە و دیالۆگکردن لەبارەیانەوە، دوای تێڕوانین و تێبینی و ڕەخنەی فێرخوازان و تێڕوانین لەهەمبەر بابەتەکاندا، بەخۆیدا دەچێتەوە.

کاری مامۆستا پێکەوە پێشکەشکردنی کێشەو مەسەلەکانە لەگەڵ فێرخوازاندا، وەئەوەیە ئەو ژینگەیە دروست بکەن کەتیایدا مەعریفە لەئاستێکی ڕاڤەکارەوە کەبەگریکی پێی دەوترێت(doxa) بگۆڕێت بۆ مەعریفەیەکی ڕاستە قینە(Logos) باشترین وەسفی فێربوونی بانکی بریتییە لە" کۆمەڵە قسەیەکی ویزە ویزکەر و دەنگە دەنگ و زۆر بڵێی کەهیچ هێز و توانایەکی نییە بۆگۆڕین، فێرخواز تۆماری دەکات و دواتر ئەزبەر دەکات و وشە و دەستەواژە و ڕستەکان دەڵێتەوە بێ ئەوەی تێیان بگات، یان بێ ئەوەی بزانێت هەقیقەت و گرنگی ئەوەی وەریدەگرێت چییە و لەکوێدایە".

# پەروەدە وەك ئەزموون، پەروەردە لای ئەدیبان*

بەتەنیا کتێبە فیکری و فەلسەفی و پەروەردەییەکان گرنگن نین بۆ تێگەیشتن لە پەروەردە و فێرکردنێکی درووست، بەڵکو کتێبە ئەدەبییەکان و لەناویاندا ڕۆمان و هەروەها گێڕانەوەی ئەزموونی کەسانی پێشوو کە لە یادەوەری و یادداشتەکاندا هەن بۆ سوود وەرگرتن و پەند لێوەرگرتنی لەبواری پەروەردە و فێرکردن ئێجگار بەبایەخ و گرنگن.

زۆرجار تێکستێکی ڕۆمانێکی پەروەردەیی و لاوان یان گێڕانەوەی ڕووداوێکی پەروەردەیی لە کتێبی یادەوەرییەکاندا کاریگەری زیاترمان لەسەر دادەنێت وەك لەوەی کە لە توێژینەوەیەکی پەروەردەیی، لەبەر ئەوەی ڕۆمانە پەروەردەییەکە یان گێڕانەوەی یادەوەرییەکی پەروەردەیی بەئاسان مانای خۆیان بەدەستەوە دەدەن و زووتر دەگاتە خوێنەر و کاریگەری لەسەری دروست دەکات، "بلزاك" ی ڕۆماننووسی بەناوبانگی فەڕەنسی دەربارەی کاریگەری و گرنگی ڕۆمان بەشێوەیەکی گشتی دەڵێت "ئەوەی بوە هۆی بڵاوبونەوەی دیموکراسی لە ئەوروپا ڕۆمان بوو!" زاراوەی "ڕۆمانی پەروەردەیی" ساڵی ١٨١٩ بۆ یەکەمجار لەلایەن فەیلەسوفی ئەڵمانی " کارڵ مورگنشتێرن" بەکارهێنراوە، وەك سەنگەر زراری دەڵێت " ڕۆمانی پەروەردەیی، ئامانجێکی پەروەردەیی هەیەو

---

* لە ژمارە "٦٠٤"ی ڕۆژنامەی "ئاوێنە" ڕۆژی سێشەممە ١٢/٥/ ٢٠١٧ بڵاوکراوەتەوە.

لەڕێگای پێدانی پەروەردەی ڕاست و دروست بە پاڵەوان و کارەکتەرەکانی ڕۆمانەکە، خوێنەر بەرەو پەروەردەیەکی دروست ئاراستە دەکات و هانی دەدات بۆ چاکەخوازی و ڕێگای ڕاست".

نۆڤلێتێکی پەروەردەیی و کۆمەلأیەتی گرنگ هەیە بەناوی "منداڵە پێخاوسەکان" لە نووسینی " تەقی کاغەزچی" یە، " پاڵەوانی نۆڤلێتەکە ناوی "ڕەسوڵ"ە، ڕەسوڵ لە خێزانێکدایە کە لە ژیانێکی هەژارانەی قوڵدا دەژی و کاریگەری لەسەر ژیانی دروست دەکات، لە قوتابخانە مامۆستا داوای نووسینی داڕشتنێك دەکات دەربارەی "ڕێزگرتن لە گەورەکان" وە دەبێت فێرخوازەکان کتێبێك بکڕن بەناوی "ئەحمەدی تێکۆشەر"، بەلأم ڕەسوڵ ناتوانێت کتێبەکە بکڕێت و کاتێك مامۆستاش دەیەوێت بەشداری پێبکات، لەجیاتی ئەوەی داڕشتنی ڕێزگرتن لەگەورەکان بلێت بۆ مامۆستاکەی کە واجبی کردووە، ژیانی هەژارانەی خۆی دەکات بە داڕشتن و بۆ مامۆستاکەی دەگێڕێتەوە و تا بلێی ئێجگار جوان تەعبیری لێدەکات!".

هەروەها ڕۆمانی " گوڵی ساردۆنیا" لەنووسینی ڕۆماننووسی ناسراوی تورکیا "ئەلیف شەفەق"ە، ئەم ڕۆمانە باس لە منداڵێکی کچی تاقانە دەکات، چۆن دەیەوێت لە ڕێگەی کتێبەوە شت فێربێت، هەروەها ئاماژە بەناوی خۆی دەکات واتە"ساردۆنیا" چۆن ناوەکەی کە منداڵی لێیان ناوە و بە ئارەزووی خۆی نەبووە و چ کێشەیەکی بۆ ناوەتەوە! ئاماژە بە ژینگەی قوتابخانەکەی دەکات کە بۆچی مامۆستا "لەیلا"ی کە مامۆستای زانستی بووە و زۆری خۆشویستوە و حەزی کردووە گوێی لێبگرێت،

کەچی مامۆستا "سینان" کامامۆستای بیرکاری بووە چەند ئازاری داوە و حەزی لەوانەکەی نەبووە !

" کتێبی" سێشەممان لەگەڵ مۆریی" لەنووسینی" میچ ئەڵبۆم"، کتێبێکە لەسەر گفتوگۆی نێوان مامۆستایەکی زانکۆ و خوێندکارێکی هەموو ڕۆژانی سێشەممەیەك، لەسەر دونیا و هەست و بەزەیی و پەشیمانی و مردن و خێزان و پیربوون و پارە و خۆشەویستی و هاوسەرگیری و کلتورو لێخۆشبوون" کەدونیایەك ڕستە و مانامان پێدەبەخشێت. یان ڕۆمانی "بۆ کوێ دەڕۆین، باوکە؟"ی "جان لویی فۆیرنییە"ی فەڕەنسی کەباس لە دوومنداڵی کەمئەندام و مامەڵەی باوك و دەوروبەر دەکات لەگەڵیان، لە شوێنێکدا باوکیان دەڵێت" هەمیشە ئارەزووم بوو ببمە مامۆستای منداڵان و بەبێ ئەوەی بێزاریان بکەم شتیان فێرکەم"، هەروەها "باوکی ئەو" ڕۆمانێکی سایکۆلۆجی و پەروەردەیی گرنگە لەنووسینی "پەرینووش سەنیعی"ە، باس لەدیاردە و واقعێکی خێزانێکی ئێرانی دەکات کەباوکێك لەپەروەردەکردنی منداڵەکانیدا جیاوازی دەکات بەوەی فەزڵی یەکێکیان بەسەر ئەویتریاندا دەدات، هەروەها دۆخی منداڵەکانیمان بۆ ڕووندەکاتەوە لە خوێندنگا، کەهەمان دیاردەو واقیع کەم تازۆر لەخێزانی کوردی و ڕۆژهەڵات بەشێوەیەکی گشتی دەبینرێت و هەیە، چەندان ڕۆمانی پەروەردەییتر......

ئەم ڕۆمان و تێکستانە گرنگن و بەتایبەتی لەلایەن پەروەردەکارانەوە پێویستە بخوێنرێنەوە، چونکە لەکاتی خوێندنەوەیان کاریگەری لەسەر دونیابینی و هزرمان دادەنێن و وا دەکات ئینسان بەسەر هەڵەو

کەموکورتییەکانییدا بچێتەوە و تێڕوانینی بۆ زۆر بابەتی پەروەردەیی و فێرکاری بگۆڕێت.

لەبواری یادەوەریی و یادداشتنووسیدا دەتوانین چەند نمونەیەك وە ربگرین و ئاماژەی پێبکەین لەوانەی مامۆستای بەتوانا و سەرکەوتووبوون و دەتوانین سوود لە نووسین و تێروانین و ئەزموونەکانیان وەربگرین، مامۆستا مستەفا نەریمان لە یادەوەرییەکانی خۆیدا باس لەوە دەکات کە مامۆستا بووە هەرچ پۆستێکی بەرزتر لە مامۆستایان خستۆتە بەردەستی ڕەتیکردووەتەوە و مامۆستایەتی لاگرنگتر و بە بایەختربووە، لە شوێنێکتردا ئاماژە بەوەدەکات کەسەری مانگ موچەکەی پێنج دیناربووە لەکەرکوکەوە ڕۆیشتووە بۆ سلێمانی بۆ کتێب کڕین!

مامۆستا ڕەفیق حەلمیش بەشێکی گرنگی یادەوەرییەکانی تەرخانکردووە بۆ مامۆستایەتی و ئەزموونی خۆی دەگێڕێتەوە لە ناوچە جیاوازەکانی کوردستان و عێراق و پێمان دەڵێت چەند تامەزرۆی مامۆستایەتی بووە و چۆن فێرخوازەکانی خۆشیان ویستوە و سوودی پێگەیاندوون و کەم ناوچەی عێراق هەیە ڕەفیق حلمی مامۆستایەتی تێدانەکردبێت ئەو کێشانەی ڕەفیق حیلمی پێیدا تێپەڕیوە کەم مامۆستای ئێستا هەیە تەحەمولی بکات، چونکە لە بنەمادا حەزکردن و خۆ ئامادەکردنی ڕاستەقینە بۆ مامۆستایەتی نییە!

مامۆستا جەمال نەبەزیش لە یادداشتەکانی خۆیدا بەناونیشانی "بیرەوەریینامەی ئەو ڕۆژانەی جارەکی دیی ناگەڕێنەوە" چەندین ڕووداو و چیرۆك و ئەزموونی پەروەردەیی خۆیمان بۆ دەگێڕێتەوە لەکاتی فێرخوازی و مامۆستایەتی کە مایەی ئەوەیە مامۆستا و پەروەدەکاران سوودی

لێببینن، لەشوێنێکدا دەنووسێت"بەڕێوەبەری قوتابخانەی نێوەندییی کچان لە سلێمانی لەباتی ئەوەی قوتابییە کچەکان بەبیری چاك و کردەوەی چاك پەروەردە بکا، کەوتبووە دەستوەشاندن لێیان"، لەباسێکی دیکەدا دەڵێت" لەم حوجرانەدا (قوتابخانە)دا منالآن(کوڕ و کچ) پێکەوە دەیانخوێند"، جەمال نەبەز باسی دەیان ساڵ پێش ئێستا دەکات، کەچی دوای ئەو هەموو ساڵە تازە بەتازە دەنگێکی زاڵ لەدونیای ئێمەدا دەیەوێت کوڕ و کچ لەیەك جیابکرێنەوە !

## جەنگ و پەروەردە و یادەوەری*

مێژووی کورد بەشێوەیەکی گشتی مێژووی جەنگە چ لەگەڵ خۆی، یان ئەوانیتر، کورد ئەم مێژووەی بە عەشقەوە بە کۆڵەوە هەڵگرتووە و پارێزگاری لێکردوە و بەئاسایی و سانایيش نیازی فرێدانی نییە! هەمیشە لەجەنگداین جا چ جەنگی سارد بێت یان جەنگی گەرم، ئێمەی کورد جەنگێك نەماوە تاقیمان نەکردبێتەوە لە جۆری جەنگی سیاسیی و سەربازیی و ئابووریی و کۆمەڵایەتیی و تادوایی. ئەم جەنگانە کەسایەتی فێرخوازی کوردیان داڕشتووە و کاریگەری خراپی کردووە لەسەر دونیابینی و بیرکردنەوەیان وای کردووە ئاسایی دەرنەکەون لە مامەڵەکردن لەگەڵ ژیاندا، جەنگ یادەوەری تاك بەتاکی ئینسانی کوردی داگیرکردووە و لە گێڕانەوەی یادەوەرییەکانیاندا پشکی شێر بەر باسکردنی ڕووداوی جەنگەکان دەکەوێت!

لە ئێستاشدا بەردەوام لە جەنگداین و ڕووداوەکان ئەوەمان پێدەڵێن تا زەمەنێکی نادیار لە دۆخی جەنگداین! ئەم لەجەنگدابوونە وای کردووە پەروەردە نەتوانێت ئەوەی دەیەوێت و ئامانجێتی لە درووستکردن و بنیادنانی فێرخوازێکی درووست و ساغڵەم بەدیبهێنێت، چونکە ژیانی دەرەوەی خوێندنگا و قوتابخانەکان شتێکیترت پێدەڵێن و بارگاویەلە

* لە ژمارە "٦١٧"ی ڕۆژنامەی "ئاوێنە" ڕۆژی سێشەممە ٣/١٣/ ٢٠١٨ بڵاوکراوەتەوە.

جۆرەها شەڕ و ململانێی نادروست! سەیری جۆری مامەڵەکردن بکە لە خوێندنگاکان چ فێرخواز یان مامۆستا هەتا بەرزتریش بۆ بەرپرسە پەروەردەییەکان لە پۆستی جیاوازدا، دەبینین مامەڵەکردن مامەڵەکردنێکی توند و سەربازییانەیە! شێوازی قسەکردنی فێرخواز و هەڵسوکەوتی بەزمانی جەستەیی دەیخوێنیتەوە و بۆت دەردەکەوێت جەنگ چ کارێکی کوشندەی لەم مەملەکەتەی ئێمە کردووە! یادەوەری تاکی کوردی و بەتایبەتی فێرخوازی ئێمە یادەوەرییەکی جەنگییە، ئەم جۆرە یادەوەریەش سڕینەوە و لابردنی ئاسان نییە، چونکە بەردەوام لە زیهندایەو کەسایەتی بنیادناوە و دروستیکردوە، وەك"بە ختیار عەلی" ڕۆماننوسی ناسراوی کورد لە یەکێك لەڕۆمانەکانیدا دەربارەی سەختی لەیادنەچوون و یادەوەری دەنووسێت:" یادەوەری تاکە جلێکی چڵکنی پیسە ئینسان ناتوانێت زوو زوو بیشوات".

مامۆستا شێرکۆ بێکەس لە کتێبی "ئاوێنە بچکۆلەکان" لە شیعرێکی جواندا بەم جۆرە شەرحی یادەوەری منداڵی کوردمان بۆ دەکات و دەنووسێت:" چوار منداڵی تورك و فارس و عەرەب و کورد بەهەر چواریان وێنەی پیاوێکیان درووستکرد یەکەم: سەری، دووەم: دەستی، سێیەم لەشی و قاچەکانی، چوارەم: چەکی کردەشانی !!!" نووسەران و ئەدیبان و فەیلەسووفان و دەروونناس و پەروەردەناسی جیاواز مەترسی جەنگ و کاریگەرییەکانی لەسەر مرۆڤ و کۆنترۆڵکردنی یادەوەری ئاماژە پێکردووە.

"هاینریش بۆل" ڕۆماننووسی ناسراو و هەڵگری خەلاّتی نۆبڵ لە ڕۆمانی" نانی سالأنی زوو" باس لەکاریگەرییە نەرێنییەکانی دوای جەنگ دەکات و پێمان دەڵێت بیرکردنەوە مرۆڤەکان چۆن کلۆڵ دەکات و کاریگەری

دەروونی و سایکۆلۆجی مەترسیدار بەجیٚ دەهێڵێت، "بۆل" لەزمانی یەکێك لە کارەکتەرەکانی، کاریگەرییەکانی جەنگ و دوای جەنگمان بۆ بەیان دەکات بەم شێوەیە"من ئەو کاتەی لەماڵی خۆمان بووم، کتێبەکانی باوکمم دەدزی، تا بۆخۆم نانی پیٚ بکڕم، ئەو کتێبانەی خۆشی دەویستن، ئەو کتێبانەی لەسەردەمی خوێندنیدا برسێتیی بۆیان چەشتبوو تا کۆیانی کردبووەوە، پارەی بیست نانی لە کڕینی هەریەکەیاندا خەرج کردبوو، من ئەو کتێبانەم بەنرخی نیوەنانێك دەفرۆشتەوە"، پەروەردەناس مامۆستا" فایەق سەعید" لە کتێبێکی گرنگی خۆیدا بەناونیشانی" پۆستتراومای منداڵان و جەنگ و تیرۆر" چەندین نموونەی کوردی و جیهانی هێناوەتەوە کە باس لە کاریگەرییەکانی جەنگ و جۆرەکانی دەکات لەسەرکەسێتی منداڵ و گەورە و پەروەردەکردنیان.

"تۆماس هۆبز" یەکێك لە بەناوبانگترین فەیلەسوفانی دونیا و نووسەری کتێبی گرنگی"لیڤیاتان" باسی سەردەمی لە دایکبوونی دەکات کە کاتێك لەدایکبووە هەمووی شەڕ و ئاژاوە و جەنگ بووە، وەك "برایان هێد" لە کتێبی" ئەندێشەی سیاسی لە ئەفلاتوونەوە بۆ ناتۆ" دەڵێت، "تۆماس هۆبز" لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا نووسیویەتی:" لەو ڕۆژەدا دایکی خۆشەویستم دوو منداڵی دوانەی بەدنیا هێنا، یەکێکیان من بووم و ئەویشیان جمکەکەم، واتە ترس"، "کارلۆس رویز زافۆن" لە ڕۆمانی بەناوبانگی "سێبەری با" کەساڵی ٢٠٠٥ بوو بە یەکێك لە ڕۆمانە هەرەپڕفرۆشەکانی دونیا، زیاد لە پازدە ملیۆنی لیٚ فرۆشراوە و بۆزیاد چل زمان وەرگێڕدراوە، بەشێکی باس لە جەنگی ناوخۆیی ئیسپانیا و کاریگەرییەکانی دەکات و لەبارەی سەختی یادەوەریی جەنگییەوە

دەنووسێت:"ئەکرێت یادەوەری لە گولله خراپتربێت"، هەروەها لە شوێنێکیتردا دەڵێت: "کاتێك باوکی خۆمم بیر ئەکەوێتەوە و بیر لەو مەترسییە ئەکەمەوە، منیش وەك ئەو هەڵسوکەوت لەگەڵ منداڵێکدا بکەم، وەك ئەوەی ئەو لەگەڵ من کردی، حەزئەکەم بچم خۆم بخەسێنم".

"عەبدولهادی سەعدون" ڕۆماننووسی عێراقی لە ڕۆمانی بەناوبانگی " بیروەرییەکانی سەگێکی عێراقی" لەزمانی کارێکتەرێکەوە ئەوەمان بۆ ڕووندەکاتەوە کە تاکی عێراقی بەهۆی جەنگ و توندوتیژییەوە یادەوەری داگیرکراوە و لە شوێنێکدا دەنووسێت:" (ڕاکە.. ڕاکە..) براکەم پێی گوتم، بەڵام من لەبیرم چوو پێی بڵێم (براکەم ئەی چۆن دەتوانین لەو بیروەرییانەی لەناو ناخماندا هێلانەی چێ کردووە، ڕابکەین؟

"ئیشمایل بییە" قوربانییەکی تری جەنگە لە سیرالیۆن و لە یادداشتەکانی خۆیدا بەناوی" ڕێگایەکی دووردرێژ" لە هەندێك وێستەگەی کتێبەکەیدا کاریگەرییە نێگەتیڤەکانی جەنگ لەسەر خۆی لەوکاتە و لەداهاتووی ڕووندەکاتەوە و باس لەوە دەکات ڕابردوو و یادەورییەکانی جەنگ ئازاری دەدەن و، دەڵێت: " زۆرم لەخۆم دەکرد یادگاری منداڵیم بیرکەوێتەوە، بەڵام نەمدەتوانی. یادگاری ماوەی دووساڵی جەنگ ببووە بەربەست، پێویست بوو تێکیبشکێنم تا چەند چرکەیەکی پێش جەنگم بێتەوە یاد"، "هەرکات لەگەڵ ئامۆزاکانم دەچووین بۆ هێنانی دار، ئەو ساتانەم بیردەکەوتەوە کە دەستگیرکراوەکانمان بە دارەکاندا هەڵدەواسی و تەقەمان لێدەکردن خوێن بەدارەکاندا دەهاتە خوارەوە و هەرگیز لێ نەدەبوونەوە"، هەروەها لە شوێنێکیتردا دەنووسێت:" خاولییەکی سپیم هێنا و بە پەرداخێك ئاو تەڕم کرد و لەسەرمەوە بەست، دەترسام

بخەومەوە، هەرچەندە بەخەبەریشبوومایە، جگە لەیادگاریی تاڵ، هیچ نەبوو خۆی بەمێشکمدا بکات، ئەو یادگارییانەی خۆزگەم دەخواست بییانسڕمەوە"، "زاهیر مەحموود" قوربانییەکەی جەنگەو باس لەدۆخی شەڕ و جەنگ دەکات لە هەفتاکانی سەدەی ڕابردوو، لە یادەوەرییەکانی خۆیدا بەناوی"داشێکی شەترەنج لە گەمەی سیاسی جیهاندا" دوای چوونی بۆ ئەورووپا تێکەڵبوونی بە ژیانی ڕۆژئاواش، ئاماژە بەکاریگەرییەکانی جەنگ دەکات لەسەری و دەنوسێت:" ڕابردووم هەر بەکۆڵەوەیە". لەڕێگەی ئەم نموونانەوە دەمانەوێت بڵێین فێرخوازی ئێمە لەم چەشنانەیە فێرخوازێکی تێکشکاوە و بەهیچ جۆرێك پەروەردە بەو دۆخەی ئێستایەوە توانای ڕاستکردنەوەی نییە !

# پەروەردەکار*

مامۆستا یان پەروەردەکار کامیان باشترە؟ ئەوانەی لە قوتابخانە و خوێندنگاکانی ئێمە وانە دەڵێنەوە مامۆستان یان پەروەردەکارن؟ یان هەردووکیانن واتە هەم مامۆستاو هەم پەروەردەکارن؟

د. عەبدولڕەحمان بەدەوی لە کتێبی" فەلسەفەی ئاین و پەروەردە لای کانت"، لە بەشی پەروەردەدا دەڵێت: کانت مامۆستاو پەروەردەکار لە یەکدی جیادەکاتەوە، یەکەمیان مامۆستایەکی ڕووتەو دووەمیان ڕێبەرە، یەکەم تەنیا لە پێناوی خوێندنگادا پەروەردە دەکات و دووەم لە پێناوی ژیاندا.

ئێمە پێمان وایە زۆرێك لەوانەی لای ئێمە لە قوتابخانە و خوێندنگاکاندا وانە دەڵێنەوە بەتەنیا مامۆستان نەوەك پەروەردەکار، لەڕاستیدا دەبێت مامۆستا و پەروەردەکاریش بن، تەنانەت دەبێت پەروەردەکار بێت پێش ئەوەی مامۆستا بێت، ڕۆژێك لە ڕۆژان ئەوانەی ئێستا مامۆستان و وانە دەڵێنەوە خوێندکاربوون، هەمان ئەو کار و شێواز و ڕەفتارانە دووبارە دەکەنەوە کە مامۆستاکانی خۆیان دەیانکرد و ناڕازی بوون ئێستا خۆیان هەمان شت بەسەر خوێندکارەکانیاندا جێبەجێ دەکەن!

---

* لە ژمارە "٣٣٣"ی ڕۆژنامەی "ئاوێنە" ڕۆژی سێشەممە ٣/٧/ ٢٠١٢ بڵاوکراوەتەوە.

ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە کە سیستەمی پەروەردەی ئێمە تەندروست نەبووە و لەدوای ڕاپەڕینیشەوە تا ئێستا مامۆستا تەنیا مامۆستایە نەوەك پەروەردەکار، لە قوتابخانەکانی ئێمەدا مامۆستا زۆربەی کات ئیش و کاری تەنیا تاقیکردنەوەیە و لایەنە پەروەردەکارییەکەشی فەرامۆش کردووە، ئەمەش دەرئەنجامەکەی ئەوە دەبێت کە ئێستا ئێمە دەیبینین و هەستی پێدەکەین، خوێندکار پلەکانی خوێندن تەواو دەکات، کەچی گۆڕانکارییەك بەسەر هزر و بیرکردنەوەیدا ڕوونادات و لایەنە خراپەکانی نەوەی پێش خۆی تێناپەڕێنێت. زیادەڕۆیی نییە ئەگەر بڵێین درێژکراوەی نەوەی پێش خۆشێتی بە زیادەوە لە هەندێ شوێندا!

لە ماوەی ساڵانی ڕابردووی دووردا ئەگەر خوێندکارێك دایك و باوکی مامۆستا بوونایە ڕەفتار و هەڵسوکەوتی جیاوازبوو لەناو هاوڕێکانی دیاربوو، ئەو مامۆستایانەشی وانەی پێ دەوتنەوە بەبێ ئەوەی دایك و باوکی بناسن ڕاستەوخۆ دەیانناسییەوە و دەبووە جێگەی پرسیار لایان کە دەبێت ئەم خوێندکارە دایك و باوکی خوێندەوار بێت، کەچی ئێستا زۆرجار هەست ناکەیت منداڵێك دایك و باوکی خوێندەوارییان هەیە لەگەڵ منداڵێك دایك و باوکی خوێندەوارییان نییە جیاوازی هەبێت، ئەمەش جگە لە هۆکاری خێزانی و کۆمەڵایەتی هۆکارە سەرەکییەکەی هەروەك شارەزای بواری پەروەردە فایەق سەعید دەڵێت: ئەوەیە کە قوتابخانەکان ڕوویان لە قیبلە نییە!

لای خوێندکار قوتابخانە یەکسانە بە تاقیکردنەوە و دەرچوون، نەوەك فێربوون کە ئەمەش زۆرجار مامۆستایان ئەو وێنایە دروست دەکەن و کاریگەری خراپی دەبێت لەسەر داهاتووی خوێندکار و ئەو خوێندکارە

بەرهەم دەهێنێت کە توانای بیرکردنەوەی نییە و ناتوانێت دوو پرسیار بکات و بەدوای دوو وەڵامدا بگەڕێت، بیرمەندی هیندی کریشنا مۆرتی دەربارەی مامۆستا قسەیەکی هەیە کە دەڵێت: مامۆستاکانتان تەنیا ئێوە بۆ تاقیکردنەوەی وانەکان ئامادە دەکەن، بەڵام بۆ ژیان و مەسەلەکانی ژیان ئامادەتان ناکەن و فێرتان ناکەن کە لەژیان تێبگەن.

کەم نین ئەو مامۆستایانەی ئەم قسەیەی کریشنا مۆرتییان بەسەردا جێبەجێ دەبێت! ئەی بەشێکی گوناهەکە ناکەوێتە سەرشانی ئەو مامۆستایانەی کە خوێندکارەکانیان خوێندن تەواو دەکەن کەچی بیرکردنەوە و ڕەفتار و هەڵسوکەوتیان هەمان بیرکردنەوە و ڕەفتار و هەڵسوکەوتی خێڵە؟ مامۆستا دەبێت پێش ئەوەی مامۆستا بێت پەروەردەکار بێت و کاریگەری بەسەر خوێندکارەکانییەوە جێبهێڵێ و فێریان بکات بیربکەنەوە و بیرکردنەوەی باو جێبهێڵن، بەو مانایەی نا مامۆستا چۆن بیری کردەوە خوێندکارەکانیشی ئاوا بیربکەنەوە و هەمان شت بکەن و بڵێن، بەڵکو بەو مانایەی بیانخاتە سەر ڕێگە و خۆیان بەدوای حەقیقەتی ژیاندا بگەڕێن، بە بۆچوونی ئێمە دەبێت فەلسەفەی پەروەردە فەلسەفەیەکی پراگماتی بێت ئەوەی کە ولیام جەیمزو جۆن دیوی ئەمریکی باسی لێوەدەکەن، بەمانای ئەوەی پەروەردە کاتێك سەرکەوتووە کە لە ژیانی ئەو خوێندکارە ڕەنگ بداتەوە و لە ژیاندا بەکاری بهێنێت و گۆڕانکاری بەسەردا بهێنێت.

## پەروەدە چی نییە؟*

فەیلەسووفی بەناوبانگی هیندی "ئۆشۆ" نووسینێکی لەبواری پەروەردە هەیە بەناونیشانی "پەروەردە چییە؟" لەو نووسینەدا ئۆشۆ بنەمایەکی پەروەردەیەکی دروست و ڕاستمان بۆڕوون دەکاتەوە و ئاماژەی پێدەکات، کە دەیخوێنیتەوە و سەرنج دەدەیت و بەراوردی دەکەیت لەگەڵ ناوەندەکانی خوێندنی ئێمەدا بۆت دەردەکەوێت ئەوەی لە کوردستاندا دەگوزەرێت پەروەردە نییە، بەڵکو شتێکترە و دوورونزیك پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە پەروەردەوە نییە!

ئەوە پەروەردە نییە مامۆستا یان بەڕێوەبەر داوای شتێك لە فێرخوازبکات و کەچی لەخۆشیدا نەبێت، سەرنج بدە زۆرجار مامۆستا داوای ئەوە لەفێرخوازەکانی دەکات جلێکی جوان و گونجاو و ڕێك و پێك لەبەربکەن و بۆ ئەوەی تەعبیربێت لەوەی فێرخوازن و لەخوێندنگان، کەچی خۆشی ئەو ڕێنماییانە پەیڕەو ناکات کە بە فێرخوازەکانی دەڵێت! ئایا ئیتر چۆن فێرخواز بتوانێت بە جدیەکی تەواوە گوێ لەو مامۆستایە بگرێت؟ لە پەروەردەوە ئەوەت زیاتر بۆ ڕوون دەبێتەوە کە ئەوە ڕاست نییە دەڵێن مێژوو بەهێڵێکی ڕاستدا دەڕوات، سەیری وێنەی سالآنی بەر لە نەوەتەکان بکە بزانە چ شیك پۆشبوون مامۆستاکان یان ئەو یادەوەرییانەی

---

* لە ژمارە "٦٠١"ی ڕۆژنامەی "ئاوێنە" ڕۆژی سێشەممە ١١/١٤/ ٢٠١٧ بلاَوکراوەتەوە.

نوسراونەتەوە و باس لە مامۆستا دەکەن، "فەرهاد عەونی" لەبیرەوەرییەکانی خۆیدا بەناوی "ڕۆژگارم ئاوا تێپەڕی" بەمشێوەیە وێنەی بەڕێوەبەری خوێندنگاکەیمان بۆ دەکێشێت" بەڕێوەبەری قوتابخانەکەمان خوالێخۆشبوو مامۆستا جەلال حەوێز حەوێزی، تاکو ڕۆژانی ئەمڕۆش دیمەن و هەیبەت و لێهاتووییم لەبەرچاو و لەیاد ماوە، ئەفەندییێکی بالا کەڵەگەت و هەمیشە چاکەت و پانتۆڵی دوو سراوینی لەبەردەکرد و سیدارەیەکی ڕەشی لەسەردەنا، کاتێ کەلە ژوورەکەی خۆی دەچوویەلای هەستت بە ویقار و هەیبەتی کەسایەتیی ئەم مرۆڤەت دەکرد".

بۆیە دەڵێین ئەوەی لەناوەندەکانی خوێندندا هەیە پەروەردە نییە لە خۆوەنییە، بەڵکو بەرئەنجامی سەرنج وخوێندنەوەی دۆخی پەروەردە و فێرکردن و دەرئەنجامەکانییەتی، لە یەکێك لە کەناڵەکان سەرنجی ئەوەمدا کە کۆمەڵێك پزیشك دەستیان بە خۆپیشداندان و بایکۆتکردن کردبوو پەیامنێری کەناڵەکە ویستی ڕاوبۆچوونی چەند پزیشکێك وەربگرێت کەچی خۆیان دەشاردەوە لەکامێرا و قسەیان نەدەکرد! ئەمە لەدوو حاڵەت بەدەرنییە یان ناتوانن قسەبکەن یانیش پێیان عەیبە قسەبکەن لە هەردوو حاڵەتەکە نەنگییە و پەروەردە لێی بەرپرسیارە، بەشێکی زۆری بوونەوەری کایەکانی تریش بەم شێوەی پزیشکانن، بەڵام بۆیە ئێمە ئەو نمونەمان هێناوە بەهۆی ئەوەی کە پزیشك لەدونیای ئێمە وەك دواپلەی عەقڵ و زانین وێنادەکرێت.

ئەوە پەروەردەی نییە ئێمە هەمانە هەربۆیە تاوەکوو ئەوەی هەمانە بەناوی"پەروەردە" نەبێتە ڕووداوێکی مێژوویی و بەسەرنەچێت هەروا بە دواکەوتوویی و لە کێشەی بەردەوامدا دەمێنینەوە، ئەوە پەروەردە نییە

ئێستاش بەشێکی گرنگی مامۆستایان و بەڕێوبەری خوێندنگاکان وەك کارەکتەری یاریدەدەری خوێندنگای ناو ڕۆمانەکەی "مەنسووری یاقووتی" بیردەکەنەوە بەناوی" بیرەوەرییەکانی مامۆستایەك" کە پێیانوایە "هەربەلاّیەکی بەسەر بنیادەم دێ، بەهۆی کتێبەوە بەسەری دێ". دۆخی پەروەردە ئەوەندە خراپە فێرخواز چەندێك بەزۆر دەچێتە پۆلەوە و بێزارە لە خوێندنگا و بەهای خوێندنگا نازانێت ئەوەندەش زۆرێك لە مامۆستا و کارگێڕانی خوێندنگا لە خوێندنگا بێزارن و بەهای خوێندن و پەروەردە نازانن بەشێکی گرنگیان وەك فێرخوازەکان ئارەزووی ئەوە دەکەن زووتر زەنگی تەواوبوونی وانەکان لێبدرێت و بڕۆنەوە ماڵەوە ئەوەی دەیانبەستێت بە فێرخواز و خوێندنگاوە تەنها مووچەکەیە نەوەك زانست و دونیابینی پەروەردەیی! ئایا ئەمە پەروەردەیە؟

پەروەردەی ئێمە مرۆڤێکی ساغڵەمت بۆ بەرهەمناهێنێت بەوەی لێبوردە و بیرکراوە و خاوەن ویژدان و ڕاستگۆبێت، بەڵکو تەواوکەری ئەو ناشرینییانەیە کە لە کۆمەڵگادا هەیە لەنموونەی ڕق و عەقڵی خێڵ و فرت و فێڵ و داخراوی لە هەموو ڕوویەکەوە لەماوەی پێشوودا وەزارەتی خوێندنی باڵا ناوی بیست و چوار فێرخوازی ماستەرو دکتۆرای بلأوکردەوە بەوەی بڕوانامەی زمانی ئینگلیزییان بە قۆپییە هێناوە و گزییان کردووە! پەروەردەی ئێمە تاکی وای بەرهەمهێناوە، چەندێکیتر لەمجۆرە هەبێت و ئاگامان لێنەبێت یان کایەکانیتر دەبێت چۆنبێت؟ پەروەردەی ئێمە تاکێکی بەرهەمهێناوە گەر سەرنج بدەین هەموو لەیەك ڕادەکەن! ئایا ئەمە ئەو ڕاستتیە دووپات ناکاتەوە ئەوەی ئێمە هەمانە پەروەردە نییە؟

ئۆشۆ دەڵێت" پەروەردە مانای ڕاکێشانی ئەو توانا راستەقینە شاراوەیەی کە لە تۆدایە وەکو ڕاکێشانی ئاو لەبیردا" ئایا پەروەدا لە دونیای ئێمەدا وایە؟ پێمانوایە پەروەدە لای ئێمە نەوەك فێری فڕینت ناکات و باڵت ناداتیَ بۆ ئەوەی ناوەوەی خۆت و دەرەوە بگەڕێیت و بپشکنیت، بەڵکو قاچەکانیشت دەشکێنێت! هەر لەبارەی پەروەردەوە ئۆشۆ دەڵێت" بەلای منەوە پەروەردەی ناوەوە دەبیَ یەکەمجاربیَ ئینجا شتەکانی تر، ناسینی خود بەنرخترین پەروەردەیە، چونکە دەبێتە ئاشنابوون لەگەڵ هەموو شتەکانی تردا، گەر مرۆڤ خودی خۆی نەناسیَ پەروەردە و فێرکردن بەکاردەهێنیَ بۆ چەوسانەوەی خەڵکی و دروستکردنی هەژاری"، لەکۆتاییدا دەڵێین پەروەردەی دونیای کوردی زۆرشت و بابەتیتر نییە!

# پەیوەندی نێوان خوێندکار و مامۆستا*

پەیوەندی نێوان خوێندکار و مامۆستا تەنیا پەیوەندییەکی مەعریفی و زانیاری نییە، بەڵکو لەگەڵیشیدا بنیاتنان و دروستکردنی پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتییە، زۆرێك لە کێشەکان کە لەخوێندنگاکان درووست دەبێت، دەگەڕێتەوە بۆ نەزانینی چۆنێتی دروستکردن و ڕێکخستنی ئەم پەیوەندییە، هەر مامۆستایەك پێش ئەوەی ببێت بە مامۆستا و دەست بەوانەوتنەوە بکات بەڕاستی دەبێت یەکەم پرسیار لەخۆی بکات کە دەبێت پەیوەندی خۆی لەگەڵ خوێندکارەکانی چۆن ڕێکبخات و درووستبکات؟ ئەگەر ئەم پرسیارەی کرد و بەدوای وەڵامەکەیدا گەڕا و بۆی ڕوون بویەوە پەیوەندی مامۆستا و خوێندکار دەبێت چۆن بێت، بە بۆچوونی ئێمە هەم مامۆستا و هەم خوێندکاریش لەزۆر کێشە دووردەخاتەوە، وە دەبێت خوێندکاریش لەچۆنێتی ئەم پەیوەندییە ئاگاداربکرێتەوە و بۆی ڕوونبکرێتەوە بۆئەوەی بەریەککەوتن لەنێوانیاندا ڕوو نەدات، ئەو پەیوەندییەی کە ئێستا لەناوەندەکانی خوێندندا بەدیدەکرێت بەبۆچوونی ئێمە پەیوەندییەکی درووست و ڕاست نییە و بەریەککەوتنی زۆری تێدایە لەنێوان خوێندکاران و مامۆستایان، چونکە هەر مامۆستایەك بەپێی میزاجی

* لە ژمارە "٢"ی گۆڤاری " ڕوانینی نوێ" حوزەیرانی ٢٠١٥ بلاوکراوەتەوە.

خۆی ئەم پەیوەندییە دادەڕێژێت نەوەك لەسەر بنەمایەكی پەروەردەیی و زانستیی.

ئەو ڕستەیەی كە بەردەوام و هەمیشە مامۆستایان دووبارەی دەكەنەوە و بەخوێندكارەكانیان دەڵێن(سەردەمی ئێمە خوێندكار بەوجۆرە نەبووە) بۆ خۆی تێنەگەیشتنە لە خوێندكار و ئەو بارودۆخەی تێیدا دەژی، چونكە هیچ سەردەم و قۆناغێك هاوتەریب وەك یەك نین و كۆمەڵێك جیاوازییان هەیە و خوێندكاری ئێستاش كۆمەڵێك سیفاتی هەیە كە لەخوێندكارەكانی پێشوو نەبووە بەباش و خراپ ناكرێت تۆ یادەوەری خۆت بهێنی و بیلێی بە خوێندكارەكانت و بیسەپێنیت بەسەریاندا، چونكە یادەوەری و ئەزمونی ئینسان پێوەر نییە بۆ ڕاستی و ناڕاستی، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو مامۆستایانەی ئەم ڕستانە دووبارەدەكەنەوە لەپێگەی خوێندكارییانەوە قسەناكەن، بەڵكو لەپێگەی مامۆستاییانەوە قسەدەكەن ئەگینا مامۆستاكانی ئەو سەردەم بدوێنە كۆمەڵێك موعاناتی خۆیان هەرهەبووە لەگەڵ ئەو خوێندكارانەی ئێستا بوون بە مامۆستا !

زۆرجار تێبینی ئەوە دەكرێت بەشێوەیەكی گشتی خوێندكارێك لای مامۆستا " أ " لاساری دەكات، بەڵام بە پێچەوانەوە لای وانەی مامۆستا "ب " هەمان خوێندكار هیچ كێشەیەكی نییە و زۆرباش هەڵسوكەوت دەكات ئەمە ئەوە دەگەیەنێت مامۆستای "ب" زۆرباش لەو خوێندكارە تێگەیشتوە و دەزانێت چۆن هەڵسوكەوتی لەگەڵدا دەكات، بەداخەوە زۆرجار ئەم مامۆستایانە بەتۆمەتی جۆراوجۆر تاوانبار دەكرێن! بێگومان ئێمە ئەوە دەزانین هەندێك خوێندكار لاساری زۆر دەكەن و چارەسەركردنی گرفتەكەی بەهەرچ جۆرێك لەلایەن مامۆستاوە دەچێتە چوارچێوەی مەحاڵ، ئەمە

بابەتێکی ترە و ئێمە مەبەستمان لەم جۆرە خوێندکارانە نییە، بەڵکو ئێمە زیاتر مەبەستمان شێوە گشتییەکەی ئەمڕۆی پەیوەندی نێوان مامۆستا و خوێندکارە، بۆیە چۆن مامەڵەکردن لەگەڵ ئەویتردا لە ژیانی کۆمەڵایەتیی و سیاسییدا پێویستی بە هونەر و شارەزابوونە، بێگومان لەکایەی پەروەردە و فێرکردنیشدا هونەری مامەڵەکردن و هەڵسوکەوت کردنی مامۆستا لەگەڵ خوێندکار و خوێندکار لەگەڵ مامۆستا گرنگییەکەی زانینەکەی زیاترە.

هەندێکجار هەڵسوکەوتێکی ناشیاوی خوێندکار ئەوەندەی پەیوەندی بەکاردانەوەی خوێندکارەوە هەیە بەرامبەر بە ناعەدالەتییەك کە لە خوێندنگاکەی دەیبینێت لەهەر بوار و کایەیەکدا بێت ئەوەندە پەیوەندی بەخودی خوێندکارەکەوە نییە، بەڵگەشمان بۆ قسەکانمان ئەوەیە هەموو خوێندنگایەکی شارێك خوێندکاری هەمەچەشن و جۆراوجۆر و جیاوازی تێدایە، بەڵام چی وادەکات خوێندنگایەك ناوبانگ دەربکات و هەموو کەس خۆزگەی پێ بخوازێت و بە پێچەوانەوە خوێندنگایەکیتر لەناوهێنانی ترسمان لێ بنیشێت؟ ئەوەی خوێندنگایەکی باش لەخراپ جیادەکاتەوە زانین و چۆنێتی هونەری مامەڵەکردنی ئیدارەی خوێندنگایەکە لەگەڵ خوێندکارەکانی، لەبەرئەوە کێشەکانی نێوان مامۆستا و خوێندکار و نەبوونی پەیوەندییەکی درووست لەنێوانیاندا زۆرجار نەبوونی تێنەگەیشتنە لەنێوان هەردوولا، کارەساتە بێئەوەی باری دەروونی و کۆمەڵایەتی خوێندکار بزانیت و وانەی پێبڵێیتەوەو بەری بکەویت، چونکە سەرچاوەی کێشەکان نەبوونی زانیارییە لەسەر خوێندکار، ئەمە لەلایەك لەلایەکیترەوە کاتێك خوێندکار گرفتێکی هەیە نازانرێت چۆن چارەسەربکرێت، ئەوەندەی دەتوانرێت گرفتەکەی بۆ دوادەخەن تا خوێندنگا تەواو دەکات "سیاسەتی

لەکۆڵ خۆکردنەوە"، ئەوەندە چارەسەری بۆناکرێت، چونکە ڕێگاکانی چارەسەرکردنی زانستی و پەروەردەیی کە ئەسڵی مەسەلەکەیە و پێویستی بەماندوبون و هیلاك بوونە ناتوانرێت و ناکرێت! بۆیە هەموو ساڵێك زۆرێك لە کێشەکان دووبارە دەبنەوە و لەسەریەك کەڵەکە دەبن.

## هۆکاری ئەو پێشکەوتنەمان بایەخدان بوو بە پەروەردە*

ئەو ناونیشانەی سەرەوە ڕستەی سەرکردە و سیاسییەکانی وڵاتی ئێمە نییە، بەڵکو ئەوە ڕستەی سەرۆکی وڵاتی سەنگاپورایە کە پێشکەوتنەکەی بووە بە باسی زۆرێك و بەشێکی گرنگی شیکەرەوە و میدیاکانی جیهان! ئەو وڵاتانەی دوای جەنگی دووەمی جیهانی بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر و خێرا پێشکەوتوون وڵاتانێك بوون سەرۆکەکانیان کاری سەرەکییان بە پلەی یەکەم بایەخدانیان بوە بەشێوازی پەروەردە و فێرکردن و درکیان بەوە کردووە پێشکەوتنی هەرمیللەت و نەتەوەیەك بەستراوە بە چۆنێتی بواری سیستەمی پەروەردە و فێرکردنیەوە. بەداخەوە لای سیاسیی و سەرکردەکانی کورد تەواو ئەمە پێچەوانەدەبێتەوە و هەربۆیە دۆخمان بەوشێوەیەی ئێستای لێهاتوە و چارەسەرییەکانیش ئەستەم بوون، بە مێژووی کورد و دەسەلاّتدارێتی کوردستانی باشوردا بچیتەوە ڕستەی سیاسییەك و سەرکردەیەك نادۆزیتەوە لەبارەی گرنگی پەروەردەوفێرکردنەوە و کردبێتییە ئەولەویەتی کارەکانی، گەر هەشبێت لە ئاستی گوتاردا بووە بۆ مەبەستێکی دیاریکراوی کەسێتیی و حزبی بووە و پلان و ستراتیژ نەبووە، بەلاّم کەم نین سەرکردەی ئەو وڵاتە پێشکەووتوانەی کە ڕستە و وتەکانیان لەبواری پەروەردە و فێرکردنەوە

* لە ژمارە "٥٨"ی ڕۆژنامەی "زەمەن" ڕۆژی سێشەممە ٣/٣/ ٢٠٢٠ بلاّوکراوەتەوە.

ئەوەندە کاریگەری هەبووە لەلایەن ئەوانیترەوە بەردەوام دەوترێتەوە!
ئەوەی مایەی سەرنجە باس و خواسی بەشێکی گرنگی میدیای کوردیش کەوتۆتە ژێر کاریگەری گوتاری سیاسییەکانەوە، چونکە هەموو بابەتەکان بوون بە بابەتی سیاسیی و کەمترین ئاوڕیان لە لایەنە پەروەردەیی و فێرکارییەکان داوەتەوە، لە کاتێکدا ئێمە پێمان وایە پێش ئەوەی ئێمە قەیرانی سیاسیی و ئابووریی و کۆمەڵایەتییمان هەبێت، بە پێچەوانەوە قەیرانی پەروەردە و فێرکاریمان هەیە، دونیای کوردی هەمووی خەریکە دەبێتە شیکەرەوەی سیاسیی، لە کاتێکدا چالاکی پەروەردیی و نووسەری پەروەردیی پەراوێزترین کایەیە لای خوێنەوار و ڕۆشنبیرەکانمان، ساڵی پار بیست هەزار فێرخواز لە سنووری سلێمانی وازی لە خوێندن هێناوە کەچی قسەیەکی جدی ئەوتۆی لەبارەوە نەکراو وەك هیچ ڕووی نەدابێت وابوو، بەڵام کەسێك لەشوێنێکدا خانووی نەبێت و هەژاربێت دەبێتە سەردێڕی هەواڵ و هەمووکەس خۆی دەکاتە خاوەنی ئەمەیە نەبینینی گرفتە قوڵ و بنەڕەتییەکە! هێز و حزبە سیاسییەکان لەڕاستەوە بۆ چەپیان دواقسە و ڕستەیان چ لە بانگەشەی هەڵبژاردن و دواتریش دواین قسە و ڕستەیان بریتییە لە کایەی پەروەردە و فێرکردن ئەگەریش بیریان نەچێتەوە، ئەویش نەوەك بەهۆی گرنگی کایەکەوە، بەڵکو بەهۆی ئەوەی دەنگی پێ کۆبکەنەوە، هەمووی باس کردنە لەنەوت، وەك ئەوەی نەوت ڕێگاڕاستەقینەکەی چارەسەری کێشەکانی کۆمەڵگای کوردی بێت، لەکاتێکدا کەمنین ژمارەی ئەو دەوڵەتەنەوتیانەی کە نەوت بووە بە بەڵا و مەترسی لەسەریان و ڕۆژ لەڕۆژیش قەیرانەکانیان زیاتر و زیاتر قوڵدەبێتەوە، ئەمەش بەهۆی ئەوەی پەروەردەوفێرکردنیان دواکەوتوە.

بەسەرنجدان لە ناوەندەکانی خوێندن، ئەو شێوازە پەروەردەیی و فێرکارییەی لە کوردستاندا هەیە پێمان دەڵێت ئێمەی کورد ناگەیەنێتە هیچ شوێنێك و بۆ دواجار تاکەکانی کۆمەڵگای کوردی ناتوانن هەست بە ئارامی بکەن و وەکو تاکێکی دونیای پێشکەوتوو بتوانن بژین! ئەمە پەیوەندی بەڕەشبینی نییە و بەڵکو واقیع و دەرئەنجامەکان وامان پێدەڵێت، ئاخر کایەیەك نەماوە بەهای خۆی لەدەست نەدابێت و لە گرنگی نەکەوتبێت، ڕۆژانە زۆرن ئەو چیرۆکانەی گوێمان لێدەبێت لەبارەی فەزاحەتی بڕوانامەدار و خوێندەوارەکانەوە وەکو پزیشك و ئەندازیار و مامۆستا و فەرمانبەرە جیاوازەکان، ئەی گەر ئەمە شکست و فەشەلی ئەو جۆرە لە پەروەردەوفێرکردنە نەبێت کە هەیە چی دیکەیە!؟ بەشێکی گرنگی پسپۆڕانی پەروەردەیی و دەروونناسانی پەروەردەیی جەخت لەسەر گرنگی قۆناغی منداڵی دەکەنەوە و بە قۆناغێکی هەستیاری دەزانن بەوەی کەسایەتی مرۆڤی بۆ قۆناغەکانی داهاتوو لەسەربونیاد دەنرێت، لە قوتابخانە بنەڕەتییەکانی ئێمەدا دونیایەك کێشە و گرفت هەیە و ژینگەی پەروەردەیی و فێرکاری وەکو پێویست نەڕەخساوە و دابین نەکراوە، ئەمە ڕوونە وەك چۆن لە ڕابردوودا وەهابووین داهاتووشمان ناکرێت چاوەڕوانی باشتری لێبکەین، چونکە پێشکەوتن بە تێپەڕبوونی زەمەن و ساڵ نایەتەدی ئەگەر کار و پلانت بۆی نەبێت. پەروەردە و فێرکردن لە کوردستاندا لەجیاتی بەرهەمهێنانی ئومێد و هیوا بووە بە دروستکردنی نائومێدی و بێهیوایی، میللەتێکی پێشکەوتوو نییە لە دونیادا ئاوات بخوازێت بگەڕێتەوە بۆ پەروەردەی ڕابردوو، بەڵام لە کوردستاندا ئێستا دەنگێکی بەهێز هەیە پێی وایە بەوەی دەبێت بگەڕێینەوە بۆ پەروەردە

کۆنەکە، وەك ئەوەی پەروەردەی کۆن لە ئێستا باشتربوبێت! ئەمە هیچ نییە جگە لە شکستی ئەو جۆرە لە پەروەردە و فێرکارییەی کە لە کوردستاندا هەیە کە بریتییە لە کات بەڕێکردنێکی بێ ئەنجام.

حزب و هێزە سیاسییەکان و بڕیاربەدەستەکانی هەرێم نیشتیمانیان کردووەتە قوربانی حەز و ئارەزووە تایبەتییەکانیان، ئەوەی لایان گرنگە تەنها هێز و چەك و توندوتیژییە و تا ئێستاش شانازی بەوە دەکرێت کە ژمارەی شەهید و بریندارەکانمان زۆرن! پەروەردە و فێرکردن بەو شێوەیەی ئێستا توانای دەستکاریکردنی بەها ناشرینییەکانی ناو کۆمەڵگای کوردی نییە و لە دواکەوتویەوە دەربازمان ناکات و پێشمان ناخات، هەربۆیە بە نامۆیی دەمێنینەوە چ لە ناوخۆدا وەك کورد چ لەگەڵ میللەت و وڵاتانی دیکەدا!

# ناوی قوتابخانەکان و چەند سەرنجێک*

ئەحمەد خواجە نووسەری شێخ مەحموودی حەفید بووە و لێیەوە نزیك بووە، یادەوەرییەکانی خۆی لە چوار بەرگدا نووسیوەتەوە بەناوی "چیم دی" لە بەرگی یەکەمیدا باسی چەند خوێندنگایەکی ئەو قۆناغە مێژووییە دەکات و ناویان دەهێنێت لە شاری سلێمانی کە نزیك بە سەدەیەك پێش ئێستا دەکات، ناوەکانیش بریتیی بوون لە " مەحموودی، قادری، ڕەئووف، لەتیفی"، خوێندنگای "مەحموودی" بەناوی شێخ مەحموودی حەفید خۆیەوە ناونراوە کە پێشتر ناوی سەعادەت بووە و دواتر شێخ مەحموود ناوەکەی گۆڕیوە و کردویەتی بەناوی خۆیەوە، خوێندنگای "قادری" بەناوی شێخ قادری برایەوە ناونراوە، خوێندنگاکانی " ڕەئووف" و "لەتیفی"یش بەناوی هەردوو کوڕەکەی شێخ مەحموودەوە ناونراوە کە ناویان ڕەئووف و لەتیف بووە ! ناونانی قونابخانەکان لەو سەردەمەدا و بەو شێوەیە دونیابینی و ڕوئیای کاربەدەست و حوکمڕانی کوردیمان لەو قۆناغە مێژوویەدا باشتر بۆ ڕووندەکاتەوە، چەند گرنگ و بەبایەخ و نموونەیی دەبوو ناویان نالی و سالم و جزیری و خانی ببوایە و مێژووش بەجۆرێکیتر دەیگێڕایەوە و شیکاری بۆ دەکرد.

---

* لە ژمارە "٥١"ی ڕۆژنامەی "زەمەن" ڕۆژی سێشەممە ١/١٤/ ٢٠٢٠ بلاوکراوەتەوە.

ناونانی قوتابخانەکان لە کوردستان و لە سەدەی بیست و یەك و لەم سەردەمە نوێیەدا شتێکی ئەوتۆی نەگێڕاوەتەوە لە سەردەمی شێخ مەحموودی حەفید و حوکمڕانییەکەی! یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان هەر لە سەرەتای حوکمڕانیانەوە وەك چۆن زۆر شتیان دابەشکرد لە نێوان خۆیاندا و کارێکی خراپیان کرد و کاریگەرییە نەرێنییەکانی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر دەردەکەوێت بەهەمان شێوەش ناوی قوتابخانەکانیان لەنێوان خۆیاندا دابەشکرد! بەشێکی گرنگی ناونانی قوتابخانەکان لەبری ئەوەی ناوێکی نیشتیمانیان هەبێت و موڵکی گشتی بن بە پێچەوانەوە کردیان بە حزبی و هەریەکە لای خۆیەوە ناوی شەهیدی خۆی یان سەرکردەی یان لایەنگری خۆی لەناوی قوتابخانەکان ناوە، هەندێکجار ناونانەکان دەچێتەچوارچێوەی خزمایەتی و برادەرایەتییەوە! ئەگەر ناوی قوتابخانەیەك لەیەکێك بپرسی تەنها بەناوەکەیدا دەزانێت دەکەوێتە سنووری پارتی دیموکراتی کوردستانەوە یان یەکێتی نیشتیمانی کوردستان ئەوەی لە سنووری پارتی بێت ناوەکان سەربە ئەون ئەوەشی لەسنووری یەکێتی بێت ناوەکانیان بۆ خۆیان قۆرخکردوە! لە بەشێکی وڵاتانی دونیای پێشکەوتوودا قوتابخانەکان بۆ ئەوەی قوتابخانەی گشتی بن و نیشتیمانی بن و بۆ ئەوەی نەبنە موڵکی هیچ تاقم و گروپێك بۆ ناوی قوتابخانەکان ژمارە دانراوە بە زنجیرە واتە لە ژمارە یەکەوە تا کۆتایی یان بەناوی شەقامەکەیانەوە یان گەڕەکەکەیانەوە ناونراوە، ئەگەر بەناوی پاڵەوانێکی مێژوویان یان سەرکردەیەکیشیانەوە ناونرابێت ئەوا لە چەند دانەیەکی کەم تێپەڕناکات و هەمووشیان بە سەرکردەوە پاڵەوانی مێژوویی خۆیانی دەزانن!

له داهاتوودا ئەگەر گریمانی ئەوە بکەین حزبێکی جیاواز له یه کێتی و پارتی بێته سەرتەختی دەسەلآت، گومان دەکەین یەکەم کاری ئەوەبێت دەست به گۆڕینی ناوی قوتابخانەکان بکات و ناوەکانی دڵخوازی خۆی له بریان دابنێت یان ئەویش بەشێکی دیکەی ناوی لایەنگرانی خۆی زیادبکات!

کۆمەڵگه بەمجۆره هێنده پەرت و دابەش دەبێت نیو هێنده بەرەو یەکگرتووی هەنگاو نانێت بەمشێوەیه چاوەنواڕی ئەوه ناکرێت له ئێستا و داهاتوودا تاکێکی نیشتیمان پەروەر دروست بکەیت و نیشتیمان هەمووی به هی خۆی بزانێت و پارێزگاری لێبکات، ناونانی قوتابخانه هەروا شتێکی ئاسان و ئاسایی نییه و نابێت هەرناوێکمان هات به خەیاڵدا و لەگەڵ سۆز و بەرژەوەندی تایبەتی خۆمان تەبابوو ڕاستەوخۆ و بێ بیرکردنەوه ناوی قوتابخانەیەکی بۆ ئامادەبکەین، چونکه ئەو ناوه دەبێته ناوێکی گشتی و پرسیار لای کۆی خوێندکاران درووست دەکات، ئەوەی مایەی سەرنج و تێڕامانه هەندێك لەناوی قوتابخانەکان بەشێوەیەکه ئەو ناوه دورونزیك پەیوەندی به کایه و دونیای پەروەرده وفێرکردنەوه نییه و ناوێکی نەشازه بۆ ئەو بواره، یان له ڕاستیدا هەندێك قوتابخانه بەناوی کەسێکەوه کراوه ئەو کەسه هێنده کەسایەتییەکی ناو ڕووداوه گرنگەکان نییه تاوەکو قوتابخانەیەکی بەناوەوه بکەیت ئەگەر خوێندکار پرسیاری کرد ئەو ناوه بۆچی، کەسەکه هێنده بێ کاریگەره ناتوانرێت قەناعەت به خوێندکار بکرێت که لەبەر هۆکارێکی گرنگ قوتابخانەکەی بەناوەوه کراوه!

# گرنگی وانەی هونەر و پەراوێزخستنی لە خوێندنگاکان*

شێرکۆ بێکەس لەبارەی نەمری و گرنگی و کاریگەریی هونەرەکەی شارلی شاپلن جوانی وتووە " زۆرشت هەن ژەنگ هەڵدێن و بیردەچنەوە و دوایش دەمرن وەك تاج و سەوڵەجان و تەختی ژێر پێی پادشاکان! زۆر شتی تری دنیاش هەن ناڕزێن و بیرناچنەوە و هەرگیزنامرن وەکو شەپقە و گۆچانەکە و پێڵاوەکەی شارلی شاپلن".

بووە بەباو و دیاردە لە کۆتایی هەموساڵێك و لەکاتی وەرگرتنەوەی نمرەی تاقیکردنەوەکان، دایباب و فێرخوازەکان دەست دەکەن بە گلەیی و گازەندە بەوەی نمرەی وانەی هونەریان بە پێوەری خۆیان کەمیان بۆدانراوە! زۆرجاریش لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەناویاندا فەیسبووك وێنەی دەرچوونی بڕوانامەی ئەو فێرخوازانە دادەنێن کە لەهەموو وانەکانی سەروو نەوەتی هێناوە و کەچی لەوانەی هونەر شەست یان حەفتای بۆ هاتۆتەوە و ئیتر مامۆستا و قوتابخانە دەکەوێتە بەر نەشتەری نوکتە و ڕەخنە، چونکە پێیان وایە و پرسیاری ئەوەدەکەن چۆن دەبێت فێرخوازێك لە وانەکانی ئینگلیزی و عەرەبی و زانست کە بە تێڕوانینی ئەوان بەوانە قورس و گرانەکان وێنادەکرێن فێرخواز نمرەی بەرز بهێنێت و لەوانەیەکی "ئاسانی" وەکو هونەر نمرەیەکی بە بەراورد وەکو ئەوان کەم بهێنێت!

---

* لە ژمارە "٣٩"ی ڕۆژنامەی "زەمەن" ڕۆژی سێشەممە ٢٢/١٠/ ٢٠١٩ بڵاوکراوەتەوە.

هونەر لە ناوەندەکانی خوێندندا دەچێتە ڕیزی ئەو وانانەی کە بە وانە لاوەکییەکان هەژماردەکرێت لە پاڵ ئاین و وەرزش و جینۆساید و کۆمپیوتەر تراژیدیاکە ئەوەیە خەریکە فەلسەفە و کۆمەڵناسیش دەچێتە ڕیزەوە یان ڕاستر چووەتە ڕیزەوە! وانەی لاوەکی لە تێڕوانینی بەرپرسان و مامۆستایان لە ناوەندەکانی خوێندندا بە مانای ئەوەی کەس ناکەوێت و گرنگ و بە بایەخ نییە! لە ڕاستیدا ئەوەی بەرپرسانی پەروەردە لە تیڤییەکان و ڕووبەڕووبونەوەکان دەیلێن دەربارەی گرنگی و بایەخی وانەی هونەر و وەرزش لە واقیعدا نایبینیت و خۆشیان بڕوایان بە قسەکانی خۆیان نییە!

ئەوەی وای کردووە وانەی هونەر بکرێت بە نوکتە و لەگرنگییەکەی بکەوێت بەشێکی گرنگی دەگەڕێتەوە بۆ وەزارەتی پەروەردە و بەرپرسانی پەروەردەیی، زۆرێك لە خوێندنگا ئامادەییەکان وانەی هونەریان هەیە و دەبێت بخوێنرێت کە چی بەهۆی نەبوونی مامۆستاوە ناخوێنرێت و لە دەرئەنجامدا یان لەخۆوە نمرە دادەنرێت یان هەر دانانرێت! یان بەشێکی گرنگی ئەوانەشی وانەی هونەر دەڵێنەوە لە قۆناغی بنەڕەتی لە پسپۆڕی خۆیان نییە وە هیچ هاندەرێکیان نییە بۆ وانەوتنەوە و زۆرجاریش پاڵنەرن بۆ کەمکردنەوەی بەها و گرنکی وانەی هونەر و هەندێکیان پێیان وایە لە بنەمادا وانەی هونەر کوفرە! زۆرجار مامۆستای بابەتەکانی تر چونکە پێیان وایە وانەی هونەر گرنگ و بایەخی نییە لە هەلدەگەڕێن بۆ ئەوەی وانەی هونەر بە بابەتەکانی خۆیان پڕبکەنەوە! بۆیە لێرەدا بەرپرسانی پەروەردەیی و لەناویشاندا لە دەرئەنجامدا خوێندنگا دەکەوێتە بەر ڕەخنە

و لێرەدا حەق بە فێرخواز و کەس و کارەکەیەتی ناڕازی بن لە نمرەکانیان، چونکە پێدانی نمرە بنەمایەکی زانستیی و پەروەردەیی نییە !

وانەی هونەر ئەوەندە بە کەم بایەخ سەیرکراوە لەم هەرێمەی ئێمەدا قبوڵ و ڕێگەپێدراونییە فێرخواز نمرەی کەم بهێنێت و دەبێت لەوانەی هونەر هەمووی نمرەی بەرزبێت وەك ئەوەی وابێت خوێندنگاکانی ئێمە بەردەوام شێوەکار و مۆسیقار و هونەرمەند و وێنەکێشی بەناوبانگی بۆ دۆزیبێتینەوە و بەهرەکانییانی دەرخستبێت!

بە چ پێوەرێکی زانستی و پەروەردەیی فێرخوازێك ئەگەر لەوانەی ئینگلیزی و زانست نمرەی سەرو نەوەتی هەبوو پێت خۆشبێت یان نا دەبێت لە هونەرییش سەرو نمرەی نەوەتی بۆ دابنرێت و واتە دەبێت هونەر بەپێی پێوەری زانست و ئینگلیزی هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێت! بە داخەوە ئەمە ئێستا بووە بە عورف و لادان لێی بووە بە ئاستەم و ئەگەر مامۆستایەکی هونەر بتوانێت وەکو خۆی هەڵسەنگاندن بۆ فێرخوازێك بکات پێی دەوترێت هونەر چییە ئەو لە عەرەبی و بیرکاری نەوەت و پێنجی هێناوە! هەروەها دەبێت ئاماژە بەوەش بکەین ئێستا ئەوەی منداڵی دایك و باوکانی مامۆستا یەکلادەکاتەوە کە ڕکابەری لەسەربکەن بۆ ئەوەی منداڵەکانیان یەکەم بن وانەی هونەرە کە نمرەکەی پێ بەرزدەکەنەوە !

هونەر واتە چالاکی و ڤیستیڤاڵی هونەری بۆ ئەوەی بەهرە و تواناکانی فێرخوازانی پێدەربخەیت و وەکو خۆی هەڵسەنگاندن بکەیت دیسانەوە بەداخەوە ئەمەش ناکرێت نەلەلایەن بەرپرسانی پەروەردەیی و نە مامۆستایانی قوتابخانەکەش! دکتۆر محەمەد کەمال لە کتێبی "فەلسەفەی هونەر" دەڵێت "دوو هونەرمەندی شێوەکاری یۆنانی (زیۆکسیس و

پارهاسیۆس) له پێشبڕکێیەکی هونەریدا دوو تابلۆ ئامادە دەکەن. زیۆکسیس له تابلۆکەیدا چەند هێشووەترێیەك دروست دەکات. هێشووەترێکان هێندە لە ڕاستەقینەدەچن، گوایە باڵندەکان دەنووکیان لێ داون، له دواییدا زیۆکسیس داوا له پارهاسیۆس دەکات پەردەی سەر تابلۆکە لابەرێت تاکو وێنەکە بە تەواوی ببینین، بەلاّم پەردەکەش وێنەی سەرتابلۆکە بووە، بێ ئەوەی بینەر بزانێت که پەردەکە قوماش نییەو بەشێکە له وێنەی نێو تابلۆکە". (زیۆکسیس و پارهاسیۆس) ئەگەر له دونیای ئێمە بونایە چیان لێبەسەردەهات!؟

پسپۆر و شارەزای دەرونزانی "د.یوسف عوسمان ئەحمەد" له کتێبی " چەند وێستگەیەکی سایکۆلۆژی" دەڵێت:" له شۆڕشی قوتابیانی پاریس له شەستەکاندا (شەستەکانی سەدەی بیست) حکومەتی ئەوسای فەرەنسا پۆلێك قوتابی دەستگیرکرد کەزۆر توندوتیژبوون لەنێوان خۆپیشاندەرەکان و دیاربوون، دواتر لە ژوورێکیان دانان که پڕبوو له تابلۆ کوبیزمەکانی (پابلۆ بیکاسۆ) بۆ ماوەی یەك هەفتە لە مەئموری بەندیخانەوە و سەرپەرشتیاری چاکسازی دەروونی وتیان ئەم قوتابیانە ڕۆژانە بۆ ماوەی چەند کاتژمێرێك له بەرامبەر تابلۆکان بێ دەنگ دەوەستان و لەشێوەی ئەندازیاریان ڕادەمان، دوایی لە نێوان خۆیاندا گفتوگۆیان دەکرد تا وای لێهات حاڵەتە هەڵچون و دژایەتیەکەیان دامرکایەوە و گۆڕدرایەوە بە خۆشەویستی ژیان و تێفکرین له ئایندەدا".

# خوێندكاری "تەممەڵ"*

زۆرجار لەهەندێ كەس ئەوەمان بەرگوێ كەوتوە كەفلاَن خوێندكار زۆر تەممەڵە و هیچ نازانێت! لكاندنی ئەم وشەیە بەخوێندكارێكەوە كەلەوانەی مامۆستایەكدا لاوازە هەڵەیە و ڕاست نییە، جاریَ تۆ لەوە گەڕیَ لەپەروەردەدا شتێك نییە بەناوی خوێندكاری تەممەڵ وەكو زۆر وشە و چەمكیتر بەئارەزوو بەكار دەهێنرێت غافلْ لەوەی كەچەند شوێنەواری خراپ لەدوای خۆی بەجیَ دەهێڵێت، بەڵكو شتێك هەیە بەناوی خوێندكاری لاواز و خوێندكاری بەهێز، بێگومان زۆرێك لەوانەی ئێستا خاوەن بڕوانامەن و بەتوانان ڕۆژێك لە ڕۆژان لەبابەتی مامۆستایەك لەمامۆستاكانی لاوازبوون، مەرج نییە خوێندكارێك لەوانەیەك یان دووان لاوازبوو، ئیتر ڕاستەوخۆ ناشرینترین وشەی بدەینە پاڵ كەوشەی تەممەڵە و هەموو گوناهێكیش بخەینە ئەستۆی، كەلەوانەیە زۆرجار خەتای خۆی نەبێت و خەتا لەپرۆگرام بێت یان مامۆستا یان ژینگەی قوتابخانەیان هەرهۆكارێكیتر.

زۆرجار مامۆستاكان واهەڵسەنگاندن بۆ ئەو خوێندكارە لاوازە دەكەن كەمادام ئەوخوێندكارە وەكو ئەوانیتر نییە و هەموو وانەكان دەرنەچوە تەممەڵە! لەكاتێكدا لەوانەیە پێچەوانەكەی ڕاست بێت، بەبەڵگەوە نموونەی خوێندكاری وامان لایە، خوێندكاری واهەیە لەزمانی ئینگلیزی زۆرباشە

* لە ژمارە "٣٢٤"ی ڕۆژنامەی "ئاوێنە" ڕۆژی سێشەممە١/٥/٢٠١٢ بلاَوكراوەتەوە.

گفتوگۆی پێدەکات لەگەڵ مامۆستاکەی، کەچی لەبابەتی بیرکاری دەرناچێت و لاوازە، ئایا ڕەوایە بەم خوێندکارە بڵێین تەممەڵ و لەهەموو شوێنێك باسی بکەین و کەسێتی لەکەداربکەین؟ دەبێت ئەوەشمان بیرنەچێت مەرج نییە هەڵسەنگاندنی خوێندکار لەلایەن مامۆستاوە هەموو جار درووست بێت.

کاتێك کتێبی سەفەرنامەی هیوا قادرمان خوێندەوە ئەوکات زیاتر زانیمان، خودایە چەند خوێندکاریتر وەکو ئەم شاعیر و ڕۆماننووسەی کورد، لەلایەن مامۆستاکەیەوە پێیوترابێت تەممەل و هیچ نەزان! هیوا قادر لەم کتێبەیدا لەباسی ژیانی خوێندکاری خۆی ئاماژە بەوە دەکات کەلەوانەی ماتماتیك لاوازبوە و یەکێك بووە لەو قوتابییانەی کەهەرگیز حەزی بەوانەی ماتماتیك نەکردووە، ئەوەشی زیاتر وای لێ کردوە حەزی لەو وانەیە نەبێت توندی و بێڕەحمی مامۆستاکانی بووە، ڕۆژێك مامۆستای ماتماتیك گوێچکەی هیواقادر دەگرێت و پێی دەڵێت: تەممەڵ تۆ ساڵی پاریش لەترسی وانەی ماتماتیك نەهاتیتەوە بۆمەکتەب، ئێستاش خشتەی لێکدانت لەبەر نییە.

هیواقادر تەممەڵ نەبووە وەك ئەوەی مامۆستاکەی پێی وتووە، بەڵکو لەبابەتێك لەبابەتەکان لاوازبووە بەبێ ئەوەی گوناهی خۆی تێدابێت، ئێستاش هەندێك لەخوێندکاران هەمان ئەوموعاناتانەی ژیانی خوێندکاری هیوا قادریان هەیە، ئاخر بۆخوێندکارێك لەکۆی حەوت بابەت یەکێك یان دووانیان لاوازبێت کەهەندێك جاریش لەوانەیە گوناهی خۆی تێدا نەبێت وشەی تەممەڵی بخەینەپاڵ؟ یان وشەی هاو واتای تەممەڵی بخەینە پاڵ و پێی بڵێین فاشیل و هیچ نەزان!

دەبێت پرسیار لەخۆمان بکەین و بڵێین ئایا مامۆستا تەنها مامۆستای بەتوانا و زیرەکەکانە یان بێ توانا و لاوازەکانیش؟ یان نەخێر ئەرکە لەسەری لاوازەکە بهێنێتە ئاستی بەهێزەکە؟ بۆیە دەڵێین لەڕاستیدا هیواقادر و هاووێنەکانی هیوا قادر تەممەڵ نەبوون و تەممەڵ نین، ئەو بوو بەو شاعیر و ڕۆماننووسەی دەیناسین، کەچی مامۆستای ماتماتیك دیاری نییە. جگە لەم نمونەیەش ئەدیبی ناوداری فەڕەنسی(بەلزاك) مامۆستاکانی بۆچونیان خراپ بوو لەسەری دەیانوت تەممەڵ و گێلە، کاتێ یەکەمین شانۆیی خۆی نیشانی مامۆستاکەیدا، پێی گوت: بڕۆ لەئایندەدا هەرچی دەکەیت بیکە، بەڵام بیر لەنووسین مەکەرەوە. یان ئەدیسۆن ئەوبلیمەتەی هەمووومان دەزانین کێیە، مامۆستاکانی هەمیشە بەگەمژە و بیئەقڵ دایان ناوە، کەکەڵکی خوێندنی نییە! هەموو ئەمانەش پێماندەڵێن: هەڵسەنگاندنی مامۆستا هەمیشە ڕاست نییە و با خۆمان لەوشەی تەممەڵ و هاوماناکانی بەدوربگرین، ئەومامۆستایانەی ئەوپێوەرانەی بۆخوێندکاری (تەممەڵ)ی دادەنێن زۆرێکیان خۆشیان دەگرێتەوە و لەژیانی خوێندکاریدا پیاتێپەڕیون، پرسیار ئەوەیە ئایا دەڵێن ئێمەش(تەممەڵ)بووین؟

# ئەزموون و مامۆستایەتی*

زۆرجار ڕەخنەمان گرتوە و دیدێکی نەرێنیمان هەبوە بەرانبەر مامۆستایانی تازە دامەزراو(ئەوانەی زۆرجار پێیان دەوترێت کەمئەزموون) بەوەی توانای ئەوەیان نییە مومارەسەی تەواوی پەیامەکەی خۆیان بکەن و زۆرجار ئەمەش دەبەسترێت بەوەوە کە هۆکەی ئەوەیە ئەزمونیان نییە! لە ڕاستیدا ئێمە پێمان وانییە هۆکارە ڕاستەقینەکە ئەوەبێت و وای بۆدەچین گرفتەکە لەشوێنێکیترە یان درووستر نامەناوێت گرفتەکە ببینین و یانیش نەخێر لە بنەمادا توانای بینین و وردبوونەوەمان لاوازە! ئەوەی سەرنج دەدرێت ئەو مامۆستایانەی لە ڕووی ژمارەی ساڵەوە خزمەتیان زۆرە وەکو گرنگی و ئیمتیازێك لێیدەڕوانن بەوەی لە گەنج و تازە دامەزراوەکان باشترن، چونکە ئەزمونیان هەیە! سەرنجی ئێمە لەسەر ئەوە نییە بەئەزموونەکان لە تازە دامەزراوەکان(کەمئەزموونەکان!) باشترن یان نەخێر بەپێچەوانەوە تازە دامەزراوەکان باشترن لەوان، بەڵکو قسەی ئێمە لەسەر چەمکی ئەزموونە لە تێڕوانینی ئەو مامۆستایانەوە و بەستنەوەی ژمارەی ساڵ بە باشی و خراپی مامۆستاوە! ئەگەر ئەم بۆچوونەی ئێمە لەهەرشوێنێك یەك دوو مامۆستا نەگرێتەوە ئاساییە ئێمە زیاتر مەبەستمان ڕێژە زۆرەکە و قسە لەسەر ڕێسا گشتییەکەیە.

---

* لە ژمارە "٥٨٧"ی ڕۆژنامەی "ئاوێنە" ڕۆژی سێشەممە١/٨/ ٢٠١٧ بلاوکراوەتەوە.

بەداخەوە وازنەهێنانی بەڕێوەبەر و سەرپەرشتیار و بەڕێوەبەری پەروەردەکانیش بەهۆی بوونی(ئەزموون)ەوە یەکێکە لەوکێشانەی کە کایەی پەروەردە و فێرکرن پێوەی دەناڵێنێت و ڕێگە بەفیکر و دونیابینی نویٚ نادرێت بەناوی کەمئەزموونی و نەبوونی ئەزموونەوە! ڕەوایە بپرسین چەند سەرپەرشتیار یان چەند بەڕێوەبەر و مامۆستا بەناوی زۆری ژمارەی ساڵی خزمەت و ئەزموونەوە کاریگەرییان لەسەر چ فێرخواز و چ مامۆستایانی گەنج داناوە؟ ئێمە پێمان وایە ئەوەندە کەمە لە ئاستی نەبووندایە! هەندێکجار مامۆستایانی(بەئەزموون) کەم و کورتییەکانی خۆیان لە ژێر ناوی ئەزموونەوە دەشارنەوە و مومارەسەی پەیامی مامۆستایەتی خۆیان ناکەن، هەروەها لەلایەن بەرپرسانی پەروەردەییشەوە چاودێری ناکرێن!

دەبێت ئەوە بزانین نابێت هەموو ئەزموونێك بەڕاست و دروست بزانین، یان مامۆستای بەژمارە ساڵ خزمەت و ئەوەی پێیدەوترێت مامۆستای بە ئەزموون بەدرێژایی ساڵانی وانەوتنەوەی یەك شێوازی لەوانەوتنەوە بەکارهێناوە و مامۆستایی وەك کاری دووەمی سەیرکردووە و هیچ کاتێك خۆی نویٚ نەکردۆتەوە و سوودی لە هەڵەکانی ساڵانی خزمەتی وەرنەگرتوە و ڕاست و ناڕاستی بۆڕوون نەبۆتەوە و پەرەی بەخۆی نەداوە و خۆی بەهێزنەکردووە لەماوەی ساڵانی خزمەتی، ئایا ڕەوایە و دەگونجێت لەڕووی پەروەردەییەوە بەمە بوترێت مامۆستای بەئەزموون و وەکو مامۆستایەکی سەرکەوتوو و باش سەیربکرێت؟ بیگومان وەڵامەکەی لای هەموان ڕوونە و نەخێرە، مامۆستای بەئەزموون ئەوەندەی پەیوەندی بەتێگەیشتنەوە هەیە هیچ کات پەیوەندی بەگەورەبوونی تەمەن و ساڵانی خزمەتەوە نییە

مەبەستمان ئەوەیە مامۆستای بەئەزموون ئەوەیە تێدەگات و ساڵ بەساڵ لەبواری مامۆستایی باشتردەبێت و خۆی نوێ دەکاتەوە و پەرەبەخۆی دەدات و کاریگەری بەسەر ئەوانیترەوە جێدەهێڵێت، نەك وەك لای ئێمە باوە بۆ هەموو کەسێك کە ساڵانی خزمەتی زۆربێت و تەنانەت ئەو هەموو ساڵەی وەك یەکەم ڕۆژی دامەزراندنی بێت پێیدەڵێن مامۆستای بەئەزموون و وەکو مامۆستایەکی پۆزەتیڤ لێیدەڕوانرێت!

دەگێڕنەوە مامۆستایەکی بە ئەزموون جارێکیان پرسیاردەکات لە مامۆستایەکیتری هاوڕێی بەوەی گرفتی فێرخوازێکی بۆ چارەسەر ناکرێت و مامۆستاکە دەڵێت سەدجار بەفێرخوازەکەم وتووە عاقڵبە عاقڵ نابێت، مامۆستای هاوڕێی بە وردییەوە وەڵام دەداتەوە و دەڵێت تۆ سەدجار بە فێرخوازەکەت نەوتووە عاقڵبە بەڵکو یەك جار پێت وتووە، چونکە ئەو سەدجارە یەك وشەت دووبارەکردوەتەوە، یەك شێوازت بەکارهێناوە و بگرە تۆ زیاتر گرفتەکەت ئاڵۆزکردووە ئەگەر نەك سەدجار چەند جارێك بەزمانی جیاواز و بەشێوەی جیاواز مامەڵەت لەگەڵ فێرخوازەکە بکردایە گرفتت لەگەڵ فێرخوازەکە نەدەما!

"عەبدوڕەحمان ئەحمەد وەهاب" کە دکتۆرای لە کۆمەڵناسی و سیاسەتی پەروەردەیدا هەیە و لە کتێبی" مەلەی دژەڕەوت، پەروەردە لەڕوانگەیەکی ڕەخنەگرانەوە" دەربارەی گرفتی مامۆستای بەئەزموون دەڵێت:"سیاسەتی پەروەردەیی لە هەرێمی کوردستاندا لەسەر کۆپیکردن و دووبارەکردنەوەی ئەزموونی پێشتر دامەزراوە و، هەر هەوڵێکی بۆ زیاتر چەسپاندنی ئەوبڕیار و ڕێکارانەن کە پێشتر گیراونەتەبەر. بۆ نموونە، لەپەروەردەکردن و پێگەیاندنی مامۆستایاندا هێندە لەسەر وەرگرتنی

ئەزموونی مامۆستایانی پێشتر و لەسەرکارکردن لەناوەندەکانی خوێندندا بۆ وەرگرتنی ئەو ئەزموونانەی لەهەرناوەندێکدا باون جەخت دەکرێتەوە، هێندە لەسەر پێکهێنانی کەشوهەوایەکی فەلسەفی و مەعریفیی پرۆفیشناڵ بۆ مامۆستایان جەخت ناکرێتەوە تاڕێیان لە ئەزموون و شێوازی دیکەی خۆناسین و ماناکانی بوون بە مامۆستا بکەوێت. بۆیە دەبینین هەمیشە کار لەسەر ڕاهێنانی مامۆستا لە خول و وۆرکشۆپە کورتخایەنەکاندا لەلایەن مامۆستا و سەرپەرشتیاری(بەئەزموون!)ەوە دەکرێت نەك پەروەردەکردنی مامۆستایان وەك کەسانی پرۆفیشناڵی سەربەخۆ و ئازاد و پەیوەست بە بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە و پەیوەندیدار و ئەزموونە ئاکاری و ڕۆحیەکانەوە. لەکوردستاندا بەشێوەیەکی ئاسایی ئەگەر مامۆستایەك تەمەنێکی زیاتری لەوانەوتنەوەدا بەکاربردبێت لەسەرووی مامۆستایەکەوەیە کەتازە دەستی بە مامۆستایەتی کردووە و، مامۆستای(کەمئەزموون!) دەبێت هەمیشە ڕێچکەی مامۆستای(پڕئەزموون) بگرێت. لێرەدا گشت جەختکردنەوەکە لەسەر بڕی ئەزموونە، نەك لەسەرچیەتی و چۆنییەتی ئەزموون." هەروەها نووسەر دەربارەی مەترسی ئەزموون و ئەزموونی هەڵە بەتایبەتی کە لەدونیای کوردیدا وەکو ڕاستی مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت دەنووسێت: "فەیلەسوفی پەروەردەیی (جۆن دوی) پێی وایە، ئەگەر کار و چالاکی لەسەر بنەمای هۆشیار و عاقڵانە، لەسەر قوڵبوونەوە بەنێو ڕاستییەکان و ماناکانیاندا دانەمەزرابێت، ئەوا ئەزموون زۆربەسادەیی کاروکردەوەی نادروست دەگۆڕێت بۆ نەریتی هەڵە".

# فێرخواز و دەوروبەر*

بیرمەندی ناسراوی کورد "مەسعود محەمەد" کتێبێکی هەیە بەناوی "مرۆڤ و دەوروبەر" کە سێ بەرگە دەتوانین بڵێین هەرسێ بەرگی کتێبەکە وەڵامی پرسیارێکە، پرسیارەکەش ئەوەیە ئایا دەوروبەر ئینسان درووست دەکات یان بە پێچەوانەوە نەخێر ئینسان دەوروبەر درووست دەکات؟ ئەم پرسیارەی مەسعوود محەمەد دەتوانین سوودی لێببینین هەڵبەت جیاواز لەمەبەست و ناوەڕۆکی هەم پرسیار و هەمیش وەڵامی مەسعود محەمەد بۆ پرسیارەکە، دەتوانین بپرسین ئایا مامۆستا زیاتر و زۆرتر فێرخواز دروست دەکات و کاریگەری لەسەر دروست دەکات یان نەخێر شتەکانی دەرەوەی خوێندنگا و دەرەوەی مامۆستا دروستی دەکات و کاریگەری لەسەر دادەنێت؟ هەڵبەت وەڵامی ئێمە بۆ ئەم پرسیارە ڕێژەییە، بەڵام بەڕێژەیەکی زۆرتر بەڵێیە بۆ ئەوەی دەوروبەر فێرحواز درووست دەکات و کاریگەری لەسەر دادەنێت؟!

لە خوێندنگاکانی ئێمەدا مامۆستا ئەگەر مامۆستایەکی باش و سەرکەوتووبێت و کاریگەری لەسەر فێرحواز درووست بکات تەنیا وەك باشییەك بۆ مامۆستاکە دەمێنێتەوە و گشتگیر نییە و کاریگەری لەسەرکۆی فێرخوازان درووست ناکات و سیستەماتیك نییە، تاوەکو

* لە ژمارە "٦١٠"ی ڕۆژنامەی "ئاوێنە" ڕۆژی سێشەممە ٢٠١٨ /١/٢٣ بلاوکراوەتەوە.

مامۆستایەك بەشێوەیەكی درووست و پەروەردەیی و ئەكادیمی مامەڵە لەگەڵ فێرخوازەكانی دەكات، زۆرینەی پێچەوانەی ئەوە مامەڵە دەكات! كێشە ئەوەیە فێرخواز تێڕادەمێنێت بەوەی پەیامی پەروەردەیی و درووستی و ئەكادیمی مامۆستایەكی سەركەتوو وەربگرێت كە تاقانەیە یان بۆچوونی زۆرینەیەكی ناپەروەردەیی و نازانستی، لەڕاستیدا ئەم كاریگەرییەی دەوروبەر لەسەر فێرخواز خولانەوەیە لە بازنەیەكی بۆشدا! چونكە دەوروبەر وەك دەزانین پەروەردەیەكی درووست و ڕاستی ناكات.

دەتوانین نموونەیەكی واقیعی لەو چەندان نمونانە بێنینەوە كە ڕۆژانە ڕوودەدەن و كاریگەری دەوروبەرمان بۆ ڕووندەكاتەوە لەسەر فێرخواز، لە سوید باوكی فێرخوازێكی كورد بانگراوە بەوەی كوڕەكەی لاساری كردووە، باوكی فێرخوازەكە پێشتر لە كوردستان مامۆستا و سەرپەرشتیاربووە، كاتێك بانگی فێرخوازەكە كراوە بۆ لای بەڕێوەبەر و بەرانبەر باوكی دانیشتووە فێرخوازەكە لەسەر سوچی قەنەفەكە پێی لەسەرپێ داناوە باوكی لێی توڕە بووە، بەڕێوەبەریش پرسیار لە باوكی فێرخوازەكە دەكات و دەڵێت ئەمە بەمشێوەیە هەڵسوكەوتی لەگەڵدا دەكەیت؟ ئێستا بۆمان دەركەوت گرفتەكە لەكوێدایە و بەڕێوەبەر بە فێرخواز دەڵێت بڕۆ ژورەوە و بە باوكی فێرخوازەكە دەڵێت دەبێت لەگەڵ تۆدا قسەبكەین گرفتەكەمان دۆزیوە!

زۆرینەی فێرخوازان قوربانی ئەو دەوروبەرەن و بەداخەوە ناوەندی پەروەردەیی و مامۆستای ئێمە نەوەك دەوروبەر تێناپەڕێنێت، بە ڵكو زۆرجار تەواوكەری ناشرینییەكی دەوروبەرە! ئەو ڕستە كوشندەیەی لە خوێندنگاكانی ئێمە بەردەوام دووبارە دەكرێتەوە بەوەی ئێمە هەقمان بە

فێرخوازەوە نییە و چی دەکات لەدەرەوە با بیکات تەنیا لە خوێندنگا نەیکات بۆمان ڕووندەکاتەوە لە چ نەهامەتیەکداین!، باشە پرسیار ناکرێت فێرخواز بۆ دەرەوە و ژیان ئامادە دەکرێت یان بۆ خوێندنگا، ئەمە جگە لەسەرنج لەسەر ئەوەی لەخوێندنگاش چۆن مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت؟!

کەم نین ئەوانەی دەوروبەر غەدری لێکردوون و نەیانتوانیوە تێیپەڕێنن و توانای گێڕانەوەیان نییە و بەرگەی ناشرینییەکانیان نەگرتووە! هەندێك لەوانەی دەوروبەریان تێپەڕاندوە و بوون بەکەسانی بەناوبانگ لە یادداشت و گێڕانەوەکانی خۆیاندا باسی ناشرینییەکانی دەوروبەری منداڵی و حوێندنیان دەکەن و ئاماژە بەو ئازارانە دەکەن چەشتویانە کەلەلایەن دەوروبەریانەوە وەك دواحەقیقەت و ڕاستی لەلایەن دەوروبەریانەوە مامەڵە لەگەڵ ئەو ناشرینییانەکراوە!

"مایا ئەنجیلۆ" شاعیر، نووسەر، ڕۆژنامەنووس، گۆرانیبێژ، ئەکتەر، ڕۆماننووس و چالاکوانی مافەکانی مرۆڤ، ئافرەتێکی ڕەشپێستی ئەمریکییە، بیرەوەرییەکانی خۆی لە حەوت بەرگدا بڵاوکردۆتەوە بەرگی یەکەمی بەناوی"دەزانم باڵندەی ناو قەفەزەکە بۆچی گۆرانی دەچڕێت"ە لەم بەرگە باس لەگەشەی عەقڵی و دەروونی خۆی دەکات لە قۆناغی منداڵییەوە " لەسێ ساڵییەوە" تا ساتی باڵغبوونی "حەڤدە ساڵی" ڕووداوەکانی لە ساڵی ١٩٣١ەوە دەست پێ دەکەن تا دەگات بە بارودۆخی کۆمەڵگەی ئەمریکی لەجەنگی جیهانیی دووەم، بەپێی هەندێك ڕاپرسی لەو ١٠٠ کتێبە دانراون کەزۆرترین کاریگەری هەبووە و وەلەڕیزی ئەو کتێبانە دانراوە کە زۆرترین بوێری لە نووسینیاندا هەبووە!

ئەم کتێبە بەشێکی گرنگی باس لەچەوساندنەوەی ڕەشپێستەکان دەکات لەلایەن زۆرینە و دەوروبەری مایاوە و لەو قۆناغەدا وا وێناکراوە بەوەی کە ڕەشپێستەکان ئینسان نین و ئەمەش وەکو ڕاستی ڕەها مامەڵەی لەگەڵدا کراوە! لەوانەیە پرسیاری ئەوە درووست ببێت ئەوە دواکەوتویە و هەموو کەس دەزانێت ئەوە شتێکی خراپ بووە، بەڵام دەبێت ئەوە بزانین لەلایەن زۆرینە و دەوروبەرەوە ئەو کاتە ئەوە بە هەڵە دانەنراوە و وەکو ڕاستی و درووستی مامەڵەی لەگەڵدا کراوە و هوشیاری و ئاگایی دروست و ڕاستەقینەیان نەبووە و دوای دەیان ساڵ سپیپێستەکان هەستیان بە گوناه و تاوان کردوە و هوشیاربوونەتەوە، بۆیە لای ئێمە ئەوەی هەم دەوروبەر و هەم بەشێکی گرنگی مامۆستا بە فێرخوازی دەکات دوای ساڵانێکیتر هەست دەکرێت چ تاوان و گوناهێکیان کردووە! تاوان و گوناهەکانیش شێوە و جۆراوجۆرن، مایا ئەنجیلۆ بەم شێوەیە دۆخی پەروەردە باس دەکات " کاتێك لە قوتابخانەی سەرەتایی تووسان لوقێرتوور وەرگیراین ئێمە لەگەڵ نەفامیی هاوپۆلەکانمان و دڵڕەقی مامۆستاکانمان ڕووبەڕووبووین"، لە شوێنێکیتردا دەنووسێت "مامۆستاکانی سەینت لویس زۆر ئاغایانە مامەڵەیان دەکرد، لەگەڵ خوێندکارەکانیاندا زۆر بە لوتبەرزییەوە قسەیان دەکرد، بە ئاخاوتنێکی وەك ئەوەی خەڵکە سپیپێستەکە دەدوان".

چارلی چاپلن لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا بەناوی "ژیانی منداڵیم" کاریگەری ئەوانیتر لەسەری بەدوو شێوازی جیاواز ڕوون دەکاتەوە کە دواتر لە کەسایەتیدا ڕەنگ دەداتەوە، دەڵێت"دایکم ناچاری دەکردم سەعاتێك لەسەریەك کتێب بخوێنمەوە، چونکە خۆی کتێبی زۆری دەخوێندەوە"

دایکی شانۆکار و موتابیع بوە و کاریگەری لەسەری دروستکرد، لە شوێنێکی تردا دەنووسێت" فێرکاری، مێشکی لە شتگەلێك پڕدەکردم کە بەلای منەوە سەرنجڕاکێش نەبوون"، بەڵام دەبینین فێرکردن دواکەوتوبووە و خراپ بووە نەیتوانیوە ئارەزووەکانی تێربکات و بەهرەمەندبێت لە جێگایەکیتردا دەڵێت ئەگەر وانەبوایە دەبوومە"بیرمەند"!

عەلی وەردیش لە کتێبی " لەبارەی خوو و ڕەوشتی مرۆڤەوە" کاریگەری دەوروبەر لەسەرفێرخواز بەنموونەی یەکێك لە ناودارەکان ڕووندەکاتەوە و دەڵێت" ئەدیسۆن دوای سێ مانگ لە دەوامکردنی لە قوتابخانەدا بەڕێوەبەری قوتابخانەکە دایکی ئاگادارکردەوە کوڕەکەت لەڕووی پێگەیشتوی هزرەوە دواکەوتوە، لەخوێندندا کەڵکی لێوەرناگیرێت، بۆیە دایکی بڕیاریدا نەینێرێتەوە قوتابخانە. دەتوانم بڵێم ژیری ئەدیسۆن لە قوتابخانەکەیدا هەڵکشاوتربوو لەهاوپۆلەکانی و تەنانەت ئاستی ژیری مامۆستاکەشی پێشدابووەوە، بۆیە واهەستدەکەم نەیتوانیوە لەگەڵ دەوروبەرەکەیدا بگونجێت، لەبارەی ئەدیسۆنەوە دەگوترێت حەزی بەدواداچوون تێیدا تا ڕادەیەك چاوەڕواننەکراوبووە، دەربارەی هەموو شتێك پرسیاری کردووە و سوربووە لەسەرپرسیارەکەی" کەم نین ئەو فێرخوازانەی ڕۆژانە بەهۆی حەزی زانین و پرسیارکردنەوە ئازاردەدرێن لەلایەن ئەوانیترەوە!

# هەڵهاتن لە زانین![*]

ئایا ئێمە بوونەوەرێکین حەزمان لە زانین هەیە؟ دەگەڕێین بەدوای زانیندا؟ زانینمان خۆش دەوێ؟ دەمانەوێت شت بزانین؟ لە ناوەندەکانی خوێندندا زانین بەرهەمدێت؟ ئایا زانین هەست ناکرێت خەریکە یان ڕاستتر بووە بە عەیبە!؟ فێرحواز لە ناوەندەکانی خوێندندا فێری زانین دەبێت یان نەخێر ناوەندەکانی خوێندن زانین کوژن!؟ ئەمانە ئەوپرسیارانەن کە دەبێت بە جددی بەدوایی وەڵامەکانیدا بگەڕێین، ئێمە پێمان وایە لە خوێندنگاکانی کوردستاندا پرۆسەیەك هەیە بۆ کووشتنی زانین، واتە لە جیاتی ئەوەی خوێندنگا شوێنێك بێت بۆکرانەوە و پێشکەوتن و داهێنان و پرسیاری جددی بە پێچەوانەوە بووە بە جێگایەك بۆ کووشتنی پرسیارو و زانین و داهێنان! کەم نین ئەو فێرخوازانەی ڕۆژانە دەشکێنرێنەوە و ئیهانە دەکرێن لەبەرئەوەی پرسیارێکی ناباو و جیاواز دەکەن و پرسیارەکانیشیان جددین و حەزی زانینیان هەیە و، وەکو تانە و تەشەریش زۆرجار پێیان دەوترێت خۆ فەیلەسوف نین پرسیاری وا دەکەن؟!

فێرخواز دەبێت هەر ئەوە بزانێت مامۆستاکەی دەیزانێت لەوە بەدەر پرسیار قەدەغەیە! کەم نین ئەو فێرخوازانەی ئازار دراون بەهۆی ئەوەی پرسیارێکی گرنگی دەرەوەی پرۆگرامیان لە مۆستاکەی خۆیان کردووە! لە

---

[*] لە ژمارە "٥٩٨"ی ڕۆژنامەی "ئاوێنە" ڕۆژی سێشەممە ٢٤/١٠/ ٢٠١٧ بڵاوکراوەتەوە.

ڕاستیدا فێرخوازیش ئێستا وا پەروەردەکراوە وەکو هەموو شتەکانیتر تەنها بۆی گرنگە خوێندن تەواوبکات بەشێوەیەکی خێرا و نایەوێت ئەو پرسیارە لەخۆی بکات چۆن تەواوی بکات!؟ بۆی گرنگ نییە شت بزانێت و بیربکاتەوە، بەڵکو ئەوەی بۆ گرنگە بەکورتترین ڕێگا وانەکانی تەواوبکات و خۆی واتەنی نەجاتی بێت ئەی ئەوە نییە ئەگەر فێرخوازێك حەزی زانینی هەبێت و بگەڕێت بەدوایدا و پرسیار لەبارەیەوە بکات وەکو کەسێکی نامۆ سەیردەکرێت و، لەلایەن فێرخوازەکانی هاوڕێیەوە پێی دەڵێن ئەم هەموو پرسیارە نەبڕایەوە، یان پێی دەڵێن پرسیار زۆرمەکە، بەڵکو وانەکە زوو تەواوبێت، بێگومان مامۆستاش لەگەڵیاندا هاوکارە!

زۆرجار بە تۆمەتی ئەوەی زۆرزانین و پرسیارکردن فێرخواز تووشی لادان دەکەن حەزی زانین و پرسیارکردن لای فێرخوازان دەکووژن و ناهێڵن بەهرە و تواناکانیان بخەنەگەڕ و، زانین و پرسیارکردن هەندێکجار بەژەهر وێنادەکەن! بەهۆی ئەوەی ئایدۆلۆژیاکانیان دەخەنە ژێرپرسیارەوە. ئەوانەی پرسیار دەکەن و حەزی زانینیان هەیە لە جیاتی دەسخۆشی و هاندان ناو و ناتۆرەیان دەخرێتە پاڵ بەوەی گێلن و هیچ نازانن! فێرخواز ئەوەندە سەرقاڵ دەکرێت بەشتی ناپەروەردەیی و ڕۆتینییەوە تەرکیزی نامێنێت و کاتی نابێت بۆ بیرکردنەوە و پرسیارکردن! بە بۆچوونی ئێمە جیاوازی پێشکەوتنی دونیای ڕۆژئاوا و دواکەوتنی ڕۆژهەڵات ئەوەیە ئەوان پرسیار دەکەن و ڕۆژهەڵات مانی گرتووە لەپرسیارکردن!

"ئەوەشی لای ئێمە دەبێت زیرەك بێت یان بەزیرەك ناودەبرێت ئەوانەن کە دەبێت زانیارییەکان لەبەربکەن و ئاقڵ و بێدەنگ دانیشن وەك کۆمپیوتەربن و پرسیار نەکەن و عەجولی نەکەن! لەکاتێکدا ئەم زیرەکییە

خراپترین جۆری زیرەکییە و حەزی زانین دەکوژێت و لەناوی دەبات، بۆیە "چیتر زیرەکی بەتەنیا بەس نییە، کۆمپیوتەر ئامێرێکی زیرەکە، بەڵام هیچ کۆمپیوتەرێك، چەند پێشکەوتووش بێت، هەرگیز ناتوانرێت بە فزووڵ ناوببرێت".

کتێبێکی گرنگ هەیە دەربارەی حەزی زانین بەناوی "فزووڵ" لەنووسینی "ئیان لیسلی"یە و کۆمەکمان دەکات دەربارەی ئەم بابەتە، ئیان لیسلی دەنووسێت:" ئێمە لەدەستنیشانکردنی بۆشاییەکانی زانیارییەکانماندا سەرکەوتوونین، ئەمەش وادەکات کە کەمتر لەپێویست فزووڵ بین"، وە "مرۆڤی فزووڵ دەزانێت کە لەڕووی هەستییەوە ئاسوودە نابێت هەتا ئەو زانیارییە یاخود ئەو تێگەیشتنە نەدۆزێتەوە کەبۆی دەگەڕێت. بۆیە هەتا ئەو کاتەی کە بۆشاییەکە پڕ دەکاتەوە، لە خوێندنەوە یاخود پرسیارکردن بەردەوام دەبێت"، هەروەها "مرۆڤی فزووڵی ڕاستەقینە دەزانێت کە هەمیشە نازانێت ئەو شتانە چین کە دەیەوێت لەبارەیانەوە بزانێت".

کلەی کریستینسین دەڵێت "پرسیارەکان ئەو کەلێنانەی ناو ئەقڵن کە بە وەڵام پڕ دەبنەوە، ئەگەر پرسیارەکەت نەکردبێت، وەڵامەکە هیچلاشوێنێکی نابێت پڕی بکاتەوە" جۆن لۆکیش دەڵێت:" زانین بۆ تێگەیشتن وەکو ڕووناکی بۆ چاو خوازراوە، منالیش زیاتر و زیاتر بەزانین دڵخۆش و کامەران دەبن بەتایبەتی ئەگەر بزانن کە پرسیارەکانیان لەبەرچاو دەگیرێت و حەز بەزانین کردنەکەیان پشتیوانی لێ دەکرێت و ڕێزی لێ دەگیرێت"، هەربۆیە دەبێت ئەوە بزانین " سەرکەوتووترین قوتابییەکان هەرە زیرەکەکان نین، بەڵکو ئەوانەن کە کۆڵ نادەن" لە

کۆتاییدا لەگەڵ "ئیان لیسڵی" دەپرسین" ئایا دەبێت قوتابخانە ئەو جێگەیە بێت کە گەورە ساڵان ئەو زانینە ئەکادیمییەی تیادا دەگوێزنەوە بۆ منداڵەکان کە کۆمەڵگە بە بەهاداری دەزانێت؟ یاخود قوتابخانە شوێنێکە کەتیادا منداڵ ڕێگەی پێدەدرێت شوێن فزووڵێتیی خۆی بکەوێت، جا ئەو فزووڵێتییە بۆ هەرشوێنێکی ببات؟

# مامۆستا نامۆکه![*]

مامۆستای نامۆ له بنەڕەتدا دەبێت ئەو کەسە بێت کە نەتوانێت وەك خۆی پەیامی مامۆستایەتیی بگەیەنێت، بەڵام بە پێچەوانەوە ئەگەر بەوردی سەرنج بدەین ئێستا لە ناوەندەکانی خوێندندا بەو مامۆستایانە دەوترێت کە تا ئەندازەیەکی باش دەتوانن پەیامی مامۆستایەتیی بگەیەنن و دەیانەوێت لە مامۆستا بچن و بە ئەرکی مامۆستایەتی هەستن و بنەما زانستی و پەروەردەییەکان وەك خۆیان جێ بەجێ بکەن!

بەهۆی ئەوەی زۆرینەی مامۆستایان بە هەر هۆکارێکەوە بێت زۆر لەیەك دەچن و بەشێوازێك لە شێوازەکان توانای پیادەکردنی وەکو خۆی پەیامی مامۆستایەتیان نییە، لەبەر ئەوە ئەو مامۆستایەی بیەوێت لەوچوارچێوەیە دەرچێت کە زۆرینە دیاریکردووە توشی چەندین کێشە و گرفت دەبێتەوە و وەك تەنزێکیش پێی دەوترێت مامۆستای نامۆ!

مەبەست لەمامۆستای نامۆ ئەوەیە کتێب دەخوێنێتەوە و هانی فێرخوازەکانی دەدات بۆ پرسیارکردن و دیالۆگ دەکات لەگەڵیاندا و تێیان دەگەیەنێت و دەزانێت و دەتوانێت چۆن لەگەڵ ڕۆحی فێرخوازکانیدا مامەڵە بکات، بۆیە لە دواجاردا ئەمە دەبێتە هەڕەشە و مەترسییەك لەسەری لەلایەن مامۆستاکانی تری هاوپیشەیەوە، نەوەك هەر ئەوە بەڵکو

---

[*] لە ژمارە "٥٦٢"ی ڕۆژنامەی "ئاوێنە" ڕۆژی سێشەممە ٢٠١٧ /١/٢٤ بڵاوکراوەتەوە.

بانگی ئەوە دەدرێت بە خەڵکانی دەرەوەی خوێندنگا یان کەس و کاری فێرخواز بەوەی مامۆستا نامۆکە فێرخوازەکان تووشی دەردەسەری و بیرکردنەوە و پرسیارکردن دەکات و لە تەقلیدی باو دەریان دەکات!

ئەمەش زۆرجار مامۆستای نامۆ توشی نائومێدی دەکات و تەنانەت بیر لەوە بکاتەوە لەدەرەوەی خۆی پیشەیەکیتر بدۆزێتەوە، چونکە شەپۆلی نەیارانی مامۆستای نامۆ زۆرتر و بەهێزترە وەك بەرگریکەران لێی! فێرخواز لە ڕاستیدا خۆی لە بنەمادا ئەو مامۆستایەی پێ گونجاوە و پەسەندە لای کە هەڵسوکەوت و بیرکردنەوە و شێواز و ڕێگای وانەوتنەوەی مەدەنی و پەروەردەیی بێت، بەڵام بەداخەوە ئەوەی دژی ئەم بۆچونەیە بەشێکی گرنگی مامۆستاکانن، لەبەرئەوەی ئەو ڕێگەیە پێویستی زیاتری بە خۆماندوکردن و ئامادەکردن هەیە بەشێکی زۆریش لە مامۆستایان ئەمە ناکەن بەهەر هۆکارێکەوە بێت، لەبەرئەوە کاتێکیش مامۆستایەك بیەوێت ڕێگایەکی دروست و زانستی لەوانەوتنەوە پیادەبکات فێرخوازەکانیش خۆشیان بوێت و وانەی مامۆستاکەیان بەدڵ بێت دەبێت بە مامۆستایەکی نامۆ و لەلایەن مامۆستاکانی ترەوە دەکەوێتە بەر پەلاماردان و وەك هەڕەشەیەك بۆخۆیانی وێنا دەکەن، چونکە ناچاریان دەکات خۆیان بگۆڕن و بە خۆیاندا بچنەوە بۆ ئەوەی لە مامۆستا نامۆکە بچن! کە ئەمەش پرۆسەیەکی ئاڵۆز و قورسە و کات لە بەرژەوەندییان نییە، یان نەخێر بەپێچەوانەوە پێیان وایە مامۆستای نامۆ هەڵەیە و فێرخواز تووشی لادان دەکات ئەگەر بێت و بیانجوڵێنێت و فێری پرسیارکردن و دیالۆگ و کتێب خوێندنەوەیان بکات پێیان وایە فێرخواز بەم شێوەیە دەبێتە بەڵاو لە کۆڵیان نابێتەوە!

گرفت و کێشەکە ئەوەیە بەرپرسانی پەروەردەیش لەگەڵ شەپۆلی باودایە و ئەو مامۆستایانە پەراوێز دەخرێن کە لە لەلایەن ئەوانیترەوە بە مامۆستای نامۆ بانگ دەکرێن هیچ گرنگییەکی ئەوتۆیان پێنادرێت تاوەکو لانی کەم پرسیار لای مامۆستاکانیتر درووست بێت یان هانیان بدات بەوەی ئەوەی کە ڕێگای ڕاست و درووست لە بواری پەروەردە و فێرکردن پیادە دەکات مامۆستا نامۆکەیە، نەوەك ئەوەی ئێوە یان ئەوانیتر.

گرنگە مامۆستایەك زانرا کە مامۆستایەکی سەرکەووتوەو فێرخوازەکانی تاڕادەیەکی باش لێی تێدەگەن و کاریگەری لەسەر فێرخوازەکانی جێهێشتووە و دەستکاری هەڵسوکەوت و بیرکردنەوەیانی کردووە بەشێوەیەکی باش، کە ڕۆحی پەروەردە و فێرکردن ئەمەیە، لە جیاتی ئەوەی وەك تانەیەك بە مامۆستای نامۆ بانگ بکرێت و وەك نەیار تەماشا بکرێت پێویستە چاوی لێبکرێت و سوودی لێببینرێت.

دەمانەوێت بڵێین مامۆستای نامۆ مامۆستایەکی پەروەدەیی و مەدەنییە ئەوەی نامۆی کردووە ئەوەیە لەناو سیستەمێکی خراپدا دەتوانێت مامۆستایەکی باش بێت کە زۆر گرنگە توانیویەتی ئەمە بکات، نەوەك نامۆبوونی لە خراپییەوە بێت و لە سیستەمێکی باشدا مامۆستایەکی خراپ بێت. لە دونیای ئێمەدا هەموو حەزوو ئارەزووی بوون بە مامۆستا دەکات بە بێ ئەوەی مامۆستایەتی بکات تەنانەت سەرسوڕمانییەکە لەوەدایە وەکو پیشە و پەیامێکی ئاسایی و ئاسان سەیردەکرێت! لەکاتێکدا قورسترین و ئاڵۆزترین پەیام و پیشەیە ئەگەر وەکو خۆی سەیری بکەین و هەست بە گرنگییەکەی بکەین.

# پەروەردەی ئێمە دیموکراسی نییە*

جۆن دیوی فەیلەسوفی بواری پەروەردە دەڵێت: دەبێت خوێندنگەکان ببن "دیموکراسیەتێکی بچوك "، ئایا سیستەمی پەروەردەی ئێمە بنەماکانی دیموکراسی تێدایە؟ یان بەمانایەکیتر ئایا قوتابخانە و خوێندنگاکانی ئێمە بنەماکانی دیموکراسی تێدا جێ بە جێ دەکرێت؟ بە بۆچونی ئێمە و بەپێی ئەو توێژینەوە و لێکۆڵینەوە زانستییانەی کە ئەنجام دراون، وەڵامێکی دڵخۆشکەرمان بۆ ئەو پرسیارانەی سەرەوە نادەنەوە و پێمان دەڵێن دیموکراسی لە ناوەندە پەروەردەییەکانی ئێمە لە ئاستی سفردان.

هەرچەندە لە سیستەمی بنەڕەتی و ئامادەییەکاندا هاتووە کە دەبێت خوێندکار لەسەر بنەمایەکی دیموکراسی پەروەردە بکرێت، بەڵام ئەمە تەنیا لە ئاستی تیۆریدا ماوەتەوە و نەچۆتە ئاستی جێبەجێکردن و پێمان وایە تەنیا بۆ ئەوە دانراوە کە بەڕێکخراوە نێودەوڵەتی و ناوخۆییەکان بڵێن سیستەمەکەمان دیموکراسییە.

زۆرجار دەوترێت سیستەمی سیاسی لە کوردستان بۆیە دیموکراسی نییە، چونکە کلتورمان دیموکراسی نییە، پرسیارەکە ئەوەیە ئەی چۆن کلتوری دیموکراسی درووست بکەین؟ ئایا باشترین شت بۆ ئەوەی ئەو

* لە ژمارە "٣٤٥"ی ڕۆژنامەی "ئاوێنە" ڕۆژی سێشەممە ٢/١٠/ ٢٠١٢ بڵاوکراوەتەوە.

کلتوره دیموکراسییه درووست بکەین ئەوه نییه که سیستەمی پەروەردە دیموکراسی بکەین؟ ئایا سیستەمی پەروەردەی ئێستا ئومێدی ئەوەی لێ دەکرێت له داهاتوودا تاکێك بەرهەم بهێنێت هەم لەڕووی سیاسیی و هەم له ڕووی کۆمەلأیەتییەوه دیموکراسی بێت؟

لەم ماوەیەی پێشوودا کتێبێکی گرنگی نووسەرو مامۆستای زانکۆ(هەردی مەهدی میکه) بلأوبووەوه به ناونیشانی (پەروەردە و کارتێکەرەکانی) که بریتییه لەچەند لێکۆڵینەوەیەکی پەروەردەیی، لەم کتێبەدا میکه به پشتبەستن به دواین توێژینەوەکانی زانکۆکانی کوردستان و بەبەڵگەهێنانەوەی دوو نامەی ماستەر جەخت لەسەر ناکارایی و تاکڕەویی مامۆستا دەکاتەوه لەپرۆسەی وانەوتنەوه و بەڕێوەبردنی پۆلەکاندا!

کەشی پۆلەکانی ئەمڕۆ ڕاستی ئەو بۆچون و توێژینەوانه دەسەلمێنن، کەم مامۆستا هەیه قبووڵی بۆچونی جیاوازی ناوپۆل بکات و ڕازی بێت بەوەی که خوێندکارەکەی شتێك و بۆچونێکی جیاواز لەخۆی بلێت، بەداخەوه زۆرێك لەمامۆستایان تێگەیشتنێکی پێشوەختیان بۆدروست بووه، بەوەی ئەم هەموو شت دەزانێت و له بنەمادا بوونەوەرێکی هەمووشتزانه و خوێندکاریش بوونەوەرێکی هیچ نەزان، ئەم گەورەیه و خوێندکار بچووك، یان تەفسیرکردنی هەڵەی ئەو ڕستەیەی که دەلێت (مامۆستا مامۆستایه و خوێندکاریش خوێندکار)، میکه لەشوێنێکی کتێبەکەیدا دەنووسێت (سەرجەمی توێژینەوەکان دەریدەخەن مامۆستایان لەئەدای دیموکراسیانەی بەڕێوەبردنی پۆلدا لاوازن و کەمتر ڕێگەی بەشدارییپێکردنی خوێندکارەکانیان دەدەن و تاهەنووکەش سزادان و

ناچالاکی خوێندکار دۆخی باڵادەستی پۆلەکانە) دیارە نووسەر لەم قسەیدا پشتی بەتوێژینەوەکان بەستووە و خۆشی لەم بوارەدا کاردەکات.

دەکرێ بپرسین و بڵێین تا چەند وەزارەتی پەروەردە بەدواداچوونی بۆ ئەم توێژینەوانە کردووە و سوودی لێ بینیوە و کاری پێکردوە؟ ئێمە گومان دەکەین لێپرسراوانی ئەم بوارەی وەزارەت، ئەوتوێژینەوانەیان بینیبێت، یان ئەگەر بینیبێتیشیان پەراوێزیان خستوە، چونکە هەست ناکەیت شتێك گۆڕابێت دوای ئەو توێژینەوانە، خۆ ئەگەر ئەوتوێژینەوانە بیانووتایە کەناوەندەکانی خوێندن دیموکراسییە، ئەوا هەڵایەکی گەورەی ڕاگەیاندنیان لەسەر درووست دەکرد!

وانەیەك هەیە بەناوی دیموکراسی، ئەمەشیان و بەمەبەست و وەکو وانەکانی وەرزش و کۆمپیوتەر و ئایین و فەلسەفە و کۆمەڵزانی پەراوێزخستووە و وەکو خۆی مافی پێنادرێت و ناگەینرێت، چونکە پێیانوایە ئێمە پێویستمان بە وانەیەکی وەکو بیرکارییە نەوەك دیموکراسی! وەك چۆن زۆرێك لەوانەی لەقۆناغەکانی خوێندندنیاندا وانەی هونەریان خوێندوە و ئێستا خوێندنیان تەواوکردوە نازانن هونەر چییە، بۆ وانەی دیموکراسیش ئەمەش هەرڕاستە! بۆیە دیکارت واتەنی(نابێت پەروەردە بریتی بێت لەنەقڵکردنی زانیاری و عەقیدە یان دۆگمایی، بەڵکو پەروەردەکردنی عەقڵ خودی ئامانجەکەیە) .

# زمانی مامۆستا*

بەشێکی گرنگ لەبیریاران و پسۆڕەکانی بواری زمان باس لەوەدەکەن کە زمان تەنها ئاماژەیەکی ڕووکەشانە و جەستەییانە نییە، بەڵکو لەگەڵیشیدا تەعبیرە لە بیرکردنەوەی مرۆڤ و ئاستی تێگەیشتن و کەسێتی دەردەخات، ئەو ڕستەیە تەواو درووستە کە دەڵێت" بۆ ئەوەی مرۆڤێك وەك خۆی و بەتەواوی بناسیت سەیری شێوازی قسەکردنی بکە" ڕستە بەناوبانگەکەی سوکراتی گەورە فەیلەسوف کەدەڵێت" قسە بکە بۆ ئەوەی بتبینم" هێمایە بۆگرنگی و بایەخی زمان و شێوازی قسەکردنی ئینسان.

ئەوەی ئەمڕۆ تێبینی دەکرێت لەدونیای پەروەردە و فێرکردنی ئێمە لە بەشێکی زۆری خوێندنگا و قوتابخانەکاندا ئەم گرنگی و بایەخەی زمان بەهەند وەرنەگیراوە و لەزۆر ئاست و مامەڵەکردنی ڕۆژانەی مامۆستا لەگەڵ خوێندکارەکانی زمان خراپ بەکار دەهێنرێت و تەنانەت زۆرجار دەگاتە ئاستێك مرۆڤ دەخاتە تێڕامان!

بەریەککەوتنەکانی مامۆستا لەگەڵ خوێندکار ئەوەی ئێمە ئەمڕۆ هەستی پێدەکەین و تێبینیمان کردووە لەناوەندەکانی خوێندندا بەشێکی باشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو زمانە خراپ و زبرەی کەمامۆستا بەرانبەر خوێندکارەکانی خۆی بەکاری دەهێنێت، کێشەکە ئەوەیە هەندێك

---

* لە ژمارە "٥٠٩"ی ڕۆژنامەی "ئاوێنە" ڕۆژی سێشەممە٢٩/١٢/ ٢٠١٥ بڵاوکراوەتەوە.

لەمامۆستایان ئەو شێوازە لەقسەکردنەی خۆیان بەدڵسۆزی بۆ خوێندکارەکانیان لێك دەدەنەوە و پێیان وایە لەبەرژەوەندی خوێندکارە، بۆ ئەوەی عاقڵ بن! بێخەبەر لەوەی زمانی زبر و بەکارهێنانی وشەی ناشرین لەلایەن مامۆستاوە لای خوێندکار پێچەوانەکەی ڕاستە و لاوازی ئاستی بیرکردنەوەی زانستی و پەروەردەیی مامۆستا دەردەخات و تێڕوانینێکی نادروست لای خوێندکار درووست دەکات.

نەبوونی باکگراوەند و هوشیارییەکی زانستی و دەروونی و پەروەردەیی لای مامۆستا وادەکات مامۆستا نەتوانێت بەزمانێکی پەروەردەیی و بەشێوەیەکی ئارام وەڵامی خوێندکارەکانی بداتەوە، ئەمەش وادەکات توانای قەناعەتپێهێنانی لاوازبێت، خوێندکار ئەوە وەردەگرێت و ئەزموونی دەکات کەمامۆستا مومارەسەی دەکات، زۆرێك لە مامۆستایان ڕێگە بەخۆیان دەدەن و شەرعیەت بەو زمانە زبرانە دەدەن کەبەکاری دەهێنن، بەڵام ڕێگەش بەوە نادەن و قبوڵیان نییە کەخوێندکارەکانیان بەهەمان زمان وەڵامیان بدەنەوە، بەبیانووی ئەوەی مامۆستا و خوێندکار جیاوازن! لەکاتێکدا زمانی زبر و شێوازی قسەکردنی ناپەروەردەیی پەیوەندی بەوەوە نییە مامۆستایت یان خوێندکاریت.

دەبێت ئەوەش بزانین کار و پەیامی مامۆستا ئەوە نییە وشە و ڕستە و زمانی ناشرین بەکاربهێنێت، یان بەمانایەکیتر دەتوانین بڵێین بۆ مامۆستا نییە و ڕێگە پێدراو نییە زمانی زبر بەکار بهێنێت، ئەوەی سەیرە و جێگای پرسیارە ئەوەیە، ئەگەر مامۆستایەك پێی ڕەوا بێت و قەناعەتی بەوە هەبێت قسەی ناشرین و زمانی زبر بەکار بهێنێت بەرانبەر خوێندکارەکانی، هەمان مامۆستا ڕێگە نادات و پێی قبوڵ نییە مامۆستایەکی تر زمانی زبر و

قسەی ناشرین بەرانبەر بەمنداڵێکی خۆی بکات؟ هیچ کار و ڕەفتارێکی نادرووستی خوێندکار ناکاتە ئەوەی مامۆستاکەی بەزمانی ناشرین و ڕەق وەڵامی بداتەوە، زۆرجار پاساوی مامۆستا بۆ ئەو قسە و زمانە خراپ و زبرانەی بەکاری دەهێنێت ئەوەیە خوێندکار لاساری و کاری نابەجێ دەکات، لەکاتێکدا ئەم پاساوە درووست نییە و لەجێگەی خۆیدا نییە، چونکە ناپەروەردەییە لەلایەکەوە و لەلایەکی تریشەوە ڕێگەی یاسایی و پەروەردەیی خۆی هەیە و دەتوانرێت بەزمانێکی نەرم و بە وشە و ڕستەی کاریگەر قەناعەت لای خوێندکارەکە درووست بکات کە کاری لاساری و نابەجێ نەکات.

بەداخەوە ئینسان جاری واهەیە تووشی بێومێدی و بێهیوایەکی زۆر دەبێتەوە، بەهۆی تێنەپەڕاندنی زمانی زبر و ڕەقی زۆرێك لەمامۆستایان لەخوێندنگاکاندا، ئەو زمانە خراپەی لەدەرەوەی خوێندنگا بەکاردەهێنرێت و ڕۆژانە گوێمان لێدەبێت گواستراوەتەوە بۆ ناو خوێندنگا، لەکاتێکدایە دەبێت زمانی قسەکردنی مامۆستا لەدەرەوەی خوێندنگا و ناوەوەی خوێندنگا جیاوازبێت!

## پیاو یان ئافرەت، کامیان مامۆستای سەرکەوتوون؟*

مامۆستای سەرکەوتوو و کاریگەر بەردەوام لە هزر و دونیابینی ئەو خوێندکارانەی دەمێنێتەوە کە ڕۆژێك لە ڕۆژان وانەی پێوتونەتەوە هەندێك پەیجی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە تایبەتی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووك زۆرجار لەسەر دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیی یان سیاسیی یان پەروەردەیی لەسەر کوردستان ڕاپرسی دەکەن، ئەم ڕاپرسیە و جۆری وەڵامەکان گرنگە و دەکرێت لە ڕێگەیەوە کۆمەڵگەی پێبخوێنیتەوە و تەنانەت لێکۆڵینەوەشی لەسەر بکەیتّ.

لە ماوەی پێشوودا پەیجێکی ناسراو لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووك ڕاپرسییەکی ئەنجامدابوو ژمارەیەکی زۆر بە شداریان کردبوو کە یازدە هەزار لایك و هەڤدە هەزار کۆمێنتی بۆ چوو بوو پرسیاری کردبوو، پرسیارەکەش ئەمەبوو " خەڵاتی باشترین مامۆستا دەدەی بە کام مامۆستا؟" لە وەڵامدا ئەوەی مایەی سەرنج و تێبینی بوو بۆ ئێمە ئەوە بوو زۆرێك لە وەڵامەکان کە دەتوانین بڵێین زیاد لە سەتا هەشتای ئەوانەی بەشدارییان کردبوو، ناوی مامۆستای پیاویان هەڵبژاردبوو، تەنانەت ئەوانەشی ئافرەت بوون بەشێکی گرنگیان ئەومامۆستا پیاوانەیان هەڵبژاردبوو کە ڕۆژێك لە ڕۆژان وانەی پێووتونەتەوە و کاریگەری

---

* لە ژمارە "٤١"ی ڕۆژنامەی "زەمەن" ڕۆژی سێشەممە٥/١١/ ٢٠١٩ بلاۆکراوەتەوە.

دروستكردووه ! ، دەبێت ئەوە ڕوونبكەینەوە ئەم نووسینەی ئێمە بە دووره لە ڕوانگەیەكی نێرسالارانە و پیاوانەوە، بەڵكو دیدگایەكی مرۆییانەیە و سەرنجدانە لە دیاردەیەك كە لە كایەی پەروەردە و فێركردندا هەستی پێدەكرێت.

لە ژیانی خوێندنی خۆمان و زۆرینەی هاوڕێكانمان ئەگەر بۆ ساتێك بیربكەینەوە و بگەڕێینەوە بۆ یادەوەری ئەو مامۆستایانەی كاریگەرییان هەبووە لەسەرمان زۆرینەیان مامۆستای پیاو بوون وەك لە مامۆستای ئافرەت! لە ڕاستیدا كە مامۆستای پیاو سەركەوتترە لە ئافرەت ئێمە پێمانوایە ئەمە ناگەڕێتەوە بۆ سروشتی ئافرەت كە هەندێك بۆچوون پێیان وایە ئافرەت توانای نییە! بەڵكو دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ژینگە كۆمەڵایەتیی و ئابووریی و سیاسییەی كە ئافرەتی تێدا دەژێت و پەروەردە دەكرێت و كە تیایدا قوربانییە، وەك فەیلەسوفی ئافرەتی ناسراوی فەڕەنسی "سیمۆن دیبۆڤوار" لە كتێبە بەناوبانگەكەیدا بەناوی "ڕەگەزی دووەم" دەڵێت "ئافرەت بە ئافرەتی لە دایك نابێت، بەڵكو دەكرێت بە ئافرەت!".

لەو ژمارە زۆرەی مامۆستای پیاویش كە هەیە ژمارەیەكی كەمیان مومارەسەی ڕاستەقینەی تەواوی مامۆستایەتی دەكەن! ئەویش ئەوانەن تا ڕادەیەك لە ژینگەیەكی كۆمەڵایەتیی و ئابووریی مەعریفیی درووستدا پەوەردەكراون و خۆیان پێگەیاندووە، نەوەك سیستەم درووستیانی كردبێت، دەبییێت بپرسین ئایا ئافرەت ئەو ژینگە جیاوازانەی بۆ فەراهەمكراوە، وەك بۆ هەندێك لە مامۆستا پیاوەكان فەراهەمكراوە؟

بەشێك لەو كەسایەتییە سیاسیی و كۆمەڵایەتیی و ئەكادیمیانەی قۆناغەكانی خوێندنیان تەواو كردووە بە هەردوو ڕەگەزەوە، یاداشت و

بیرەوەرییەکانی خۆیان نووسیوەتەوە لە باسی ئەو مامۆستایانەی کاریگەرییان هەبووە و پێیان باشبووە زۆرینەیان ناوی مامۆستا پیاوەکان دەهێنن و ستایشیان دەکەن و کەمترینیان ناوی مامۆستای ئافرەت دەهێنن!

ئەگەر سەرنجیش بدەین لەو خولانەی هەم بۆ فێربوونی زمان و هەمیش بۆ بەهێزکردنی وانەکان لە پشووی هاویناندا دەکرێنەوە و پەیمانگاکان ئەو مامۆستایانە وەردەگرن و کە ناودارن و ناسراون و بە توانان دیسانەوە زۆرینەیان لە مامۆستا پیاوەکان پێکدێت و مامۆستای ئافرەت بەرێژەیەکی بەرچاو کەمە! لە خوێندنگاشدا وانەکانی پۆلی دوازدە لەبەرئەوەی جیاوازترە لە قۆناغەکانی تری خوێندن ئەو مامۆستایانە وەری دەگرن و وانە دەڵێنەوە کە پیاون و مامۆستای ئافرەت زۆر کەمە! لەناو لیژنەکاندا لە قوتابخانەدا مامۆستای ئافرەت دەیەوێت کەمترین بەرپرسیاری وەربگرێت و دەیەوێت لە کەمترین لیژنەدا ئەندام بێت و زۆربەی لیژنە گرنگ و هەستیار و پەروەردەییەکان مامۆستا پیاوەکان وەریدەگرن وەك لە مامۆستا ئافرەتەکان!

لە دونیای ئێمەدا واباوە و دەوترێت کە ئافرەت بەهۆی ئەوەی نەرم و نیانتر و لێبوردەترە باشترە بۆ مامۆستایەتی تەنانەت هەندێك لەوانەی باس لە مەسەلەی ئافرەت و بە بەرگریکاری ئافرەت و کەسی فیمینیست دەناسرێن هەمان بۆچوونیان هەیە و بەرگری لێدەکەن، بەڵام لە ڕاستیدا ئەمە لە واقیعدا پێچەوانە دەکەوێتەوە، کەم نین ژمارەی ئەو ئافرەتە مامۆستایانەی کە خوێندکارەکانی ئەناڵێنن بە دەستییەوە، ئەو میهرەبانی و سۆزەی ئافرەتی پێدەناسرێتەوە مومارەسەی ناکات! ، " ئێمە وەك

سەرەتاش ئاماژەمان پێکرد باسی واقیعی مامۆستای ئافرەت دەکەین لە کوردستاندا نەوەك سروشتی ئافرەت"، مامۆستای ئافرەت ئەوەندە بیری لە ئەرکی ماڵەوەیە ئەوەندە بیری لای قوتابخانەکەی نییە! "کۆمەڵگە و فۆرمی ژیانی خێزانداری ئەرکێکی زۆری خستۆتە سەر ئافرەت" ، ئەمەش وای کردووە کاریگەری نەرێنی دروست بکات لە ژیانی مامۆستایەتی ئافرەتدا.

# شكۆی مامۆستا و وته و کاردانەوەکانی دوایی*

هیچ شتێك لەخۆیدا گرنگ نییە، بەڵكو ئەوەی گرنگی دەكات بەهاكەیەتی هەرچ شتێكیش بەهای نەما مانای ڕاستەقینەی خۆشی لە دەستدەدات، دەسەڵاتدارانی ئەم هەرێمە لەزووەوە بە فۆرمی جیاواز خەریكی بێبەهاكردنی مامۆستا و پرۆسەی پەروەردە و فێركردنن! زۆرجار پرۆسەی پەروەردە و فێركردنی ئێستا بەراورد دەكرێت بە ڕابردوو هەندێك پێیان وایە ئەوەی ڕابردوو باشتربووە، نەوەك بەهۆی ئەوەی پەروەردەی ڕابردوو گرنگتربووە و باشتر بووە، بەڵكو بەهۆی ئەوەی بەها هەبووە! "نەوشیروان مستەفا" لە كتێبی لە كەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ" لە ڕێگەی نموونەیەكەوە گرنگی و بون و نەبونی بەهامان بۆ ڕووندەكاتەوە و لە شوێنێكدا دەنووسێت" ئەو دۆڵەی لێی بوین ناوی گوستەبو، لە ئەنجامی ئەو هەموو كۆبونەوە بێ ئەنجامەدا ناوی" دۆڵە گوستە"یان كرد بە "دۆڵە فشە".

لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا بینیمان بەشەق درا لە مامۆستایەك و جەدەلی ئەوە هاتە كایەوە كەوا شكۆی مامۆستا شكێنراوە لەڕاستیدا بۆ ئێمە جێگای سەرنجە تا ئێستا بۆچوونێك هەبێت پێیوابێت شكۆی مامۆستا

* لە ژمارە "٦١٩"ی ڕۆژنامەی "ئاوێنە" ڕۆژی سێشەممە٢٠١٨/٤/٣ بلاَكراوەتەوە.

لەوکاتەوەو لەئێستادا شکێنراوە! شکۆی مامۆستا بەگشتی و شکۆی پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن دەمێکە لەڕێگەی بەحزبیکردن و نابوتکردنی ناوەندەکانی خوێندنەوە شکێنراوە، یان درووستتر ڕۆژانە دەشکێنرێت چیرۆکی تراژیدی لەبارەی ژیانی مامۆستاوە دەبینین و دەبیستین و، بەڵام ئێستا دەرئەنجامەکەی دەبینین بەداخەوە ئێمە وەهاین وەك ڕۆماننوس "جان دۆست" لە ڕۆمانی "مژاباد" دەنووسێت: " کورد سەد داریان لێدەدرێ دواتر دێتەوە بیریان بڵێن ئاخ!" بەهەموو شێوەیەك و بەڕێگای جیاواز چەندین ساڵە لە کۆی شکۆی چینەکانی کۆمەڵگای ئێمە دەدرێت لەناویشیاندا شکۆی مامۆستا بۆیە شەق لێدان لە مامۆستاکە لە ڕۆژانی ڕابردوو زیادبوونی ژمارەیەکی دی بو بۆشەقە مەعنەوی و مادديیەکانی پێشتر.

بەداخەوە وەك ڕەخنەیەك لەدوای ڕوودانی شەق تێهەڵدانی مامۆستاکە و یان دەتوانین بڵێین پێشتریش لە خۆپیشاندانە جیاوازەکاندا یان تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا لە بەرانبەر ئەو ڕووداوە بەشێکی گرنگی مامۆستایان وەك کاردانەوەیەك وشە و ڕستەی توند بەکاردەهێنن لە کاتێکدا بە باوەڕی ئێمە ئەو وشانەی دەوترێن دەبێت بە دیقەتەوە بکرێن و گرنگە مامۆستایان واهەست بکەن لە پۆلدان و وانە دەڵێنەوە، چونکە وانەبێت شکۆی مامۆستا دیسانەوە لای فێرخوازان دەکەوێتە ژێرپرسیارەوە!

"تیۆدۆر ئادرنۆ" فەیلەسوف و سۆسیۆلۆژی ئەڵمانی ڕستەیەکی بەناوبانگی هەیە کە دەڵێت: " کاتێك شەڕت لەگەڵ دێودا کرد، دەبێت وریای ئەوەبیت نەبیت بەدێو!" ئەم ڕستەیە ڕستەیەکی ئێجگار جوان و ماناداره ئادرنۆ ئەیەوێت پێمان بڵێت کاتێك تۆ دەتەوێت دژی ناشرینییەك

شەڕبکەیت و بجەنگیت بۆ بەدەستهێنانی جوانی و دۆخێکی گونجاوتر و باشتر کە جیاوازبێت و لە دونیای ناشرینی پێشتر نەچێت، دەبێت وریای ئەوەبیت خۆت نەبیت بە بەشێك لە ناشرینییەکە و نە چیتە هەمان دۆخی ناشرینییەوە و کەرەستە و میتۆدی ناشرین بەکارنەهێنیت بۆ لەناوبردنی ناشرینی! بەداخەوە ئەوەی تێبینی دەکەین لە لەڕاگەیاندن و تۆڕی کۆمەلآیەتی فەیسبووك زمانێکی زبر و دوور لە ڕەخنەیەکی وردو زانستی بەرچاومان دەکەوێت، گرنگە زمانێك بەکاربهینرێت لەزمانی دەسەلآتداران نەچێت، دواتر ئەو شێوازە قسەکردنە دەبێتە باو و لەسەر زمانی فێرخوازان و ئەوانیتر دەوترێنەوە، ئێمە خۆمان لەناو دونیایەك لەناشرینیدا دەژین بۆیە دەبێت لە هەوڵی کەمکردنەوەی ناشرینییەکاندابین و ئالۆزتری نەکەین.

گرنگە ئاگایی ئەوەمان هەبێت لەکاتی نووسین و قسەکردن نەچینەوە دۆخی ئەو دەسەلآتدرانەی ئەمڕۆیان بۆ والێکردین، ئەگەر وانەبین بە بۆچوونی ئێمە لە داهاتوودا ئەرکێکی زۆر قورس بۆ مامۆستا زیاد دەبێت و ئەویش سڕینەوەی ئەو جۆرە لەزمان و نووسین و شیعارانەیە کە دەوترێنەوە و لابردنیشی ئاسان نابێت!

دەبێت لەم دونیابینییە تا ئەندازەیەکی ئێجگار زۆر دووربکەوینەوە کە "بەختیار عەلی" لە کتێبی سێیەمی ڕۆمانی "کەشتیی فریشتەکان" ئاماژەی پێدەکات و مەترسی ئەو جۆرە زمانە بەیان دەکات لەمڕۆد او دەنووسێت" کوڕم، بڕۆ فەیسبووکێك بکەوە، لە باباتاهیری هەمەدانەوە پیاوەرەخوارێ، جنێو بەهەموویان بدە، هەرچی نوسەرە، بە مردوو و زیندووەوە، ئیتر خەڵك بە جیدی وەرتدەگرن، گەر لەم سەردەمەدا

بەجۆرێکی موقنیع جنێوبدەیت حیسابی بلیمەتی عەسرت بۆ دەکرێت، بەس ئەوە دەیخوات، تۆ وابکە بە قەبری مردووم، دوای سالێك دەبینیت بیست هەزار کەس چەپڵەت بۆ لێدەدەن...." شێواز و دەرکەوتنی میدیای ئەلکترۆنی خراپترین جۆر و شێوازی دەرکەوتنە کە ئینسان هەستی پێدەکات نووسەری لوبنانی" تۆنی سەغبینی" لە کتێبی "نەفرەتی هەزارە، بۆچی چالاکیی گۆڕانخوازانە سەرناکەوێت" لەوبارەوە دەنووسێت: "ئەمڕۆ هەزاران گروپی بچوکمان هەیە لەبری پێداگرتن لەسەر هێنانەدی ئامانجە گۆڕانخوازەکانیان خەریکی پێشبڕکێن بۆ بەدەستهێنانی دەرکەوتنی ئەلکترۆنی و میدیایی"، ئەمانەی وەك ڕەخنەیەك دەیڵێین مانای کەمکردن و بێ بەهاکردنی ناڕەزایەتییەکان نییە، بەلاّم ئینسان دەبێت لە کاتێکی وەهاشدا کەم و کورتییەکان و ناتەواوییەکان ببینێت" ئانتوان دۆسانت ئێگزۆپێری" لە ڕۆمانی "شازادە چکۆلە" جوانی گوتوە کە دەلێت" دادگاییکردنی خۆت، زۆر لە دادگاییکردنی ئەوانیتر دژوارترە، ئەگەر توانیت لەمەڕ خۆت باش دادوەری بکەی، ئەوا تۆ دادوەرێکی ڕاستەقینەی".

# لەبارەی کەسێتیی مامۆستاوە*

هەر هەنگاوێکی مامۆستا یان هەر وشەیەکی کە دەریدەبڕێت کاریگەری خۆی دەبێت، کەسایەتیی مامۆستا ڕۆڵێکی گرنگی هەیە و وادەکات خوێندن لای فێرخواز خۆشەویست بکات یان بێزراوی بکات. جارێکیان مامۆستای خوێندنگایەك یەکێك لە فێرخوازەکانی عەینەکی لەچاو بووە لەبری ئەوەی بەناوی خۆیەوە بانگی بکات پێیدەڵێت "ئەبو عەینەك"، هاوڕێکانی دواتر بەوناوەوە بانگی دەکەن و فێرخوازەکەش وای لێدێت نەڕواتە بۆ خوێندنگا و هەست بەتەریقی و شکانەوەدەکات، مامۆستا دەبێت حیساب بۆ هەر وشەیەکی خۆی بکات و بزانێت تا چەند پەروەردەییە و تا چەند پەوەردەیی نییە، گرنگە مامۆستا لە ڕوانگە و میزاجی خۆیەوە ڕستەکان دەرنەبڕێت، بەکارهێنانی هەندێ وشە و زاراوەی ناپەروەردەیی بەناوی سوعبەت و گاڵتە و گەپکردنەوە لەگەڵ فێرخوازدا کاریگەری نەرێنی دروست دەکات و لەسەر کەسێتیی مامۆستا دەکەوێت و دەبێتە نەنگی بۆی، لەوانەیە فێرخواز بەناچاری بەدەمی مامۆستاوە بۆ ئەو ساتە وەڵامی مامۆستا بداتەوە و پێبکەنێت، بەڵام لە پشتی پەروەردەوە پرسیاری زۆر لەسەر کەسایەتیی مامۆستا لای خۆی دروست بکات، دونیایەك نوکتە و چیرۆك و بەسەرهاتی پێکەنیناوی هەن و پەروەردەیین و شایانی گێڕانەوەن و پێویستن.

---

* لە ژمارە "١٥"ی ڕۆژنامەی "زەمەن" ڕۆژی سێشەممە ٢٣/٤/ ٢٠١٩ بلاوکراوەتەوە.

کەسێتیی مامۆستا و چۆنێتی هەڵسوکەوتی لەگەڵ فێرخوازدا لەوانەیە و ئەگەری زۆرە ژیانی فێرخواز بە ئاڕاستەیەکی جیاوازدا بەرێت، دکتۆر محمد کەمال یەکێکە لە ئەکادیمی و پسۆڕە ناسراوەکانی فەلسەفە و مامۆستای زانکۆیە لە ئوسترالیا، لە گێڕانەوەی ژیان و یادداشتەکانی خۆیدا باس لە کەسێتیی و هەڵسوکەوت و مامەڵەی پەروەردەییانەی مامۆستایەکی دەکات کەوای کردووە ڕێڕەوی ژیانی بگۆڕێت و کاریگەری لەسەر دروست بکات و بگات بەو کەسە بەناوبانگەی ئێستای!

ئەوە دەگێڕێتەوە کە داڕشتنێکی نوسیوە و مامۆستاکەی پێیوتوە ئەم نووسینە نووسینی خۆت نییە و لە نووسەری بەناوبانگ "جبران خەلیل جبران" وەرتگرتوە! دواتر مامۆستا تێدەگەیەنێت کە لە نووسینی خۆیەتی و هیچی ئەو نوسەرەی نەخوێندۆتەوە مامۆستاش باوەڕی پێدەکات و هانی دەدات و دەڵێت حەزدەکەم بەرەوپێشەوە بچیت و گفتوگۆی لەگەڵدا دەکات مامۆستاکە ناوی "محەمەد ئەمین ئەحمەد"ەو مامۆستای زمانی عەرەبییە لەکاتی پرسیارکرن لەفێرخوازەکەی بۆی دەردەکەوێت حەزی لەچییە و توانای چییە دکتۆر محەمەد کەمال دەڵێت: "ڕۆژی دوایی مامۆستا کتێبێکی بەناوی "مدخل الی الفلسفە"ی بۆ هێنام. ئەو کتێبەم بە چەند ڕۆژێك خوێندەوە. ناوی نوسەری کتێبەکەم لە یاد نەماوە، بەڵام کتێبێکی قەبارە ناوەندی و بەرگێکی زەردی هەبوو، دیاربوو کتێبەکە کۆن بوو. دوایی کتێبەکەم بۆ مامۆستا گەڕاندەوە بەڵام لێی وەرنەگرتمەوە و وتی دیاری منە بۆ تۆ. لەو ڕۆژەوە هەستمکرد ئەو وەڵامانەی من بەدوایدا دەگەڕێم، لەڕێگەی فەلسەفەوە دەستم کەوتن. ڕوومکردە کتێبخانەی گشتی سلێمانی و ڕۆژانە لەوێ دادەنیشتم و بەدوای کتێبە فەلسەفییەکاندا

دەگەڕام." دەپرسین چەند مامۆستا دەستی فێرخوازەکانی دەگرێت و بەمشێوەیە ئاڕاستەیان دەکات؟! کەمنین ژمارەی ئەو مامۆستایانەی بەمجۆرە لەفێرخواز دەڵێن تۆ چی دەزانیت؟ خۆ فەیلەسوف نیت تاوەکو فەلسەفە لێبدەیت و دەیانشکێننەوە! ئای چەند زۆرن ئەو مامۆستایانەی پێچەوانەی کەسێتیی مامۆستا محەمەد ئەمین دەجولێنەوە!

شتێکی شاراوەو نەوتراومان نەوتوە کە دەڵێین کەسایەتیی مامۆستا و هەڵسوکەوتی چەند کاریگەری هەیە لەسەر فێرخواز، زۆرجار کاتێك فێرخوازێك ئاگاداردەکرێتەوە لە هەڵە و کارێکی نا پەروەردەیی ڕاستەوخۆ بیری بۆ لای ئەو مامۆستایانە دەچێت کە کار و ڕەفتاری نا پەروەردەیی پیادە دەکەن و بە نموونە دەیهێنێتەوە! ئەمەش بەدواداچوون و چارەسەکردنی گرفت و کێشەکان دوو هێندەیتر ئالۆز دەکەن. درەنگ چونە پۆلەوە و خۆئامادەنەکردن بۆ وانە و بەکارهێنانی زمانی ناپەروەردەیی و هەڵسوکەوتی ناپەروەردەیی ...هتد لەو خاڵە گرنگانەن کە کاریگەری خراپ لەسەر کەسێتیی مامۆستا دروستدەکەن و وێنایەکی نادروست لای فێرخواز درووست دەکەن. کەسێتیی مامۆستا دەبێت بەو شێوەیەبێت و لەو مامۆستایە بچێت کە ڕۆماننووسی ناسراو"جەنگیز ئیتماتۆڤ" لە ڕۆمانی "یەکەمین مامۆستا" باسی دەکات، پاڵەوانی ڕۆمانەکە مامۆستایەکە بەناوی "دویشن" لەگەڵ فێرخوازێکی بەناوی "ئاڵتینای"، دویشن زۆرمیهرەبانانە ڕەفتاردەکات لەگەڵ ئاڵتینای و فێرخوازەکانی، ئاڵتینای لە خێزانێکی دواکەوتو و لە کۆمەڵگەیەکی دواکەوتوش بووە و دژی خوێندن و خوێندەواری بوون، دویشن هەموو هەوڵێکی ئەوەبووە ئاڵتینای پێبگەیەنێت و ڕزگاری بکات و هەرواشی کرد لەگەڵیشیدا دویشن وەك مامۆستایەك باجی

زۆریدا! "دوێشن"ی مامۆستا له‌ شوێنێكدا ده‌ڵێت" ئه‌گه‌ر من بمتوانیایه‌ چاكتر وانه‌ به‌ منداڵه‌كان بڵێمه‌وه‌، ئه‌وه‌ هیچ ئاواتێكی دیكه‌م نه‌ده‌بوو"، ئاڵتینای له‌ چه‌ندین شوێندا به‌مشێوه‌یه‌ كه‌سایه‌تی مامۆستاكه‌ی و كاریگه‌رییه‌كه‌ی باس ده‌كات و هه‌ڵیده‌سه‌نگێنێت" چی ده‌بوو ئه‌گه‌ر مامۆستا دوێشن برایه‌كی ڕاسته‌قینه‌م بوایه‌؟ چی ده‌بوو ئه‌گه‌ر بمتوانایه‌ خۆم به‌ گه‌ردنیه‌وه‌ هه‌ڵبواسم؟ به‌ توندی له‌ئامێزم بگرتایه‌، چاوه‌كانم توند بنووقاندایه‌و نایابترین قسه‌ی دنیام به‌ گوێیدا بچرپاندایه‌! ئه‌ی په‌روه‌ردگار! دوێشن بكه‌ره‌ برایه‌كی ڕاسته‌قینه‌ی من" له‌ شوێنێكی تردا ده‌ڵێت:" تا ئێستاش من ناتوانم چه‌ند وشه‌یه‌ك ببینمه‌وه‌ كه‌ بتوانن، ئه‌گه‌رچی تا ڕاده‌یه‌كیش بێت، ئه‌و كاریگه‌رییه‌ ده‌ربخه‌ن كه‌ مرۆڤێكی دلاوه‌ر و خانه‌دان و ئازادیخوازی وه‌كو دوێشن، به‌سه‌ر منه‌وه‌ هه‌یبوو".

"نوبواكی نوتوهارا" نوسه‌رێكی یابانییه‌ كتێبێكی هه‌یه‌ به‌ناونیشانی " **العرب وجهة نظر یابانیة**" ، نوسه‌ر كتێبه‌كه‌ی به‌زمانی عه‌ره‌بی نوسیووه‌، خۆی به‌شی زمانی عه‌ره‌بی ته‌واوكردووه‌ و دواتریش بوه‌ به‌ مامۆستای زانكۆ، له‌و كتێبه‌دا ئه‌زموونی چل ساڵه‌ی خۆی ده‌گێڕێته‌وه‌ له‌ به‌ریككه‌وتنی له‌گه‌ڵ دونیای عه‌ره‌بیدا، له‌باسی منداڵ و قوتابخانه‌ و په‌روه‌رده‌كردندا له‌دونیای عه‌ره‌بیدا هێمای كه‌سێتی مامۆستایه‌كمان بۆ ده‌كات كه‌ خه‌ریكی سه‌ركووتكردنی فێرخوازه‌كانیه‌تی وه‌ك سه‌سوڕمان باسی ده‌كات به‌ به‌راووردا له‌گه‌ڵ وڵاته‌كه‌ی خۆیدا كه‌ ژاپۆنه‌! وه‌ك هه‌مووجار به‌داخه‌وه‌ له‌ ڕاستیدا ئه‌وه‌ی "نوبواكی نوتوهارا" له‌ باره‌ی كه‌سێتیی مامۆستا و په‌روه‌رده‌وفێركردنه‌وه‌ له‌ دونیای عه‌ره‌بیدا ده‌یڵێت نزیكیه‌كی زۆر و هاوشێوه‌ی له‌ كوردستاندا ده‌بینینه‌وه‌!

# مامۆستای جدی کێیە؟

زۆر جار ئەوەمان بەرگوێ کەووتووە لەناوەندەکانی خوێندندا کەفلاَن مامۆستا جدییە و فلاَن مامۆستای تر جدی نییە، لەڕاستیدا زۆرجار ئەم زاراوەیە"جدی" لەشوێنی خۆیدا بەکار ناهێنرێت، بەڵکو زۆرجاریش بەپێچەوانەشەوە بەکار دەهێنرێت ئەوەی جدییە پێی دەوترێت ناجدی و ئەوەشی ناجدییە پێی دەوترێت جدی و خیانەت لەوزاراوەیە دەکرێت و لەشوێنی خۆی بەکارناهێنرێت.

زۆرجار مامۆستایەك بۆئەوەی پێی بووترێت مامۆستایەکی جدییە لەکاتی وانەوتنەوەی بابەتەکەیدا کاتی پشووی خوێندکارەکان دەبات و ناهێڵێت پشوویەك بدەن بە بیانووی تەواو نەبوونی زۆرجاریش وەکو منەت دەیفرۆشێتەوە بەخوێندکارەکانی، لەکاتێکدا ئەم کارە هیچ لەبەرژەوەندی خوێندکاردا نییە و زیرەکترین خوێندکار بەوکارە قەڵس و بێتاقەت دەبێت، سەیر ئەوەیە زۆرێکیشیان بەماوەیەکی زۆر پیش دەستپێکردنی تاقیکردنەوەی کۆتایی ساڵ هەموو کتێبەکە تەواو دەکەن!

بۆئەوەی پێی بڵێن مامۆستایەکی جدییە سلاَو لەخوێندکارەکانی ناکات و کاتێك دەچێتە پۆلەوە ڕۆژباشیان لێناکات، لەگەڵ خوێندکارەکانیدا پێناکەنێت، چونکە ئەترسێت خوێندکارەکانی ئیستغلالی بکەن و بەلای ئەوەوە خوێندکار هەر خوێندکارە و ئەگەر (کۆنترۆڵی) نەکەیت دواتر کۆنترۆڵت دەکەن، لەگەڵ خوێندکارەکانی تێکەڵ نابێت، چونکە مامۆستا و

خوێندکار دوو شتی جیاوازن هەڵبەت ئەم تێڕوانینە لای ئەو مامۆستا "جدی" یانە ئەوەیە کەخوێندکار لەگەڵ مامۆستا جیاوازە بەهۆی ئەوەیە کەبونەوەرێکی جیاوازن وپڕن لەهەڵە !

سەیر ئەوەیە یان زۆرێك لەمامۆستایان تێکەڵی خوێندکارەکانیان نابن و دیوارێکی بتەویان درووستکردوە کە زۆر خراپە یان تێکەڵ دەبن و دواتر خۆیان بیر دەچێتەوە کەمامۆستان و ئەو شوێنەی تێیدان دەزگایەکی پەروەردەییە و دواتر دەبینین ڕووداوی سەیر سەیری لێدەکەوێتەوە ئەویش ڕابواردن و گاڵتە پێکردنیانە لەلایەن خوێندکارەکانیانەوە وەك لەماوەی پێشوودا لەتۆرە کۆمەڵایەتییەکان بینیمان.

مامۆستای جدی پێی وانییە لەدەرەوەی بابەتەکەی خۆی شتێکی پەروەردەیی دەرەوەی پرۆگرام بۆ خوێندکارەکانی باس بکات، چونکە ئەوە ئیشی ئەو نییە؟ ئیشی ئەو تەنها ئەوەیە زانیاریەکی وشکوبرنگ بگەیەنێت بەخوێندکارەکانی و هەڵبەت ئەمەشیان زۆرجار بەناتەواوی، بەلای مامۆستای"جدی" ەوە دەبێت خوێندکار وەکو ئامێر مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت وبەدەربێت لەدۆخە سایکۆلۆژیی و سیاسیی و کۆمەڵایەتییەکە ! کەئەمە خراپترین کارە کەئەو مامۆستایانە پێی هەڵدەستن و پێچەوانەی بنەما پەروەردەییەکانە.

ئێمە پێمان وایە ئەم مامۆستا "جدی" یانە ئەوەندەی کۆمەڵگاییانە بیردەکەنەوە ئەوەندە پەروەردەییانە بیرناکەنەوە، زۆرجار شوناسی ئەم جۆرە لە جدییە بەو مامۆستایانە کۆمەڵگا پێیان دەبەخشێت، کۆمەڵگا و زۆرێکیش لەمامۆستایان هاوڕێکن لەسەر شێوازی هەڵسوکەوتی ئەو جۆرە لەجدیاتەی مامۆستا کەلەسەرەوە باسمان کردن، چونکە بەدیدی ئەوان ئەم

شێوازە لەهەڵسوکەوت کردنە ئەو مرۆڤەیان بۆبەرهەم دێنێت کەخۆیان دەیانەوێت جائەوەیان بیرچۆتەوە کەپرسیار لەخۆیان بکەن دروستکردنی کەسایەتیی ئینسان بەو ڕێگەیە درووستە یان ڕێگە پەروەردەییەکانیتر؟

ئەگەر تۆزێك وردتر بڕوانین دەبینین لەکاتی دانانی مامۆستای چاودێر بۆگۆڕەپانی قوتابخانە لەوکاتەی خوێندکارەکان پشوو وەردەگرن یان لە کاتی دەستپێکردنی وەرزی تاقیکردنەوەکان، ئیدارەی خوێندنگاکە ئەو مامۆستایانە هەڵدەبژێرن کە خۆیان واتەنی ڕەقن و سامییان هەیە! واتە دەبێت لەوساتەدا مامۆستا جێگەی پۆلیس بگرێتەوە بۆئەوەی ببێت بەمامۆستای"جدی"؟

# سێکوچکەی (فێرخواز، پرۆگرام، مامۆستا)*

پەروەردە و فێرکردن لەهەرێمی کوردستانی عێراق، لەقەیرانێکی قوڵدایە و هەرکایە و لایەنێك لەلایەنەکانی بگریت و تەماشایان بکەیت جێگای پرسیار و ڕەخنەیەکی زۆرە! ئەمەش دەیڵێین ئەوەندەی فاکتەو پشت بەئەرگۆمێنتی تەواو دەبەستێت، هیچ کات ڕستەیەکی هەرواهیی یان نابەرپرسیارانە نییە، ئەوەی ئێمە لەم نووسینەدا زیاتر دەمانەوێت لەسەری بوەستین، تەنیا سێ کایەی گرنگی بواری پەروەردە و فێرکردنن نەوەك کۆی کایە و لایەنەکان، ئەوانیش بریتین لەکایەکانی فێرخواز و پرۆگرام و مامۆستا.

لەجێگەی خۆیدایە و گونجاوە سەرەتا قسە لەسەر فێرخواز بکەین وەك کائینێکی پەروەدەکراو و فێرکراو تا ئەو کاتەی لەخوێندنگایە، ئەگەر سەرنج بدەین لەو دۆخەی کەفێرخوازی تێدایە لەخوێندنگا تاڕادەیەکی زۆر نائومێدکەرە، بەوەی مومارەسەی ژیانی فێرخوازی خۆی ناکات و ئەرك و مافەکانی خۆی نازانێت بەتەواوی یان گەر بشزانێت بۆی جێبەجێناکرێت، فێرخواز ڕاستە لەسیستەمی پەروەردە و فێرکردنی ئێمەدا بەشێوەیەکی تیۆری ئاماژەی پێکراوە بەوەی چەقی پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن بریتیە لە"فێرخواز"، بەڵام لەڕاستیدا ئێمە ڕۆژانە لەمیانەی سەرنجدانمان و

---

* لە ژمارە "٥٣٣"ی ڕۆژنامەی "ئاوێنە" ڕۆژی سێشەممە ٢١/٦/ ٢٠١٦ بڵاوکراوەتەوە.

بەرکەوتنمان لەگەڵیاندا ئەمە بەدی ناکەین و هەستی پێ ناکەین و بگرە زۆرجار فێرخواز قوربانییەکی ڕوون و دیارە، کێشەی سەرەکی ئێمە ئەوەیە تێڕوانینێکی هەڵەو نادروستمان بەرانبەریان هەیە و وەك بونەوەرێکی خاوەن کەسێتیی و بیرکەرەوە و خاوەن دونیابینی سەیریان ناکەین، بەڵکو بەپێچەوانەوە وەکو ئامێر سەیردەکرێن و هەمیشە وێنایان وا درووستکراوە و دروستدەکرێت بەوەی بونەوەرێکن هەمیشە پڕن لەهەڵە و بەردەوام مەحکومن بەتاوان و پێویستە کۆنترۆڵ بکرێن! کە ئەم وێنا موزەیەفە هەبوو بەرانبەر فێرخواز بێگومان چاوەڕوانی ئەوە ناکرێت فێرخواز هەست بەئاسوودەیی و ژیانی فێرخوازی خۆی بکات و هەمیشەش لە ململانێ و بەریەککەوتنێکی خراپدا دەبێت لەگەڵ ئەو خوێندنگایەی تیایدا دەوام دەکات.

کەمترین قسە و بۆچوونی فێرخواز وەردەگیرێت لەناوەندە پەروەدەییەکاندا لەکاتی بوونی کێشە و گرفت لەگەڵ مامۆستایەکی یان کارگێڕی خوێندنگاکەی زۆرجار ئەگەر نەڵێین هەمیشە فێرخواز بەتاوانبار دەردەچێت و لایەنی بەرانبەریش بێتاوان ئەگەرچی تاوانباریش بێت ئەمەش کارێکە فێرحواز ئەوەندە هەستی پێکردووە و ئاگادارە زۆرجار ئەگەر کێشەیەکی هەبێت لەگەڵ مامۆستایەکی خوێندنگاکەی تۆ ڕێنمایی دەکەیت کێشەکەی خۆی بەشێوەی داواکاری بگەیەنێت و سکالا لە کارگێڕی خوێندنگا بکات پێشت دەکەوێت و دەڵێت سوودی نییە و ئێمە گوێمان لێناگیرێت و هەمیشە تاوانباردەکرێین، ئەگەرچی هەڵەکەش لەئێمەوە نییە!

بۆیە ئێمە پێمان وایە بۆئەوەی فێرخواز هەست بکات فێرخوازە دەبێت ئەرك و مافەکانی وەك ئەوەی کەزانست و تیۆرەکانی پەروەردە و فێرکردن

پێمان دەڵێن جێبەجێ بکرێن و ئەو وێنایەش بگۆڕدرێت کەهەموو سیفاتێکی پێشینەی نێگەتیڤ و خراپ دەداتە پاڵ فێرخواز و دەبێت هەمیشە لەبۆسەدا بیت بۆی.

پرۆگرام و کێشەکانی یەکێکیترە لەبابەتە گرنگەکانی ناوەندەکانی خوێندن، هەرچەندە لەم ساڵانەی دواییدا گۆڕانکاری بەسەر هەندێك لەبابەت و پرۆگرامەکانی خوێندندا هاتووە نەوەك هەمووی، بەڵام ئەم گۆڕانکارییە بەشێوەیەك نییە هەست بەجیاوازییەکی قوڵ بکرێت لەچاو پرۆگرامەکانی پێش گۆڕینیان بەتایبەتی لەو بابەتانەی کەبەشە وێژەییەکان دەیخوێنن، ئەوەی ئێمە تێبینیمان کردبێت و سەرنجی پرۆگرامەکانمان دابێت کۆمەڵێك خاڵی لاوازی هەیە، لەکاتێکدا پرۆگرامی خوێندن خۆی لەڕاستیدا نابێت کەمترین هەڵە و کەم و کورتی تێدابێت، چونکە نەوەیەکی لەسەر پەروەدە دەکرێت و دونیابینی و بیرکردنەوەیان ئاڕاستە دەکات و تەنیا کتێبێکی ئاسایی نییە.

زۆرێك لەکتێبەکان کە لەزمانی عەرەبییەوە وەرگێڕدراون وەرگێڕانی ئێجگار خراپی بۆکراوە و مانا و مەبەست بەئاسانی نادەن بەدەستەوە، نەوەك بەتەنیا فێرخواز، بەڵکو وەرگێڕانەکان ئەوەندە خراپن مامۆستاش هیلاك دەکەن و دەچێتە حاڵەتی تێنەگەیشتن لەبابەتەکەوە، کەئەمەش کاریگەری خراپ لەسەر فێرخواز دروست دەکات و وانەکە بەهەند وەرناگرێت، لەکاتێکدا بەپێی تیۆرەکانی پەروەردە و فێرکردن دەبێت وانە و پرۆگرامەکانی خوێندن بەزمانێکی سادە و دوور لەگرێ و گۆڵ دابڕێژرێت بۆئەوەی فێرخواز بەئاسانی لێی تێبگات و زانیارییەکانی ناوی وەربگرێت و تووشی وەڕزی و بێتاقەتی نەکات و لەوانەکە دوور نەکەوێتەوە.

بەشێکی باشی هەندێك لەپرۆگرامەکانی خوێندن زانیارییەکانی کۆنن و بەسەرچوون و بۆ ئێستا دەست نادەن و دەبێت بگۆڕدرێن و جێگایان بگیرێتەوە بەزانیاری نوێ و تازە، یان باسی هەندێك لەپرۆگرامەکانی خوێندن زانیارییەکانی ناوی هەڵەن و بەشێوەی ناڕاست نووسراوون و بەفێرخوازان دەوترێتەوەو بەهەڵە زانیارییەکانیان پێدەگات و ئەمەش وادەکات فێرخواز کەمترین متمانەی لادروست بێت و کار لەسەر خوێندنی و تێڕوانینی بۆ خوێندنگاکەی درووست دەکات کە بێگومان تێڕوانینێکی نەرێنییە، هەروەها ئەوەی جێگەی سەرنجە لەپرۆگرامەکان و دیسانەوە فێرخواز دەبێتەوە بەقوربانی شێوازی گۆرین و دیاریکردنی پرسیارەکانە، بەپێی بڕیاری وەزارەتی پەروەردە دەبێت لەسەدا پەنجای پرسیارەکانی تاقیکردنەوەی فێرخوازان بەشێوەی هەڵبژاردن بێت، لەکاتێکدا پرۆگرام هەمان پرۆگرامی پێشووە لەکوێی دونیادا هەبوە شێوازی دانانی پرسیار بگۆڕیت بەلاَم لەگەڵیدا پرۆگرام و وانەکان گۆڕانکاری بەسەر نەیەت! چونکە هاوسەنگی نامێنێت وانەی واهەیە بەهۆی ئەوەی پرۆگرامەکە کۆن داڕێژراوە هەڵبژاردنی زۆری لێدەرناچێت و زۆرینەی لەسەر شێوازی باسکردنە بۆیە بەزۆریش ناتوانرێت سەدا پەنجای هەڵبژاردنی لێدەربچێت، لێرەش مامۆستا ئەگەر پرسیار و هەڵبژاردن بێنێتەوە پرسیار و هەڵبژاردنێکی پەروەردەیی و زانستی نابێت و فێرخواز دەبێتە قوربانی پرسیاری ناپەروەردەیی، چونکە لەبنەڕەتدا پرۆگرامەکە وا دانەڕێژراوە و دانەنراوە ئەو ژمارە زۆرەی هەڵبژاردنی لێدەربچێت.

هەندێك لەپرۆگرامەکان وانەی تێدایە پێویستی بەسەردانی زانستی و مەیدانی هەیە تاکو فێرخواز لەنزیکەوە بیبینێت وەك دەزگای کەشناسی و

ناوچە شوێنەوارییەکان و..... هتد کەچی فێرخواز نایانبینێت و وەك وانەیەکی ڕووت دەخوێنرێت و ئامانجی خۆی ناپێکێت، بیریار و فەیلەسوفی فەڕەنسی "جان جاك ڕۆسۆ" هەردەم ئامۆژگاری ئەوەبووە بۆ تێگەیشتنی فێرخواز کەهەتاکو پێمان بکرێ ڕاستەوخۆ شتە باسکراوەکان بەپراکتیکی پیشانی فێرخواز بدەین.

مامۆستاش خاڵێك یان بنەمایەکی گرنگی پرۆسەی پەروەردە و فێرکردنە، کایەی پەروەردە و فێرکردنی هەرچ وڵاتێك سەرکەوتن بەدەست بهێنێت یان شکست بەشێکی گرنگی بۆ مامۆستا دەگەڕێتەوە، ئەبێت دان بەوەدا بنێین کە شکستی پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن لەمڕۆی دونیای کوردیدا بەشێکی باشی بەر مامۆستا دەکەوێت سەرەڕای ئەو گێروگرفتە کۆمەڵایەتیی و سیاسیی و ئابووریەی کەهەبووە و هەیە، وەك چۆن ئەگەر پرۆسەکە سەرکەوتوو بوایە بەهەمان شێوە پشکی گرنگی بەردەکەوت، یەکێك لەو کێشانەی لەمڕۆدا مامۆستای پێ دەناسرێتەوە نەبوونی مەعریفەیەکی ئەوتۆیە کەبتوانێت بەشی ئەوە بکات بابەتەکە بەتەواوی بگەیەنێتە فێرخوازان، هەر لەسەر ئەو زانیارییە کۆنانە وانە دەڵێتەوە کەلەزانکۆ یان پەیمانگا وەری گرتووە "ئەگەر وەری گرتبێت" کەئەمەش ڕوونە کاریگەری خراپ لەسەر فێرخوازان جیدەهێڵێت، چونکە مامۆستا ناتوانێت فێرخوازان تینوێتییان بۆ مەعریف و زانست بشکێنێت و لەدەرئەنجامدا کێشەی تریشی لێدەکەوێتەوە لەنێوان هەردوولا، وەك ئەوەی مامۆستا بەڕێوەبردنی پۆل لەدەست دەدات و ناچاردەبێت بەشێوەی خراپ و نادروست هەڵسوکەوت لەگەڵ فێرخوازەکانی بکات بۆئەوەی نەبوونی و لاوازی زانیارییەکانی بشارێتەوە.

مامۆستا دەبێت زمانی قسەکردنی جیاواز بێت و زمانێکی ئەکادیمی و زانستی بەکاربێنێت لەکاتی وانەوتنەوەی لەناوپۆلدا و دووربێت لەهەموو زمانێکی زبر و توند، چونکە دواجار ئەبێت ئەوەی بیر بێت ئەو مامۆستایە و بۆ مامۆستاش بەهەموو ڕێسا و یاسایەك ڕەوا نییە جگە لە زمانێکی پەروەردەیی و ئەکادیمی زمانی توند و ناپەروەردەیی بەکاربهێنێت، خراپی شێوازی پرسیاردانان و نەزانینی دابەشکردنی نمرە بەشێوەیەکی دادپەروەرانە لەلایەن مامۆستاکانەوە لەمڕۆدا کێشەیەکی سەرەکی فێرخوازانە و دەبێتە هۆی درووستکردنی گرفت، دەبێت ئەوە بزانین گرنگی زیرەکی مامۆستای سەرکەوتوو لەوەدایە باری ئابووری و کۆمەلأیەتی و سایکۆلۆجی فێرخوازەکانی خۆی بناسێت، چونکە گەر شارەزا بوو کەواتە فێرخوازەکەی دەناسێت و دەزانێت چۆن هەڵسوکەوتی پەروەردەیی لەگەڵدا بکات، خاڵێکی گرنگ کە مایەی سەرنجە و ئەمڕۆ بەتەواوی لە ناوەندەکانی خوێندندا هەستی پێدەکەیت و زۆر خراپ و ناپەروەردەییە ئەوەیە کەمامۆستا کاتێك وانە دەڵێتەوە بەپێی حەزوو ئارەزوی خۆی وانە بەفێرخوازەکان دەڵێتەوە، نەوەك بەپێی ڕێبازی پەروەردەیی و زانستی ڕێگاکانی وانەوتنەوە، ئەمەش وادەکات فێرخواز گیرووگرفتی بۆدروست بێت و لەوانەکە تێنەگات، ماوەتەوە بڵێین مامۆستا دەبێت لەگەڵ فێرکردندا پرۆسەی پەروەردەکردنیش ئەنجام بدات و تەنیا کاری وانەوتنەوە نەبێت، کاریگەری لەسەر هەڵسوکەوتی فێرخوازببێت و بیگۆڕێت چونکە فیزیا و کیمیا و مێژوو و کوردی بەبێ ئەخلاق هیچ سوود و کاریگەرییەکی نابێت و ئامانجی خۆی ناپێکێت.

# مامۆستایەتی و وانەوتنەوە وانابێت*

بەڕێوەبەری قوتابخانەیەك قسەی لەگەڵ زۆرێك لە مامۆستاکانیدا نییە، هی وایان هەیە شەرم دەکات و ناتوانێت هەفتانە چارەکێك بۆ قوتابییەکانی قسە بکات! بەڕێوەبەرێك بۆ ئەوەی قوتابییەکی فێربکات پێی دەڵێت کەر و خوێڕی؟ هی وایان هەیە هەمیشە دار میوانی ژورەکەیەتی (چاوپێکەوتنی گۆڤاری " تاوی کۆمەڵایەتی" لەگەڵ چەند بەڕێوەبەر و یاریدەدەرێك کە لەگەڵ ئەوەن لە منداڵ بدرێت و بترسێنرێت ڕاستی ئەم قسانەی ئێمە دەسەلمێنێت).

مامۆستای وا هەیە ڕقی لەو بابەتەیە کە پسپۆڕی خۆیەتی کەچی هەر دەشیلێتەوە و لە کۆڵی خۆی دەکاتەوە، زۆرێك لە مامۆستایانی کۆمەڵایەتی وانەی زانست و کۆمپیوتەریان وتۆتەوە، مامۆستای وەرزش وانەی ئینگلیزی وتۆتەوە بەبێ ئەوەی هیچی لێ بزانێت! نەی زانیوە بە زمانی کوردی قسەبکات و خوێندکارەکان لێیتێبگەن و مامۆستاش بووە.

پۆلێك لەیەك بابەت چوار مامۆستای جیاواز وانەی پێ وتونەتەوە و هەر ماوەیەك و مامۆستایەك، هەندێك مامۆستا باسی گرنگی کتێب و خوێندنەوەی کتێب دەکات کەچی بە پێچەوانەشەوە خۆی بڕوای بە خوێندنەوە نییە و تاکە کتێبێکی نییە. زۆربەی مامۆستاکان لەپاش

---

* لە ژمارە "٢٢٨"ی ڕۆژنامەی "ئاوێنە" ڕۆژی سێشەممە ٦/١٥/ ٢٠١٠ بڵاوکراوەتەوە.

دەرچوونیان لە زانکۆ و پەیمانگا توخنی خوێندنەوە ناکەون و بەم هۆیەشەوە ئاستی مەعریفی و زانیارییان هیچ لە ئاست پێداویستییەکانی ئەم سەردەمەدا نییە ( تاقیکردنەوەی مامۆستایان بۆ سەرپەرشتیاری باشترین بەڵگەیە کە ٩٤٪ یان نەیانتوانی ٦٠/١٠٠ بە دەست بهێنن لە کاتێکدا پرسیارەکانی پەروەردەیی و زانیاری گشتی بوون).

جارێك خوێندکارێك سڵاو بۆ مامۆستاکەی دەکات، کەچی مامۆستاکەش لەجیاتی ئەوەی بەحورمەتەوە وەڵامی بداتەوە بانگی دەکات و دەیبات بۆ لای بەڕێوەبەر، کاکی بەڕێوەبەریش لە مامۆستا کلۆڵتر دەڵێت: جارێکیتر سڵاوی بۆ مەکە؟ زۆر مامۆستاش پێیانوایە دەبێت دیوارێکی پتەو لەنێوان مامۆستا و خوێندکاردا هەبێت و لە هەرکوێدا مامۆستا دەرکەوت قوتابی و خوێندکار بەرزەپێ لەبەری هەستن و هیچ کات ڕێگەش بە خۆیان نەدەن سڵاو لە مامۆستا بکەن.

ململانێیەکی نابەجێ و شەخسی لەنێوان هەندێك لە مامۆستایاندا هەیە و یەکتر ناخوێننەوە، لەکاتی درووستبوونی کێشەدا هەمیشە خوێندکار تاوانبار دەبێت، لە کاتێکدا زۆرجار حەق لای ئەویشە، بەڵام چ فایدە، چونکە کەس گوێی بۆ ناگرێت و ئەگەر قسەش بکات " ناکرێت پشتی مامۆستا بەربدرێت". لەسەرەتای دەست بەکاربوونم زیاد لە مامۆستایەك پێی وتم ڕووی خۆش نەدەی بە خوێندکاران دوای دەتخۆن خۆ ئەمە سوید نییە! مامۆستای وا هەیە بڕوای بە بنەماکانی دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ نییە، چونکە بیرکردنەوە و پاشخان و ئینتیماکەی بۆ ئایدیۆلۆژیایەکی دیاریکراو ڕێگەی پێنادات، کەچی بەناچاری ئەو وانەیەی هەر وەرگرتووە و دەیڵێتەوە. ئەوەشی زۆر خراپە و دەبێت هەرگیز وەها نەبێت هەندێك لە

مامۆستایان قەناعەت و بۆچوونی خۆیان تێکەڵ بە وانەکان دەکەن و بەسەر قوتابییەکانی دەسەپێنن و ناتوانن لە وانەوتنەوەدا بێلایەن بن.

گواستنەوەی ململانێ حزبییەکان لە دەرەوەی قوتابخانەوە بۆ ناو قوتابخانە و بردنی قوتابییەکان بۆ بۆنە و کۆبوونەوەی هەندێ لە حزبەکان لە کاتی دەوامی ڕەسمیدا کە هیچ پەیوەندی بەوانەوە نییە و تەنیا بۆ قەرەباڵغکردنە، کێشەیەکیتری گەورەی قوتابخانە و خوێندنگەکانە. جارێك سەرپەرشتیارێك چوو بوو بۆ یەکێك لە قوتابخانەکان ناڕازی بوو لەو ئاڵۆزی و دەنگە دەنگەی لە قوتابخانەکەدا هەبوو، کەچی لە تۆماری سەرپەرشتیاران نووسیبووی قوتابخانەیەکی زۆر هێمن و بێدەنگە.

# ئایا منداڵ پەڕەیەکی سپییە؟*

لای زۆرینەی خەڵکی گشتی و بەشێکی گرنگی خوێندەوارەکانیش وەڵامی پرسیاری ئەوەی ئایا منداڵ پەڕەیەکی سپییە؟ دەم و دەست بەڵێیە و بێ هیچ بیرکردنەوەیەکی وردو پەروەردەیی بڕوا بەوەهێنراوە کە منداڵ چۆنمان بوێت ئاوا دەتوانین بیرکردنەوەی خۆمانیانی تێدابچێنین و وەك هەویرێك چۆنمان بوێت ئەوەی لێدروست دەکەین کە دەمانەوێت، چونکە خۆیان توانای بیرکردنەوە و پرسیارکردنیان نییە و ئەوە ئێمەین هەموو بیرکردنەوە و پرسیارەکانیان بۆ درووستدەکەین خۆیان هیچ بەشدارییەکیان نییە! تەنانەت فەیلەسوفێکی گرنگی سەدەی هەڤدەی وەك "جۆن لۆك" پێی وابووە کە منداڵ پەڕەیەکی سپییە، لەڕاستیدا ئەم دەیدە تەقلیدییە بۆ پەروەردە و فێرکردن تا ئێستاش بەسەر دونیابینی و بیرکردنەوەی پەروەردەکاراندا زاڵە و کێشە و گرفتی پەروەردەیی زۆری دروستکردووە، ئەمەش وای کردووە فێرخوازێکی ڕۆبۆت ئاسا و بیرنەکەرەوە و لەڕووی کەسێتیشەوە ئاڵۆز درووستبکات، گرفتەکە ئەوەیە ئەم تێڕوانینە تەنیا لە سنووری منداڵیدا ناوەستێت و بەڵکو هەندێکجار دەگاتە سنووری تەمەنی هەرزەکاری و پێیان دەڵێن هێشتا پەرەیەکی سپیین و چۆنمان بوێت ئاوا دروستی دەکەین؟

---

* لة ذمارة "٦٠٧"ي رِؤذنامةي "ئاويَنة" رِؤذي سيَشةممة ٢٠١٧ /١٢/٢٦ بلاَوكراوةتةوة.

دەبێت ئەوە بزانین بەشێکی گرنگی لێکۆڵەران و توێژەرانی هاوچەرخی پەروەردە و فێرکردن ئاماژە بەوەدەکەن و جەخت لەوەدەکەنەوە کە منداڵ بەتەنیاپەرەیەکی سپی نییە و خاوەن بیرکردنەوە و هەست و شعوری خۆیەتی و دەتوانێت دیاردەکانی دەوروبەری بخوێنێتەوە و هەڵیان بسەنگێنێت بەپێچەوانەی تێڕوانینی پەروەردەیی کۆن، منداڵیش دەتوانیت پرسیاربکات و بەپێی ئاستی مەعریفی خۆی و هەستەکانی دیاردەکانی دەورووبەری خۆی بخوێنێتەوە، ئەوەی پێمانوایە کە منداڵ هیچ نازانێت و بیرناکاتەوە و تەنیا ئامێرێکە و دەبێت بەپێی حەز و ئارەزووەکانی ئێمە بجوڵێتەوە ئەو بونەوەرەمان بۆدرووستدەکات کە ئێستا هەمووان لەدەستی ڕادەکەن و نغرۆیە لەگرفت و ئاڵۆزی!

ئەو بەریەککەوتننانەی کەلەبەشێکی گرنگی خوێندنگاکانی کوردستاندا هەیە و ڕوودەدات لەنێوان فێرخوازان و مامۆستایان بەشێکی زۆری دەگەڕێتەوە بۆ ئەو تێڕوانینەی کە تا ئێستاش پێیوایە منداڵ پەڕەیەکی سپییە! زۆرێك لە مامۆستایان دەیانەوێت تێڕوانینی دیاریکراوی خۆیان جا ڕاست بێت یان ناڕاست بەحوکمی پێگەی دەسەڵاتی کارگێڕی و مەعریفییان بسەپێنن بەسەر فێرخوازان و ئەوەی تێبینی دەکرێت کەمترین بۆچوون و قسەی فێرخوازان وەردەگیرێت، بەهۆی ئەوەی فێرخوازان ناتوانن بیربکەنەوە و دیاردەکانی دەوروبەری خۆیان هەڵسەنگێنن! منداڵ و فێرخوازان کەش و ژینگەیەکی تەندروستیی پەروەردەیی و فێرکارییان بۆ برەخسێت پەڕەیەکی سپی نین.

کەم نین ئەو پرسیار و بۆچوونانەی کە فێرخوازان هەندێکجار دەریدەبڕن و مامۆستاکانیان تووشی سەرسوڕمان دەکەن، چونکە پێیان وایە منداڵ پەڕەیەکی سپیە و چۆن دەتوانێت پرسیاری گرنگ بکات و بەو

شێوازە وردە بیربکاتەوە! لەڕاستیدا ئەوە ئێمەین ئارەزووmانە و دەمانەوێت و بەپێی بیرکردنەوەی گەورەییمان منداڵ دەبێت پەڕەیەکی سپی بێت، ئەگینا خۆی بەپێی بنەمای پەروەردەیی نوێ منداڵ ئەو پەڕە سپییە نییە چۆنمان بوێت ئاوا ڕەسمی بکەین! تەنانەت بەداخەوە زۆرجار گومان لەوەدەکرێت فێرخواز ئەوە قسەی خۆی بێت، ئەگەر قسەیەکی جیاواز لەمامۆستا و پرۆگرام بکات و پرسیارێکی گرنگ بوروژێنێت!

بەچەند نموونەیەکی واقیعی و زیندووی بەشێکی کەمی ناو خوێندنگاکانی ئێمەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە منداڵ بەتەنیا پەڕەیەکی سپی نییە، لە بابەتی کۆمەڵایەتی پۆلی شەشی بنەڕەتی کاتێك مامۆستایەك وانەی شۆرەکات شی دەکاتەوە یەکێکیش لە فێرخوازەکان پرسیاری ئەوەدەکات شۆرەکات مانای چییە؟ مامۆستاش وەڵام دەداتەوە و دەڵێت: بەخاك و زەوییەك دەوترێت ڕێژەی خوێی زۆربێت، فێرخوازیش وەڵامێکی گرنگی مامۆستاکەی دەداتەوە و زاراوەیەکی جیاواز لەوەی ناوپرۆگرام باس دەکات و دەڵێت مامۆستا پێی بوترێت شۆرەخاك جوانتر و تەواوترنییە! فێرخوازێکیتر لە مامۆستاکەی دەپرسێت: مامۆستا ئێمە بۆچی کارەبا دەمانگرێت کەچی کۆترێکم بینی و کارەباش هەبوو بەسەر سیمی کارەباکەوە بەڵام کارەبا نەیگرت! گرنگە هوشیاریی و ئاگایی ئەوەمان هەبێت فێرخواز و منداڵ وەك تەواوکەر وێنابکەین و تەنها وانەبینرێن و هەمیشە ئەو گومانەمان لادروستبێت هەرچی بڵێن قسەی خۆیان نییە و پێمانوابێت ناتوانن قسەی جیاواز بڵێن لەوەی مامۆستا دەیڵێت و هەرلەسەرەتاوە بەهرە و تواناکانیان بکوژین بەناوی ئەو ڕستە باوە تەقلیدییەی کە دەڵێت منداڵ پەڕەیەکی سپیە!

# جیاوازیكردن له‌ نێوان زانسته‌كان[*]

له‌ ناوه‌نده‌كانی خوێندن له‌ كوردستاندا جیاوازیكردن له‌ نێوان زانسته‌كان به‌ ڕوونی ده‌بینرێت چ له‌ نێوان به‌شه‌ زانستییه‌كان یان به‌شه‌ وێژه‌ییه‌كان له‌ نێوان خۆیاندا چ له‌ نێوان به‌شی وێژه‌یی و به‌شی زانستیی وه‌ك دوو جه‌مسه‌ری دژی به‌رانبه‌ر یه‌ك! به‌داخه‌وه‌ین جۆرێك له‌ ڕق و توندوتیژیی له‌ ناوه‌نده‌كانی په‌روه‌رده‌ و فێركردنی كوردستاندا سه‌ری هه‌ڵداوه‌ و ڕۆژ له‌ دوای ڕۆژیش گه‌شه‌ده‌كات و په‌ره‌ده‌سێنێت.

ئه‌م ڕق و توندوتیژییه‌ نوێیه‌ یان ده‌توانین بڵێین ئه‌م جۆره‌ له‌ ڕاسیزمی نوێیه‌ په‌یوه‌ندی به‌ ڕق و توندوتیژیی و ڕاسیزمی ئاینیی و كۆمه‌ڵایه‌تیی و نه‌ته‌وه‌یی و ڕه‌گه‌زیی و سیاسییه‌وه‌ نییه‌، ئه‌م ڕق و توندوتیژ و ڕاسیزمه‌ ئه‌وه‌یه‌ زانستێك پێیوایه‌ هه‌موو حه‌قیقه‌ت ته‌نیا لای ئه‌وه‌ و دونیا ته‌نها به‌ زانسته‌كه‌ی ئه‌و ده‌برێت به‌ڕێوه‌ و زانسته‌كانیتر یان پاشكۆن یان له‌ بنه‌مادا هه‌ر گرنگ نین و پێویست ناكات هه‌بن!

چی له‌وه‌ تراژیدیتره‌ په‌روه‌رده‌كارێك و مامۆستایه‌ك له‌ به‌شی زانستی پێیوابێت ئه‌و زانسته‌ی ئه‌و هه‌ڵگریه‌تی بۆ نموونه‌ فیزیایه‌ یان كیمیایه‌ یان ئینگلیزی زۆر گرنگتره‌ و به‌ بایه‌ختره‌ له‌ زمانی كوردی و عه‌ره‌بی و زینده‌ و دیدگای ئه‌وه‌بێت هه‌ڵگرانی فیزیا و كیمیا مێشك و ئاوه‌زیان باشتره‌ له‌

[*] له‌ ژماره‌ "٤٧"ی ڕۆژنامه‌ی "زه‌مه‌ن" ڕۆژی سێشه‌ممه‌١٢/١٧/ ٢٠١٩ بلاۆكراوه‌ته‌وه‌.

هەڵگرانی زانستەکانی دی و بەردەوام هێرشیان بکاتەسەر! چی لەوە کۆمیدیترە پەروەردەکارێك و مامۆستایەك لە بەشە وێژەییەکان دیدگای ئەوەبێت هەڵگرانی پسپۆڕی و زانستەکانی مێژوو و جوگرافیا گرنگن و بە پێچەوانەوە هەڵگرانی زانستەکانی ئابووری و کوردی هیچ نین و زانست نین!

ئەم جیاوازیکردنە و بە باشترزانینە و بایەخدانانەی ئەم زانست بەسەر ئەو زانستەیتردا تەنیا لە نێوان زانستەکانی بەشە زانستییەکان یان بەشە وێژەییەکان نییە، بەڵکو لە نێوان بەشە وێژەییەکان و بەشە زانستییەکاندا بە شێوەیەکی گشتی وەك دوو جەمسەر دژ بە یەك نەوەك تەواوکەری یەکتر زیاتر ئەم جیاوازی و ڕق لێبونە و خۆ بەزلزانیینە هەیە! کەمنین ژمارەی ئەو مامۆستایانەی کە خەریکی بڵاوکردنەوەی جۆرێك لە ڕق و توندوتیژیی ڕەمزی و ڕاسیزمن کە پێیان وایە مامۆستای بەشی زانستی گرنگترن و بە ئاوەزترن، هەروەها باشتر بیردەکەنەوە و هەڵگری زانستن ئەگەر بە زمانیش نەیڵێن لەڕەفتاریاندا ڕەنگی داوەتەوە بە پێچەوانەی مامۆستای بەشە وێژەییەکان دەکرێنە دەرەوەی ئەو بازنەیەوە! درووستکردنی ئەم دیوارە لە ڕق گواستراوەتەوە بۆ خوێندکاران لە نێوان خۆیاندا وێژەیی و زانستیی کەمترین پەیوەندی لە نێواندا هەیە، وێژەییەکان زیاتر هەست بەو زوڵم و ناعەدالەتییانە دەکەن کە بەرانبەریان دەکرێت بۆ نموونە پۆلی خراپتریان بەردەکەوێت و بەردەوام هێرشیان دەکرێتەسەر بەوەی ئاوەز و مێشکیان بە بەراوورد بە زانستییەکان هیچ نییە! هەمیشە جێگای گومانن و کەمتر بایەخیان پێدەدرێت! قەت نەمانبینی کام مامۆستا ئاست و توانای باشە بدرێتە وێژەییەکان، هەمیشە بە قودرەتی قادر بەر بەشە

زانستییەکان دەکەوێت! بەرپرسانی پەروەردەیش لە ئاستی باڵادا هەمان تێڕوانینیان هەیە و زۆری جیاواز نییە! کۆمەڵگەیەك هەر لە سەرەتاوە و لە ناوەندەکانی خوێندنەوە تاکەکانی بەمشێوەیە بیربکەنەوە یان پەروەردە بکرێت، چاوەڕێیی تاك و کۆمەڵگەیەکی درووستی لە داهاتوودا لێناکرێت. هیچ زانستێك لە زانستێکی دیکە بە نرختر و گرنگتر و بە بەهاتر نییە و هەموویان تەواوکەری یەکترین کۆمەڵگە و ژیان هەموو زانستێکی پێویستە ئەگەر وانەبێت ژیان بەو شێوەیەی هەیە بوونی نابێت! وەك چۆن پێویستمان بە پزیشکێکی وەك جەمال ڕەشید و زانایەکی وەك کۆچەر بیرکار هەیە بە هەمانشێوەش پێویستمان بە مێژوونووسێکی وەك کەمال مەزهەر و جوگرافیزانێکی وەك عەبدوڵاغەفوور و شاعیرێکی وەك شێرکۆ بێکەس و بیرمەندێکی وەك محەمەد کەمال هەیە، ئەمە بۆ هەموو زانستەکانی دیکەش هەر ڕاستە.

نووسەر و ڕۆشنبیری ناسراو " بەختیار عەلی لە ژمارە "٥" ی گۆڤاری "سەردەمی رەخنە"دا لە بابەتێکدا بەناونیشانی "هەندێك سەرەنج دەربارەی سیستمی پەروەردە و ستراتیژی گۆڕانکاری لەم سیستمەدا" لە شوێنێکدا دەڵێت" گێڕانەوەی هاوسەنگی بۆ سیستمی پەروەردە لە قووڵاییدا دەبێت گێڕانەوەی نرخ بێت بۆ هەموو بوار و کایە زانستییەکان. هیچ زانستێك نییە نزمتر بێت لە زانستێکی دی و هیچ بوارێکیش نییە بتوانرێت بە بێ بوارە مەعریفییەکانی تر بژی. کۆمەڵگایەك کە پێویستی بە هەموو زانستەکان نەبێت کۆمەڵگایەکی نەخۆشە. ئەوە پەرەسەندنی کۆمەڵگایە کە زانستەکان دەکاتە کایە و چالاکی پێویست. لە کۆمەڵگایەکدا کە مرۆڤەکان تەنیا لە نەخۆشی بترسن بێگومان تاکە زانستێك کە دەبێتە

خاوەن نرخ تەنیا پزیشکییە، بەڵام لە کۆمەڵگایەکدا بیرکردنەوەی ئەبستراکت و تێڕامانی زیهنی و بیرکردنەوە تیایدا سەروەرە تێیدا فەلسەفە و لقەکانی بە ئەندازەی پزیشکی بایەخ و حورمەتیان دەبێت. لە کۆمەڵگایەکدا کە دەزانێت تەنیا خانووبەرە درووستبکات و بایەخ بە دۆخی ڕۆحی مرۆڤەکان نادات، بێگومان زانستی ئەندازە برەو دەستێنێت و سایکۆلۆژیا نرخێکی نابێت. لێرەوە بەرزبوونەوەی هەندێك زانست و بەلاوەخستنی هەندێکی دی، لە جەوهەردا ئاوێنەی گەشە و ناگەشەی کۆمەڵگان. لە دونیایەکدا کە هەموو کەرتەکانی لە کاردایە، هەموو زانستەکانیشی لە کاردا دەبن، بەڵام کۆمەڵگای ئیفلیج تەنیا پێویستی بەو زانستانە هەیە کە مەرجە سەرەتاییەکانی مانەوەی بۆ دابیندەکەن".

# وێنایەکی نا پەروەردەیی بۆ بەشی وێژەیی*

کۆمەڵگا و بەرپرسان و خوێندەوارەکانی ئێمە بەئاسانی دەستکاری هەموو شتێك دەکەن بەبێ ئەوەی بیری لێبکەنەوە و وردببنەوە لەدەرئەنجامەکانی، ئاشکرایە فێرخواز دەچێتە پۆلی دەیەمی ئامادەیی دەبێت لە نێوان بەشی زانستیی و وێژەیی یەکێکیان هەڵبژێرێت، بەداخەوە ئەوەی زۆرجار بڕیار دەدات فێرخواز وێژەیی یان زانستیی هەڵبژێرێت حەز و ئارەزووی فێرخوازەکە نییە بەقەد ئەوەندەی هاندانی دەوروبەرەکەیەتی هەربۆیە لەدەرئەنجامدا بەشێکی گرنگیان شکست دەهێنن.

وێنایەك درووست بووە فێرخوازێك ئەگەر بڕیاربدات و بەشی وێژەیی هەڵبژێرێت بەفێرحوازێکی لاواز لەقەڵەم دەدرێت و پێی دەڵێن بەشی وێژەیی چییە و بۆچی باشەو گرنگی چییە؟! بەڵام ئەگەر هەمان فێرخواز بچێتە بەشی زانستیی ڕووبەڕووی ئەوقسانە و هەمان پرسیار نابێتەوە، تەنانەت فێرخوازێك بچێتە بەشی زانستیی و توانای خوێندنی ئەوبەشەشی نەبێت ئەوپرسیارانەی ڕووبەرووی فێرخوازەکەی بەشی وێژەیی بووەتەوە ڕووبەڕووی فێرخوازی بەشی زانستیی نابێتەوە؟ ئێمە پێمان وایە جگە لە خێزان و کۆمەڵگە کۆی بەرپرسانی لایەنی پەروەردەیی بەرپرسن لەدرووستکردنی ئەم وێنایە، لە ئەورووپا ماوەیەك ئەم دیدە زاڵبووە

---

* لە ژمارە "٦١٤"ی ڕۆژنامەی "ئاوێنە" ڕۆژی سێشەممە ٢٠/٢/ ٢٠١٨ بلاوکراوەتەوە.

بەتایبەتی لەسەدەی نۆزدە و نیوەی یەکەمی سەدەی بیست کە کاتی سەرهەڵدانی فەلسەفەی پۆزەتیڤیزمە بەڕابەرایەتی فەیلەسوفی کۆمەڵناسی ئۆگست کۆنت، ئەم فەلسەفەیە پێمان دەڵێت ئەگەرهەرشتێك خرایە ژێر ئەزمونەوە سەداسەد دەرنەچوو کەواتە زانست نییە، واتە بەکورتی بە دیدێکی ماتماتیکییانە سەیری کۆی لایەنەکانی ژیانی کردوە کەدواتر ئەم دیدە لەلایەن پسپۆڕانەوە خراوەتە بەرنەشتەری ڕەخنە.

مەبەستمانە بڵێین کە ئەم دیدە تاڕادەیەکی زۆر وەکو خۆی گواستراوەتەوە بۆ وڵاتی ئێمە، فیزیا و ماتماتیك و کیمیا زانستن و گرنگن و بۆ ژیان پێویستن دەبێت هەموو ژیان بە پێوەری ئەو زانستانە بخوێنرێنەوە، بەڵام بەپێچەوانەوە مێژوو و جوگرافیا و ئابووری زانست نین و گرنگ نین! هەموو خوێندکارێکی ئێمە دەزانێت نیوتن و ئەنیشتاین و فیساگۆرس کێیە، بەڵام ناوی دوو فەیلەسوفی بواری مێژوو و ئابووری نازانێت! بەداخەوە ئەوشەڕە لەناو خوێندکارەکانی ئێمە لەخوێندنگاکان زۆر بەئاسانی هەستی پێدەکرێت، خوێندکارانی بەشی وێژەیی هەست بەتاوانیك دەکەن کەکاتێك ئەو بەشە هەڵدەبژێرن و زۆرجاریش لەلایەن هاوڕێکانیان لەبەشی زانستیی ڕووبەڕووی توانج دەبنەوە و هەندێك جاریش کێشە لەنێوانیاندا درووست دەبێت و حاڵەتی هەراسانکردن دروست دەبێت، چونکە هەردوولایان مەعریفەیەکی تەواویان نییە تاوەکو بەرگری لە بۆچوونی خۆیان بکەن بەشێوەی دیالۆگ، تەنانەت ئەم کێشەیە لەسەرەوەش هەیە، بۆنموونە مامۆستایەکی فیزیا هەمان پێگە و ڕەمزی نییە بە بەراورد لەگەڵ مامۆستایەکی ئابووری یان هەرمادەیەکی تری تایبەت بەبەشی وێژەیی(دیارە ئەم قسەی ئێمە ڕێژەییە)، هەروەها

خاڵێکیتر دەمانەوێت ئاماژەی پێبکەین جیاوازیکردنە لەنێوان خوێندکارانی بەشی وێژەیی و زانستیی لەلایەن مامۆستا و بەڕێوەبەری خوێندنگاکانەوە لە مامەڵەکردنێکی ئاساییەوە تا وەکو زۆرشتیتر بەشی وێژەیی پێیان وایە زۆرجار بە چاوی نەرێنییەوە لێیان دەڕوانرێت.

هەندێك ماددەی خوێندن هەیە هاوبەشە لەنێوان بەشی زانستیی و وێژەیی واتە هەردوولا دەیخوێنن، وەکو وانەکانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی و بیرکاری ئەو مامۆستایەی ڕێگای وانەوتنەوەی سەرکەوتوە و خوێندکار خۆشی دەوێت و باش لێی تێدەگات دەیدەن یان خۆی دەچێت بۆلای بەشی زانستیی و پێچەوانەکەشی بۆبەشی وێژەیی بەبێ ئەوەی بالآنسێك لەنێوان هەردوولا ڕابگرن، ئەمەش پرسیار لای فێرخوازی بەشی وێژەیی دروست دەکات و گومان لە بەشەکەی لادرووست دەبێت و وەك سزایەك لێیدەڕوانن؟ بەبیانوی ئەوەی فێرخوازی وێژەیی لاواز و هارن و تێناگەن و بەلاّم بەشی زانسستیی زیرەکن و (فەقیرن )و تێدەگەن!

دەپرسین فێرخواز چ وێژەیی بێت یان زانستیی فێرخوازی هەمان شار و کۆلآن و گەڕەك و خوێندنگانین، هەمان وانە و هەمان مامۆستا و هەمان بەڕێوەبەر نین ئیتر بۆ فێرخوازی بەشی وێژەیی شەیتانە و هی زانستیش فریشتە؟! مامۆستا مۆستای هەردووبەشی وێژەیی و زانستییە نەوەك تەنها بەشی زانستیی، بەداخەوە مامۆستا هەبووە ئیش و کاری ئەوەبوە تەنیا باسی خراپی و گرنگ نەبوونی بەشی وێژەیی بکات هەڵبەت نەوەك بەپالپشتی مەعریفە و ئەرگۆمێنت، بەڵکو بەشێوەی گاڵتەجاڕی و ناو و ناتۆرە لێدان! تەنانەت مامۆستای واهەبووە پێی وابوە نابێت فێرخوازی بەشی زانستیی خۆشەویستی لەگەڵ فێرخوازی بەشی وێژەیی بکات!

تێناگەین ئەم غرورییە بۆچی و پاڵپشت بەچی؟ خاڵێکیتر کە لەکۆنەستی فێرخوازانی ئێمەدا هەیە ئەویش ئەوەیە، کەبۆچی فێرخوازانی بەشی زانستیی کەکاتێك پۆلی دوازدە تەواودەکەن دەتوانن بۆهەموو بەشێکی وێژەیی بچن و وەریان دەگرێت، بەلاًم بەشی وێژەیی ناتوانێت بۆهیچ بەشێکی زانستیی بڕوات، پێیان وایە لەلایەك مافییان دەخورێت لەلایەکیترەوە پێمان دەڵێت فێرخوازی بەشی زانستی بۆ هەردەوکیان دەشێت، لەکاتێکدا بۆیە فێرخوازەکە ڕۆشتووەتە بەشی زانستیی کە توانای تێگەیشتنی بابەتە وێژەییەکانی نییە ئەمەش ناڕاستەوخۆ ئەفزەڵیەتی زانستیی بەسەر وێژەیی دەسەپێنێت، لەکۆتاییدا دەڵێین گریمان ئەو وانانەی کەتایبەتن بەبەشی وێژەیی چ لەئامادەیی وچ لەزانکۆکان وازی لێدەهێنین و نایخوێنین بەبۆنەی گرنگ نەبوون و پێویست نەبوون بۆ ژیان، ئایا ئەژین و دەبێت و ژیان دەڕوات؟ هەروەها دەپرسین یان ئەو وانانەی تایبەتن بەبەشی زانستیی بەهەمان شێوە نایخوێنین و وازی لێدە هێنین، ئایا دەبێت؟

# وانە پەراوێزخراوەکان*

کەشێکی سەیر و نازانستییانە لە قوتابخانە و خوێندنگاکانی ئێمەدا هەیە کە بابەت و وانەکان دابەش دەکات بۆ بابەت و وانەی گرنگ و گرنگتر. کۆمەڵێك بابەت و وانەی گرنگ هەیە لە قوتابخانەدا بەشێوەیەکی خراپ و ترسناك پەراوێزخراون و بە قەد گرنگی بابەتەکە خۆی گرنگیان پێنادرێت. بۆ نمونە لەماوەی ساڵانی پێشووتردا ڕەخنەی زۆر لەوە دەگیرا کە بابەت و وانەی هونەر و وەرزش وەکو پێویست بایەخی پێنادرێت و ناخوێنرێت، بەڵام بەداخەوە تا ئێستاش ئەو ڕەخنانە گوێی لێنەگیراوە و ئەو دوو وانەیە گرنگی پێنادرێت، تەنانەت لای زۆرێك لە مامۆستایان ئەوسا و ئێستاش، ئەو مامۆستایەی وانەی وەرزش یان هونەر دەڵێتەوە، هەمان پێگەی ئەو مامۆستایەی نییە کە وانەی بیرکاری و فیزیا و کیمیا و مێژوو دەڵێتەوە. جگە لەپەراوێزخستنی وانەی هونەر و وەرزش، لەم ساڵانەی دواییدا بابەت و وانەکانی دیموکراسی و مافی مرۆڤ و کۆمەڵناسی و فەلسەفەشی هاتنە پاڵ، لە کاتێکدا گرنیدان بەم بابەتانە بۆ خوێندکاران زۆر پێویستە.

هیچ کات نەمانبیستوە خوێندکارێك لەم وانانەی سەرەوە بکەوێت، لێرەدا لای مامۆستا ئامانج دەرچوونە نەك فێربوون و جگە لەمەش سەرپەرشتیاری پسپۆڕی بۆ ئەم وانانە نییە و نازانرێت بۆ بابەتی

* لە ژمارە "٢٣٧"ی ڕۆژنامەی "ئاوێنە" ڕۆژی سێشەممە ١٧/٨/ ٢٠١٠ بلاوکراوەتەوە.

جیۆگرافیا یان بابەتەکانیتر سەرپەرشتیاریان هەبێت، کەچی بابەتی کۆمەڵناسی نەیبێت؟ تا ئێستاش ئەوە ڕوون نییە و نازانرێت ئەوەیە کە چ مامۆستایەك ئەو وانانە بڵێتەوە؟ لەوانەیە بڵێن مامۆستای کۆمەلآیەتی! کەچی لە هەندێك لە خوێندنگاکان پسپۆڕییەکانی وەکو عەرەبی، وەرزش و مافی مرۆڤ و دیموکراسی وتۆتەوە ( هەندێکجار دەدرێت بەو مامۆستایەی بەشەوانەی کەمە بۆ ئەوەی بەشەوانەکەی پێ پڕبکرێتەوە بەبێ ئەوەی ئارەزووی لێبێت).

لەلایەکیترەوە مامۆستای کۆمەلآیەتی بەشی مێژوو یان جیۆگرافیا، کەی بابەتی فەلسەفەی خوێندووە تا بتوانێت ئەو وانەیە بگەیەنێت بە خوێندکار. ئەی ئەوە پەراوێزخستن نییە وەزارەتی پەروەردە پارساڵ تاکو ١٢/١٠ بڕیاری ئەوەی نەداوە دیموکراسی و مافی مرۆڤ وەرزی یەکەم بخوێنرێت یان وەرزی دووەم تاکو دووهەفتە پێش تاقیکردنەوەی وەرزی یەکەم بڕیاردەدرێت بخوێنرێت ئەی بۆچی وەکو وانەکانیتر پلانی بۆ دانەنرا؟ دیارە سەرەوە گرنگی بەم بابەتانە نادات بۆیە ئەوانەی خوارەوە هەمان شت جێبەجێدەکەن، پسپۆڕی فەلسەفەمان نییە وانەی فەلسەفە بڵێتەوە، کەچی بەپێی پێویست بێت دەبێت لەپێش هەموو کەسێك دەرچووانی فەلسەفە دابمەزرێنن، کەچی داشنامەزرێن! ئەمە پەراوێزخستن نەبێت چییە؟ زۆر گرنکە و دەبێت وانەکانی دیموکراسی و مافی مرۆڤ وەك خۆی بگەیەنرێت بەخوێندکار بۆئەوەی ببێت بە بەشێك لە کەلتوور و فەرهەنگی خۆی و نەتەوەکەی و لەو عەقڵییەتە خراپە خۆمان بەدوور بگرین کە زانستێکی لە زانستێکیتر پێ گرنگتر و باشترە بە تایبەتی لەبواری پەروەردەدا، چونکە ئەگەر فەلسەفە و مافی مرۆڤ و دیموکراسی نەبێت،

فیزیا و بیرکاری و کیمیاش بوونیان نییه. خەمی ئێمە لەوەوەیە تا ڕادەیەك جیاواز لە بابەت و وانەکانیتر، خوێندکار لە هەندێك لە خوێندنگاکان ساڵ تەواو دەکات نازانێت شتێك بڵێ لەسەر دیموکراسی و مافی مرۆڤ؟ بێگومان ئەمەش بۆ گرنگینەدانی مامۆستا و پەروەرد ەو تێڕوانینی هەژارانەی ئێمە بۆ ئەو بابەتانە دەگەڕێتەوە.

# قوتابخانەکانی ئێمە زیندانیش نین![*]

وتەیەکی باوهەبوە و هەیە لەناوخوێندکاران و مامۆستایان و چین و توێژەکانیتردا، کەپێیوابووە و پێیوایە قوتابخانەکانی ئێمە لەزیندان دەچن، چ لەڕووی شێوازی بینای قوتابخانەکان وچ لەڕووی شێوازی پەروەدەکردنی خوێندکاران لەلایەن مامۆستاوە لەو ناوەندە پەروەردەییەدا.

ئەگەر کەمێك وردتر بیربکەینەوە ئەو بەراوردە ئەگەر بۆسالأنی ڕابردوو کەمێك ڕاستی تێدابووبێت ئەوا بە بۆچونی ئێمە بۆئێستا ئەو بەراوردکردنە درووست و ڕاست نیە، ئەو زیندانیە مۆدێرنانەی کەدرووستکراون و ئێستا درووست دەکرێن (زیاترمەبەست بەندیخانەکانی ولأتانی ڕۆژئاوایە) زۆرباشترە لەقوتابخانە و خوێندنگاکانی ئێمە، هەندێك لەبیرمەند و نووسەران لەبەندیخانەدا داهێنانیان کردووە و کتێبەکانیان نووسیوە و لەزینداندا بیریان کردۆتەوە ، لەماوەی بیست ساڵی ئەزمونی پەروەردەیی ئێمەدا ژمارەیەکی ئەوتۆ بیرمەند و نووسەری بەناوبانگ بەقوتابخانەکانی ئێمەدا تێنەپەڕی!

لەچ شوێن و ناوچەیەکی دونیادا هەیە بەندیخانە لە قوڕ دروستکرابێت؟کەچی بەپێی دوایین ئاماری وەزارەتی پەروەردە (٢٩٨) خوێندنگا و قوتابخانەی لە قوڕ دروستکراو هەن و خوێنکاران وانەی تێدا

[*] لە ژمارە "٢٤٥"ی ڕۆژنامەی "ئاوێنە" ڕۆژی سێشەممە١٢/١٠/٢٠١٠ بلاۆکراوەتەوە.

دەخوێنن! ئەمەجگە لەو ژمارە زۆرەی قوتابخانانە کە هەربەناو قوتابخانەن، چ زیندانییەکی مۆدێرن هەیە کتێبخانە و باخچە و یاریگای تێدانەبێت؟زۆرێك لەخوێندنگاکانی ئێمە کتێبخانە و هۆڵ و باخچە و یاریگای تێدا نییە! بۆیە دەمانەوێت ئەوە بڵێین زیندان ئەو وێنە ناشرینەی تێپەڕاندوە کەلای ئێمە درووستبوە، دەبێت ئێستا قوتابخانەکانی خۆمان بەراوورد بکەین بەشتێك کلەو وێنەخراپەی دوێنێ بچێت کە بۆ زیندانمان درووستکردبوو، زۆرێك لەزیندانیکراوەکانی ناوبەندیخانەکان پاشماوەیەك مانەوەیان لەبەندیخانەدا چارەسەریان بۆدەدۆزرێتەوە و دەگەڕێنەوە ناوکۆمەڵگا و دەبن بەمرۆڤێکی تەندرووست، زیادەڕەوی ناکەین ئەگەربڵێین زۆرێك لەقوتابخانەکانی ئێمە خوێندکار ساڵ تەواو دەکات ڕەفتار و بیرکردنەوەی گۆڕانێکی ئەوتۆی بەسەر نایەت؟ چونکە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن لای ئێمە ئەوەندە لاوازە بەشی ئەوەناکات لەچوارچێوەی قوتابخانە بچێتە دەرەوە و کاریگەری نابێت لەسەر گۆڕینی ڕەفتار و کەسایەتیی خوێندکار.

لەبەندیخانەکانی دونیادا کەسی زیندانیکراو تاڕادەیەك هەست بەئارامی دەروونی دەکات ولانی کەم ئەو پێداویستییانەی بۆدابین کراوە کەزیندانیکراو پێویستی پێیەتی، زۆرێك لەخوێندکارانی ئێمە هەست بە نائارامی دەروونی دەکەن لەقوتابخانەکەیاندا و هەمیشە بیر لەوە دەکەنەوە کەچ کاتێ زەنگ لێبدات و بڕۆنەوە ماڵەوە؟ تەنانەت خوێندکار واهەست دەکات کە قوتابخانە ئەوەندەی کاتی گرنگی لێدەبات ئەوەندە کاتی گرنگی پێنا بەخشێت، لەزیندانە مۆدێرنەکانی وڵاتانی پێشکەوتوو بەپێی یاسا سزادانی جەستەیی وڕۆحی و دەرونی یاساغە، کەچی لای ئێمە

هەرچەندە سزادانی جەستەیی و دەرونی قەدەغەکراوە (بەلاّم لەهەندێک شوێن ئەم سزادانە هەرهەیە) جگەلەوە زۆرن ئەو قوتابخانانەی کەلەجیاتی سزادانی جەستەیی (کەلەترسا پەیڕەوی ناکەن نەک بەوەی قەناعەتیان پێی نەبێت) سزای ڕۆحی و دەروونی خوێندکارەکانیان دەدەن، کە کاریگەری نەرێنی زیاترە لەسزای جەستەیی.

# منداڵی مامۆستا لە یەکەمەکانن![*]

زۆرجار گوێبیستی ئەوە دەبین و ڕەخنەی ئەوە دەگیرێت بۆچی کایەی پەروەردە و فێرکردن هەموو ڕەخنەکان دەخەنە ئەستۆی مامۆستا و فێرخوازی لێبەدەر دەکرێت؟ لە کاتێکدا فێرخواز یش تاوانبارە.

دەبێ ئەوەبزانین لە بەشێکی زۆری ناوەندەکانی خوێندندا، گلەیی و گازندەکان هەمووی دەکەوێتە ئەستۆی فێرخواز ئەوەش تەنیا زۆرجار لەبەر ئەوەی منداڵە و هەرزەکارە !

لە کایەی ڕاگەیاندندا نموونەیەك دەهێنرێتەوە بەوەی چی دەبێتە هەواڵ و چی نابێتە هەواڵ، یان چی ڕوودوایە و چی ڕووداو نییە؟ بۆ نموونە ئەگەر سەگێك گاز لە مرۆڤێك بگرێت ڕووداونییە، چونکە سروشتی سەگ ئەوەیە و ئاساییە گاز لە مرۆڤ بگرێ، و ڕووداوێکی هێندە گرنگ نییە تاببێتە هەواڵ، بەڵام بە پێچەوانەوە ئەگەر مرۆڤێك گاز لە سەگێك بگرێ ئەوە ڕووداوە و گرنگە ببێتە هەواڵ، چونکە نا ئاساییە و لەگەڵ سروشتی مرۆڤدا ناکۆکە.

ئەم نموونەیەمان بۆیە هێناوە، چونکە دەگونجێ بۆ کایەی پەروەردە و فێرکردنیش، ئەگەر فێرخوازێك هەڵە بکات، یان پابەند نەبێ بەدەوامەوە و ڕێساو یاساکانی پەروەردە و فێرکردن جێبەجێنەکات، یان کارێکی

---

[*] لە ژمارە "٢٧"ی ڕۆژنامەی "زەمەن" ڕۆژی سێشەممە ٢٣/٧/ ٢٠١٩ بڵاوکراوەتەوە.

ناپەروەردەیی بکات تا ڕادەیەك ئاساییە. چونکە فێرخواز بۆیە دێتە خوێندنگا تاوەکو فێربێ و پەروەردە بکرێت خۆ ئەگەر وانەبێ بۆچی دەخوێنێ! ؟

گریمان ئەگەر فێرخوازیش تووشی لادانێك هاتبێ، ئەوە ئەرکی خوێندنگا و پەرورەدەیە ئیشی بۆبکەن و درووستی بکەنەوە. بەلاّم ئەوەی نا ئاساییە و ڕووداوە و لە بنەمادا نابێت ڕووبدات ئەوەیە، مامۆستا ئەرکە پەروەردەییەکانی خۆی جێبەبەجێنەکات. چونکە لەڕووی ئەزموونەوە و ئەو قۆناغانەی خوێندنی کەتەواوی کردووە پێویستە پەروەردەییانە و زانستییانە لەناوەندەکانی خوێندن پراکتیزەیان بکات، ئەگەر ئەمە نەکرا ئەوا نائاساییە و ڕووداوە و گرنگە زۆرترین قسەی لەسەربکرێت و لەسەری بنووسرێت(ئەوەش دەزانین کەمتەرخەمیی و بێ پلانی و چیرۆك و بڕیار و کار و کردەوە ناپەروەردەییەکانی بەرپرسانی وەزارەتی پەروەردە کەمنین!).

کارێکی مەترسیدار و نا بەجێ و دوور لە پەیامی پەروەردەیی لە بەشێکی گرنگی ناوەندەکانی خوێندندا ئەوەیە منداڵی ئەو مامۆستایانەی کە خۆیان لە هەمان ئەو قوتابخانانەی کە وانە دەڵێنەوە ئەوانیش فێرخوازن گرفت و کێشە دروست دەبێت لەسەر ئەوەی منداڵی کام مامۆستا ببێتە یەکەم. هەر یەکەیان هەوڵدەدات منداڵەکەی خۆی بکاتە یەکەم جا بە هەرچ ڕێگەیەك بێت!

زۆرجار لەمجۆرە خوێندنگایانە منداڵی بەهرەمەندی کە دایك و باوکی مامۆستا نییە، دەبێتە قوربانی و باجی گەورە دەدات. ئەم ناعەدالەتییە باشتر و ڕوونتر کاتێك دەردەکەوێ منداڵی ئەو مامۆستایانە کاتێك بە

هۆكارێك لە هۆكارەكان دەگوازرێنەوە بۆ خوێندنگایەكیتر، بۆ نموونە لە بنەڕەتییەوە بۆ ئامادەیی، ئاستیان لاواز دەبێ، چونكە دایك یان باوكی مامۆستای لەوێ نییە !

بێرتراند ڕەسڵ فەیلەسوفی ناسراوی ئینگلیز لە كتێبی " دەربارەی پەروەردەكردن"دا دەڵێت: "خۆشەویستی بەبێ زانست ناتەواوە، زانستیش بەبێ خۆشەویستی، وێرانكەرە" بە داخەوە ئەم جۆرە لە پەیامە پەروەردەییە لە ناوەندەكانی خوێندنی كوردستاندا بەدی ناكرێت. مامۆستا و سیاسی و مێژوونووس ڕەفیق حیلمی، لە ژمارە"٢٣٠" ڕۆژنامەی ژیان"دا لە ١٠ی مارسی ساڵی"١٩٣٠" نووسیویەتی: لە فەڕەنسادا دەرچوانی خانەی مامۆستایان، نەك یەكسەر وەك مامۆستا دانامەزرێن، بەڵكو دەبێ دوای دەساڵ لەژێر چاودێریدا ئیمتیحانێك بكەن و بزانن ئاخۆ شایانی ئەوەن دەرس بڵێنەوە یان نا. نهێنی بەشێكی گرنگی پێشكەوتن و شارستانییەتی فەرەنسا دەگەڕێتەوە بۆ هەستكردن و زانینیان بە پێگەی مامۆستاو كاریگەرییەكانی.

مامۆستا ڕەفیق حیلمی نزیك بە سەدەیەك پێش ئێستا لە ڕێگەی نووسینەكەیەوە كۆمەڵگای كوردی لە پێگەی مامۆستا و گرنگییەكەی ئاگاداركردووەتەوە، گومان دەكەم بە ئێستاشەوە وەرمانگرتبێ، چونكە دەرەنجامەكانی خوێندن و جۆری ژیانكردنمان وامان پێدەڵێت !

نووسەر و مامۆستای زانكۆ لە فەڕەنسا عادل باخەوان لە كتێبی "سۆسیۆلۆژیای بزوتنەوە كۆمەڵایەتییەكان" لەبارەی هەستیاریی بواری پەروەردە و ناوەندەكانی خوێندن و پەیامی مامۆستاوە دەنووسێت " لە وڵاتێكی وەك فەڕەنسادا، تەواوی كاتیگۆرییە كۆمەڵایەتییەكان، هەر

لەسەرۆکی کۆمارەوە تا دەگاتە وەزیرێك، بەڕێوەبەرێکی گشتی و تەنانەت فەڕاش و ئەو کەسەش کە ناومالّ پاك دەکاتەوە و قاپ دەشوات، تەنانەت چێشتلێنەرەکانیش، هەموویان لەنێو حەرەمی قوتابخانەکاندا بینادەکرێن و بە کۆمەڵگا دەبەخشرێن، واتە چەند نەوەکان لە مەیدانێك لە مەیدانەکاندا سەرکەوتن بەدەست بهێنن، هێندەش وێنەی قوتابخانە لە جوانترین شێوەدا خۆی دەنوێنێت. هەروەها چەند نەوەکان شکست بێنن، هێندەش قوتابجانە بەرپرسیار دەکرێت".

لە کۆتاییدا ئەمجۆرە دیاردە سەیرو نا پەروەردەییانە وامان لێدەکات وەك ئەدیب و نووسەر و ڕۆژنامەنووسی لوبنانی "ڕەبیع جابر" لە کتێبی "نووسین و بێدەنگی"دا نووسیویەتی بلّێین" مرۆڤ گوناحە... بە تایبەت گەر لە ولأتانی جیهانی سێهەمدا بژی!

## پشوی هاوینتان چۆن بەسەر برد؟*

ئەمە ئەو پرسیارەیە کە هەمیشە لەکاتی دەستپێکردنی دەوامی خوێندن و لەسەرەتای ساڵی نوێوە زۆرێك لە مامۆستایان لە فێرخوازەکانی خۆیانی دەکەن پرسیارەکە لە نەستی مامۆستا مانای ئەوە دەگەیەنێت کۆتایی هاتنی دەوام و پشووی خوێندنگا بەمانای کۆتایی هاتنی کات و پرۆسەی فێربوون نایەت.

کێشە لە پرسیارەکەدا نییە و تەنانەت لە جێگەی خۆیدایە بۆ ئەوەی مامۆستا ئاگاداری چالاکییەکانی فێرخوازانی خۆی بێت و هانی پەروەردەکردن و فێرکردنی بەردەوامیان بدات، هەر فێرخوازێك چالاکییەکانی خۆی باس بکات و ئاماژە بەو شتانە بکات کەلەماوەی پشووی هاویندا فێری بووە و ئەنجامی داوە دەبێتە مایەی دەستخۆشی لە لایەن مامۆستاکەیەوە، بەڵام خۆ ئەگەر نا بە پێچەوانەوە بوو فێرخواز پشووی هاوینی بە بەتاڵی بردبێتە سەر و هیچ چالاکییەکی ئەنجام نەدابێت وەهەولی پرۆسەی فێر بوونی نەدابێت لە هەر کایەیەك لە کایەکانی ژیان وەك نەنگییەك سەیر دەکرێت، مەبەستی ئێمە ئەوەیە بلێین ئەم پرسیارە چەندێك ڕەوایە مامۆستا لە فێرخوازی بکات بەهەمان شێوەش ڕەوا و دروستە فێرخواز پرسیارەکە پێچەوانە بکاتەوە و پرسیاری ئەوە لە

---

* لە ژمارە "٥٣٦"ی ڕۆژنامەی "ئاوێنە" ڕۆژی سێشەممە ١٩/٧/ ٢٠١٦ بلاۆکراوەتەوە.

مامۆستاکەی بکات کە ئەو چۆن پشووی هاوینی بەسەر بردووە، وەك چۆن گرنگە بۆ مامۆستا فێرخواز لە پشووی هاویندا شتێك لەدەرەوەی خوێندنگاکەی فێربووبێت و وەك درێژکراوەی پرۆسەی خوێندن و فێربوون سەیری دەکات لە خوێندنگا و دەکەوێتە هاندانی فێرخواز بەهەمان شێوەش زۆر گرنگە بۆ فێرخواز بزانێت مامۆستاکەی لەو ماوەیەی لەماڵەوە بووە و پشووی خوێندنگا بووە چی زیاتر فێربووە و چ وانەیەکمان پێدەڵێت کە لەوانەی پارساڵ نەچێت و یان چ ئامۆژگارییەکمان دەکات جیاواز لە ئامۆژگارییەکانی ساڵانی ڕابردوو یان چ وتە و کردار و چیرۆکێکمان بەرگوێ دەکەوێت کە لە ساڵی پار نەچێت و دووبارەنەبێتەوە؟!

وەك چۆن بۆ فێرخواز بە تەنیا ئەو وانانە بەس نین کەلە خوێندنگا دەیانخوێنن و دەیانەوێت فێری بن، چونکە بەشێکی گرنگی پەروەردە و فێرکردن لەدەرەوەی خوێندنگایە وەك بەشداری کردنیان لە خولەکانی مۆسیقا و هونەر و وەرزش و کۆمپیوتەر و زمان و .... هتد بەهەمان شێوەش ئەمە بۆ مامۆستاش ڕاستە دەبێت لەدەرەوەی خوێندنگا لە هەوڵی خۆپێگەیاندنی خۆیدا بێت بۆ ئەوەی خۆی نوێ بکاتەوە و بە زانستی سەردەم ڕابگات و برە و بە تواناکانی خۆی بدات، چونکە زانکۆ یان هەر ناوەندێکیتر لێی دەردەچیت بۆ ئەوەی ببیت بە مامۆستا بەس نییە کە لەشوێن خۆت بوەستیت و بڵێیت پێرفێکتم و تەواو گەشەی من کۆتایی هات!

چۆن دەبێت مامۆستایەکی زمان و ئەدەبیاتی کوردی کەلەساڵی ٢٠٠٠ زانکۆی تەواو کردوە و دواتر بووە بە مامۆستا ئیتر موتابەعەی نەمێنێت و

ئاگای لە ئەدەبیاتی کوردی دوای ساڵی ٢٠٠٠ نەبێت، لە کاتێکدا دونیایەك بابەت و زانیاری هەیە و بڵاوبوونەتەوە لە دوای ئەو ساڵەوە، دواتریش بیانووی نەزانینەکەشی بۆ ئەوە بگەڕێنێتەوە، چونکە لە زانکۆ ئەو بابەتانەی نەیخوێندووە و ئیتر ئەو بەرپرسیار نییە و پەیوەندی پێوەی نییە! فێرخوازی هەیە ڕۆمانەکانی بەختیار عەلی بەشێکی باشی خوێندۆتەوە کەچی مامۆستاکەی وەك ناوێکی غەریب بەرگوێی دەکەوێت؟ هەم نوکتەو هەم چیرۆکێکی واقعی هەیە لەو بارەیەوە ڕۆژێك فێرخوازێك لە یەکێك لە مامۆستاکانی دەپرسێت و دەڵێت: مامۆستا ڕۆمانی "مەرگی تاقانەی دووەم"ی بەختیار عەلیت خوێندۆتەوە؟ مامۆستاش ئیحراج دەبێت و بەمشێوەیە وەڵامی دەداتەوە و دەڵێت: نەوەك هەر ڕۆمانی "مەرگی تاقانەی دووەم" بەڵکو من مەرگی تاقانەی یەکەمیشم خوێندۆتەوە، لە کاتێکدا رۆمانەکە یەك کتێب ویەك بەرگە کەچی مامۆستا کتێب و بەرگێکی تری بۆ زیاد کرد بێ ئەوەی بوونی هەبێت!

بۆ مامۆستا گرنگە لە پشووی هاویندا جگە لە بەسەربردنی کاتی خۆش و ڕەفاهیەتی خۆی بەدوای زانست و زانیاریدا بگەڕێت و گەشە بە لایەنی مەعریفی و زانینی خۆی بدات و ئەو کەم و کورتی و هەڵانە بدۆزێتەوە و دەستنیشانیان بکات کە لە ماوەی ساڵی پێشوودا بەسەریدا تێپەڕیون و دووبارەی نەکاتەوە، مامۆستا دەبێت خۆی ئامادە بکات ئەگەر پرسیاری ئەوەی لە فێرخوازەکان کرد کە کاتی پشووی هاوینیان چۆن بەسەر بردووە خۆشی بۆ هەمان پرسیار بە پێچەوانەوە ئامادە بکات کە لە فێرخوازەکانیەوە لێی بکرێت.

# خوێندنگا وەك دەزگایەكی ئەمنی*

لەمساڵدا زۆرێك لەخوێندنگاكان لەپاڵ ئەو هەمو كێشە و گیروگرفتانەی كە هەیانە لەپای چارەسەركردنیان گرفتی تریان بۆدرووستكرا، لێپرسراوانی بواری پەروەردە كەوتنە كڕینی ئامێری كامێرای چاودێری و دانانی لەقوتابخانە و خوێندنگاكاندا!

خەرجكردنی بڕە پارەیەكی زۆر بۆكڕینی كامێرای چاودێری بەبۆچونی ئێمە نەوەك هەرباش نییە و سوودی نییە، بەڵكو دەركەوتەیەكی خراپیشی لێدەكەوێتەوە، چەندینجار ئەوەمان وتووە كە بڕیار بەدەستانی ناوەندە پەروەردەییەكانی ئەم هەرێمەی ئێمە هەندێك بڕیار دەردەكەن و جێبەجێیدەكەن كە هیچ پەیوەندی بەكایەی پەروەدەوە نییە و بگرە زیانی زۆریشی لێدەدات، با ئێمە پرسیارێكی جەوهەری بكەین، ئایا ئێمە بەشێكی ئەوەی پەروەردە و فێركردنمان كێشەی هەیە و تەندروست نییە بەهۆی ئەوەیە كە كامێرای چاودێریمان نەبوە و دامان نەناوە؟ بە بۆچوونی ئێمە بۆ هەركەسێك كە ئاگاداربێت و ئیشی كردبێت لەناوەندی پەروەردەیی ئەم هەرێمە وەڵامەكەی نەخێرە، ئەگەر كاربەدەستانی پەروەردەیی وەڵامێكی ئیجابیان دژی ئەم بۆچونەی ئێمە هەبێت و بەرگری لەدانانی كامێرای چاودێری بكەن، بەبۆچونی ئێمە ئەو وەڵام و بۆچونەیان لەپراكتیكدا جێی

* لە ژمارە "٤١٧"ی ڕۆژنامەی "ئاوێنە" ڕۆژی سێشەممە ٢/٢٥/ ٢٠١٤ بلاْوكراوەتەوە.

خۆی ناگرێت و بەسلبیات دەشکێتەوە، وەکو هەموو ئەو ئامێرانەی تر کەلەکۆمەڵگای ئێمە بەخراپ بەکاردەهێنرێت و ئەمیش هەروەها دەبێت و بۆ مەبەستە ئەسڵییەکەی خۆی بەکارناهێنرێت.

ئەوەی ئێمە تێبینیمان کردبێت ئەم ئامێرانە لەناو پۆلەکاندا دانەنراوە بۆئەوەی بزانرێت مامۆستا بەشێوەیەکی تەندروست و ڕێك و پێك وانەکە دەڵێتەوە یان نا، درەنگ دێت بۆدەوام یان زوو، گومان دەکەم ڕازیبونایە و قبوڵیان بکردایە بۆچاودێری ئەوان دابنرایە، ئەم کامێرایانە دانراوە زیاتر ڕوویان لەخوێندکاری ناو خوێندنگاکانە و پشتیشی لەمامۆستا !

لە دانانی ئەم کامێرایانەدا باری دەروونی خوێندکار بەهیچ جۆرێك ڕەچاو نەکراوە و بیری لێنەکراوەتەوە و بوەتە هۆی دروستکردنی دڵەڕاوکێ لای خوێندکار، لەلایەن ماموستایانی خوێندنگاکانەوە بۆخوێندکاران رووننەکراوەتەوە ئەو کامێریانە بۆچی؟ خوێندکار واهەست دەکات تاوانبارە و بۆئەو دانراوە(هەربۆخوی بەکارهێنانی هەردوو وشەی ((کامێرای چاودێری)) کە ئێستا لەزۆر بواردا بەکاردەهێنرێت وشەی قبوڵکراو نین و درووستکردنی کەشێکی نائاساییە، خوێندکار ناتوانێت لە ناو گۆرەپانی خوێندنگاکەی ئەو پشووەی وەریگرتوە تۆزێك بەخێرایی ڕابکات، چونکە کامێرای چاودێری هەیە و دەیبینێت دواتر بانگی دەکەن و لیپرسینەوەی لەگەڵ دەکەن، ناتوانێت هاواربکات و بەدەنگی بەرز قسەبکات کامێرای چاودێری هەیە و مامۆستا و بەڕێوەبەرەکان لەژورەوە دەیبینن، بەکورتی لەزۆر ڕووەوە ئازادی و جوڵەی خوێندکار بەڕێژەیەکی ئێجگار سنوردار و پێشێل دەکرێت و بەتێڕوانینی خوێندکار دیواریش گوێی هەیە، ئەو ناوەندە

پەروەردەییە فێرکارییە ئەبێت بەدەزگایەکی سەربازی و ئەمنی بەشێوەیەکیتر.

هەر لەکاتی دانانی ئەم کامێرای چاودێرییانە زۆرێك لەمامۆستایانی ئەو خوێندنگایانەی کە ئەم ئامێرەیان بۆدانراوە یەك ڕستەیان دووبارە دەکردەوە ئەویش ئەوەبوو کەدەیانووت(دانانی ئەم کامێرایانە زۆر باشن ئیتر خوێندکار ناتوانێت جوڵە بکات) هەڵبەت مەبەست لەوتنی ئەم ڕستە ئەوەندەی بۆلێدانی خوێندکارە ئەوەندە لەبەرژەوەندی خوێندکاردا نییە. بە دانانی کامێرای چاودێری لەخوێندنگاکاندا نابین بەمۆدێرن، بەڵکو بەمامۆستای باش و هوشیار و خوێندنگای نوێ و پرۆگرامی نوێ و دابینکردنی پێداویستییە نوێکانی پەروەردە و فێرکردن دەبین بەمۆدێرن.

لەکۆتاییدا دەڵێین ئەوپارانەی کەخەرج کراوە بۆکڕینی ئەو کامێرای چاودێرییانە، بدرایە بەمۆلیدەیەکی کارەبایی زۆر باشتربوو، چونکە لەزۆر حاڵەتدا خوێندکارەکان وانەی پراکتیکی کۆمپیوتەر یان فیزیا یان کیمیایان هەیە بەڵام کارەبایان نییە، سەرف بکرایە بۆگەشتیکی زانستی زۆرباشتربوو، چونکە خوێندکار دوادزدەی ئامادەیی تەواودەکات گەشتێکی زانستی ناکات! لەجیاتی ئەوکامێرای چاودێرییانە باشتر نەبوو بیدەن بەکتێب و کتێبخانەیەکی پێدروست بکەن کە زۆرێك لەخوێندنگاکان نییە؟ یان بدرایە بە هەرپێداویستییەکی گرنگتری پەروەردەیی و فێرکاریتر کەلەڕۆحی خوێندکار و خوێندنگاوە نزیك بێت، نەوەك کامێرای چاودێری کەهیچ پەیوەندییەك بەخوێندکار و خوێندنگاوە نایان بەستێت بەیەکەوە.

# باخچە وانابێت*

باخچەی ساوایانیش وەکو هەموو کایەکانیتری بواری پەروەردە لە قەیراندایە و تا ئێستا لە میدیاکاندا قسەیەکی جددی ئەوتۆی لەبارەوە نەکراوە، لە کاتێکدا هەمان کێشەکانی قۆناغی بنەڕەتی و ئامادەییان هەیە و بگرە زیاتریش. زۆرێك لە مامۆستایانی باخچەی ساوایانی ئەمڕۆ هەمان ئەو مامۆستایانە بوون کە پێشتر لە قوتابخانە سەرەتاییەکاندا وانەیان دەوتەوە (واتە پسپۆڕنین و ڕانەهێنراون بۆ ئەو بوارە و شارەزاییان نییە لە شێوازی پەروەردەکردنی منداڵ بەشێوەیەکی زانستی و تەندروست)، بەڵام دوای ئەوەی بێزاربوون، گواستویانەتەوە بۆ باخچەی ساوایان گوایە ئەرکی کەمترە و مامەڵەکردنیش لەگەڵ پەپولەکاندا ئاسانترە! لە ڕاستیدا پێچەوانەی ئەم بیرکردنەوەیە ڕاستە و پەروەردەکردن و دروستکردنی نەوەیەکی نوێ بەپێی بنەما زانستی و ڕێبازە پێشکەووتووەکانی دنیا، لە هەرە قورسترین ئەرك و فرمانەکانە ئەگەر بەشێوەیەکی تەندروست بکرێت، نەك وەکو ئەو بێبەرنامەیی و شپرزەییەی لە ئێستادا بەدیدەکرێت. بەپێی پێوەرە زانستییەکانی ئێستا دەبێت خاوەن بڕوانامە بەرزەکان بخرێنە باخچەکانی ساوایانەوە و پەروەردەیان بکەن، بەڵام حکومەت هیچ کارێکی لەم جۆرەی نەکردووە.

---

* لە ژمارە "٢٨٠"ی ڕۆژنامەی "ئاوێنە" ڕۆژی سێشەممە ٦/٢١/ ٢٠١١ بڵاوکراوەتەوە.

زۆرێك لەو دادانەی لە باخچەکاندا خزمەت دەکەن لەبەر هۆکاری تایبەتی و منداڵەکانی خۆیان و .. هتد ئەو کارە هەڵدەبژێرن و هەندێکجار توندوتیژیش بەکاردەهێنن و لێدان وەکو یەکێك لەو ڕێگایانە باس دەکەن کە منداڵی پێ "کۆنترۆڵ دەکرێت"، بەرپرسە پەروەردەییەکانیش بێ هەستکردن بە بەرپرسیارێتی پەروەردەیی و بەبێ لەبەرچاوگرتنی کەمترین و نزمترین تێزە پەروەردەییەکان، باخچەکان بەڕێدەکەن و ئەوەی لایان گرنگ نەبێت دوارۆژی منداڵ و چۆنێتی پەروەردەکردنیانە.

لەزۆربەی باخچەکاندا وەڵامی تەواوی پرسیارەکانی منداڵان نادرێتەوە و دادەکان پێیانوایە بێزارکەرن و قسە زۆر دەکەن و زۆریش دەجولێن، لە کاتێکدا بەپێی بیردۆزە دەرونناسییەکان ئەو منداڵانەی پرسیاری زۆر دەکەن و جولاَون، منداڵی ئاسایین و لەوانەن داهاتویان ڕوونە. کەم نین ئەو دایك و باوکانەی پەشیمانن لەناردنی منداڵەکانیان بۆ باخچەی ساوایان و هەستدەکەن ئەو شتە خراپانەی لە کۆلاَن و شوێنانیتر فێری نەبوون لەوێ فێری دەبن، ئەوەی لەسەر منداڵانی باخچەی ساوایان باس دەکرێت زیرەکی و فێربوونی نوسین و ئەدەب و ژیری و شتیتری لەو بەها جوانانە نییە، بەڵکو هار و بوێر و زۆر جموجۆڵ و شتی لەو سیفەتانەیان دەدرێتە پاڵ، کە هیچ یەك لەمانە هانی دایە و بابەکانی دیکە نادات دڵخۆشبن بە ناردنی منداڵانیان بۆ باخچە و ئەوەش دەیاننێرێت بۆ بەڕێکردنی کاتە و شتێکی نەریتییە و بووە بەخوویەك لەنێو خەڵکدا دەبێت منداڵەکانیان بنێرنە باخچە، ئەو بینایانەش کە منداڵانی باخچەی ساوایان تێیدا پەروەردە دەکرێن، شێوازێکە منداڵان هەست بەئارامی دەروونی ناکەن تێیدا و خواردن و خواردنەوە و کاتی پشوو و پێداویستییەکانی دیکەیان بۆ

دابین نەکراوە و کەمترین بایەخیان پێدەدرێت، لەنەبوونی یاری و هونەر و ئاسوودەکردنی مندالآن.

بەلارێدابردنی مندالٚ لەم تەمەندا لەکارە هەرە نەخوازراو و چەوتەکانە کە ڕێککردنەوە و ئاراستەکردنی باشەیان لەدواڕۆژدا ئەرکێکی زۆر قورس و گرانەو دەچێتە بابی مەحاڵەوە. لەبەرئەوە خزمەتکردنی مندالٚ و بەبایەخەوە تێڕوانینی، واتە نەوەیەکی ئامادەساز و پەروەردەکراو ئامادەیە و هەر دەستگیرۆییەك لەڕووی پێشخستنی شێوازی بینا و ئامادەکردنی کەلوپەلی نێو باخچەکە و خواردن و پێداویستییەکانیتری وەکو ئامادەکردنی ئۆتۆمبێلی گونجاو بۆ گواستنەوەیان و ئامادەکردنی پسپۆڕی دەرونی و مامۆستای شارەزا و لێزانەکانی دونیای مندالٚ لە هەرە کارە لە پێشینە و گەورەکانن کە دەبێت وەزارەتی پەروەردە بیانگرێتەبەر بۆ خزمەتکردنی نەوەیەك کە دواڕۆژی ولآتیان لەسەر بنیات دەنرێت و ئاسۆی دوور و نزیکی کۆمەڵگەن.

**تێبینی/** ئەوکات ئێمە ئەم وتارەمان نووسیوە و بلأومانکردۆتەوە باخچەکان بەهەڵە پێیان دەوترا باخچەی ساوایان و ئێمەش هەروامان نووسیوە، بەلأم دوای چەند ساڵێك ئەو هەڵەیە ڕاستکاریەوە و ناوەکەی گۆڕدرا بۆ باخچەی مندالآن.

# بۆ كورِ و كچ جيابكرێنەوە؟*

ڕەنگە لە ئێستادا و بۆ ئێمەی مامۆستا گەرم و گوڕترین بابەتی هەنوکەیی پەروەردەیی داواکاریی جیاکردنەوەی کوڕان و کچانی خوێندنگاکانی هەرێم بێت، ئەمەش لەلایەن هەندێك گروپ و لایەن کە بەهیچ شێوەیەك پسپۆڕ و شارەزای بواری پەروەردە نین و قسەش لەسەر بابەتێك دەکەن کە لە بنەڕەتدا کێشە نییە، بەڵکو دەکرێت بەکێشە و بەبێ زانینی گرفتە سەرەکییەکان کە زۆر لەمانە گەورەترن.

بەم دواییانە داواکارییەك پێشکەش بە وەزارەتی پەروەردە کرا کە خوێندنگای کوڕان و کچان لەیەکتر جیابکرێنەوە، ئەمەش بەو بیانوەی تێکەڵیی فێرخوازان هۆکاری نزمی نمرە و دەرنەچونیانە.حەرام نییە بپرسین ئەم هەڵسەنگاندنە لەسەر چ بنەما و داتایەکی زانستی بنیاتنراوە؟ کەی و چ لایەنێکی ڕێکخەری ئەو هەلا گەورەیە لە ئەنجامی توێژینەوەیەکی زانستییەوە بۆی دەرکەوت کچ و کوڕ نابێت پێکەوە لە خوێندنگایەکدا دەوام بکەن؟ خوێندنگا هەیە بە تەنیا کچانەو هەشە کوڕانەو گرفتی گەورەی کۆمەڵایەتیشی تێدایە، نەك ئاستیان لە خوێندنگا تێکەڵەکان باشتر نییە، بەڵکو بەدەست نزمی ئاستی دەرچونیشەوە دەناڵێنن، دەبێت ئەمە هۆکارەکەی چی بێت؟

---

* لە ژمارە "٢٩٦"ی ڕۆژنامەی "ئاوێنە" ڕۆژی سێشەممە ١١/١٠/ ٢٠١١ بلاْوكراوەتەوە.

خەمی پەروەردەیی و میکانیزمەکانی بەرزکردنەوەی ئاستی خوێندن لەهیچ شوێنێکی دنیادا نەسەلمێنراوە بە جیاکردنەوەی ئەم دوو ڕەگەزە، ئەو داواکارییەش تێڕوانینێکی غەریزیە وەك لەبەرمەبنای خەمێکی پەروەردەیی بێت، ئەگەر ئەم داواکاریە لەسەر بنەمای ڕۆشنبیری بوایە، بەدڵنیاییەوە داوای بەرزکردنەوەی ئاستی مەعریفە و چۆنێتی پرۆگرامەکانی پەروەردەی دەکرد، پێویستە داوای زۆرینەی خەڵکی ئێمە ئەوەبێت کە سیستەمی پەروەردە وابکات فێرخواز هۆشیار و خاوەنی بڕیار و ئیرادەی خۆی بێت، نەك لەترس و شەرم و شتیتری لەو بابەتەدا بژی.

سەیر لەوەدایە زانایانی ئاینی و پیاوانی ڕیش سپی ئەو داوایە دەکەن و پێیانوایە وەکو دەستیان لە سوڵح و جێبەجێکردنی فرمانە ئاینییەکاندا هەیە، دەبێت دەستیان لە پەروەردەشدا هەبێت! ئێمە پێمانوایە ئەم داوایەی پیاوە ئاینییەکان بەرەو مەترسیمان دەبات و فەرەنسای پێش شۆڕشمان بیردەخاتەوە کە پیاوانی ئاینی دەیانویست دەستیان لە داڕشتنی هەموو یاسا و پەیڕەوێکی وڵاتدا هەبێت و پاساوەکەشیان ئەوەیە ئەم کۆمەڵگەیە زۆرینەی موسڵمانە، بەڵێ زۆرینەی هەرە زۆرمان موسڵمانین و شانازیشی پێوەدەکەین، بەڵام تکا دەکەین هەلی پسپۆڕی بهێڵینەوە و با ئیشوکارەکان تێکەڵ بەیەکتر نەکەین. ئەمانە هەرگیز ناتوانن بۆ داواکاری و دابینکردنی پێداویستیەکانی تاکە خوێندنگایەك لەئاست بەرپرسانی حکومەتدا دەنگ بەرز بکەنەوە و لەمەدا بیریان دەچێتەوە کە زۆرینەی فێرخوازانی ئێمە موسڵمانن! لەهەموو ئەمانە سەیرتر، پەروەردەکار و شارەزایەکی ئەم بوارەش نابینین لەپێگەی دەسەڵاتەوە ئەم دەنگۆیانە بڕەوێنێتەوە، کە تێکەڵی خوێندنگەکان هیچ کارێکی نەکردۆتە سەر

نزمبونەوەی ئاستی مەعریفەیان، باشە ئەمانە هەموو شتێکیان لا بڤەو گوناهە، نابێت بزانن ئەم دوو ڕەگەزە چ دەرگایەکیان لەبەردەمە بۆ تێگەیشتنیان لەیەکتر؟ ئەم تێڕوانینە جگە لەبنەما ئاینییەکەی چ شتێکی دیکەی لەپشتەوەیە؟ کامیان گرنگترە: باسکردن لەپێداویستی و ڕەخساندنی هەلومەرجی لەبار بۆ فێرخواز یان جیاکردنەوەیان؟ بفەرموون زۆرینەی میللەتی ئێمە موسڵمانەو هاوکارتان دەبین، بە داتایەکی دروست و توێژینەوەیەکی زانستی بۆمان بسەلمێنن کە تێکەڵی کچان و کوڕان زیان بە ئەنجامەکان و ئاستی زانستییان دەگەیەنێت با دەنگمان بخەینە پاڵ دەنگتان، بەڵکو ببین بە نمونە بۆ وڵاتانی داهێنەر و ئەوانیش لێرە بەدوا لەسەر ڕێبازەکەی ئێمە بڕۆن.

# موتەبیقەکان کێشەمان بۆ دروست دەکەن*

هەموو ساڵێك و بەدیاریکراویش لەمانگی دوو تا مانگی چوار و ماوەی دوومانگ ئەوخوێندکارانەی کە دەرچووی کۆلێژەکانی پەروەردەی بنەڕەتی و کۆلێژەکانی پەروەردەن سەردانی قوتابخانە بنەڕەتی و ئامادەییەکان دەکەن، بۆئەوەی بەکردەیی(پراکتیکی) ئەزموونی مامۆستایەتی ئەنجام بدەن، تائێرە گرفتمان نیە گەر ئەوتەتبیقاتە وەکو خۆی وەربگیرێت و ئامانجی خۆی بپێکێت، چونکە پێویستیەکی حەتمیە سەرجەم بەش و کۆلێژەکانی دیکەش ئەوانەی پێویستیان بە تەتبیق و بابەتی پراکتیکی هەیە، بەڵام ئەوەی ئێمە هەستمان پێکردووە زۆرجار ئەم موتەبیقانە نە ئامانجی خۆیان دەزانن و نە دەشزانن چی دەکەن و بۆچی دەچن و لە فەلسەفە و حیکمەتی تەتبیقەکەیان تێناگەن و زۆرجاریش تێنەگەیەنراون. ئەم موتەبیقانە زۆرجار گرفتی گەورە بۆ ئەو خوێندنگایە بە جێدەهێڵن کەڕوویان تێکردوە و تەتبیقیان تێداکردووە، چونکە وەك خۆیان دەڵێن میوانن و دەبێت وەکو میوان سەیر بکرێن نەك وەکو کەسێك کە لەژێر چاودێریدابێت!

لەوگرفتانە، هەندێك لەموتەبیقەکان وادەزانن بۆتاقیگە نێردراون نەك بۆخوێندنگا، واتا چۆنیان بوێت بەو شێوەیە وانەکان دەڵێنەوە و خۆیان لە

---

* لە ژمارە "٣١٧"ی ڕۆژنامەی "ئاوێنە" ڕۆژی سێشەممە ٣/١٣/ ٢٠١٢ بلاَوکراوەتەوە.

هەمووان پێ شارەزاترە و تیۆر و ڕێگاکانی وانەوتنەوەی پەروەردەیی بۆ زۆرێکیان شتێکی زیادە و ڕێسایەکی بێ کەڵکە و بە ویست و ئارەزووی خۆیان ڕێگەی وانە وتنەوە هەڵدەبژێرن. لەو ڕۆژانەی پێشوودا یەك لەو موتەبیقانە پێی وتم مامۆستا تورە بوون ڕۆڵی لە هێورکردنەوەی فێرخوازەکاندا هەیە؟! وەك ئەوەی ٤ ساڵی خوێندنی کۆلێژەکەی تەنیا بۆ پیاسەکردن و کات بەسەربردن دانرابێت، تەنانەت لە سایەی بوونی ئەو ژمارە زۆرەی کتێب و دەرفەتی خوێندنەوە ڕێگەیەکی گونجاوی وانەوتنەوە نازانن و فێری ئەوە نەبوون چاو سوور کردنەوە و تورە بوون باشترە یان تورە نەبوون!

هەروەها پێدانی نمرە بەئارەزووی خۆیان بە فێرخوازان بەتایبەتی لەکاتی کۆتا ڕۆژی دەوامیان و بۆ ئەوەی دڵی فێرخوازەکان خۆش و لەخۆیانیان ڕازیی بکەن، وەکو شیرینی نمرە دەبەخشنەوە، بێ ئاگا لەوەی ئەوان لەژێر چاودێری و ئەزموندان و پێویستە هەرچی توانا و لێهاتووییە پەروەردەییەکانیان هەیە بیزانن و بیخەنەگەڕ، نەزانی و نەشارەزاییان لەچۆنێتی دانانی نمرە یەکێکیتری ئەو گرفتانەیە کە دوای ڕۆیشتنیان و گەڕانەوەی مامۆستای بابەتەکە درووست دەبێت، چونکە ئەوان وەکو بەخشیش و سەدەقە لە نمرە دەڕوانن و خۆیان بەخاوەنی دەزانن نەك فێرخواز. زۆرینەیان لەماوەی ئەو دوو مانگە خۆیان بۆ تەنیا ڕۆژێك ئامادە دەکەن و ئەویش ڕۆژی موشاهەدەیە کەمامۆستاکانیان سەردانیان دەکەن، بە فێرخوازەکان دەڵێن تەنها ئەمڕۆ عاقڵ و بێدەنگبن هیچم لێتان ناوێت، چونکە مامۆستاکەم دێت!

هەندێکیشان خۆیان و کەپلەکانیان یەك خوێندنگا هەڵدەبژێرن و سەرقاڵی گۆڕینەوەی هەست و سۆز دەبێتە کاریان و ئیدی پیشەی ڕاستەقینەی خۆیان بیردەچێتەوە کە پەروەردە و فێرکردنە، چ جای ئەوان مامۆستایەکی ئەزمونین و نمرە لەسەر ڕەفتار و گوفتار و تەنانەت جل و بەرگیشیان دادەنرێت. هەروەها لەماوەی ئەو دوو مانگەدا مامۆستای سەرپەرشتی پسپۆری و کارگێڕییان تەنیا جارێك سەردانی موتەبیقەکەی دەکات و بەس، پرسیارەکە ئەمەیە، ئایا بە تەنیا جارێك هەڵسەنگاندن، ئاستی ئەو مامۆستایە دەردەکەوێت کە بۆ خۆی لەژێر ئەزمون و چاودێریدایە؟

ئیدی با لەوەگەڕێین کە خوێندنگە هەیە زیاد لە ٥٠ موتەبیقی وەرگرتووە و ١٥و ٢٠ و ئەوانە زۆر بە شتێکی ئاسایی و نۆرماڵ سەیر دەکرێت! زۆریان لە هەفتەیەکدا تەنیا ٣ بەشە وانەی بەردەکەوێت و ئەمەش بەپێی پێوەرە زانستی و پەروەردەییەکان زۆر نادروستەو ناگونجێت.

# کەس وەزارەتی پەروەردەی ناوێ؟![*]

لەکاتی دانوستاندنەکاندا بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەناو وەزارەتە بێنازەکان وەزارەتی پەروەردە و فێرکردن لە وەزارەتە بێنازەکانە و داواکارییەکی ئەوتۆی نییە! ئەمە لە کاتێکدا لە دونیادا بە بایەخترین و گرنگترین وەزارەت وەزارەتی پەروەردە و فێرکردنە، لای دەسەڵاتداری کورد و لە سیاسەتی کوردیدا دوو کایە و بوار دەچێتە چوارچێوەی وەزارەتی سادییەوە ئەو دوو کایە و بوارە بچێتە چوارچێوەی هەرچی وەزارەتێکەوە بە وەزارەتی سیادی دادەنرێت ئەویش پارە و چەکە، ئەوەی غائیبە و ئامادەیی نییە و بایەخی پێنادرێت لایەنی مەعریفە و پەروەردە و زانستە! لە کاتێکدا خۆی لەڕاستیدا وەزارەتی پەروەردە و فێرکردن بۆ هەرچ میللەتێك سیادی نەبێت ئەوە بۆ کورد بێگومان دەبێت سیادی بێت، لەبەر ئەو دۆخە ئاڵۆز و نا ئاساییەی کە تێیدایەتی.

ڕەنگە دروستبێت بڵێین، لەو کاتەوەی حکومەتی هەرێم دروستبووە وەزارەتی پەروەردە وەزیرەکانی هیچکات پسپۆڕی پەروەردە و فێرکردن نەبوون، بەڵکو هەندێکجار وەزیرەکانی لە سلکی ئەمنی و سەربازییەوە هاتوون و مەسافەیەکی ئێگار دوور لە پسپۆڕییەکەی خۆیان و دونیابینیان

[*] لە ژمارە "١٠"ی ڕۆژنامەی "زەمەن" ڕۆژی سێشەممە ١٩/٣/ ٢٠١٩ بلاۆکراوەتەوە.

دوور بووە هەربۆیە ئەگەر سەرنج بدەین بەشێکی زۆربەی وەزیرەکانی وەزارەتی پەروەردە و فێرکردن زۆربەی ئیش و کار و بڕیارەکانیان لەیەك دەچوون، هێزە سیاسییەکان قەت لەسەر وەزارەتی پەروەردە و فێرکردن نەبووە بە کێشەیان و کەسیان پێداگیریان نەکردووە کە دەبێت بۆ لایەکیان بێت، وەك بۆ ئەو وەزارەتانەیتری دە کەن کە پارە و چەکی تێدایە! بە بۆچوونی ئێمە هەر ئەم عەقڵیەتەیە بە کێشە و گیروگرفتە قوڵەکانی ئەمڕۆی گەیاندوین و چارەسەرکردنی گرفت و قەیرانەکانی ئەستەم کردووە، چونکە توانای بینینی کێشە ڕاستەقینەکانی نییە یان لەڕاستیدا نایەوێت بیبینێت.

درووست وابوو ئەو هێزانەی دەیانەوێت چاکسازی ڕاستەقینە بکەن و باری لاری کوردستان ڕاست بکەنەوە خەمی وڵات و نیشتیمانیان هەیە لەگەڵ پەیامەکانی خۆیاندا ڕاستگۆن یەکەم کار و داواکاریان ئەوە بوایە کە وەزارەتی پەروەردە و فێرکردن وەربگرن و چاکسازی و گۆڕانکاری ڕاستەقینە لەوێوە دەست پێبکەن، چونکە لەڕاستیدا ئەزموونی گەلان پێماندەڵێت شاڕێگەی گۆڕانگاری و پێشکەوتنی هەر میللەتێك بە پەروەردە و فێرکردندا تێدەپەڕێت! لەوەتەی هێزە سیاسییەکان هەن و ململانێی یەکتری دەکەن لە کاتی پێکهێنانی کابینەکاندا هەمووی هەوڵ بۆ وەزارەتەکانی دارایی و پێشمەرگە و ناوخۆ و سامانە سروشتییەکان دەدات بەناوی دڵسۆزی و گۆڕینی ژیانی خەڵکی، کەچی ئەوە دۆخی دارایی و ئابووریی و پێشمەرگە و پۆلیس و نەوت و بەنزینمانە!

جارێکیان لە وڵاتی ئەڵمانیا کێشەیەك لە دامەزراوەکانی دەوڵەتدا ڕوودەدات حکومەتی ئەڵمانیا بە دواداچوون دەکات بۆ چارەسەرکردنی

کێشەکە و کۆمەڵێك ڕاوێژکار و پسپۆڕ ڕادەسپێرێت لە دەرئەنجامدا بۆیان دەردەکەوێت ئەم کێشە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بەوەوە هەیە لە پەروەردە و فێرکردنی منداڵانی باخچەی منداڵاندا گرفتێك هەیە و دەگەڕێتەوە بۆ ئەوە و پێویستە چارەسەر بکرێت، ڕیشەی کێشەکەیان دۆزیەوە کە دەگەڕێتەوە بۆ خراپ پەروەردە و فێرکردنی باخچەی منداڵان! دەزانین هێز و پارە گرنگە، بەڵام ئەو تێڕوانینەی هێزە سیاسییەکانی ئێمە بۆ هێز و پارە هەیانە بەهیچ شوێنێکمان ناگەیەنێت جگە لە دواکەوتوویی زیاتر، کورد لەو میللەتانەیە گرفتی هێز و پارەی نییە، بەڵکو گرفتی مەعریفە و خۆ بەڕێوەبەردنی هەیە ئەمەش ڕوونە تەنیا بەچاکسازی و گۆڕانکاری لە پەروەردە و فێرکرن دەکرێت.

پەروەردە و فێرکردنێکی درووست دەتوانێت هێز و پارە درووست بکات و وڵات پێشبخات و بە دامەزراوەیی بکات، بەڵام بە پێچەوانەوە ئەو شێوازە مامەڵەکردنە لەگەڵ هێز و پارە لێرەدا دەکرێت نامانگەیەنێت بە هیچ شوێنێك جگە لە زیادکردنی نەهامەتییەکان نەبێت! وەك هەموو شتەکانی دیکە ئێمە ڕووکەشی بابەتەکان دەبینین و پێمانوایە ئەوەی وڵاتە پێشکەوتوو و زلهێزەکانی پێشخستووە هێز و پارەیە، بەڵام خۆی لەڕاستیدا پێشکەوتوویی پەروەردە و فێرکارییان لەسەرەتادا وای کردووە لەڕووی ئابووری و هێزەوە پێشبکەوون و خۆیان پەرە پێبدەن. هێزە سیاسییەکان گرنگ بوو هەموو باس و خواسەکانیان لەسەر وەزارەتی پەروەردە و فێرکردن بوایە جێگای دڵخۆشی و هیوا و ئومێد بوو بەرپرسیارێتی هەڵگرتنی ئەو وەزارەتەیان بگرتایەتە ئەستۆ! بەدوای کەسی پسپۆڕ و شارەزادا بگەڕانایە بۆ ئەوەی بیکەن بە وەزیر.

## دیسان وەزیری پەروەردە![*]

لە دوای ڕاپەڕینەوە وەزارەتی پەروەردە و فێرکردن بە کابینەی نۆیەمەوە، سیازدە وەزیری بەخۆیەوە بینیوە، لەو سیازدەیە تەنیا یەکیان پسپۆڕی پەروەردە بووە و خۆی مامۆستا بووە بەناوی "خەسرەو مستەفا عەبدوڵڵا" لە کابینەی سێ، لە ئیدارەی سلێمانی لە ١٩٩٨-٢٠٠١ دەبێ ئەوەش بزانین ئەمە تەنیا لە سنووری سلێمانیدا بووە، هەروەها ئەم وەزیرەش با پسپۆڕبوبێت، بەڵام هەموومان دۆخی ئەوکاتی کوردستان بێنینەوە یاد، دەزانین نەتوانراوە پەروەدەییانە بڕیار و ڕێنماییەکان جێبەجێبکرێن و هەموو شتێك لە دەلاقەی حیزبەوە بینراوە. تەنانەت هێندە کاریگەری نەبووە زۆرێك نازانن کەسێك هەبووە بەناوی خەسرەو مستەفا عەبدوڵڵا، کە وەزیری پەروەردەبوبێت.

دوای نۆ مانگ، دواجار کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان پێکهێنرا، وەزارەتی پەروەردە و فێرکردن بەر پشکی پارتی دیموکراتی کوردستان کەوت و ئەو حزبەش کەسێکی دانا بەناوی "ئالان حەمەسەعید" کە ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستانە لە سلێمانی و بەرپرسی لقی ٢١ی دەوروبەری سلێمانییە.

---

[*] لە ژمارە "٢٦"ی ڕۆژنامەی "زەمەن" ڕۆژی سێشەممە ٧/١٦/ ٢٠١٩ بڵاوکراوەتەوە.

ئەم وەزیرە نوێیەی وەزارەتی پەروەردە و فێرکردن، بەداخەوە وەك هەموو جارەکان کە وەزیری بۆ دادەنرێ، پسپۆڕی پەروەردە نییە و پسپۆڕییەکەی خۆی سیاسەتە! ئێمە کە باسی پسپۆڕ و تەکنۆکۆکرات دەکەین، دەبێ وەزیری پەروەدە هەیبێ، بە مانای ڕاستەقینەی وشەی پسپۆڕ و تەکنۆکرات دەیلێین کەخۆی یەکلاکردبێتەوە.

دووربێ لە هەست و سۆزی حزبایەتی و خزمایەتی و خێلایەتی و بەرژەوەندی کەسیی، بەناو ئەکاونت و پەیجی وەزیرە نوێیەکەدا گەڕام بۆ ئەوەی بزانم تا چەند گرنگی بە پەروەردە و فێرکردن داوە، بۆچوونی بزانم لەسەر پەروەردە و فێرکردن لە کوردستان، دوورونزیك دێڕێکی ئەوتۆم نەدۆزییەوە! بەڵکو بە پێچەوانەوە بەشی زۆری بابەت و نووسیەنەکان و چاوپێکەوتنەکانی سیاسیی و حزبین!

گومانم لەوەدا نییە، کاندیدیان بکردایە بۆ هەرچ وەزارەتێکی دیکە، بێجگە لەوەزارەتی پەروەردە و فێکردن، ئەو دەیکرد و کێشەی نەدەبوو! ئەمە تەنیا بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان ڕاست نییە، بەڵکو بۆ زۆرێك حزبەکانی تریش هەر ڕاستە، ئەوە نییە لەکاتی ململانێی کاندیدەکاندا بۆ وەرگرتنی پۆستی وەزیر، بینیمان لەناو بەشێك لە حزبەکان، کەسێك بۆ وەزیری وەزارەتێك دانراوە، کەچی دواتر وەزارەتێکی تری پێدراوە، لە کابیەنەکانی تریشدا نموونەی سەیر و عەجایبتر هەن!

نەمانبیست و نەمانبینی وەزیرێك وەزارەتەکەی ڕەت بکاتەوە لە بەرئەوەی پسۆڕیی ئەو نییە و لێی نازانێ، بە پێچەوانەوە بیستمان و بینیمان کەسی واهەبووە کە وتویەتی حزبەکەم بمنێرێت بۆ هەر شوێنێك و

هەر ئەرکێکم پێ بسپێرێت دەیکەم، وشەی نازانم و ناتوانم لە فەرهەنگ و بیرکردنەوەی کاندیدەکاندا نییە!

ئێستا ڕستەیەك بووە بەعورف و دەوترێتەوە تەنانەت وەك حەقیقەتیش مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێ "ئاساییە وەزیر پسپۆڕی خۆی نەبێ، گرنگە ئەوانەی خوارەوە پسپۆڕبن!" لە ڕاستیدا من نازانم لەکام قامووسی سیاسیی و لەکام ئەزموونەوە ئەمە دەوترێ، چ لۆژیکێك ئەوە قبوڵ دەکات بە تایبەتی لە دنیای نوێدا وەزیر شارەزا و پسپۆڕ نەبێت، بکرێتە وەزیر و بتوانێ سەرکەوتووبێ!

گریمان لە هیچ کوێی دنیادا پسپۆڕیی گرنگ نییە بۆ بوون بەوەزیر، بە پێچەوانەوە لە دنیای دواکەوتووی ئێمەدا نەوەك هەر گرنگە، بەڵکو پێویستیشە. چونکە لە وڵات و هەرێمی دواکەوتووی وەك ئێمە، ئەوەی بڕیار دەدات کەسە یەکەمینەکانن، نەوەك دامودەزگا و ڕاوێژکار و ئەوانەی خوارەوە، ئەمە بێجگە لەوەی ئەوەش دەزانین ئەوانەی خوارەوە زۆرێکیان پسپۆڕ نین کە دانراون و بە پلەی یەکەم حزبایەتی کراوەتە پێوەر بۆ دانانیان.

ڕەوایە بپرسین ئەگەر وەزیر شارەزا نەبێ، دەبێ بڕیارەکانی چۆن بن و کایەیەکی گرنگ و هەستیار و ئاڵۆزی وەك پەروەردە و فێرکردن چۆن بەڕێوەبچێ!؟ هەروەها دەپرسینەوە بەرپرسانی خوارەوەی وەزیریش، بە هەمان پێوەری دانانی وەزیر دادەنرێن و پۆستیان پێ دەدرێت خۆ جیاوازتر نییە؟

ئەمە دۆخەکە بێت، تۆ بڵێی چاوەڕوانی کار و بڕیار و ڕێنمایی پەروەردەیی و جیاوازتری وەزارەتی پەروەردە و فێرکردنی کابینەی نۆیەم

بین، جیاواز لە کابینەکانی تر! ؟ ئومێد دەکەم و بە هیوام بۆچوونی ئێمە لە جێگەی خۆیدا نەبێ و بە هەڵەدا بچین، بەڵام ئەوەی لە چۆنێتی دانانی وەزیری نوێی پەوەردە لە کابینەی نۆیەم سەرنجی دەدەین و هەروەها تێڕوانینی ئەو بۆ سیاسەت و ژیانی حزبایەتی بەدی دەکەین و گوێمان لە قسەکانی دەبێ، وەزارەتی پەروەدە لە کابینەی نۆیەم حاڵ و دۆخی زۆرباشتر نابێ لە کابینەکانی پێشووتر ئەگەر خراپتر نەبێ!

# بەشی زانستی کۆمەڵناسی و فەلسەفە بۆ ناخوێنن؟![*]

پرۆگرامەکانی پەروەردە و فێرکردن لە ناوەندەکانی خوێندندا دونیایەك ئیشکال و گرفتیان تێدایە، کێشەکە ئەوەیە چەندینجاریش بەڕێگەی جیاواز کێشە و گرفتەکان خراوەتەڕوو وە باسکراوە، بەڵام کەچی هەموو ساڵێك بەشێکی زۆری گرفت و کێشەکانی پرۆگرامەکان وەکو خۆی دووبارە دەبنەوە! ئەوەی ئێمە لەم نووسینەدا دەمانەوێت بیخەینە ڕوو و ئاماژەی پێبکەین و جێگای سەرنج و سەرسوڕمانە لامان لەبارەی جۆری پۆلێنکردنی پرۆگرامەکانی خوێندنە، ئەویش ئەوەیە بۆچی تەنیا دوو زانست و بابەتی گرنگی وەکو کۆمەڵناسی و فەلسەفە لە قۆناغی ئامادەییدا تەنیا بەشی وێژەیی دەیخوێنن و بۆ یەك ساڵ (کۆمەڵناسی لە پۆلی دە و فەلسەفەش لە پۆلی یازدە) بەشی زانستیی نایخوێنن و بەلایدا ناچن؟ ئایا کۆمەڵناسی و فەلسەفە دوو زانستیی گشتگیرنین و هاوبەش نین لە نێوان بەشی زانستیی و بەشی وێژەییدا؟ ئایا فەلسەفە و کۆمەڵناسی وەکو مێژوو و جوگرافیا وایە پێویست نییە بۆ زانستییەکان، یان نەخێر کۆمەڵناسی و فەلسەفە دوو زانستن چۆن فێرخوازێکی وێژەیی پێویستی پێیەتی بە هەمان شێوەش فێرخوازێکی زانستیی پێویستی پێیەتی؟

[*] لە ژمارە "٥٧٧"ی ڕۆژنامەی "ئاوێنە" ڕۆژی سێشەممە ٢٠١٧ /٥/١٦ بلاْوکراوەتەوە.

ئێمە پێمان وایە دوو زانست و بابەتی گرنگی وەکو کۆمەڵناسی و فەلسەفە چۆن بۆ بەشی وێژەیی گرنگە بەهەمان شێوە بۆ بەشی زانستیی گرنگە پێویستە بخوێنرێت، چونکە زانستەکانی کۆمەڵناسی و فەلسەفە دوو زانستیی گشتگیرن و تایبەتن بەمرۆڤ و پەیوەندی نییە بەزانستیی و وێژەییەوە، کۆمەڵناسی ناوەڕۆك و بابەتەکانی ئەو باسانەیە کە پەیوەستن بە تاك بەتاکی کۆمەڵگاوە بۆنموونە باس لە کێشە و گرفت و دیاردە کۆمەلأیەتییەکان و کێشەی منداڵ و هەرزەکار و کۆمەڵگا و خۆکوشتن و چۆنێتی ڕەفتارکردن و توندوتیژیی و ئالودەبوون و ..... هتد دەکات کەپەیوەستە بەژیانی هەمووانەوە ئینسانی بەشی زانستیی و بەشی وێژەیی بەری دەکەون لەناو کۆمەڵگا، بۆیە گرنگە بەشی زانستیش ئاگاداری کێشە و دیاردە کۆمەلأیەتییەکان بن و لە ڕێگەی زانستێکی گرنگی وەکو کۆمەڵناسییەوە ئاگایی و هوشیارییان فراوان بکرێت و داخراو نەبن، هەروەها زانستێکی گرنگی وەك فەلسەفە کە هانی فێرخواز دەدات فێری بیرکردنەوە و پرسیارکردن بێت، ئایا پرسیارکردن و بیرکردنەوە تایبەتمەندن بە گروپ و چینێك و بەشێك و زانستێکی دیاریکراو؟ بێگومان خوێنەر دەزانێت وەلأمی هەموو کەس بۆ ئەو پرسیارە نەخێرە چۆن فێرخوازێکی بەشی وێژەیی لە زانستێکی وەکو مێژوو و جوگرافیا و ئابووری پێویستی بە هونەری پرسیارکردن و بیرکردنەوەیە بەهەمان شێوەش فێرخوازێکی بەشی زانستیی لە بابەتێکی وەکو فیزیا و کیمیا و زیندە پێویستی بە فێرکردنی هونەر و پرسیارکردن هەیە.

لێرەدا پرسیار ئەوەیە بۆچی وەزارەتی پەروەردە و لایەنی پەیوەندیدار بە پرۆگرامەکان خوێندنی بابەتەکانی فەلسەفە و کۆمەڵناسییان بە

پێویست نەزانیوە بۆ بەشی زانستیی و کردویانە بە موڵکی بەشی وێژەیی؟ ئێمە پێمان وایە ئەمەش وەکو زۆرێك لە بڕیارەکانی وەزارەتی پەروەردە بێ پلان بڕیاری لەسەر دراوە و پێیان وایە فێرخوازی بەشی زانستیی بەسروشت هەڵسوکەوتی جیاوازە و ئەوانەی دەچنە بەشی زانستیی بیرکردنەوەیان جیاوازە و بەهێزترە لە فێرخوازانی بەشی وێژەیی و پێویستیان بە زانستەکانی وەکو کۆمەڵناسی و فەلسەفە نییە، تاوەکو بزانن کۆمەڵگا چییە و کێشە و گرفتەکانی چین و چۆن هەڵسوکەوت دەکەن و فەلسەفەش کە جەوهەرەکەی فێرکردنی هونەری پرسیارکردن و بیرکردنەوەیە ئەوە بەسروشت خۆیان دەیزانن؟!

ئەگەر سەرنجیش بدەین هەست بەوە دەکرێت بەشێکی گرنگی فێرخوازانی بەشی زانستیی بەهۆی ئەوەی وا فێرکراوان کە تەنیا فیزیا و کیما و زیندە زانستن و گرنگن و وانەکانی تر گرنگ نین و زانست نین وای لێهاتووە زۆر گرنگی نەدەن بەو ڕستە و قسە و ئامۆژگارییانەی کە بۆ ژیان پێویستن و دواتر لەناو کۆمەڵگا بەری دەکەون، ئەمە جگە لەوەی توانای تەعبیرکردن و گوزارشتکردن لەو ڕستانەی دەیڵێن زۆر لاوازە ئەمەش بەهۆی گرنگی پێدانیانە بە تەنیا بە زانستە پەتییەکان! فێرخوازی بەشی زانستیش لەناو کۆمەڵگادا ژیان دەکات لەبۆشاییدا ناژێت و بۆیە خوێندنی کۆمەڵناسی بەقەد فیزیا و کیمیا....هتد گرنگە بۆئەوەی بزانێت چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەوانیتردا دەکات لە ئێستا و داهاتوودا، هەروەها بۆ ئەوەی فێری بیرکردنەوە و پرسیارکردنیش بێت و بزانێت ئەو زانستەی دەیخوێنێت چۆن گەشەی کردوە و پەرەی پێدراوە پێویستە فەلسەفە بخوێنێت.

## ٩/٢١ یان ١٠/٢١ دەسپێکی دەوامە!؟*

وەزارەتی پەروەردە و فێرکردن بۆ ئەمساڵی بڕیاریداوە ٩/٢١ یەکەم ڕۆژی دەسپێکردنی دەوام بێت، بەڵام لەڕاستیدا ئەوەی سەرنجی دابێت و لەناو کایەی پەروەردە و فێرکردندا کاربکات دەبینێت و دەزانێت هیچ ساڵ و کاتێك دەوامی ڕاستەقینە لەو ڕۆژەوە دەستپێناکات کە وەزارەتی پەروەردە بڕیاری لێدەدات و ڕای دەگەیەنێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە دوای دوو هەفتە هەندێك جار دوای مانگێك لە خوێندنگاکان دەست دەکرێت بە دەوامی تەواوەتی و ڕەسمی!

هەردوای ڕاگەیاندنی دەستنیشانکردنی ڕۆژی دەستپێکرنی دەوام لەلایەن وەزارەتی پەوەردە و فێرکرنەوە، کەم نەبوو ژمارەی ئەو خوێندکار و مامۆستا و سەرپەرشتیارانەی لە بەردەمی خۆیانەوە دەیانگوت مانگێکی تریش بە تەواوی دەوام دەست پێناکات، ئەمە تەعبیرە لە ساڵانەی پێشووش هەربەکارهاتووە.

زۆرن ژمارەی ئەو خوێندنگایانەی لەبری ئەوەی لە یەکەم ڕۆژی دەسپێکی دەوام پێشوازی لە خوێندکارەکانیان بکەن و ئاهەنگی دەستپێکردنی دەوام بگێڕن لە دوورەوە جارێك هیچ نەبووە پێیان دەوترێت

---

* لە ژمارە "٣٣"ی ڕۆژنامەی "زەمەن" ڕۆژی سێشەممە ١٠/٩/ ٢٠١٩ بلاَوکراوەتەوە.

بڕۆنەوە هەفتەیەکی دیکە بێنەوە هەفتەیەکی دێنەوە پێیان دەوترێتەوە بڕۆنەوە و چەند ڕۆژێکیتر خۆمان ئاگادارتان دەکەینەوە ! ئەمەش وا دەکات هەر لەسەرەتاوە خوێندکار کات ئەو بەهاو گرنگییەی ئەوتۆی بۆی نەبێت و بەمەش کاریگەری نەرێنی دروست دەکات، بەشێکی گرنگی خوێندکارەکان بەهۆی ئەوەی سالآنی پێشتر بەو شێوەیە پێشوازی لێکراوە و لە کاتی خۆیدا دەوام دەستی پێنەکردووە، بۆ ماوەی چەند ڕۆژێك خۆی بڕیاری نەهاتن و پابەند نەبوون بە دەوام دەدات.

لە ڕاستیدا کۆمەڵێك هۆکار وا دەکات دەوام لە کاتی خۆیدا دەست پێنەکات و بەو شێوەیە دوابکەوێت، لەبری ئەوەی پێش دەستپێکردنی دەوام گرفت و کێشەکان چارەسەر بکرێت و پێویستییەکان دابین بکرێت بە پێچەوانەوە هەمووی دەکەوێتە کاتی دەستپێکردنی دەوامەوە! هەر خوێندنگایەك و بەهۆی کۆمەڵێك هۆکارەوە دەستپێکردنی دەوامی بەشێوەیەکی دروست و ڕێك و پێك تێیدا دوادەکەوێت.

بەشێك لە خوێندنگاکان کاتی خاوێنکردنەوەی قوتابخانە و ڕێکخستنەوەی پۆلەکان و دابەشکردنی خوێندکارەکان دەخەنە کاتی دەستپێکردنی دەوامەوە ئەمە لە کاتێکدا دەبێت پێشووتر ئەو کارانە جێبەجێ بکرێت و ئامادەسازیی بۆ بکرێت، هەروەها سالآنە دابەشکردنی کتێب و پرۆگرامەکانی خوێندن وەك هەمیشە بەسەر خوێندنگاکاندا دوادەکەوێت و لە کاتی خۆیدا پێیان نادرێت، بەشێکی زۆر لە خوێندکاران کاتێکی زۆر بەسەر خوێندندا تێپەڕیوە و کەچی کتێبیان وەرنەگرتووە، یان کتێبەکان وەك پێویست بەش ناکات و بە نیوەناچڵی دابەش دەکرێت و زۆرجار بە خوێندکار دەوترێت برۆ لە شوێنێکی دیکە پەیدای بکە، ئەوەی

پرسیارە ئەوەیە لە شوێنێکی دیکە بۆ هەیە و لە خوێندنگا بۆ نییە! هەندێك لە خوێندنگاکان کێشەی کەمی مامۆستای پسپۆڕیان هەیە و بۆیان دابین ناکرێت دەبێت تا ماوەیەکی زۆر خوێندکار کاتی خۆی بە چاوەڕوانی هاتنی مامۆستاوە بباتە سەر! کاتێکیش مامۆستا دێت ماوەیەکی زۆر بەسەر دەستپێکردنی دەوامدا ڕۆیشتوە و مامۆستاش دەبێت بە پەلە پەل پرۆگرامی وەرزێکی دیاریکراو تەواو بکات و ئەمەش دەبێتە بارگرانی بۆ خوێندکار و ناتوانێت لە ماوەیەکی کەمدا پرۆگرامێکی زۆر تەواو بکات و هەزمی بکات. دابەشکردنی وانەکان لەنێوان مامۆستایانی خوێندنگاکاندا چەند ڕۆژێکی پێدەچێت و لە هەندێك خوێندنگا یەکلایکردنەوەی بەشەوانەکان چەند ڕۆژێکی زۆری پێدەچێت و کە دەبێتە هۆی لە دەستچوونی کاتی دەوامی خوێندن و وا دەکات خوێندکاران لە کاتی خۆیدا وانەکان نەخوێنن و دەست بە خوێندن نەکەن.

وەك دەزانین لە هەندێك ناوچەدا تا ئەوکاتەشی وەزارەتی پەروەردە دایناوە بۆ دەستپێکردنی دەوامی خوێندن پلەی گەرمی هێشتا تێیدا بەرزە، خوێندنگاکانیشی یان کارەبای حکومییان وەك پێویست نییە و لە کاتی دەوامدا زۆر کات نییە یان گەر هەشبێت پێداویستییەکانی وەك فێنککەرەوەی تێدانییە و دەوام کردن تێیدا دەبێتە ئەستەم و ناچار دەوام تێیدا دوادەکەوێت، بەهۆی ئەوەی بەڵکو ئاو و هەوا بۆ کەمێك فێنك بکات!

# دەسپێكی دەوامی خوێندن و
# قەیرانەكانی دووانەیەكی لێكدانەبڕاو!؟*

وەك هەموو ساڵێك بە دەستپێكردنی دەوامی خوێندن قەیرانەكانیش دەستپێدەكەن! دوێنی دووشەممە دەرگای قوتابخانەكان كرایەوە و دەست بەدەوامی فەرمی كرا و پشووی هاوین كۆتایی پێهات، پرسیار ئەوەیە بەڕاستی مامۆستایان و فێرخوازان لە پشوودا بوون لەهاویندا؟ لەڕاستیدا بەهۆی دۆخی ئاڵۆزی سیاسیی و بەردەوامی و درێژەكێشانی قەیرانی دارایی وای كردبوو مامۆستایان و فێرخوازان پشووی تەواوەتی و ڕاستەقینە وەرنەگرن و بەردەوام هزر و مێشكیان مەشغوڵ بێت و هیلاكبن! لە وڵاتانی پێشكەوتوو مامۆستایان و فێرخوازان دوای كۆتایهاتنی تاقیكردنەوەكان و سەرەتای دەستپێكردنی پشووەكانیان دەست دەكەن بەگەڕان و گەشت و خوێندنەوەی كتێب و دووركەوتنەوە لەنەزم و ڕێسا و یاساكانی خوێندنگا و، پشووەكانیان هاندەرە بۆ ئەوەی وزەی بەردەوامییان هەبێت بۆ درێژەدان بەخوێندن و بەوزەیەكی زۆرەوە دەگەڕێنەوە بۆ خوێندن.

پرسیار ئەوەیە ئایا پشووەكانی فێرخوازان و مامۆستایان لە دونیای ئێمەدا بەم شێوەیە؟ ئێمە پێمان وایە زۆر بە پێچەوانەی دونیای پێشكەوتووەوە فێرخوازان و مامۆستایان هیچ پشوویەكی ڕاستەقینە

---

* لە ژمارە "٥٩٥"ی ڕۆژنامەی "ئاوێنە" ڕۆژی سێشەممە ٢٠١٧ /١٠/٣ بڵاوكراوەتەوە.

وەرناگرن و بە دەم و چاوێکی ماندوو و بێتاقەتییەوە دەگەڕێنەوە بۆ خوێندنگاکان و ئەگەر وردو بەسەرنجەوە لێیان بڕوانیت بێزارییەکی زۆر لە دەم و چاویاندا دەخوێنیتەوە! ئەمساڵیش دەوام دەستپێدکات و دەرگای خوێندنگاکان دەکرێنەوە بە دونیایەك کێشە و گرفتی نوێ و کۆنەوە و، نەمامۆستایان ئامادەیی تەواویان تێدایە بۆ وانەوتنەوە و نە فێرخوازانیش تاقەت و حەوسەڵەی گوێگرتن و فێربوونیان هەیە، چونکە هیچکامیان بەتەواوی و بەدرووستی پێداویستییەکانیان بۆ دابین نەکراوە.

دەرگای مەکتەب کە دەکرێتەوە بەم کێشانەوە دەستپێدەکات، فێرخوازان پەرتووکی تەواویان بەرناکەوێت، فێرخواز و خوێندنگاکان کێشەی مامۆستایان دەبێت لە پسپۆڕییە جیاوازەکان و تاماوەیەکی درێژ فێرخوازان مامۆستایان نابێت، کێشەی میلاکات دروست دەبێت لە خوێندنگاکان، فێرخواز تا زیاد لە هەفتەیەکیش پێان دەوترێت بڕۆن و سبەی وەرنەوە، چونکە جارێك رێك نەخراون و بەتەواوی دەوام دەستی پێنەکردووە! فێرخواز دەناڵێنێت بە دەست ئەو مامۆستایانەی کە پارساڵ بێزاربوون لەدەستیان و بەوەی لەڕووی مەعریفی و پەروەردەییەوە لێی بێزاربوون و چاوەڕوانیان دەکرد ئەمساڵ وانەیان پێنەڵێت و سزا درابێت کەچی بە پێچەوانەوە بە ناچاری و بە ئازارەوە دەبێت ئەمساڵیش گوێ لە هەمان مامۆستا بگرن! مامۆستایان مووچەیان دەستکاری نەکراوە و کاریگەری لەسەر پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن دەبێت و هەموو باس و خواسی مامۆستایان لەسەر مووچە دەبێت و وانەکان وەك خۆیان ناگەیەنرێت.

چ مامۆستا و چ فێرخواز هەموو ساڵێك ئاواتی ئەوە دەخوازن ئەمساڵیان لەساڵی پێشوویان باشتر و چاکتربێت و پێداویستی و داواکارییەکانیان وەکو خۆی جێبەجێ بکرێت، کەچی هەموو ساڵێك ئەو ئاواتەیان نەوەك هەر نایەتەدی، بەڵکو دەگەنە قەناعەتێك بڵێن خۆزگەمان بەپار! لە دۆخێکی ئاوادا دەرگای قوتابخانەکان دەکرێتەوە کە هیچ ئامادەباشییەکی بۆ نەکراوە، بێگومان کاریگەرییەکی خراپ بەجێدەهێڵێت، ئەوەی جێگەی سەرنجە و لە هەمانکاتیشدا قورسە بتوانیت قەناعەت لای فێرخوازان دروست بکەیت بەوەی بەجددی خەریکی خوێندنی خۆیان بن و بایەخ بەوانە و خوێندنەکەی خۆیان بدەن و کاریگەری دەرەوەی خۆیان لەسەر نەبێت و ئەو قەیرانە سیاسیی و داراییەی هەیە ساردیان نەکاتەوە، ئاسان نییە و ناتوانیت چونکە کێشە و گرفتەکان هێندە ئاڵۆزن فێرخواز ناتوانێت لەخۆی دایببڕێ و پەیوەست نەبێت پێیەوە.

دەرگای مەکتەب دەکرێتەوە و شوێنی پێویست بۆ منداڵ و فێرخوازەکانی قۆناغە جیاوازەکانی خوێندن دابین نەکراوە و هەر لەسەرەتاوە بە نادروستی پێشوازییان لێدەکرێت، مامۆستایان چاوەڕوان بوون لەکاتی دەستپێکردنی دەوامدا وەزارەتی پەروەردە ئەو بەڵێنانە جێبەجێ بکات کەلەسەر کاغەز داویەتی بۆ خزمەتی پەروەردە و فێرکردن! دەرگای مەکتەب دەکرێتەوە، بەڵام لەگەڵیشیدا گرنگ بوو دەرگای چارەسەرکردنی کێشە و گیروگرفتەکان بکرێتەوە و چارەسەریان بکەن! پرۆسەی خوێندن و قەیرانەکانی لە هەرێمی کوردستان دوانەیەکی لێکدانەبڕاون و ئاسۆیەکی ڕوون نابینیت بۆ چارەسەرکردنی و، لەبەرئەوەی ئەوانەی بڕیاربەدەستی وەزارەتی پەروەردە و فێرکردنن دونیابینییەکی

ڕوون و دروستیان نییە، چونکە ئەگەر وانییە بۆچی هەموو ساڵێك ئێمە لەدەسپێکی دەوامدا تووشی هەمان یان زۆرجار زیاتریش ڕووبەڕووی ئەو کێشانە دەبینەوە کە ساڵانی پێشتر هەبوون!

# بڕیارەکانی وەزارەتی پەروەردە و دروستکردنی کێشە*

چەند ڕۆژێکیتر و درووست لە ٥/٩ دا، تاقیکردنەوەی کۆتایی وەرزی دووەمی ئەمساڵی خوێندن دەستپێدەکات و لەگەڵیشدا وەك هە موو جارەکانیتر کێشەی مامۆستا و بەڕێوەبەر لەسەر چۆنییەتی پشکنینی تیانوسی تاقیکردنەوەکان لەگەڵ خۆی دێنێت.

بەداخەوە هەندێك لە بڕیارەکانی وەزارەتی پەروەردە بەهۆی لەبەرچاونەگرتنی دۆخی خوێندنگاکانەوە و تیۆریبونییەوە ئەوەندەی جێگەی سەرسوڕمانن ئەوەندە جێگەی پرسیارنین؟ یەکێك لەو بڕیارانەی پەروەردە ئەوەیە کە نابێت مامۆستا دەفتەری تاقیکردنەوەی کۆتایی ساڵ بەرێتەوە بۆ ماڵەوە و دەبێت لەقوتابخانە پشکنینی بکات، باشە ئێمە دەپرسین: مامۆستایەك زیاد لە ٤٠٠ دەفتەری هەبێت و لە قوتابخانەیەك بێت کارەبای تێدا نەبێت و ژووری گونجاوی نەبێت، (زۆر لەقوتابخانەکان هەڵەیە پێیان بوترێت قوتابخانە، چونکە هیچ پێوەرێکی پەروەردەیی و زانستییان تێدا نییە) دەتوانێت ئەو هەموو دەفتەرە بپشکنێت ؟ تەنانەت هەندێك لەبەڕەێوەبەرکان ماوەیەکی دیاریکراو بۆ مامۆستاکان دادەنێن کە ئەبێت لەو ماوەیەدا تەواوی بکەن، ئاخر چۆن مامۆستا دەتوانێت لە

* لە ژمارە "٢٧٣"ی ڕۆژنامەی "ئاوێنە" ڕۆژی سێشەممە ٣/٥/ ٢٠١١ بڵاوکراوەتەوە.

ژوورێکدا کارەبای تێدانەبێت و هەموو مامۆستاکانیش لەو ژوورەبن لەشوێنێکی قەرەباڵغ و ئاوادا چۆن دەتوانرێت ئەو دەفتەرانە بەشێوەیەکی تەندروست و دروست تەواوبکرێت و بەباشی بپشکنرێن ؟

بەداخەوە وەزارەتی پەروەردە هەندێك بڕیار دەر دەکات و بەخۆشی جێبەجێ ناکرێت، وەك واعیزەکان کە هەندێك گوتاری وادە دەن نەبەخۆیان جێبەجێ دەکرێت و نەخۆشیان بڕوایان پێیەتی، چونکە لە توانای مرۆڤ بەدەرە.

بڕیارەکان دەبێت ڕەچاوی ژینگەی تێدا بکرێت، ئەگینا بڕیارەکان بڕیارێکی سەرکەوتوو نابن، لەوانەیە بیانوی وەزارەت ئەوە بێت، کە دەفتەرەکان ون ئەبن لەماڵەوە یان دەستکاری دەکرێن، ئەم بیانووە کاتێك ڕاستە، ژینگەی قوتابخانە لە بارتربێت لەهی ماڵەوە، ژوورێك زیاد لە ١٠ مامۆستای تێدابێت و بەزۆر جێگایان بێتەوە و کارەبای تێدا نەبێت و پلەی گەرما بەرزبێت، چۆن هەست بەئاسوودەیی دەکرێت؟ بۆیە گومانم لەوەدا نییە زۆر جار مامۆستا لەوبارەدا دەفتەرەکان لەکۆڵ دەکاتەوە و قوربانی سەرەکیی لێرەدا خوێندکار دەبێت.

ئەم بڕیــارە زۆر جـار کێشەی لەنێوان مامۆستایان خۆیان یان لەگەڵ بەڕێوەبەرەکان دروستکردووە، هەندێك لە بەڕێوەبەری قوتابخانەکان دەزانن بڕیارەکە نادرووستە و جێبەجێ ناکرێت بەبێ پرسی بەڕێوەبەرایەتییەکەیان ڕێگە بەمامۆستاکانی دەدات دەفتەرەکان بەرنەوە بۆ ماڵەوە، هەندێك بەڕەێوبەریش ڕازی نابن مامۆستاکانی دەفتەرەکان بەرنەوە بۆ ماڵەوە، زۆرجار لەئەنجامی ئەم بەراوردکردنە کێشە لە نێوانی مامۆستایان و بەڕێوەبەری ئەو قوتابخانانە دروستدەبێت کە دە فتەرەکان

نابەنەوە بۆماڵەوە، دڵنیام ئەو بەڕێوەبەرانەش لە قەناعەتیانەوە نییە کە نایەڵن دەفتەرەکان ببرێتەوە بۆ ماڵەوە، وەك خۆیان دەڵێن بڕیارێکە و دەبێت جێبەجێ بکرێت، بەڵام هەموو بڕیارێکیش مەرج نییە درووستبێت، بۆیە وەزارەتی پەروەردە یا دەبێت بڕیارەکە هەڵبوەشێنێتەوە، یا دەبێت ژینگەیەکی لەبار و گونجا و بۆمامۆستا دابین بکات تا هەست بەئاسوودەیی بکات تێیدا. یان با تایبەتمەندی ئەو قوتابخانانە لەبەرچاوبگرێت کە کێشەی کەمی ژووری پشکنین و زۆری مامۆستا و زۆری خوێندکاریان هە یە.

# بڕیاردان پێش بیرکردنەوە

وەزارەتی پەروەردە لەچەند ڕۆژی ڕابردوودا بڕیارێکی دەرکرد لەو بڕیارەدا هاتبوو، کە لەجیاتی ٩/١٥ دەوامی فەرمی دەستپێبکات بۆ ئەمساڵی خوێندن جیاواز لەساڵانی ڕابردوو دەوامی فەرمی لە٩/١٠ دەستپێدەکات، وەك خۆیان لەڕاگەیاندنەکانەوە ئاماژەیان پێکردووە لەپێناو بەرژەوەندی خوێندکاران ئەم بڕیارەیان داوە، لەبەرئەوەی پرۆگرامەکانی خوێندن لەکاتی خۆیدا و زوو تەواو بن، ئەوەی ئێمەی توشی شۆك کرد ئەو بیانووەی وەزارەت بوو، کە بۆ بڕیارەکەیان هێنابویانەوە گوایە پرۆگرام زۆرە و بەو پێنچ ڕۆژەی هێناویانەتەوە پێشەوە کاریگەری خۆی دەبێت و پرۆگرام لەکاتی خۆیدا تەواو دەبێت؟

پێمان وایە ئەو بیانووەی، کە وەزارەتی پەروەردە هێناویەتیەوە لەجێگای خۆیدا نییە و پێش بیرکردنەوە و هەڵسەنگاندنی ورد بۆبابەتەکان بڕیاری لەسەر دراوە، یان لەڕاستیدا بەدوای ئەو هۆکارە ڕاستەقینە نەگەڕاوە کە دەبێتە هۆی ئەوەی پرۆگرام لەکاتی خۆیدا تەواو نەبێت، بۆچی؟ ئایا بابەتێکی وەکو کیمیا و فیزیا و بیرکاری پۆلی شەشی زانستی لەساڵانی پێشتر لەبەرئەوە پرۆگرام تەواو نەکراوە مامۆستا پێنچ ڕۆژی بەدەستەوە نەبووە؟

ئێمە دەپرسین چەند پێنچ ڕۆژی هەروا لەکاتی دەوامی فەرمیدا بەفیڕۆ دەڕوات؟ ئایا وەزارەت باشتر نەبوو ئەو هەموو پشووە زۆر و نامەنتیقیانە

لابدات كه هیچ نییه جگه لەکات به فیرۆدان، ئەو ڕۆژانەی پشوو کۆبکەرەوە لەکاتی دەوامی فەرمیدا هەیە، دەکاتە چەند ڕۆژ؟ هەموو ساڵێك لە٩/١٥دا زەنگی یەکەم ڕۆژی قوتابخانە لێدەدرێت، بەڵام بەگومانم لەوەی لەزۆرێك لەقوتابخانەکاندا لە١٠/١ یش دەست بەخوێندن بکرێت، زۆربەمان بیستوومانە کاتێك دەڵێن مانگی ٩ دەوامە ڕاستەوخۆ دەڵێن تۆبڵێ مانگی دە! ئێمە گومان دەکەین ئەمساڵیش لەساڵانی پێشووتر نەچێت، بۆیە باشترە وەزارەت و بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکان بەدواداچوون بۆ ئەوە بکەن لە سەرەتای دەوام دەست بەخوێندنی جددی بکرێت لە قوتابخانەکاندا، ئاخر قوتابخانەی وا هەیە تاکۆتایی کۆرسی یەکەمیش یان مامۆستای پسپۆڕی نییە یان کتێبی تەواوی نییە یان کێشەی زۆری خوێندکاری هەیە یان سێ دەوامییە، ئایا پێنچ ڕۆژ کێشەکان چارەسەر دەکات؟

به بۆچونی ئێمە زیادکردنی ئەو پێنچ ڕۆژە هیچ لەبارودۆخەکە ناگۆڕێت و خۆ لادانە لەجەوهەری کێشەکە، وانەیەکی وەکو ئەو وانانەی پێشتر ئاماژەمان پێکرد بە سێ پێنجیتر بەو بارودۆخەی ئێستاوە تەواو نابن. ٩/١٥ دەوام دەستپێبکات و مامۆستا و خوێندکار و بەڕێوەبەر بە جددی دەست بە خوێندن بکەن و پێداویستییەکانیان بۆدابین بکرێت و بە شتی ڕۆتینییەوە سەرقاڵ نەکرێن(زۆرێك لەخوێندکارانی نۆی بنەڕەتی کاتێك دەردەچن و دەچنە دەی ئامادەیی و لەخوێندنگاکەی خۆیانەوە دەگوێزرێنەوە بۆخوێندنگا ئامادەییەکە زیاد لەهەفتەیەکی پێدەچێت زۆرێك لە کارەکانیش ڕۆتینییە) زۆر لەوە باشترە لە٩/١٠ (بەناو) دەوامی فەرمی دەستپێبکات کەچی مانگی ١٠ دەست بەخوێندن بکرێت، جگە لەوە

پێویستە ئاماژە بەخاڵێکی تری سەیر بکەین ئەویش خوولی دووەمی تاقیکردنەوەی پلە ناکۆتاییەکان لە٩/٦ دەستپێدەکات و تاکو چواردە و پازدەی مانگ دەخایەنێت، ئیتر چۆن دەبێت دەوام لە٩/١٠ دەستپێبکات؟ بەڕاستی سەیرە وەزارەت!

لە کۆتاییدا دەڵێین ئەم بڕیارەی وەزارەت هیچ نییە جگە لەوەڵامدانەوەیەکی بێمانا، بۆ ئەو کەسانەی رەخنەیان لەوە دەگرت کە پرۆگرامی هەندێ بابەت بەهۆی کەمی کاتەوە تەواو نابن تا بۆئەوەی بەمامۆستایان بڵێن ئەوە نییە دەوامەمان بۆ پێشخستن و پێنچ ڕۆژ مان بۆ زیادکردن!

# مامۆستا و هەڵمەتی پاککردنەوە

لەماوەی پێشوودا فەرمانێکی وەزاری دەرچووە و گشتاندنی بۆکراوە بۆسەرجەم بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی پەروەردە بەژمارە (٥٢٥) ڕێکەوتی ٢٠١٢/١١/٢١ بەناوی (هەڵمەتی پاککردنەوەی قوتابخانەکان)، پاکوخاوێن ڕاگرتنی خوێندنگاکان کارێکی گرنگە و هەمووما‌ن لەسەری کۆکین، بەڵام لەهەمووی گرنگتر چۆنیەتی ئەنجامدانی هەڵمەتی پاککردنەوەکەیە، بەپێی ئەو فەرمانە وەزارییەی کەئاماژەمان بۆکرد مامۆستایانی قوتابخانەکان مولزەم دەکات کەدەبێت مامۆستایانیش بەشداری بکەن لەو هەڵمەتی پاککردنەوەیە کەدوو هەفتە جارێك ئەنجام دەدرێت! بەبێ ئەوەی ئاماژە بەوە بکات ئەم پاککردنەوەیە کەی و لەچ کاتێکدا بکرێت و چەند بخایەنێت، ئێمە دەپرسین ئەی کارگوزاری خوێندنگاکان ئیشیان چی یە؟ بەشێکی سەرەکی کاری ئەوان پاککردنەوەی خوێندنگاکان نییە؟ یان نەخێر لای وەزارەتی پەروەردە کارگوزار تەنیا ئیشی ئامادەکردنی چایە بۆمامۆستایان! هەروەها دەپرسین هەمان بڕیار لای وەزارەتەکانی تر دەرچێت بەوەی کەفەرمانبەرەکان بیناکانیان پاك بکەنەوە چی ڕوودەدات؟

ئێمە پێمان وایە ئەم بڕیارە سەیر و سەمەرانە ئەوەندەی لەوەزارەتی پەروەردە دەردەچێت لەوەزارەتەکانیتر دەرناچێت، چونکە بەبێ

وردبونەوە و دراسەکردن بڕیار دەردەکەن و بیر لەئەنجامەکەی ناکەنەوە.بەپێی ئەم بڕیارەی وەزارەت دەبێت کارگوزاری خوێندنگاکان هەموویان بڕۆنە ماڵەوە، چونکە لەڕاستیدا کارە سەرەکییەکەی کارگوزار پاککردنەوەی خوێندنگایە نەوەك شتیتر. ئەمە وەك ئەوە وایە سبەی بڕیارێکیتر لەلایەن وەزارەتی پەروەردەوە دەربچێت بەوەی لەهەندێك کاتدا کارگوزارەکان بۆیان هەیە وانە بلێنەوە! بەبۆچوونی ئێمە جیاوازی نییە، ئەگەر بیانووی وەزارەت ئەوەیە کە بەم بڕیارەی خۆشەویستی ژینگە لەلای خوێندکار دەچەسپێنێت کەوتۆتە هەڵەیەکی گەورەوە، خۆشەویستی ژینگە بەم رێگایە ناکرێت، بەڵکو بەوە دەکرێت سیمینار لەخوێندنگاکان بکرێت دەربارەی ژینگە، کارگوزاری باش بۆخوێندنگاکان دابین بکەیت کارەکانی خۆیان بەباشی بەڕێوە بەرن.

زۆرێك لەکارگوزارانی خوێندنگاکانی ئێمە توانای ئەو کارەیان نییە کەپێیان سپێراوە، یان بەساڵاچون یان خاوەن پێداویستی تایبەتن، تۆ ئەگەر خوێندنگاکەت پاك ڕاگرت خوێندکاریش ئەو جورئەتەی نییە پیسی بکات.حەق وابوو وەزارەت لەبنەڕەتدا پرسیاری ئەوەی بکردایە بۆچی خوێندنگاکاکان ئەو هەموو کارگوزارەیان هەیە و کەچی ئەوەی مانای پاك و خاوێنی بێت تێیدا نییە! لێپرسینەوەی لەوە بکردایە قوتابخانەی وا هەیە یەك کارگوزاری هەیە و کەچی قوتابخانەیەکی تر بەهەمان مواسەفات زیاد لەپێنچ کارگوزاری هەیە ئەم بێبەرنامەییەی چاك بکردایە.

ئەگەر ڕاستگۆ بین ئەم بڕیارە هەندێك کێشە دروست دەکات لەناو خوێندنگاکاندا و درووستیشی کردوە، مامۆستای واهەیە پێی هەزم ناکرێت ئەم کارە بکات لەڕاستیدا مافی خۆشیەتی کەنەیکات، چونکە ئیشی ئەو

نییە و کارەکانی مامۆستا هەموومان دەزانین دیاری کراون، بۆیە وەزارەتی پەروەردە لەجیاتی ئەم بریارە سەیر و سەمەرانە وەرە ئاستی هوشیاری مامۆستایان بەرز بکەرەوە، کتێبخانە بکە مەرج کەدەبێت لەهەموو خوێندنگاکاندا هەبێت، ئەوە بکە بەمەرج کەدەبێت خوێندکار ساڵی چەند جارێك گەشتی زانستی بکات، ئەوە بکە بەمەرج کە هانی مامۆستا بدرێت سیمینار بکات و لەبەرامبەردا ئیمتیازی بدرێتێ، ئیشی بنەما پەروەردەییەکە ئەمەیە، خۆش ئەوەیە هەندێك لەمامۆستایانیش ئەم بڕیارەیان وەك مەکرەمەیەك وەر گرت و هەرزوو کەوتنە وێنە گرتنی خۆیان لەکاتی پاککردنەوەی خوێندنگاکانیان و لەتۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڵاویان کردەوە! لەکاتێکدا دەبوایە هەڵوێستی جددیان هەبوایە لەئاست ئەم بڕیارەدا و لەخۆیان بپرسایە ئەرێ بەڕاست ئەمە ئیشی ئێمەیە یان وەزارەت گرفتەکانی کارگوزاری پێچارەسەر نابێت و لەو ڕێگەیەوە دەیەوێت خۆی لە چارەسەرکردنی کێشەکان بدۆزێتەوە نەوەك خەمی پەروەردەی بێت ؟

# هەڵبژاردنی خوێندکاران بۆچی؟*

وابڕیارە لە چەند ڕۆژی داهاتوودا و بۆماوەی نزیکەی ٩ ساڵ لەدواکەوتن ڕۆژی (١/٢٢ و ٢٩–١/٣٠) هەڵبژاردنی خوێندکاران و قوتابیان لەئامادەیی و زانکۆکان ئەنجام بدرێت، ئەوەی لای ئێمە پرسیاری سەرەکییە ئەوەیە کەئەم هەڵبژاردنە بۆ دەکرێت؟ ئەوەی ڕاستیبێت ئێمە وەڵامێکی مەنتیقی و قەناعەتپێهێنەرمان نەبیستووە لەلایەن سکرتێر و نوێنەری ئەو ڕێکخراوە حزبیانەوە کە بڕیاری ئەم هەڵبژاردنەیان داوە، ئێمە دەپرسین ئایا ئەم ڕێکخراوانە دوای بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە گەیشتونەتە ئەو باوەڕەی کەئەنجامنەدانی هەڵبژاردن لەساڵانی پێشوو بۆشایی و گرفتی درووستکردوە و پێویستە هەڵبژاردن بکرێت؟ یان بۆ ئەوەیە وەڵامی ئەو ڕەخنانە بدەنەوە کە لێیان دەگیرێت بەوەی ڕێکخراوە قوتابی و خوێندکارییەکان چالاکیان نییە و، دەیانەوێت بەم هەڵبژاردنەیان خۆیان زیندووبکەنەوە!؟ یان ئەوەیە مۆدیلە و چۆن لەماوەی پێشوودا ڕێکخراوەکانیتر حزب هەڵبژارنی پێکردن ئەمانیش وەکو ئەوان دەبێت هەڵبژاردن ئەنجام بدەن (هەڵبژاردن لەپێناو هەڵبژاردن).

پێمانوایە ئەم هەڵبژاردنی قوتابی و خوێندکارییانە ئەوەندەی زیانی هەیە نیو هێندە قازانج و سوودی نییە، ئەم قسەیەش پێش ڕووداو کەوتن

---

* لە ژمارە "٣٠٨"ی ڕۆژنامەی "ئاوێنە" ڕۆژی سێشەممە ١/١٠/ ٢٠١٢ بڵاوکراوەتەوە.

نییە و فالگرتنەوە نییە وەك هەندێ کەس لەوانەیە وای تێبگەن، ئێمە ئەزموونمان لەگەڵ ئەم جۆرە لەهەڵبژاردن هەیە، ئەمە دووبارە گەڕاندنەوەی ئەو ململانێ نادرووستەی هێزە سیاسییەکانی ئێمەیە کە ساڵانی ڕابردوو ئەنجامیاندا و کاریگەری خراپی بەسەر پرۆسەی پەروەردە و فێرکردنەوە بەجێهێشت و بە ئێستاشەوە باجەکەی دەدەین، شتێکی ئەوتۆش وامان لێ ناکات تا قەناعەتمان پێبهێنێت کە گۆڕانێکی قووڵ بەسەر دیدوبۆچوونی هێزە سیاسیی و ڕێکخراوەییەکان هاتبێت، عەقڵیەتی ئەم ڕێکخراوانە هەمان ئەو عەقڵیەتەیە کەپێشتر هەڵبژاردنەکانی قوتابیان و خوێندکارانی بەڕێوەدەبرد. ئەوەتا لەژمارەی پێشووی ڕۆژنامەی ئاوێنەدا ئەندامێکی لیژنەی پەروەردە لەپەرلەمانی کوردستان کەسەر بەحزبی دەسەڵاتە دەربارەی دەستێوەردانی حزب لەم هەڵبژاردنەدا دەڵێت: "دەستێوەردانەکان قوڵتر دەبنەوە".

هوشیاری سیاسی ئەم ڕێکخراوانە زۆر کورتە تا ئەو شوێنەیە کە حزبەکانیان ئاڕاستەیان دەکەن، هەمووومان دەزانین ئەم ڕێکخراوانە ئەوەی پێی دەناسرێنەوە لەڕابردوودا مەلزەمە چاپکردنیان بووە! ئەمە هەموو(چالاکی) یەکانیان بووە، چ خوێندکار و قوتابیەك لەسایەی ئەم ڕێکخراوانەدا بەرگری لێکراوە و مافی زەوتکراوی بۆگەڕاوەتەوە و هەستی کردوە ڕێکخراوێك هەیە و بەرگری لێ دەکات؟ لەکاتی خۆی و ئێستاش ئەم ڕێکخراوانە چ چالاکییەکیان هەبوە و شوێنەواری باشی لەدوای خۆی جێهێشتبێت تاوەکو ئێمە بوونیان بەپێویست بزانین بەم شێوەیەی ئێستایان؟ چ ڕۆڵێکیان هەبووە لەبەرزکردنەوەی ئاستی هوشیاری خوێندکاران و قوتابیان لەسەرجەم کایەکاندا؟ لەکاتی پێویستدا چ

پشتگیرییەکی جددی خوێندکاران و قوتابیانیان کردوە؟ لەڕابردوو وە لە ئێستاشدا چ قسەیەکیان کردوە بەدڵی دەسەلآت نەبێت ؟ ئەوە ناڵێم ڕێکخراوێك لەبەرئەوەی وەزیرەکەی سەر بەپارتەکەی نییە و ڕازی نییە حزب دەستبخاتە کاروباریەوە، لەجیاتی ئەوەی دەستخۆشی لێبکات هێلکە بارانی دەکات!

گرفتی ئەم ڕێکخراوانە ئەوەیە نازانن ئەرك و مافیان چییە، یان دەزانن و نایانەوێت کەئەمەیان خراپترە. پێمان وایە ئەم هەڵبژاردنە جگە لەسەرقاڵیکردنی خوێندکار و قوتابیان هیچی لێ بەرهەمنایەت و هیچیشیان لەدەست نەچوە تا ئەم ڕێکخراوانە بۆیان بگەڕێننەوە، لەکۆتاییدا دەڵێین حەق وایە خوێندکاران و قوتابیان پێش دەنگدانیان بەنوێنەرەکانیان و بەشداری کردنیان لە هەڵبژاردن لەخۆیان بپرسن، ئەم هەڵبژاردنە چییان بۆدەکات ؟ گرنگی چییە و سودی چییە؟ ئامانج لەم هەڵبژاردنە چییە؟ بۆچی دەکرێت؟

# سەرپەرشتیاران پێویستیان بە تاقیکردنەوەیە*

زۆرێك لەسەرپەرشتیارانی ئەمڕۆ لەگەڵ ڕێزماندا تاقیکردنەوەی سەرپەرشتیارانیان بکەی بەشێکی زۆرکەمیان لێ دمێنێتەوە، وەك ئەوەی لەڕابردوودا بینیمان ژمارەیەکی زۆر مامۆستا تاقیکردنەوەی سەرپەرشتیاریان ئەنجامدا کەچی زۆربەی زۆریان دەرنەچوون ئەمەش لەبەر هۆیەکی زۆرئاسان ئەویش ئەوەیە کەحزب تەداخوولی تێدا نەکردبوو، ئەوەی پێوەر بوو بەتونایی و لێهاتوویی بوو.

حەق وایە سەرپەرشتیارانی ئەمڕۆی مامۆستایان بخرێنە تاقیکردنەوەیەکی هاوشێوەوە بزانە چەند کەسیان دەردەچن؟ چونکە بەڕاستی زۆرێك لەسەرپەرشتیارانی ئەمڕۆی مامۆستایان بارودۆخێك گەیاندونیەتیە ئەوجێگایە کە پێوەر بریتی بوە لەوەی کە کێ باشترین گوێڕایەڵی حزب بووە نەك پێوەری توانایی و لێهاتوویی.

ئەوەی ئێمە هەستمان پێ کردووە لەماوەی ئەزموونی مامۆستایەتیماندا ئەوەیە کەپەیوەندی نێوان مامۆستا و سەرپەرشتیار پەیوەندیەکی باش و تەندرووست نییە، بەبۆچونی ئێمە ئەمە دەگەڕێتەوە بۆنەزانینی چۆنێتی مامەڵەکردنی سەرپەرشتیار لەگەڵ مامۆستادا و نەبوونی مەعریفە و زانیاریەکی ئەوتۆ لای سەرپەرشتیار بەبەراورد لەگەڵ مامۆستاکەی دا، هەروەها جێبەجێ نەکردنی ئەو پێوەرە زانستیانەی کە مامۆستای باش

---

* لە ژمارە "٢٤٩"ی ڕۆژنامەی "ئاوێنە" ڕۆژی سێشەممە٢٠١٠/١١/٩ بلاوکراوەتەوە.

لەخراپ جیادەکاتەوە، بەداخەوە ئەوەی دەکرێتە پێوەر حزبایەتی و هاورێیەتی وخزمایەتییە.

سەرپەرشتیارانی ئەمڕۆ زۆربەیان بەتەمەنن و زانیاریەکانیان هەمان زانیاری سەردەمی خۆیانە و لەگەڵ سەردەمدا نارۆن، بۆیە دەبینین بەپێچەوانەوە هەندێ مامۆستای گەنجی ئەمڕۆ زۆر پڕزانیاری ترن لەوان حەق وایە بپرسین وەزارەتی پەروەردە بەچ پێوەرێك بۆ بوون بەسەرپەرشتیار مەرجی ئەوەی داناوە کەدەبێت مامۆستا دە ساڵ کەمتر خزمەتی نەبێت؟ لەکاتێکدا مامۆستای بەتوانا و لێهاتوو پێویستی بەو خزمەتە زۆرە نییە، پێویستە ئاماژە بەوە بکەین زۆرێك لەسەرپەرشتیارانی ئەمڕۆ توانای بەڕێوە بردنی ئەو ئەرکەیان نییە کە پێیان سپێردراوە تەنانەت لای هەندێ مامۆستا سەرپەرشتیار هێندە ڕۆڵی لاوازە و کاریگەری نییە ئەگەر نەبێتیش بۆشاییەك درووست نابێت و هیچ ڕوونادات، نەوەك هەرئەوە بەڵکو بوونیشی بەو شێوەی ئێستا بۆخۆی کێشەیە !

لەکۆتاییدا بەئەمانەتەوە نموونەی هەڵسوکەوتی سەرپەرشتیارێك دەگێڕینەوە کە پێوەرە بۆ دەیان نموونەیتر، مامۆستایەك بەسەرپەرشتیارەکەی دەڵێت ئەو خوێندنگایەی منت بۆناردووە کێشەی زۆرە و خوێندکارەکانی هارن کاکی سەرپەرشتیاریش لەجیاتی ئەوەی ڕێنمایی بکات و ڕێگا چارەیەکی باشی بۆ بدۆزێتەوە بە مامۆستاکە دەڵێت هەرخوێندکارێك قسە و هەڵەیەکی کرد، بەشەق ئەیکەمە دەرەوە و لەخوێندنگا دەری دەکەم! مەریوانی وریا قانع دەربارەی سیاسیەکانی ئەمڕۆی کورد لە شوێنێکدا دەڵێت (سیاسییەکانی ئێمە ئەوپۆستەیان لێ بسەنیتەوە کەهەیانە لە هیچ شوێنێکی دونیا ئیشیان دەست ناکەوێت) دەتوانین بڵێین ئەو قسەیە بۆ زۆرێك لەسەرپەرشتیاران هەرڕاستە.

# کێ هەڵسەنگاندن بۆ سەرپەرشتیاران بکات؟*

لەپیشەی مامۆستایەتیدا سالآنە هەڵسەنگاندن دەکرێت، ئەمەش بۆ جیاکردنەوەی مامۆستای بەتوانایە لە بێتوانا، ئەم هەڵسەنگاندنە لەسەر ١٠٠ نمرەیە و ٢٥ ی لای بەڕێوەبەرە و ٧٥ ی لای سەرپەرشتیارە، تا ئێرە شتێکی باشە و پێمانوایە هەڵسەنگاندنەکە باشە و بەسوودە، بەڵام گرفتەکە لە چۆنێتی هەڵسەنگاندنەکە و جێبەجێکردنی و ئەو دەرئەنجامەی لە هەڵسەنگاندنەکەدایە کە تاچەند کاری پێدەکرێت؟ یان ئەو پرسیارەی کە لای زۆرێك لەمامۆستایان هەیە، ئەویش ئەوەیە ئایا هەڵسەنگاندنەکە وەك خۆی دەکرێت یان لەسەر بنەمای دەموچاوو و خزم خزمێنە و شتیتری لەو بابەتە نمرە دادەنرێت.

هەندێك مامۆستا بەبێ ئەوەی سەرپەرشتیار سەردانی کردبێت ٨٧٪ ی بۆ دانراوە، لەکاتێکدا مامۆستا هەبووە بەقسە و نمرەی بەڕێوەبەر لەڕیزی پێشەوەی مامۆستاکان بووە، بەڵام کەمتر لە ٦٥٪ ی بۆ دانراوە. واتە ئەوەی سەرپەرشتیار پێڕەوی لێدەکات، هەمان ئەو میتۆدە کاڵ و کرچ و تەقلیدیەیە کە لەسەری ڕاهێنراوە و خۆی پێ پەروەردە کراوە، ئەگەر باس لەپەیوەندی نێوان سەرپەرشتیار و مامۆستا بکەین، هیچ باشتر نییە لەپەیوەندی نێوان هەندێك مامۆستای کۆنخواز لەگەڵ فێرخواز، یان جۆری

* لە ژمارە "٢٩١"ی ڕۆژنامەی "ئاوێنە" ڕۆژی سێشەممە ٦/٩/ ٢٠١١ بلأوکراوەتەوە.

سەردانیکردن و پێوەرەکانی هەڵسەنگاندنی مامۆستا کە لەماوەی ساڵێکی خوێندندا جارێك یان دووجار سەردان دەکەن و ئیدی ئەو دوو وانەیە دەبێتە پێوەر بۆ هەڵسەنگاندنی ساڵێکی ڕەبەقی مامۆستا، کە ئەمەش ستەمە و تەنیا بە دوو وانە یان وانەیەك ناتوانرێت هەڵسەنگاندن بۆ مامۆستا بکرێت، هەروەك چۆن مامۆستا تەنیا بە دوو وانە ناتوانێت هەڵسەنگاندن بۆ فێرخواز بکات. ڕەنگە پاساوی زۆرێك لە سەرپەرشتیاران ئەوەبێت کە ژمارەیان کەمە، بەڵام پرسیارە ویژدانییەکە ئەوەیە چۆن بەو هەڵسەنگاندنە ئاسوودە دەبن؟ ئایا شتێکی لەو بابەتە بۆ مامۆستاش بە ڕەوا دەزانن؟

لای زۆرێك لەسەرپەرشتیاران ئەوەی گرنگە دەفتەری پلانە بەبێ گوێدانە ناوەڕۆکەکەی، واتە ئەو مامۆستایەی دەفتەرەکەی هەبوو نمرەی بەرزی بۆ دادەنرێت و بە پێچەوانەشەوە. ئەمەش کەمکردنەوەی بەهای پلانە و هەندێك لە مامۆستایان دەفتەرەکەیان تەنیا بۆ ڕازیکردنی دڵی سەرپەرشتیارە.

یەکێك لە کۆڵەکە گرنگ و بەهادارەکانی ڕێگەکانی وانەوتنەوە بابەتی " پێوانە و هەڵسەنگاندنە"ە، کە تەنیا لە کۆلێجەکانی پەروەردە دەخوێنرێن و زۆریش لە سەرپەرشتیاران دەرچووی کۆلێجەکانی پەروەردەنین و شارەزای ئەو بابەتە نین، لاوازییەکیتری سەرپەرشتیاران ئەوەیە تەنیا جەخت لە هەڵسەنگاندنی مامۆستا گەنجەکان دەکەنەوە و ئەمەش نوقسانییەکی گەورەیە، ئەگەر بڕیارە ئەوان سەرپەرشتیار و شارەزان! مامۆستا کۆنەکانیش پێویستیان بەم لایەنە هەیە و نابێت بە خەبیریان بزانن.

نازی گەورەی سەرپەرشتیاران ئەوەیە لە پشووی هاوینیشدا ئەوان دەوام دەکەن، وەلێ ڕاستییەکەی ئەوەیە تەنیا قسە و باسی خۆیان دەکەن و هیچ کارێکی پەروەردەییان نییە، بەڵگەشمان ئەوەیە لەماوەی ٤ مانگی پشوودا گواستنەوە و کارە ئیدارییەکانی مامۆستا ڕادەگرن " جگە لە تەنسیبەکان" و لەسەرەتای دەستپێکردنی دەوامدا سەرلەخۆیان و خوێندنگەکان تێکدەدەن بە گواستنەوە و هێنان و بردنی مامۆستا و دواکەوتنی پرۆگرامەکان و تەواو نەکردنیان پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بەم ئیشکالە گەورەوە هەیە کە سەرپەرشتیاران دروستی دەکەن و زۆریی پشووەکانیش بەشێکی دیکەی کێشەکەیە، تا وای لێدێت لە زۆر باردا بڕوامان وایە لەکاتی دانانی بەڕێوەبەری لێهاتوو و گونجاو و سەرکەوتوودا سەرپەرشتیار لەشتێکی زیادە بەولاوە هیچیتر نییە. بێگومان دانانی سەرپەرشتیارانیش لەسەر پێوەری تاقیکردنەوەیە و بە دەرچوونیان بۆ هەتا هەتایە کەس لێیان ناپرسێتەوە! پرسیارە جەوهەریەکە ئەوەیە کێ هەڵسەنگاندن بۆ سەرپەرشتیاران بکات؟!

# کێشەی کارگوزار لە خوێندنگاکان*

بەداخەوە خوێندنگا و قوتابخانەکانی کوردستان تەنها کێشە و گرفتی پەروەردە و فێرکردنی نییە، بەڵکو هەندێ کێشە و گرفتیتر هەیە کە ناڕاستەوخۆ یان ڕاستەوخۆ پەیوەندی بەژیانی ڕۆژانەی خوێندکار و مامۆستاوە هەیە کە تا ئێستاش قسەیەکی ئەوتۆی لەبارەوە نەکراوە، ئەمە لەکاتێکدایە کەبەشێکی کێشەی خوێندنگاکانیش پێك دەهێنێت، بۆنموونە کێشەی کارگوزار لەخوێندنگاکاندا. کەبەبۆچونی ئێمە ئەم کایەش وەکو کایەکانی تری پەروەردە و فێرکردن وەکو خۆی گرنگی پێنەدراوە و ئەهمیەتی ئەم کار و پیشەیە نەزانراوە!

زۆرێك لە کارگوزارانی خوێندنگا و قوتابخانەکانی کوردستان یان پیرن و توانای ئیشکردن و کارکردنیان نەماوە یان خاوەن پێداویستی تایبەتن، وە یان قوتابخانەی وا هەیە تەنانەت کارگوزاری نییە یان هەیەتی و هەر تەنها ناوە و ناوەڕۆکی دیار نییە! بێگومان ئەوانەی باسمانکردن لەلایەکەوە کاریگەری خراپ بەسەر لایەنی خزمەتگوزاری و پاك و خاوێنی خوێندنگاکان جێ دەهێڵێت و لەلایەکی تریشەوە کاریگەری دەروونی خراپ دەکاتە سەر خوێندکار و مامۆستا.

* لە ژمارە "٣٠٥"ی ڕۆژنامەی "ئاوێنە" ڕۆژی سێشەممە٢٠١١/١٢/٢٠ بلاوکراوەتەوە.

هەروەها هەندێك لە كارگوزارانی خوێندنگاكان بەهۆی نەبوونی تونای ئیشكردنیانەوە ناتوانن ئەركەكانی خۆیان بەتەواوەتی جێبەجێ بكەن و بەداخەوە ئەوەی ناوی نییە لێپرسینەوەیە؟ چونكەپیرن و دەبێت موراعاتیان بكرێت، زۆرێكیان وادەزانن تەنیا كاری ئەوان چا ئامادەكردن و تێكردنە بۆ بەڕێوەبەر و مامۆستاكانیان! ئاخر كەم خوێندنگا هەیە لەم هەرێمەی ئێمەدا ئاودەستێكی پاكی تێدابێت و تەندروستبێت، یان هەر شیاوی ئەوەبێت خوێندكار بەكاری بهێنێت. ئەمەش لەبەر هۆیەكی زۆرسادە ئەویش ئەوەیە كە كارگوزار بێزی لێ دەكاتەوە و پاكی ناكاتەوە! یان ژووری پۆلەكان زۆرجار هەست دەكەیت جیاوازییەكی ئەوتۆی لەگەڵ ژینگەی دەرەوەی پۆلدا نییە ئەوەندە پیس و پۆخڵە و پاكیش ناكرێتەوە، یان هەندێك جاریش ئەگەر پاك بكرێنەوە ئەوا بەخوێندكارانی خوێندنگاكە پاك دەكرێنەوە، لەبەرئەوەی كارگوزارەكان گوناهن و توانای ئیش و كاركردنیان نەماوە، پێمانوایە خوێندنگایەكی پاك و خاوێن یەكسانە بەكارگوزارێكی چالاك یان بۆئەوەی بزانیت خوێندنگایەك چەند پاك و خاوێن و تەندروستە ئەوەندە بەسە كارگوزاری ئەوخوێندنگایە بناسیت.

حەق وایە وەزارەتی پەروەردە ئەو كەسانە لەخوێندنگاكاندا دابمەزرێنێت وەك كارگوزار كەبۆ ئەو شوێنە گونجاوبن و توانای كاركردنیان هەبێت و لەڕووی جەستەییەوە ساغ و سەلامەتبن بۆئەوەی كارەكان وەكو خۆی جێ بەجێ بكرێت، بەڵام بەداخەوە ئەوەی ئێمە دەیبینین و هەستی پێ دەكەین وەزارەتی پەروەردە و بەڕێوەبەرایەتییەكانی تەواو پێچەوانەی ئەمەوە كاردەكەن، واتە ئەوانەی تاقەتی كاركردن و ئیشكردنیان نەماوە بۆ ئەو شوێنانە دادەمەزرێنن و گرنگی ئەولایەنەیان لەبەرچاو نییە.

ئەگەر لێپرسراوانی بواری پەروەردە دەیانەوێت خوێندنگاکان پاك وخاوێن و تەندروست بن، دەبێت بزانن چ کەسێك هەڵدەبژێرن و دایدەنێن بە کارگوزار، خۆ ئەمەش وەك مامۆستایەکە بیانووی نییە تا بڵێن چی بکەین بڕوانامەی هەیە و دەبێت ببێت بە مامۆستا تەنانەت گەر ناساغ و ناتەواویش بێت! ئەوەی شایانی باسە ئەوەیە خوێندنگای واهەیە پێویستی بە دوو کارگوزارە شەشی هەیە و هی واش هەیە پێویستی بە سێ کارگوزارە کەچی یەك دانەی هەیە؟ لەکۆتایدا دەڵێین وەزارەتی پەروەردە ئەم لایەنەش کەپشتگوێ خراوە هیچی کەمتر نییە لەبوار و لایەنەکانی بواری پەروەردە و فێرکردن، چونکە بەستراوە بەتەندروستی و ژیانی خوێندکار و مامۆستاوە و پەیوەندییەکی ناڕاستەوخۆی هەیە بەسەر پرۆسەی پەروەردە و فێرکردنەوە.

## ئەو شتەی گوێی پێنادرێت تاقیگەی خوێندنگاکانە*

یەکێك لەو گرفتانەی کە لە ئەزموونی مامۆستایەتی خۆماندا هەستمان پێکردوە، گرفتی نەبون و چۆنێتیی بەکارهێنانی تاقیگەی خوێندنگاکانی ئەمڕۆیە. ئاشکرایە لە دونیای تازەدا زانستەکانی فیزیا و کیمیا و زیندەوەرزانی و جوگرافیا بەبێ وانەی پراکتیکی ئامانجی خۆیان ناپێکن و بەتەنیا پشتبەستن بە وتنەوەی وانەی تیۆری بابەتەکە وەك خۆی ناگەیەنرێت، هەر بۆیە خوێندکاری لای ئێمە کەکاتێك ئامادەیی تەواو دەکات ئەو وانانەی کەخوێندویەتی هیچی لەبیرنامێنێت. یەك لە هۆکارەکان نەبونی تاقیگەیە یان بەکارنەهێنانیەتی، چونکە ئەو وانانە لەجەوهەردا وانەی پراکتیکین نەك ئەوەی وەکو توتی بە خوێندکار بوترێنەوە.

بەبۆچونی ئێمە کەم خوێندنگایەك هەیە تاقیگەی هەرچوار ئەو زانستەی تێدابێت کەلەسەرەوە ئاماژەمان پێکرد، ئەمە لەکاتێکدا پێویستە هەموو خوێندنگایەك تاقیگەی ئەو زانستانەی تێدابێت، بەڵام بەداخەوە زۆرێك لەخوێندنگاکان یان تاقیگەی نییە یان ئەگەر هەندێك خوێندنگا هەشیانبێت بەکاری ناهێنن؟ (بەشێکیان چینێکی باش تۆزیان لەسەر نیشتووە). ئەوخوێندنگایانەی تاقیگەیان نییە یان بەهۆی نەبونی جێگاوەیە، چونکە ئەوخوێندنگایانە کۆن دروستکراون، یان شوێنیان هەیە و بۆشتیتر

* لە ژمارە "٣٢١"ی ڕۆژنامەی "ئاوێنە" ڕۆژی سێشەممە١٠/٤/٢٠١٢ بڵاوکراوەتەوە.

بەکاردەهێنرێت، یان بەرپرسانی وەزارەتی پەروەردەش وەکو بەرپرسانی وەزارەتەکانی تر بایەخ بەهەندێك خوێندنگا دەدەن و هەندێکی تر پەراوێز دەخەن! (لەسەر بنەمای خزمایەتی و هاوڕێیەتی و حزبایەتی)، هەروەها خوێندنگای گوندەکان لەوانەیە خوێندکارەکانیان هەرنەزانن تاقیگە چییە. پرسیار ئەوەیە ئەی ئەو خوێندنگایانەی تاقیگەیان هەیە بۆچی بەکاری ناهێنن؟ ئەمەشیان چەند هۆکارێکی هەیە، لەوانە: ئەوخوێندکارانەی ئێستا زانکۆ تەواو دەکەن و دەبنەمامۆستا(دیارە زیاتر مەبەستمان ئەومامۆستایانەیە کە لە کۆلێژە تازەکراوەکانەوە دەردەچن) ئەو ئامێرانانەیان نەبینیوە و نازانن بەکاری بهێنن، یان ئەگەر بینیبێتیشیان ئەو ئامێرانەی کە لە زانکۆ دەیخوێنن، هەمان ئەو ئامێرانە لەخوێندنگاکاندا نییە، هەروەها هەندێك لە ئامێرەکانی ئەوخوێندنگایانەی کە تاقیگەیان تێدایە، پەیوەندی بەناوەڕۆکی کتێبەکەوە نییە، واتە باسەکانی ناو کتێبەکە شتێکە و ئەو ئامێرانەی کەوەزارەت دابینی کردوە شتێکیترە دیارە لایەنی پەیوەندیدار پێش ئەوەی سەیری پرۆگرامی کتێبیان کردبێت دەستیانکردوە بە ئامێرکڕین!

هەروەها خوێندنگای واهەیە ئەو مادانەی کەلە تاقیکردنەوەدا پێویستن و لە تاقیگەکەیاندا هەیە، بەسەرچون و بۆبەکارهێنان دەست نادەن. لەهەندێ باریشدا ئەگەر ئەو گیروگرفتانەی کە لەسەرەوە باسمان کردن لەهەندێ خوێندنگا نەبێت و تاقیگەی باش و تەواویشیان هەبێت، زۆرێك لەمامۆستاکانی بەکاری ناهێنن و تاقیکردنەوەی پراکتیکی بۆخوێندکارەکانیان ئەنجام نادەن و تاقەتیان نییە بەکاری بهێنن! جگەلەوەش زۆرێك لەسەرپەرشتیارانی بابەتە زانستییەکان کاتێك سەردانی

مامۆستاکانیان دەکەن(گوایە) هەڵسەنگاندنیان بۆ دەکەن ئەوەی نابینن تاقیگەیە، لەکاتێکدا دەبێت سەرپەرشتیارەکان بە وردی چاودێری مامۆستاکانیان بکەن و ئێمە پێمانوایە باشتروایە زۆرترین نمرەی هەڵسەنگاندنەکانیان لەسەر چۆنێتی بەکارهێنانی تاقیگەکان بۆدابنێن.

کێشەیەکیتری سەرەکیی بەکارنەهێنانی تاقیگە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی لەبەشێك لەخوێندنگاکاندا کارەبا نییە و بەم هۆیەوە نەك هەر تاقیگەکان، بەڵکو هۆڵەکانی کۆمپیوتەریش کارناکەن و، لەبەرئەوە سەرجەم ئەو خەرج و تێچونانەی بۆ دابینکردنی کۆمپیوتەر و کڕینی ئامێر تەرخانکراون کە ڕەتی سفر دەکرێن و بەبا دەڕۆن. ئاخر مەعقولە لەخوێندنگاکاندا کارەبای تاقیگە و هۆڵەکانی کۆمپیوتەر پەیوەست بێت بە کارەبای ئاساییەوە کە زۆرجار وا ڕێکدەکەوێت کە بەیانیان یان لە کاتەکانی دەوامی ئاساییدا کارەبا نەبێت و بەم هۆیەشەوە مامۆستای وانەی کۆمپیوتەر یان وانە تەرخانکراوەکان بۆ پراکتیك ناچار دەبێت خوێندکارەکان بکاتە دەرەوە و وانەکە نەخوێنێت!

# تاقیکردنەوە و کێشەکانی*

وەکو هەموو جارێك لەکاتی تاقیکردنەوەی کۆتایی وەرز، زۆرێك لەخوێندنگاکانی ئەم هەرێمە ڕووبەڕووی کۆمەڵێك کێشە و گرفت و ڕووداوی سەیروسەمەرە دەبنەوە. گرفتەکە لەوەدایە زۆرجار کێشەکان دووبارە دەبنەوە و بەبێ ئەوەی بەدواداچوونی بۆ بکرێت و هەوڵی جددی بۆ چارەسەرکردنیان لە ئارادابێت! لەوانە: نەبوونی هۆڵی تاقیکردنەوە، بەشێکی زۆر لەقوتابخانەکان هۆڵی فراوانی تێدا نییە بۆ ئەوەی لەکاتی ئەنجامدانی تاقیکردنەوە خوێندکارەکان لەوهۆڵەدا تاقیکردنەوە ئەنجام بدەن ئەمەش کێشەیە، لەبەرئەوەی ئەگەر هۆڵ نەبێت ناتوانرێت بەشێوەیەکی ڕێك و پێك خوێندکارەکان ڕێکبخرێت و بەڕێوەبردنیشی ئاسان نییە. یان هەندێك مامۆستا ئەگەر لەهۆڵێکی گەورەنەبێت و کۆمەڵێك مامۆستای لە چواردەوردا نەبێت لەوانەیە هۆڵەکەی بکاتە فالتۆ و هەست بەبەرپرسیارێتی نەکات. (نمونەی مامۆستای وامان لاهەیە بەهۆی ئەوەی چاوی کەسی لێ دیارنەبوە یان خۆی لەلای خوێندکارەکان کەسێتیی لاوازبوە یان بەهۆکاری جیاواز بەوخوێندکارەی وتۆتەوە کە خۆی ویستویەتی، ئەو هۆڵەی کە وەکو چاودێر لەسەری دانراوە بوە بەهەرکێ بۆخۆی).

* لە ژمارە "٣٢٨"ی ڕۆژنامەی "ئاوێنە" ڕۆژی سێشەممە٢٠١٢/٥/٢٩ بلاوکراوەتەوە.

هەروەها زۆرێك لەو پۆلانەی كە تاقیكردنەوەی تێدا ئەنجام دەدرێت یان كارەبای نییە یان ئەگەر هەشیبێت ئامێری فێنككەرەوەی تێدا نییە، بێگومان بەمەش خوێندكار بێتاقەت دەبێت و بێزاردەبێت و كاریگەری نەرێنیشی بەسەر ئەنجامی تاقیكردنەوەی خوێندكارەوە دەبێت، خاڵێكیتر كە لەكاتی تاقیكردنەوەدا دەبێتە كێشە شێوازی دانانی پرسیارە لەلایەن مامۆستای بابەتەوە (زیاتر مەبەستمان ئەوجۆرە پرسیارانەیە كە بۆتێكدانی خوێندكارە و تۆڵە لێكردنەوەیەتی)، هەندێ لە مامۆستایان بەبێ لەبەرچاوگرتنی لایەنی پەروەردەیی و زانستیی بەئارەزوی خۆیان پرسیار دادەنێن زۆرجاریش خوێندكار دەبێتە قوربانی دەستی میزاجی مامۆستا، كۆمیدیاكەش ئەوەیە ئەگەر لەمامۆستا بپرسی بۆ بەو شێوازە پرسیار دەهێنیتەوە، لە وەڵامدا پێت دەڵێت: بۆ مەگەر لەناوكتێبەكەدا نییە؟! لە كۆتایی وەرزی دووەمدا مامۆستایەك لە بابەتی فەلسەفە پرسیارێكی هێناوەتەوە كە دەڵێت: فەلسەفەی یۆنانی لە كوێ سەری هەڵدا؟ ئاخر ئەمە پرسیارە؟ وەك ئەوە وایە بڵێی شۆڕشی فەڕەنسی لە كوێ سەری هەڵدا؟ هەروەها بەپێی بڕیاری وەزارەتی پەروەردە نابێت مامۆستای بابەت پرسیار بۆخوێندكاربخوێنێتەوە (مەبەستمان لەخوێندنگا ئامادەییەكانە) ئەمە لەوانەیە بۆ هەندێ بابەت گرفت نەبێت، بەڵام بۆبابەتێكی وەك ئینگلیزی و عەرەبی كێشە درووست دەكات و خوێندكار پێویستی بەڕونكردنەوە دەبێت. هەندێك لەخوێندنگاكان توشی كێشەبوون لەلایەن خوێندكارەكانیانەوە، چونكە لەهەندێك خوێندنگا مامۆستای بابەت پرسیار دەخوێنێتەوە و ئەمەش وا لەمامۆستایانی ئەو خوێندنگایانە دەكات كەپرسیار ناخوێننەوە ئیحراجی دروست بكات.

کێشەیەکیتر کە لەتاقیکردنەوەی کۆتایی ئەم وەرزە هەستمان پێکردوە درووستکردنی لیژنەیە بۆ پشکنینی تێنووسەکان، واتە ئەگەر چوار مامۆستای جوگرافیا هەبێت لەخوێندنگایەکدا ئەوا دەبێت بە هەرچواریان هەمووی پشکنین بکەن، لەم لیژنانەدا هەندێك ˇجار جیاوازی بۆچوون لەنێوان مامۆستاکان وادەکات کێشە دروستببێت، بۆنموونە مامۆستا ی واهەیە پێیوایە خوێندکار ئەگەر وەك ناوکتێبەکە وەلآم نەدایەوە نمرە وەرناگرێت لەبەرانبەریشدا مامۆستا واهەیە پێی وایە خوێندکار ئەگەر وەك ناوکتێبەکەش وەلآم نەداتەوە بەلآم وەلآمەکەی نزیك بێت لەناو کتێبەکەوە ئاساییە و نمرە وەردەگرێت.

دواخاڵ باسی لێوەبکەین لیژنەی تاقیکردنەوەیە کە لەکۆمەڵێك مامۆستا پێکدێت بۆبەڕێوەبردنی کاروبارەکانی ئەو ماوەیەی کە تاقیکردنەوەی تێدا ئەنجام دەدرێت، بەداخەوە زۆرێك لەم لیژنەی خوێندنگایانە وەکو پۆلیس ڕەفتاردەکەن، زۆرجار کە قسە و ڕەفتاریان ئەبیستیت و ئەبینیت هەستناکەیت لەدەزگایەکی پەروەردەییت، خۆیان مۆن دەکەن لەبەرانبەر خوێندکارەکان و دەنگ بەرزدەکەنەوە، هەروەها پشکنینی خوێندکارەکان بەشێوەیەکی نادرووست و بەخێرایی ڕاکردنە ناو هۆڵی تاقیکردنەوەکان بۆ ترساندنی خوێندکارەکان، سەیر لەوەدایە ئەگەر ئەم پێوەرانەشت تێدا نەبێت کارگێری قوتابخانە بەلیژنەی تاقیکردنەوە قبوڵت ناکات!

# تاقیکردنەوەی بەکالۆری، یان ڕاگەیاندنی باری نا ئاسایی![*]

بەشێوەیەکی گشتی تاقیکردنەوەی ناوەندەکانی خوێندن جگە لە بەکالۆریاش، ئەگەر بە وردی سەرنج بدرێت کەشێکی گونجاو و لەبارنییە بۆفێرخوازان و مەسافەیەکی زۆر دووری هەیە لە ئامانجە پەروەردەیی و زانستییەکان، ئێمە پرسیار دەکەین ئایا لەکاتی دانانی پرسیاردا ڕەچاوی ئەوە دەکرێت کە دەبێت پرسیارەکان بە شێوازێکی پەروەردەیی و زانستیی دابنرێت، یان نەخێر مامۆستا بە میزاجی خۆی پرسیارەکان دادەنێت؟ تا ئێستا چەند پرسیار ڕەت کراوەتەوە لە لایەن سەرپەرشتیارەکانەوە بەهۆی ئەوەی مامۆستا نەیتوانیوە بەشێوەیەکی پەروەردەیی و زانستیی پرسیارەکان دابنێت؟ کە بێگومان دانەنانی پرسیار بەشێوازێکی پەروەردەیی و زانستیی دۆخی تاقیکردنەوەکان لەبارێکی ئاساییەوە دەگۆڕن بۆ بارێکی نائاسایی.

ئەو هەموو هات و هاوار و دەنگە دەنگەی لە کاتی تاقیکردنەوەکان بەسەر فێرخوازدا دەکرێت زۆرجار ئەوەندەی هەست دەکرێت لە ناوەندێکی سەربازیدا بیت ئەوەندە هەست ناکرێت لە شوێنێکی پەروەردەییدا بیت! وا نزیك دەبینەوە لە تاقیکردنەوەی بەکالۆری وەك هەموو ساڵەکانیتر

[*] لە ژمارە "٥٨٠"ی ڕۆژنامەی "ئاوێنە" ڕۆژی سێشەممە ٦/٥/ ٢٠١٧ بلاۆکراوەتەوە.

کەشێکی نائاسایی تەواو باڵ دەکێشێت بەسەر تەواوی هەرێمی کوردستاندا و تاقیکردنەوەکان هەموو شت سەرقاڵ دەکەن بەخۆیانەوە و دەبێتە ڕووداوێکی گرنگ و ڕۆژنامەنووس و تیڤییەکان هەر ڕۆژەی چیرۆکێکمان بۆ دەگێڕنەوە! پرسیار ئەوەیە هەموو وڵاتانیتر تاقیکردنەوەیان نییە و فێرخوازەکانیان تاقیکردنەوە ئەنجام نادەن و ئەگەر هەیانە بۆنابێتە ڕووداو و هەواڵ ؟ دیارە بێگومان هەیە و لەبەرئەوەی ئەو وڵاتانە سیستەم بەڕێوەی دەبات بۆیە وەك بابەتێکی ئاسایی سەیردەکرێت و تاقیکردنەوە نابێت بە هەرا!

ببینە لە هەرێمی کوردستان هەرچ ماڵێك فێرخوازێکی بەکالۆری هەبێت ئیتر ئەو ماڵە ژیانی دەبێتە دۆزەخ و نائارامی دەبێتە دۆخی باو، جاران ئەوەی سەری سفر بکردایە هێما بوو بۆ کەسی سەربازی، چونکە سەربازەکان سەر سفر دەکەن، بەڵام ئێستا فێرخوازەکانیشی هاتۆتە سەر و بوە بە دیاردە بەشێکی زۆری فێرخوازانی بەکالۆری سەریان سفر دەکەن و ئەو سەرسفرکردنە مانا و دەلالەتی خۆی هەیە وەك ئەوەی خۆیان ئامادەبکەن بۆ بەرەی شەڕ ئەمەش دۆخی شپرزەیی فێرخوازمان بۆ پیشان دەدات و ڕوونی دەکاتەوە، نەبوونی کارەبا و ئامێرەکانی فێنککەرەوە و نەگونجاوی هۆڵەکان بۆ تاقیکردنەوە یەکێکە لەو گرفتە سەرەکییانەی ساڵ نییە دووبارەنەبێتەوە و کاریگەری خراپ درووستدەکات بەسەر فێرخواز و کەشی تاقیکردنەوەکان، ئەمە جگە لەوەی دانانی بەڕێوەبەری هۆڵ و یاریدەدەرەکان ئەوانەن زۆرجار موراعاتی سایکۆلۆجیای فێرخواز ناکەن و هەندێجار فێرخواز والێدەکرێت بەردەوام لە ئازاردا بێت تا وەکو تاقیکردنەوەکان تەواو دەکات!.

له هەمووی سەیرتر و سەرسوڕهێنەرتر ئەو بڕیارانەی وەزارەتی پەروەردەیە کە هەموو ساڵێك دەری دەکات دەربارەی تاقیکردنەوەی بەکالۆریا و هەست دەکەیت ئەو بڕیارانە هی وەزارەتی ناوخۆ یان بەرگری وڵاتێك بکەن بۆ دۆخێکی ناکا و نائاسایی نەوەك بڕیاری وەزارەتێکی پەروەردەیی و مەدەنی و فێرکاری، لەماوەی پێشوودا وەزیری وەزارەتی پەروەردە و فێرکردن کۆبووەوە لەگەڵ وەزیری وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن بۆ ئەوەی ڕێکبکەون و بڕیار بدەن لەسەر ئەوەی لە کاتی تاقیکردنەوەکانی بەکالۆریا هێڵەکانی ئینتەرنێت ڕابگیرێت بە مەبەستی کەمکردنەوەی گزیکردن و ئاشکرا نەبوونی پرسیارەکان! ئەمە بڕیارە لە وڵاتانی پێشکەوتوو مەگەر تەنها لایەنی باڵای ئەمنی یان سەرۆکی وڵات جورئەتی ئەوە بکات بتوانێت بیدات ئەویش لەبەر حاڵەتێکی ناکا و مەترسیدار، نەوەك بۆ حاڵەتێکی ئاسایی وەکو تاقیکردنەوە! ئایا ڕەوایە و درووستە هەموو کۆمەڵگا و چین و توێژێك سەرقاڵ بکەیت بە تاقیکردنەوە و ئەو مافەیان لێبسەنیت و نەتوانن هێڵەکانی ئینتەرنێت بەکاربهێنن بە بیانووی ئەوەی تاقیکردنەوە هەیە! ئەمە لەکاتێکدا زۆربوونی گزیکردن و ئاشاکرابوونی و پرسیارەکان هۆکاری بنەڕەتیتری هەیە و تەنیا پەیوەندی بەبوونی هێڵەکانی ئینتەرنێتەوە نییە، دۆخی سیاسیی و ئابووریی و کۆمەڵایەتیی و لەسەر و هەموویانەوە ژینگەی پەروەردە و فێرکردن نغرۆبوون لە قەیران و گرفت ئەوانە چارەسەربکرێت گزیکردن و ئاشکرابوونی پرسیارەکان تا ڕادەی نەمان کەم دەبێتەوە.

نازانم ئەسیوبیا کە یەکێکە لە وڵاتە دواکەوتووەکان لە کوردستان دەچێت یان کوردستان لەئەسیوبیا دەچێت وەك سایتی سکای نیوزی

عەرەبی بلاوکراوەتەوە ئەسیوبیاش لەکاتی تاقیکردنەوەکاندا هێڵەکانی ئینتەرنێتی ڕاگرتووە، بەڵام نموونەی وڵاتێکی پێشکەوتوو و دامەزراوەم بۆ نەدۆزرایەوە! بڕیاری لەم شێوە قورس و نائاسایی و ناپەروەردەییانە فەشەلی پەروەدە و فێرکردنمان زیاتر بۆ دەسەلمێنێت، وەزارەت دەبێت پرسیاری ئەوە لە خۆیان بکەن لە ڕاستیدا بەوەی بیست و پێنج ساڵە خەریکی چین بەوەی نەیانتوانیوە تاکێك واپەروەردە بکەن بیر لە گزی و فرت و فێل نەکاتەوە؟ بڕیاری ئەوەی کەسێك گزی بکات یان پرسیارەکان ئاشکرا بکات شەش مانگ بۆ شەش ساڵ زیندانی دەکرێت لە لایەن وەزارەتی پەروەردەوە لە بڕیاری دەزگایەکی ئاسایشی و سەربازی دەچێت نەوەك دەزگایەکی پەروەردەیی کە تێیدا ئینسان تێیدا پەروەردە و فێربکرێت کە لانی کەم نابێت بچووکترین زەبروزەنگی تێدابێت و گرفتەکان دەبێت بەدیدگایەکی مەدەنی چارەسەربکرێت، لە کۆتاییدا دەڵێین لە وڵاتێکداین بە شێکی زۆری ژیان تیایدا بە نائاسایی دەڕوات بەرێوە لە دۆخێکی ئاوادا تاقیکردنەوەیەکی ئاسایی پێچەوانەی لۆژیکە!

## بەڕێوەبەری خوێندنگاکان ئیتر بەسە![*]

بەڕێوەبەری خوێندنگاکان کێن؟ ئەم پرسیارە دەکەینە سەرەتای وێستگەی نووسینەکەمان و بەدوای وەڵامدا دەگەڕێین بۆی، گومانی تێدا نییە ئەوەی هەندێك ئاگایی و زانیاریی هەبێت بەشێکی شکستی پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن لە دونیای ئێمەدا بەر بەڕێوەبەرەکان دەکەوێت، چونکە"هەموو تیۆرە پەروەردەییەکان کۆکن لەسەر گرنگی ڕۆڵ و کار و بەرپرسیارێتی بەڕێوەبەری خوێندنگا وەکو پێشەنگ و ڕابەرێکی پەروەردەیی لەپرۆسەی پەروەردە و فێرکردن و گرنگترین و گەورەترین بەرپرسیارێتی دەکەوێتە سەرشانی"* زۆرینەی بەڕێوەبەرەکان بۆ ماوەیەکی زۆر دەمێننەوە و نەوەك هەرئەوە بەڵکو هەموو هەوڵیان ئەوەیە تاکۆتایی وەزیفەیان بەرێوبەربن!

بەڕێوەبەرن نەوەك بۆئەوەی کەسێکی چالاکن و شوێن دەستیان دیارە و ئەوان نەبێت پەروەردە و فێرکردن پەکی دەکەوێت! بەڵکو بەشێکی زۆریان بۆ ئەوەیە وانە نەڵێنەوە و تاقەتی وانەوتنەوەیان نییە یان وەکو دەسەڵاتێکی گرنگ سەیری دەکەن و بۆ ئەوەی مومارەسەی غەریزەی دەسەڵاتدارێتی خۆیان لەوێدا بکەن و ئەمربکەن بەسەر ئەوانیتردا!

---

[*] لە ژمارە "٥٣٩"ی ڕۆژنامەی "ئاوێنە" ڕۆژی سێشەممە ٨/٩ /٢٠١٦ بڵاوکراوەتەوە.

تۆ ببینه چ تراژیدیایەکە باسی وانەی دیموکراسی بۆ فێرخواز بکەیت و خوێندکاریش سوور بزانێت بەڕێوەبەرەکەی زیاد لە ١٠ساڵ و ١٥ سال بەڕێوەبەر بێت، ئاخر فێرخواز چۆن لێت وەردەگرێت؟ وێنەی بەڕێوەبەر لای فێرخواز هەمیشە وێنەیەکی زبر و توندوتیژ و ڕەق و ناپەروەردەیی بووە، کە لەڕاستیدا بەشێکی زۆری وێنەکە دروستە و لەجێگەی خۆیدایە، چونکە تۆ بۆئەوەی بکرێیت بە بەڕێوەبەر دەبێت ئیداری بیت! ئیداریش لەتێڕوانینی هەم پەروەردەیی و هەم کۆمەڵایەتی ئێمەدا ئەوەیە دەبێت بەشێوەیەك لەشێوەکان کەسایەتی سەربازی لەخۆتدا هەڵگرتبێت! واتە دەبێت ڕۆڵی بەڕێوەبەرێکی پۆلیس ببینیت، ڕوون و ئاشکرایە دەبێت بەڕێوەبەری خوێندنگا لە هەموو مامۆستاکانی خۆی خوێنەوارتر و موتابیعتربێت، چونکە سەرکردایەتیان دەکات و کۆبوونەوە بە فێرخواز و مامۆستا و دایك و باوکی خوێندکار و کەس و کاریانەوە دەکات، کەچی بەپێچەوانەوە مامۆستاکان باشتر دەردەکەون لە بەڕێوەبەرەکانیان، هەریەکێك لەئێمە لەخەیاڵی خۆیدا دەتوانێت بگەڕێت چەند مامۆستایەکی خوێنەوار و بەتوانا بدۆزێتەوە لە پسپۆڕییەکەی خۆیدا، بەڵام بەدەگمەن بەڕێوەبەرێکی بۆ دەدۆزرێتەوە سەرکەوتووبێت لەکارەکەی خۆێدا بەشێوەیەکی درووست و پەروەردەیی! بەشێکی باشی بەڕێوەبەرەکان وەك موڵکی خۆیان مامەڵە و هەڵسوکەوت لەگەڵ خوێندنگا و ستاف خوێندنگاکانی خۆیان دەکەن نەك وەك ئەوەی ئەمیش بەشێك بێت لەکۆی ستافەکە و ئەوەی جیای دەکاتەوە تەنیا لایەنە کارگێڕێکەیەتی، هەڵوێستێکی جددی و شایانی باسی بەڕێوەبەری خوێندنگاکان نادۆزیتەوە کاریگەرییەکی گرنگ و باشی درووستکردبێت، تۆ ببینە و بزانە لەبابەتی

نەهاتنی موچە و کەمکردنەوە و پاشەکەوتکردنی دوو بەڕێوەبەری خوێندنگا دەستیان لەکارکێشایەوە؟ لەکاتێکدا ئەگەر هەموویان یەك دەنگ بوونایەوە و دەستیان لەبەڕێوەبەرێتی بکێشایەتەوە چ کاریگەرییەکی دروست دەکرد؟

ئەگەر سەرنجێکی ئەو کۆبوونەوانە بدرێت چ بەڕێوەبەر لەگەڵ مامۆستاکانی ئەنجامی دەدات و چ ئەو کۆبونەوانەشی کەلەگەڵ دایك و باوکی فێرخوازەکانی ئەنجامی دەدات، بەداخەوە زۆرجار گوێمان لەنوکتە و قسەی سەیروسەمەرەی بەڕێوەبەرەکان دەبێت، چونکە توانای ئەوەیان نییە زمانێکی پەروەردەیی و زانستیی بەکاربهێنن بۆ بەرانبەرەکانیان و زۆرجار دەگاتە ئاستی دەنگە دەنگ و قیڕەقیڕ و دواتریش بەتەنزەوە باسیان دەکرێت! بۆیە بێ دەنگبن و قسەنەکەن زۆرجار باشترە!

بەڕێوەبەری خوێندنگا ڕۆڵەکەی ڕابەری پەروەردەییە و دەبێت چاوی لێبکرێت و سوودی لێببینرێت و سەرمەشق بێت بۆ مامۆستاکانی خۆی، پرسیارەکە ئەوەیە چەند مامۆستا لەم هەرێمەی ئێمەدا و لەناوەندەکانی خوێندندا بەڕێوەبەری خوێندنگاکانی کاریگەری باشی هەبووە لەسەریان و سوودیان لێبینراوە؟ بەبۆچوونی ئێمە زۆرێکی لەمامۆستاکان هەر خەریکی گواستنەوەن لەخوێندنگاکانی خۆیانەوە بۆ خوێندنگایەکیتر بۆ ئەوەی بەڕێوەبەرێکی باشیان دەستبکەوێت، کەچی هەمووجارێکیش نائومێد دەبن! لەکۆتاییدا دەڵێین وەك چۆن کەم نین ئەو خوێندکارانەی بەهۆی هەڵەی مامۆستاوە بێزارن لەخوێندن و تاقەتیان چووە، لە هەمان کاتیشدا ژمارەی ئەو مامۆستایانە زۆرن کە بەهۆی ئەوەی بەڕێوەبەرەکەی

سەرکەوتوو نییە کاریگەری خراپی لەسەر پیشەی مامۆستایەتی کردووە و هەندێك جار گەیشتۆتە ئەوەی ئارەزوو بکات واز لەمامۆستایەتی بێنێت!

*دکتۆر فوئاد علی العاجز: ئەرکەکانی بەڕێوبەری خوێندنگا وەك ڕابەرێکی پەروەردەیی، و/سەریاس سەمین، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠١٥، ل٣.

## ئایا خوولەکانی تایبەت چارەسەرن؟*

سالأنێکە کردنەوەی خوولی تایبەت لە دەرەوەی خوێندنگا و بە تایبەتی لە پشووی هاویندا بووە بە دیاردە وە لە حالەت دەرچووە، سیمایەکی ناشرینی بە پەروەردە و فێرکردن داوە! بەداخەوە بووە بە چاو لە چاو برکێ و کاریگەری نەرێنی درووستکردووە بەسەر ئەو خوێندکارانەی توانای ئەوەیان نییە بەشداری خوولەکان بکەن و باری دارایی سەرشانی خێزانەکانیشی قورس کردوە و بووە بە گرفت، وەك ڕەمزێکی کۆمەلأیەتی لێهاتووە ئەوەی خوول بکاتەوە بە توانایەو ئەرستۆقراتە ئەوەشی نەیکاتەوە بە پێچەوانەوە.

وەزارەتی پەروەردە لە بری ئەوەی چارسەری ڕیشەیی بۆ ئەم گرفتە بدۆزێتەوە و نەیهێڵێت هاتووە بە ناوی ڕێنمایی و یاساوە چەند بڕیارێکی درەکردووە کە شەرعییەت بە کردنەوەی ئەو خولانە دەدات.

خوێندکار بە بیانووی نەبوونی کات و زۆری پرۆگرام و مامۆستای لاوازەوە بە دوای کردنەوەی خوولدا دەگەڕێت، بەرپرسانی پەروەردەیی لە بری ئەوەی پرسیارە درووستەکە لە خۆیان بکەن کە بۆچی خوێندکار ڕوودەکاتە خوولی تایبەت و ئەو بیانوانە بنبڕبکەن کە وادەکات ئەم خوولانە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر ببن و خوێندکار پەنای بۆ ببات و

* لە ژمارە "٣٠"ی ڕۆژنامەی "زەمەن" ڕۆژی سێشەممە٢٠/٨/ ٢٠١٩ بلأوکراوەتەوە.

چارەسەری بۆ بدۆزنەوە دێن گرفتەکە ئاڵۆزتر دەکەن و بەدوای ئەسڵی مەسەلەکەدا ناڕۆن و خۆیان لە بەرپرسیارێتی لادەدەن! دەبێت ئەوەش بزانین بەدواداچونی پەروەردەیی درووست بەسەر ئەو خوولانەوە نییە لەلایەنی پەیوەندیدارەوە بۆ ئەوەی بزانرێن چی دەگوزەرێت لەو خوولانەدا، بە بۆچوونی من جگە لە هۆکاریتر، هۆکاری ڕاستەقینە و سەرەکی ئەم خوولانە دەگەڕێتەوە بۆ لاوازی ئاستی مامۆستا، بەهۆی ئەوەی خوێندکار لاوازی ئاستی مامۆستاکەی بۆ چارەسەرناکرێت، ناچاردەبێت خوول بکاتەوە و پەنا ببات بۆ مامۆستایەکیتر.

پشووی هاوین بۆیە دانراوە خوێندکار لەو ماوەیەدا ڕیستێك وەربگرێت لەبری خەریکی وانە تەرفیهییەکان بێت وەکو وەرزش و هونەرو میوزیك و وێنەکێشان خەریکی خوێندنی وانەکانی قوتابخانە دەبێت، ئەوە هەربۆیەشە کاتێك خوێندنگاش دەکرێتەوە تاقەتی خوێندنگای نامێنێت و تووشی مەلەل و وەڕسی دەبێت.

ئەم خوولانە وای کردووە خوێندکار گرنگییەکی ئەوتۆ بە خوێندنگاکەی نەدات و گوێ لە مامۆستاکەی نەگرێت بە بیانووی ئەوەی لە هاویندا خوولی بینیوە و وانەکانی تەواوکردووە بە تایبەتی پۆلی دوازدە ئەمەش وادەکات لە زۆر ڕووەوە پابەند نەبێت بە ڕێسا و یاساکانی قوتابخانە و کێشە بۆ مامۆستا و بۆ خۆشی درووست دەکات! بەشێکی گرنگی ئەو سەنتەر و پەیمانگا و ئەو مامۆستایانەشی لە ماڵەوە و شوێنی دیکە خوول دەکەنەوە لایەنی پەروەردەیی تێدا ڕەچاو ناکرێت و تەنیا وانەیەکی ڕووت دەخوێنن ئەمەش وادەکات ئینسانێکی ناتەوامان بۆ بەرهەمبێنێت لەڕووی پەروەردەییەوە و وادەکات کێشەی زیاتر درووستبکات! بەداخەوە

بەشێکی ئەو مامۆستایانەی خوول دەکەنەوە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ هانی خوێندکارەکانی خۆیان دەدەن و بانگیان دەکەن کە بێن بۆ لایان تاوەکو لە دەرەوەی خوێندنگا خوولیان بکەنەوە، ئەمەش وێنایەکی ناشرینی داوە بە مامۆستا و لە پەیامە ڕاستەقینەکەی دووری خستۆتەوە.

بەشێك لەو مامۆستایانەی خوول دەکەنەوە خیانەت لە پیشەکەی خۆیان دەکەن و لە پۆلدا ئەو جۆرە لە وانە نالێنەوە کە پێویست دەکات وەك لە خوولەکان دەیلێنەوە و ئەو گرنگییەی هەندێکجار لە خوولەکان بە خوێندکاری دەدات لە خوێندنگا هەمان گرنگی پێنادات لە ڕووی تێگەیشتنی وانەکانەوە، بەشێکی دیکەشیان هەیە لە خوێندنگاکانی خۆیان لاوازن و کەچی خوول دەکەنەوە، بەڵام جیاوازییەکەی ئەوەیە لە خوولدا توڕەنابێت و نوکتە دەڵێت و وانەکە بە جوانی شی دەکاتەوە خوێندکار لێی تێدەگات زۆرجاریش شەربەت و کێك و چوکلێتیش دابەش دەکات بەسەر خوێندکارەکاندا! ئەم خوولانە وای کردووە بەشێك لە مامۆستایانی پۆلی دوازدە، وانەوتنەوەی پۆلی دوازدە بە موڵکی خۆیانی بزانن و نەیدەن بەهیچ مامۆستایەکی دیکە بۆ ئەوەی خوێندکارەکانی پۆلی دوازدە خوولیان لابکەنەوە.

خەریکە دەبێت بە عورف خوێندکار پێویستە خوول بکاتەوە و وای لێهاتووە هەموو بیرکردنەوەی خۆی بە کردنەوەی خوولەوە سەرقاڵبکات وخوێندنگا و پەروەردە وەك شتێکی لاوەکی ببینێت، ئامانج لە کردنەوەی ئەو خوولانە لای بەشێکی گرنگ لەوانەی خوول دەکەنەوە تەنیا دەسکەوتنی بڕەپارەیەکی زیاتر و قازانجی زیاتر هیچی دیکە نییە، نەوەك پێگەیاندنی خوێندکار لە هەردوو لایەنی زانستی و پەروەردەییەوە.

# خوێندكاری زانكۆ چۆن نمره دەهێنێت؟*

ئەوەی زۆرجار لە زانكۆكانی ئێمەدا بڕیار لەسەر نمرە هێنانی خوێندكار دەدات و پاشەڕۆژی دیاری دەكات، میزاجی مامۆستا، هاوڕێیەتی، خزمایەتی، حزبایەتی و بێدەنگبوونی خوێندكارە. ئەوەی كارەساتە، تا ئێستاش لە زانكۆكانی كوردستاندا بەلای هەندێك مامۆستا و دكتۆری زانكۆوە باشترین خوێندكار ئەوانەن كە بێدەنگن و قسە ناكەن، هەروەك چۆن لە قۆناغەكانی بنەڕەتی و ئامادەیی بێدەنگ كراوە " نەوەك بێدەنگ بووە" دەبێت لێرەش ئاوابێت! لەهەندێك لەكۆلێژەكاندا خوێندكار باجی قسەكردن و بۆچونی خۆی دەدات، زۆرجار ئەوەمان بەرگوێ كەوتووە كە دەڵێن قسە مەكە، چونكە ئەگەر قسەبكەی مامۆستا ڕقت لێ هەڵدەگرێت و نمرەت پێنادات.

مەبەستمانە بڵێین زۆرێك لە موعیدەكان ئەوەی ئەوانی گەیاندۆتە ئەو شوێنە زانیاری و زانست و مەعریفەكەیان نەبووە، ئەوەندەی هاوڕێیەتی و خزمایەتی و حزبایەتی و بێدەنگ بوونیان و مەلزەمە لەبەركردنیان بووە! ئاخر ناكرێت تۆ موعید بیت و لەماوەی چوار ساڵی زانكۆدا ١٠ كتێبت نەخوێندبێتەوە، ئەی چۆن بوی بە موعید؟ زۆرێك لەو خوێندكارانەی كە

* لە ژمارە "٣٠٠"ی ڕۆژنامەی "ئاوێنە" ڕۆژی سێشەممە ١١/١٥/ ٢٠١١ بلاوكراوەتەوە.

جوڵەیان هەیە و بەردەوام دەخوێننەوە و بەدوای زانیاریدا دەگەڕێن و گفتوگۆ لەگەڵ مامۆستا و دکتۆرەکانیان دەکەن و ڕەخنەیان لێدەگرن لەماوەی چوارساڵی زانکۆدا، کەچی دواتر نمرەکانیان هێندە کەمە بەشی ئەوەناکات کە درێژە بەخوێندنی ماستەر بدەن؟

خاڵێکیتر دەمانەوێ ئاماژەی پێبکەین ئەوەیە، خوێندکار بۆ ئەوەی درێژە بەخوێندن بدات لەزانکۆکانی کوردستان بۆ خوێندنی ماستەر، دەبێت نمرەی لە ٦٥٪ کەمتر نەبێت، بە بۆچونی ئێمە ئەم پێوەرە درووست و لەشوێنی خۆیدا نییە، بۆ؟ لەبەرئەوە ئێمە دەپرسین خوێندکارێك لەسەردەمی حزبی بەعس یان لەشەڕی ناوخۆدا زانکۆی تەواو کردبێت و بارودۆخ ڕێگری لێکردبێت کە نمرە بهێنێت تەنانەت تا ساڵانی دواتریش، یەکسانە بە خوێندکارێك کە ئێستا زانکۆ دەکات؟ لەشەڕی ناوخۆ و تا ساڵانی دواتریش پێوەر ئەوە نەبووە تۆ زیرەکی یان نا؟ بەتوانای یان نا؟ بەڵکو ئەوە پێوەر بووە تۆ تاچەند یەکێتیت یان پارتیت، ئێمە دەپرسین چەند قوتابی و خوێندکاری زیرەك و بەتوانا بوونە قوربانی ململانێی ئەو دوو هێزە و نمرەیان نەهێنا؟ ئێستا مامۆستای زیرەك و بەتوانامان هەیە کە لە خوێندنگاکاندا وانە دەڵێنەوە چەندساڵ پێش ئێستا زانکۆیان تەواوکردووە، بەهۆی بارودۆخی سیاسیی یان ئابوریی ئەو نمرەیەی نەهێناوە کە ئێستا وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی ئەیەوێت بۆ خوێندنی ماستەر، لە زۆرێك لەو خوێندکارانە زانیاری زیاتری لایە و بەتواناتریشە کە ئێستا زانکۆ تەواو دەکەن و نمرەیان لە ٧٠-٨٠٪ کەمتر نییە، کەچی بۆیان نییە بخوێنن ئایا ئەمە ڕەوایە؟

خالێکیتر دەمانەوێت ئاماژەی پێبکەین جیاوازی نمرەی خوێندکارە لە زانکۆیەکەوە بۆ زانکۆیەکیتر کە سروشتی نییە ئەو جیاوازییە، بەتایبەتی لەو زانکۆ و کۆلێژانەی کە بەم دواییانە بێپلان کراونەتەوە" لەگەڵ ڕێزماندا بۆ دەرچوانی ئەو کۆلێژە تازانە کە زۆرێکیان درك بەم حەقیقەتە دەکەن" ئاخر چ مەعقولیەتێکی تێدایە زانکۆیەکی وەکو زانکۆی سلێمانی کە بەراورد ناکرێت لەگەڵ ئەو زانکۆ تازانەی کراونەتەوە لەهەموو ڕویەکەوە، کەچی دەرچووانی زانکۆ و کۆلێژە تازەکراوەکان نمرەیان زۆر زیاترە لەدەرچوانی زانکۆیەکی وەك سلێمانی! کە قسە و گفتوگۆشیان لەگەڵ دەکەی خوێندکارێکی دەرچوی زانکۆی سلێمانی یان سەلاحەدین هەگبەکەی زۆر پڕترە لە خوێندکارێکی دەرچوی زانکۆ و کۆلێژە تازەکراوەکان... بەبۆچونی ئێمە هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی دڵسۆزی و مامۆستای بەتوانا و لێهاتو وە هەست نەکردن بە ئەهمیەتی زانکۆ و دەست خستنە ناو کاروباری زانکۆ و کۆلێژە تازەکراوەکان، لەهەموو ڕوویەکەوە.

# چیم نەدی؟![*]

زانکۆ ناوەندێکی مەعریفی و ئەکادیمییە، مرۆڤەکانی دەبنە دەستەبژێری کۆمەڵگە لە بوارە جیاوازەکان و پسپۆڕی وەردەگرن لە کایە هەمەچەشنەکان، ئینسانی دەرچووی زانکۆ سەرقافڵەی گۆڕانکاری و داهێنانەکانن لە کۆمەڵگە و چینەکانیتری کۆمەڵگە زۆرجار چاوەڕوانی ئەوەن لە زانکۆ بەوەی بزانن چیان بۆ دەکەن، پێموابێت هەریەکێك لە ئێمە کەم تا زۆر لە گرنگی و بایەخی زانکۆ تێدەگات و زۆر گرنگ نییە بە شێوەی گشتی و تیۆری قسە لەسەر زانکۆ بکەین و جگەلەوەش قەبارەی ئەم ستوونە سنووردار و دیاریکراوە و جێگەی هەمووی نابێتەوە.

ئەوەی ئێمە دەمانەوێت لەسەری بووەستین و باسی بکەین لە زانکۆکانی کوردستاندا و بەتایبەتیتر ئەو زانکۆیانەی کە لەم دواییانەدا لە قەزا و ناوچە جیاوازەکانی کوردستاندا کرایەوە، کەپێمان وایە کاریگەرییەکی زۆر خراپ بە دوای خۆیەوە بەجێدەهێڵێت و لەئێستاشدا کاریگەرییەکانی دەرکەوتووە، ئێمە بۆ خۆمان بۆ ماوەی دووساڵە بەشێوەی وانەبێژ لە یەکێك لەو زانکۆیانە وانە دەڵێینەوە و درکمان زیاتر بەکەم و کورتیی و ئاڵۆزییەکانی کردووە و ئەوەندەی پرس و بەدواداچوونیشمان کردبێت زانکۆ تازەکراوەکان هەموویان بەڕێژەی جیاواز

* لە ژمارە "٥٨٣"ی ڕۆژنامەی "ئاوێنە" ڕۆژی سێشەممە ٢٠١٧ /٧/٤ بڵاوکراوەتەوە.

لەیەك دەچن! ئەم زانكۆیانە لە ڕاستیدا وەك ڕەخنەیەك زۆرجار پێیان وتراوە "وردە زانكۆ" یان " دوائامادەیی" چونكە مومارەسەی ڕاستەقینەی زانكۆیەكی شارستانی و مۆدێرنی تێدا ناكرێت ئەوەی دەوترێت تەنیا بەناو زانكۆیەوە لەناوەڕۆكدا هیچ بنەمایەكی زانكۆیی تێدا بەدی ناكرێت!

ئەم زانكۆیانە ئەوەندەی بۆ مەبەستێكی سیاسی كراوەنەتەوە ئەوەندەی پێداویستییەكی مەعریفی نەبوە تاوەكو وا لە لێپرسراوەكان بكات هەستیان بەو پێداویستییە مەعریفە كردبێتەوە بۆیە ئەم زانكۆیانە كراونەتەوە، ماوەیەك وای لێهاتبوو هەر قەزایەك كە خۆپیشاندانیان دەكرد لە گەڵ داواكارییەكانیان بۆ دابینكردنی ئاو و كارەبا داوای كردنەوەی زانكۆیەكیشیان دەكرد! ساڵانی پێش كردنەوەی ئەم زانكۆیانە ئەو كەسانەی كە زانكۆیان تەواو دەكرد دوور لە شارەكەی خۆیان لانی كەم ڕەنگدانەوەی لەسەر كەسایەتی دروست دەكرد و گۆڕانكاری بەسەر دونیابینی و بیركردنەوەی دەهات و كاریگەریشی لەسەر ئەوانیتر درووست دەكرد، بەڵام ئەوەی ئێمە بینیمان و هەستمان پێكرد و بەدواداچونمان بۆ كرد لەو ماوەیەی لە زانكۆبوین دیارە بۆ كۆی زانكۆ و هەموو زانكۆ تازەكراوەكان نەوەك تەنیا ئەو زانكۆی یان ئەو بەشەی ئێمە لێیبووین، چونكە ئەو زانكۆی ئێمە لێی بووین نمونە و یچوككراوەی زانكۆكانی دیكەیە، ئەوەی دەیبینی بەڕاستی جێگەی ئومێد نییە و ئینسان لە زۆر حاڵەتدا وەكو كایەكانی تری ناو ئەم هەرێمە تووشی شۆك دەبێت!

ئەو هەمو گرفتانەی لە قۆناغەكانی بنەڕەتی و ئامادەییدا هەیە بە هەمانشێوە لە قۆناغی زانكۆشدا دەیبینیت و هەستی پێدەكەیت و زانكۆ دەتوانرێت بوترێت شتێكی نوێی ئەوتۆ پێشكەش ناكات كە بارتەقای

گرنگی زانکۆ بێت! ئەوەی تێبینیمان کرد ئەوەبوو زۆرێك لە فێرخوازانی زانکۆ ئەوەی بەلایدا ناچن کتێبێ و خوێندنەوەیە بۆ خۆپێگەیاندن و فراوانبوونی ئاگاییان نەوەك هەرئەوە، بەڵکو بەشێکی زۆریان بلێی کتێب بخوێننەوە وەك ئەوەیە پێیان بڵێین بڕۆن بۆ بەرەی جەنگ! ئەمە لەکاتێکدا ئەوەی فێرخواز بە زانکۆوە دەبەستێتەوە بە پلەی یەکەم کتێب و مەعریفەیە کە چی بەلایدا ناچێت! زمان و ئەتەکێتی جل و بەرگ و بیرکردنەوەیان و جۆری تێڕوانینیان بۆ ژیان ئەوەمان پێدەڵێت ئەم فێرخوازانە یەکجار هیلاك و ماندوون و بۆت دەردەکەوێت زانکۆش ئەوەندەی تر هیلاکیان دەکات و هیچ کاریگەری نەبووە لەسەریان!

ململانێی نێوان مامۆستایان و سەرۆك بەشەکان لەسەر پۆست و لەسەریەك خوێندن و هەڵنەسانیان بە ئەرکەکانیان و ئاشکرابوونی ئەم نهێنییانە لای فێرخوازی زانکۆ وای کردووە کاریگەری خراپیان لەسەر دروستبکات و زانکۆ وەکو شوێنێك نەبینێت کە جێگای زانست و مەعریفەبێت! پەیوەندی نێوان فێرخواز و فێرخواز وە فێرخواز و مامۆستا تا ئەندازەیەکی زۆر خراپە هەریەکەیان ئەوەی ئێمە بیزانین لەوەیتر بێزارە، چونکە سیستەمی بەڕێوەبردنی زانکۆیی خراپە، زۆرێك لەو بەشانەی زانکۆکان دەیکەنەوە هەرواهیی و بێ پلانی و لە پێناو بەرژەوەندی تایبەتە، چونکە هیچ پێداویستییەکی ئەوتۆیان لەبەردەستدا نییە کەچی بەشی سەیر سەیر دەکەنەوە و کۆمەڵێك فێرخواز وەردەگرن و هیچ فێرنابن و دواتر دەبنە بار بەسەر کۆمەڵگەوە، جگەلەوە هەرزانکۆیە و بەشی زیاتر دەکاتەوە بۆ ئەوەی بەوە ململانێی خۆی پێبکات لە گەڵ زانکۆکەی تردا

دەرئەنجامی چی دەبێت کێشە نابێت گرنگ ئەوەیە بڵێین بەشمان لە زانکۆیتر زۆرترە !

کردنەوەی ئەو هەمو بەشانەی ئێواران بێ ئەوەی مامۆستاکانیان بەشێکی زۆریان توانای ئەوەیان هەبێت بتوانن وانە بڵێنەوە ئەوەی پاڵیان پێوەدەنێت دەبێت بەشەرمەوە باسی بکەین بوونی پارەیەکی ئامادە و باشترە لە چاو دەوامی بەیانیان بۆیە تەنیا کات بەڕێکردنە و ئەمەش بووە بەدەنگ و باس لای فێرخوازان خۆیان، ئەمانە و چەندین گرفتیتر وای کردووە زانکۆ ڕۆڵی ڕاستەقینەی خۆی نەبینێت و لە جیاتی دروستکردنی ئومێد بەپێچەوانەوە نائومێدی زیاتر بکات! ئەوەی هەستی پێدەکرێت ئەوەیە ئەم زانکۆیانە زۆرجار درێژکراوەی هەمان دونیابینی کۆمەڵگایە و ناشرینییەکانی کۆمەڵگا تەواو دەکات و لە جیاتی ئەوەی کۆمەڵگا ئاڕاستە بکات کۆمەڵگا ئەو ئاراستە دەکات وەك لەبوونی ململانێی حزبی و بە ئایدۆلۆژیاکردنی وانەکانی خوێندن و بوونی ڤیستیڤاڵی خێڵ و سازدانی سیمیناری ڕووکەشی بەناو زانستی بەبێ کاریگەری دانان و تەنیا بۆ قەناعەتپێکردنی وەزارەت و تا دواتر!لە کۆتاییدا دەپرسین ئەم زانکۆیانە چییان ئیزافەکردووە بۆ کۆمەڵگەی کوردی یان کاریگەریان نەوەك بۆ کۆمەڵگای کوردی بەڵکو چ کاریگەرییەکیان تەنانەت بۆ ئەوناوچانەی خۆیان هەبوە کە تیایدا زانکۆکانی تێدا کراوەتەوە دیارە بەقەد گرنگی زانکۆ وەك خۆی! ؟

# بۆ نەڕۆینە دەرەوە بۆ خوێندن*

لە پەنا بەرنامەی تواناسازی وەزارەتی خوێندنی باڵاوتوێژینەوەی زانستی کابینەی شەشەم، ژمارەیەکی زۆر لەفەرمانبەرانی وەزارەتەکانیتر، لەوانە وەزارەتی پەروەردە لەسەرئەرکی خۆیان ڕۆیشتوون و دەڕۆن بۆخوێندن، سەرنجی ئێمە لەسەر ئەمەیانە.

ئێمە دەپرسین بەلێشاو ڕۆیشتنی ئەو هەمووە لەفەرمانبەران و مامۆستایانی وەزارەتی پەروەردە و وەزارەتەکانیتر، پاڵنەری مەعریفی و زانستییە؟ یان پاڵنەری ئابووریی و کۆمەڵایەتیی؟ یان مۆدیلە؟ یان هەرپاڵنەرێکی دیکە؟ بەبۆچوونی ئێمە لەو هەموو پاڵنەرانەی باسمانکرد بۆبەشێکی زۆر لەو فەرمانبەر و مامۆستایانە نەوەك هەموویان (چونکە بەڕاستی هەندێکیان بەتوانان و بەهۆی هەندێك کاری ڕۆتینییەوە لێرە ڕێگریان لێکراوە بۆئەوەی درێژە بەخوێندن بدەن و شایانی ئەوەن بڕۆنە دەرەوە و بەئامانجی خۆیان بگەن). دەتوانین بڵێین هەمووو پاڵنەرێکی تێدابێت پاڵنەری مەعریفیی و زانستیی تێدا نییە! کە لەبنەمادا پێچەوانەیە و دەبێت ئەو کەسەی دەڕواتە دەرەوە ئەولەویەتی پاڵنەری مەعریفیی و زانستیی بێت پێش هەرپاڵنەرێکی دیکە، خوانەخواستە ئێمە ئەم قسەیە

* لە ژمارە "٣١٩"ی ڕۆژنامەی "ئاوێنە" ڕۆژی سێشەممە ٢٠١٢ /٣/٢٧ بلاّوکراوەتەوە.

لەخۆمانەوە ناکەین، ئەگەر هەڵەش نەبین زۆرێك لەکەسانیتر پاڵپشتی ئەم بۆچوونەی ئێمەن.

ئەگەر کەسێك خۆی بۆپسپۆڕی و بوارەکەی تەرخانکردبێت پێش ئەوەی بڕواتە دەرەوە پلان دادەنێت و ئامانجی خۆی دیاری دەکات، لای ئێمە وای لێهاتووە دووکەس ئەمڕۆ قۆڵ بەیەکدادەکەن و دووقسە دەربارەی خوێندن دەکەن و بێ بیرکردنەوە سبەی بڕیاردەدەن بڕۆنەدەرەوە ! یان وای لێهاتووە بووە بەمۆدیل ئەگەر هاوڕێیەکی خۆت ببینیت یەکەم پرسیار لێتبکات ئەوەیە نایەی بڕۆینەدەرەوە بۆخوێندن؟ لەکاتێکدا هاوڕێی ئازیز لەژیانیدا ئەوەی لێی نزیك نەبۆتەوە مەعریفە و زانست و کتێب بووە و لەقۆناغی زانکۆشی تا بڕوانامەی بەکالۆریۆسی هێنا قیر سپی بوو! لێشی دەپرسیت بۆچی بڕۆین؟ لەوەڵامدا پێت دەڵێت: پارەکەمان زیاددەکات.... هەموو خەڵك ڕۆیشت و هەرئێمە ماوین، خەڵکی واش ڕۆشتووە و ماستەری هێناوە قەت باوەڕناکەیت، لەسەرو هەموو ئەمانەشەوە ئەو وڵاتانەی ئێمەی بۆدەچین ئەڵێن ماستەر هێنانی فشەیە !

وەك پێشتر باسمان کرد زیادەڕۆییمان نەکردووە ئەگەر بڵێین بەشێکی زۆر لەو کەسانەی بۆخوێندن دەڕۆنە دەرەوە لەم شێوە و جۆرانەن، ئاخر تۆ ناکرێت دەرچوویەکی بەشی مێژوو یان کۆمەڵزانی بیت، دوای چەند ساڵێك دورکەوتنەوەت لەزانکۆ و لەماوەی ئەو دوورکەوتنەوەت لەزانکۆش ئەوەی نەتبینیبێت لەژیانتدا کتێب بووە !(بەتایبەتی بۆ بەشە وێژەییەکان کەپێویستی بەزۆرترین ماوەی ئەزموونی خوێندنەوە هەیە بۆئەوەی بۆچوون و کتێبە جیاوازەکان بناسیت) چۆن لەماوەی ئەو دووساڵەی

ماستەر خۆت پڕچەك دەكەیت ؟ (ئەمە لەكاتێكدا لەهەندێك لە وولاٌتدا دووساڵی خوێندنی ماستەرەكە ئەوەش نییە).

ئەوەی مەبەستی ئێمەیە لەم كەین و بەینە خەمی نەوەی ئاییندەیە، ئاخر كەسی واپۆیشتووە بەناوی (خوێندنەوە)، نە لەڕووی زانست و نەلەڕووی ڕەفتار و هەڵسوكەوت و نەلەڕووی پسپۆڕی خۆیەوە شیاوی ئەوە نییە لەداهاتوودا ببێتە مامۆستای زانكۆ، لەوانەیە بەرپرسان لەوەلاٌمی ئێمەدا بلێن چی بكەین بەپێ یاسا ڕێگە پێدراوە، ئێمەش دەڵێین وایە بەلاٌم خۆدەكرێت هەندێك ڕێگە بگیرێتەبەر بۆ ئەوەی چارەسەرێك بدۆزرێتەوە، بۆ ئەوەی ئەم یاسایە كەسانی ناشیاو بەئاسانی نەگرێتەوە و نەیقۆزنەوە، ئێمە لەم كاتەدا ئەم پێشنیارەمان هەیە، دەڵێین ئەم كەسانە لەكاتی ڕۆیشتن و هاتنەوەشیاندا لیژنەیەكی پسپۆڕ و بێلایەن هەڵسەنگاندنیان بۆبكات، بۆئەوەی دەركەوێت بەڕاستی ئەمانە هی ئەوەن لەدواڕۆژدا ببنە مامۆستای زانكۆ، بۆئەوەی چیتر نەوەكانمان بەناوی بڕوانامەی زەقەوە و ناوەڕۆكی تابلێی هیچەوە نەبنە قوربانی.

# هەڕاجکردنی خوێندن![*]

زاراوەی "هەڕاجکردن" بۆ کاڵایەك بەکار دەهێنرێت، کە ئەو کاڵایە گرنگی و بەهای ڕاستەقینەی خۆی لەدەست دابێت، وەك کاڵایەکی بێبەها لێی دەڕوانرێت لە لایەن بەکاربەر و بەکارهێنەرانییەوە و، بەهای کەمتر دەبێت، ئەویش بەهۆی زۆربوونی کاڵاکەوەیە یان بەهۆی خراپی و بەسەرچوونیەوە، ئەم چەمکە بۆ شمەك و بازاڕی مامەڵەی کڕین و فرۆشتن زیاتر بەکاردەهێنرێت و بەرگوێمان دەکەوێت. بەڵام چەمکی"هەڕاجکردن" دەتوانین بۆ واقیعی ئێستای خوێندن و پەروەردە و فێرکردن و خوێندنی باڵا لەم هەرێمەی ئێمەدا بەکار بهێنرێت، چونکە خوێندن وەك زۆر بابەت و پرسی دیکە نرخ و بەهای خۆی لە دەست داوە و، بە پێی گرنگی خۆی بایەخی پێ نادرێت، نەك هەر ئەوە بەڵکو گومانی ئەوەت لادرووست دەبێت کە حوکمڕان و بەرپرسانی ئێمە بەمەبەست دەیانەوێت خوێندن و پرۆسەی پەروەردە و فێکردن و خوێندنی باڵا وەکو هەموو کایەکانی تر و بگرە خراپتریش بێ بەها بکەن.

کردنەوەی ئەو هەموو زانکۆ لە هەرێمدا لە پێناوی چیدا بوو، ئەقڵی ستراتیجی و مەعریفی بڕیاری دامەزراندنیدا؟ یان نەخێر زیادکردنی ژمارە بوو بەتەنیا و ململانێی سیاسی و حزبی بڕیاری کردنەوەیانی دەدا؟ منداڵی

---

[*] لە ژمارە "٥٥١"ی ڕۆژنامەی "ئاوێنە" ڕۆژی سێشەممە ٨/١١/ ٢٠١٦ بلاۆکراوەتەوە.

شەهید و ئەنفالکراوان کە سالآنە ژمارەیەك نمرەیان بەدیاری وەردەگرت! بۆ ئەوەی کۆلێژێکی بەرزتر وەریان بگرێت، بۆ ئەوەبوو خەمی مندالّی شەهیدیان بوو، یان نەخێر بۆ ئەوەبوو دواتر پێیان بلّێن ئێمە بووین وامان کرد لەو کۆلێژە وەربگیرێیت و دەبێت تا مردن وەلائمان بۆ دووپات بکەیتەوە.

لە کاتێکدا نەدەبو لە خوێندندا ئەو جیاوازییە ببێت و، دەبوو مندالّی شەهید و ئەنفال بە لایەنی ماددی قەرەبوو بکرێتەوە، نەك بۆ ئامانجێکی کورتخایەنی خۆت زانست بەکاربهێنیت، چونکە زانست پێش هەمووشت کەفائەت و توانایە و، جگە لەوە هیچ پێوەرێك ناخوێنێتەوە، ئەگەر وانەبێت زانست ڕێڕەوی ڕاستەقینەی خۆی ون دەکات. خزاندنی ئەو ژمارە زۆرە لە کادیرانی حیزبەکان بۆناو کایەی خوێندن جا چ خوێندنی بالآبێت یا قۆناغی بنەڕەتی و ئامادەیی بێت و، بەواسیتە و حزبایەتی و خزمایەتی خوییندنیان پێ تەواوکراو بڕوانامەیان پێ بەخشرا، لە ئێستاشدا ئەو پرۆسە بەردەوامی هەیە بەبێ ئەوەی کادرانی حزب زانست و زانیارییان وەرگرتبێت، بەلّکو خۆیان وتەنی تەنها بۆ ئەوە بووە بڕوانامە وەربگرن و پلەی پێ بەرزبکەنەوە، ئایا ئەمە هەڕاجکردنی خوێندن نەبێت چییە؟ ئایا کردنەوەی ئەم هەموو کۆلێجەی ئێواران و بەخشینەوەی بڕوانامە تیایدا بۆ دەست و پێوەندەکانی خۆیان، خوێندن و زانستی بێ بەها و بێ نرخ نەکرد؟ ئەم ئەرگۆمێنتانەی ئێمە دەیهێنینەوە هەڕەمەکی و لەخۆوە نییە و، ڕێژەیەکی زۆری کۆمەلّگای ئێمە "خوێنەوار و خاوەن بڕوانامەن" ئەی کوا کاریگەریی ئەم خوێنەوار و خاوەن بڕوانامانە لەسەر گەشەکردنی شارستانیی و کۆمەلآیەتیی و سیاسیی لەم هەرێمەی ئێمەدا؟ ئەوەندە دونیایەکی

ناشرینیان دروستکردووە لە کایەی خوێندندا بە هەموو ئاستەکانیەوە، بە زەحمەت دەتوانیت متمانە بە کەسێك بکەیت ئەگەر خوێندەواری نەبێت هانی بدەیت بخوێنێت و بە دوای فێربوون و زانستدا بگەڕێت، تا تۆ پێنچ ئەرگۆمێنتی بۆ بهێنیتەوە لەسەر بایەخ و گرنگی خوێندن ئەو لە بەرانبەردا دە ئەرگۆمێنتی دژت بۆ دەهێنێتەوە و دەیژمێرێت!

کەم نین ئەو ڕستانەی ڕۆژانە گوێمان لێدەبێت لە لایەن خوێنەوارە بە توانا و لێهاتووەکانەوە کە بڕوانامە و خوێندن چەند زیانی پێگەیاندوون، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە فەرمانڕەوایانی ئێمە بەهۆی بڕیارەکانیانەوە و نەبوونی ستراتیجێکی زانستیی و پەروەردەیی ئەو دۆخەی ئێستا لێبکەوێتەوە، باجەکەشی لە داهاتوویەکی نزیکدا زیاتر بەدەردەکەوێت.

لە ئێستاشدا خوێندنی بالآ بەشێکی گرنگی بووە بە پارە بەبێ لەبەرچاوگرتنی دۆخی ئابووری فێرخوازان و ئەمەش هێندەی تر خوێندن بێ بەها دەکات، چونکە ئەم بڕیارە پلانێکی پێشتر بۆ داڕێژراو نەبووە، بەڵکو قەیرانێکی دارایی ئەمەی دروستکردووە و، بەمەش دیسانەوە جیاوازی چینایەتی درووست دەکات و لە بەرژوەندی دەوڵەمەند و بەرپرسەکان خۆیاندایە و تواناو لێهاتوویی ناکرێتە پێوەر و، ئەوەی دەکرێتە پێوەر وەلائی حزبی و پارەیە و هیچی تر.

## ڕۆمانی پەروەردەیی و
## کاریگەری لەسەر دونیابینی و هزری فێرخواز*

ئەدەبیات کایەیەکی گرنگی ناو ژیانە، ئەدەبیات بە هەموو جۆرەکانییەوە ڕۆمان یان چیرۆك، یان شیعر بێ یان هەر جۆرێکێتر بچێتە چوارچێوەی ئەدەبیاتەوە کاریگەری و بایەخی خۆی هەیە لەسەر خەیاڵدان و بیرکردنەوە و کەسێتیی فێرخواز. بۆئەوەی فێرخواز بزانێت چ جۆرە ژیانێك هەڵبژێرێت؟ چۆن هزری فراوان بکات؟ چۆن تێڕوانین و ڕەفتار و دونیابینی بگۆڕێت و دەستکاری بکات؟ بۆ فێرخواز تەنیا ئەوە بەس نییە پشت بە کتێبی زانستە سروشتییەکان ببەستێت، بەڵکو گرنگە زۆرجار بەلای کتێبەکانی بواری ئەدەبیاتدا بچێت و بیانخوێنێتەوە بۆ ئەوەی وەڵامی ئەو پرسیارانەی دەست بکەوێت کە لە کتێبی زانستە سروشتییەکان دەستی ناکەوێت! لەناو ئەدەبیاتدا ئەوەی ئێمە لەم نووسینەدا قسەی لەسەردەکەین کایەیەکی گرنگی وەکو ڕۆمانە.

جۆرەکانی ڕۆمان زۆر و فرەڕەهەندن خوێندنەوەی هەریەکێك لەو جۆرانەی ڕۆمان گرنگی و بایەخی خۆی هەیە، لەوانەیە هەموو فێرخوازێك نەتوانێت هەموو جۆرەکانی ڕۆمان بخوێنێتەوە بۆیە ئەوەی ئێمە لێرەدا مەبەستمانە و بەگرنگتری دەزانین لە جۆرەکانی تری ڕۆمان خوێندنەوەی

---

* لە گۆڤاری "ژیار" ژمارە "٤٤"ساڵی یازدەهەم ٢٠٢٢ بڵاوکراوەتەوە.

ڕۆمانی پەروەردەییە. کە ناوەڕۆکی ڕۆمانەکە و ڕووداوەکانی ناوی جەخت لەسەر لایەنی پەروەردە دەکاتەوە و هەڵگری پەیامێکی پەروەردەییە. فێرخوار کاتێك ڕۆمانێکی پەروەردەیی دەخوێنێتەوە لەوانەیە وەڵامی ئەو پرسیارانەی دەست بکەوێت کە ڕۆژێك لە ڕۆژان ویستویەتی پرسیاری لەبارەوە بکات و نەیتوانیوە یان پرسیاری لەبارەوە کردوە و وەڵامی درووستی وەرنەگرتووەتەوە و قەناعەتی پێنەکردووە، خوێندنەوەی ڕۆمانێکی پەروەردەیی دەکرێت کاریگەرییەکەی هێندە زۆربێت ئەوەی پێشتر وەك حەقیقەت و دواڕاستی هەڵسوکەوت و مامەڵەت لەگەڵدا کردووە لەگەڵ خوێندنەوەی ڕۆمانێکی پەروەردەیی پێچەوانەبێتەوە!

"ڕۆمانی پەروەردەیی ئامانجێکی پەروەردەیی تێدایە، لە ڕێی پێدانی پەروەردەیەکی ڕاست و دروستی کارەکتەری ڕۆمانەکە، خوێنەر ئاڕاستە دەکات و هانی دەدات بۆ ئەوەی چاکەخوازبێت. زۆربەی ڕۆمانە پەروەردەییەکان باسی کارەکتەرێك دەکەن، کەهەر لە منداڵییەوە ڕاستگۆیی و خۆشەویستیی پێ دەدرێت و لەوێوە چۆنیەتیی پەروەردەکردن و گەشەکردنی منداڵەکە دەخرێتە ڕوو، کاتێك گەورە دەبێت، ئینجا دەکەوێتە ناو تاقیکردنەوەکانی ژیان بە خۆشی و ناخۆشییەوە، لە ڕێی ئەو پەروەردە دروستەی کراوە ڕێی ڕاست و ڕزگاربوون دەدۆزێتەوەو بەسەر کۆسپ و تەگەرەکاندا زاڵ دەبێت. ڕۆمانی پەروەردەیی بە ڕۆمانی گەشەکردن (نمو) و ڕۆمانی فێرکردنیش ناودەبرێت، چونکە سەربردەی ژیانی منداڵی و گەنجیی کارەکتەرێك دەگێڕێتەوە. باسی قۆناغەکانی پەروەردەی دەروونی، کۆمەڵایەتی و ئاکاری ئەو کەسە دەکات."جۆهان کارل سایمۆن مۆرگێنستێرن ١٧٧٠-١٨٥٢" ڕەخنەگرو

زماںناسێکی ئەڵمانییە بۆیەکەم جار ساڵی ١٨١٩ زاراوەی ڕۆمانی پەروەردەیی لە وانەکانیدا بەکاردەهێنێت"*

دوو ڕۆمانی پەروەردەیی بەناوبانگ وەك نموونە دەهێنینەوە لەناو دەیان ڕۆمانی پەروەردەیی بەناوبانگی دوونیا کە دەکرێت فێرخواز لە کاتی خوێندنەوەی هەردوو ڕۆمانەکە سوودی زۆری لێ ببینێت و کاریگەری لەسەر درووست بکات! هەردوو نووسەری ڕۆمانەکە سەر بەدوو کەلتووری جیاوازن یەکێکیان ئەمریکی و ئەویتر ئێرانییە، ڕۆمانی "خوایە تۆ لەوێی؟ منم مارگرێت" لە نووسینی ڕۆماننوسی بەناوبانگی ئەمریکی "جودی بلووم"ە کە کارەکانی ئەم نووسەرە لە ڕیزی ئەدەبی منداڵاّن و مێردمنداڵاّندا دێنە ئەژمار ئەم ڕۆمانە" هەژار عوسمان" لە زمانی ئینگلیزییەوە وەریگێڕاوەو ساڵی ٢٠١٦ بە قەبارەی ٢٢٧ لاپەڕە لە لایەن ناوەندی "غەزەلنووس" لە سلێمانی چاپ و بڵاّوکراوەتەوە. نووسەر لەم ڕۆمانەدا لەڕێگەی کارەکتەری سەرەکی و پاڵەوانی ڕۆمانەکەوە کە کچێکە بەناوی "مارگرێت" دەیەوێت دوو بابەتی گرنگ بوروژێنێت کە هەموو کچێك لە تەمەنی هەرزەکاریدا تووشی دەبێت و لەوانەیە نەتوانیت لەبەر ئەو ژینگە داخراوەی تێیدا دەژی دەری ببڕێت یان کاتێك بیەوێت زانیاریش وەربگرێت لەسەری وەك عەیب و شەرم سەیردەکرێت! یەکەم بابەت کە دەیوروژێنێت ئەو گۆڕانە فیسۆلۆجیانە یان جەستەییانەیە کە هەموو کچێك لەکاتی تەمەنی هەرزەکاری ڕووبەڕووی دەبێتەوە و لەبری ئەوەی بەشێوەیەکی سروشتی وەریبگرێت و زانیاری لەسەری وەربگرێت ئاسایی وەریبگرێت کەچی تووشی نامۆبوون دێت و دونیایەك پرسیاری بۆ دێتە پێشەوە بێئەوەی ببتوانێت بیانکات بۆ ئەوەی تووشی هەڵە نەبێت! لەم ڕۆمانەدا لە

جێگەیەکدا مارگرێت پرسیاری ئەوە دەکات کچانی هاوڕێی بۆ پێش ئەو تووشی گۆڕنکاریەکان هاتن و مارگرێت درەنگتر؟ کە دەکرێت وەڵامەکەی هەر لە ڕۆمانەکەوە دەستمان بکەوێت، بابەتی دووەم مەسەلەی ئایینە هەر لە منداڵییەوە مارگرێت لە ژینگەیەکی ئایین جیاواز لەدایك بووە کە لە باوکێکی جولەکە و دایکێکی مەسیح لەدایك بووە، نووسەر لەم ڕۆمانەدا دەیەوێت جیاوازی ئاینی و قبوڵکردنی ئەویتری ئایین جیاواز بەشتێکی سروشتی پیشان بدات بەوەی جیاوازی ئایین و هەڵبژاردنی هەر ئاینێك مافی ئازادی کەسەکانە، بۆیە دەکرێت لە خوێندنەوەی ڕۆمانەکەوە فێرخواز تێڕوانینی خۆی فراوان بکات و کاریگەری ئەرێنی لەسەر دروست بکات.

دووەم ڕۆمانی پەروەردەیی ڕۆمانێکە بەناونیشانی " باوکی ئەو" لە نووسینی دەروونناس و ڕۆماننوسی ئێرانی "پەرینووش سەنیعی"ە، ئەم ڕۆمانە لەلایەن وەرگێڕی ناسراو" ڕووناك شوانی" لە زمانی فارسییەوە وەرگێردراوە و بە قەبارەی ٣١٠ لاپەڕە ساڵی ٢٠١٤ لەلایەن "ناوەندی ڕۆشنبیری و هونەری ئەندێشە" چاپ و بڵاوکراوەتەوە. ئەم ڕۆمانە باس لە باوکێك دەکات کە چۆن جیاوازی دەکات لەنێوان منداڵەکانیدا لە ڕووی پەروەردە و گرنگی پێدان و بایەخپێدانەوە! پاڵەوانی سەرەکی ڕۆمانەکە منداڵێکی چوارساڵانە بەناوی "شەهاب" تاوانی ئەوەیە هێشتا فێری قسەکردن نەبووە و بەمەشەوە دەکەوێتە بەرهێرشی باوکی و دەورووبەری و باوکی پەراوێزی دەخات و تەنیا بایەخ بە براکەیتری دەدات بەناوی "ئارش"، شەهاب هێندە ئازاردەدرێت و وادەزانێت باوکی ئەو تەنیا باوکی ئارشی برایەتی نەوەك باوکی ئەم! دەق و دیالۆگەکاتی ناو ڕۆمانەکە هێندە کاریگەرن لە خوێندنەوەی ڕۆمانەکەوە فێری ئەوەدەبین جیاوازی نێوان

مرۆڤەکان وامان لێنەکات بایەخ بەهەندێکیان بدەین و هەندێکی تریان پەراوێزبخەین و ڕێز لە تایبەتمەندییەکانیان نەگرین لە پەروەردەکردنیاندا.

*د. حەمە مەنتك: ئارکیۆلۆژیای پۆلێنی ڕۆمانی کوردی، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٢١، ل٧٣٣-٧٣٤.

# ڕۆڵی ناوەندەکانی خوێندن
# لە بە کلتورکردنی خوێندنەوە*

ڕێگا و کایەی جۆراو جۆر هەیە بۆ بە کلتورکردنی خوێندنەوە، بەلاّم بە بۆچوونی ئێمە گرنگترین و کاریگەرترین کایە کە ڕۆڵی سەرەکی و بنچینەیی دەبینێت لە بە کلتورکردنی خوێندنەوەدا کایە و بواری پەروەردە و فێرکردنە، دەبێت لە قۆناغە جیاوازەکانی خوێندندا هەمیشە سود و کاریگەریەکانی خوێندنەوەی کتێب و هونەرەکانی ڕوون بکرێتەوە و باسبکرێت. بەداخەوە ناوەندەکانی پەروەردە و فێرکردنی دونیای ئێمە بەم ڕۆڵە گرنگە هەڵنەساون و کەمترین کاریگەریان لەسەر فێرخواز و بونەوەری ئێمە دانەناوە !

کەمنین و زۆرن ژمارەی ئەو مامۆستا و دکتۆر و ئەندازیار و پارێزەر و خاوەن بڕوانامانەیتر کە ڕۆژانە و لە کاتی جیاوازدا مرۆڤ و ئینسانی ئێمە بە دەستیانەوە دەناڵێنێت لە جۆری ژیان و هەڵسوکەوت و بیرکردنەوە و دونیابینیان کە بەشێکی گرنگی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی لە ماوەی خوێندندا ئەوەی بەلایدا نەچوون خوێندنەوەی کتێبە جیاوازەکاندا بووە !

ڕێژەیەکی زۆر کەم لە خوێندنگاکان کتێبخانەی شایستەیان تێدایە، ئەو خوێندنگایانەشی کتێبخانەی تێدایە زۆرجار بۆ ڕەمزە و فێرخوازەکان هان

* لە ژمارە "١٧٧٥"ی ڕۆژنامەی "هاولاتی" ڕۆژی سێشەممە ٩/٢٥/ ٢٠١٨ بلاّوکراوەتەوە.

نادرێن بۆئەوەی بخوێننەوە، هەروەها کەمترین سەرچاوەی بەسوود و کاریگەری تێدایە سالأنە ئەوەی بیری لێناکرێتەوە کتێب کڕینە بۆ خوێندنگاکان، دەبێت خۆبەخشییێك ڕاکات بەدوای دەزگاکان بۆ ئەوەی ئەگەر چەند کتێبێکی بدەنێ بە دیاری! بە داخەوە فێرخواز لە خوێندنگادا ئەوەی بۆی باس دەکرێت و گرنگی پێدەدرێت تەنیا پرۆگرامی خوێندنە و ئاماژە بە گرنگی کتێبی دەرەوەی پرۆگرام نادرێت، هەندێك جار فێرخواز لە کتێبی دەرەوەی پرۆگرام بۆچوون و زانیاری نوێی خستۆتەڕوو لە جیاتی ئەوەی هانبدرێت و شکاوەتەوە، لە جیاتی ئەوەی پاڵپشتی بکرێت لە خوێندنەوەی کتێب کەچی هەوڵدراوە دووری بخەنەوە! ژینگەکە ئەوەندە خراپە فێرخواز هەولبدات بخوێنێتەوە هەر لە خوێندنگا پێی دەڵێن جارێك مەنهەجەکە بخوێنە و گرنگترین شت نمرەیە و جارێك بۆتۆ زووە!

ئەوەندە کتێب خوێندنەوە لە دونیای پەروەردە و فێرکردنی ئێمەدا پەراوێز خراوە ئەگەر فێرخواز شتێکی جیاواز بلێت کە لە خوێندنەوەوە فێری بووە دەبێتە کەسێکی نامۆ و پەراوێزخراو! دەبێت ئەوە بزانین فێرخواز مامۆستا بە ڕابەری خۆی دەزانێت و لە هەموو کاتێکدا دەیەوێت لاسایی مامۆستاکەی بکاتەوە بۆیە گرنگە مامۆستا پێش ئەوەی باسی گرنگی خوێندنەوە و کتێب بکات بۆ فێرخوازەکانی دەبێت خۆی خوێنەربێت، بەلأم بە داخەوە ئەوەی ئێستا دەیبینین و سەرنج دەدەین کەمترین مامۆستا دەخوێنێتەوە نەوەك هەرئەوە هەندێك مامۆستا باسی خراپی خوێندنەوەی کتێب دەکات و پێی وایە ئەوەی بخوێنێتەوە شێت دەبێت! بە ئاگایی یان بێ ئاگایی نازانێت ئەو ڕوانینە چ شوێنەوارێکی

خراپ بەجێدەهێڵێت. لە دۆخێکی بەمشێوەیەدا خوێندنەوە نابێت بە کلتور و کتێب بەهای نییە !

دیاردەیەکی ترسناك ئێستە هەستی پێدەکرێت ئەویشس ئەوەیە هەندێك فێرخواز لە دەرەوەی خوێندنگا ئاراستەدەکرێن و کۆمەڵێك کتێبی ئایدۆلۆژی و مەترسیدار دەخرێتە بەردەستیان و لە قاڵب دەدرێن و دواتر دەبنە کێشە بۆ خۆیان و کۆمەڵگا، ئەگەر خوێندنگا بەشێوەیەکی پەروەردەیی و زانستیی فێرخوازەکانی فێری خوێندنەوەی کتێب بکات پێچەوانەی ئەوە ڕوودەدات و دەبنە ئەندامێکی سوودبەخش بۆ کۆمەڵگا. بۆیە لە ڕاستیدا ناوەندەکانی خوێندن ئەوەندەی ڕۆڵیان لە بە کلتورکردنی نەخوێندنەوەدا هەیە نیو ئەوەندە ڕۆڵیان بە کلتورکردنی خوێندنەوەدا نییە !

## فەلسەفە وانەیەك بۆ ڕق لە دانایی!*

فەلسەفە یەکێکە لە بابەت و کایە گرنگ و بە بایەخەکان، دەتوانین بڵێین بۆ ئەوەی ڕادەی پێشکەوتن و شارستانێتیی هەر میللەتێك بزانین دەبێت سەرنج بدەین و سەیری ئەوەبکەین بزانین تا چەند فەلسەفە تێیاندا بڵاوە و گرنگی بە دونیابینی فەیلەسوفەکان دەدەن! دیکارت فەیلەسوفی ناسراوی فەرەنسی و باوکی فەلسەفەی مۆدێرن و خاوەنی کۆجیتۆی "من بیر دەکەمەوە کەواتە من هەم" لە کتێبی "بنەماکانی فەلسەفە" دەنووسێت:" **پێویستە مرۆڤ لەو باوەڕەدابێت تەنها فەلسەفەیە لە نەتەوە دڕندە و بەربەریەکان جیامان دەکاتەوە. پێوەری شارستانییەت و ڕۆشنبیری هەر نەتەوەیەك بڵاوبوونەوەی فەلسەفەی دروستە لە ناویاندا. لەبەرئەوە گەورەترین چاکەیەك خودا لەگەڵ نەتەوەیەکدا بیکات ئەوەیە فەیلەسوفی ڕاستەقینەیان پێبدات"، هەروەها لە شوێنێکی دیکەدا دەڵێت: " ئەوەی بەبێ فەلسەفە بژی وەك ئەوە وایە چاوی داخستبێت و هەوڵنەدات بیانکاتەوە".**

لە قۆناغی یازدەی ئامادەیی لە بەشی وێژەیی وانەیەك دەخوێنرێت بەناوی" سەرەتاکانی فەلسەفە"، ئەوەی لە بەردەستی ئێمەدایە دواین

* لە ژمارە "٥٥"ی ڕۆژنامەی "زەمەن" ڕۆژی سێشەممە ١١/٢/ ٢٠٢٠ بڵاوکراوەتەوە.

چاپە واتە چاپی ٢٠١٩ و تا ئێستا سیازدە جار چاپکراوەتەوە، ئەم وانەیە هیچ پسپۆڕێکی فەلسەفە نایڵێتەوە و ئەوەی دەیڵێتەوە مامۆستای پسپۆڕییەکانی دیکەیە! هەروەها ئەوەی جێگەی سەرسوڕمانە تەنها بەشی وێژەیی دەیخوێنن و بەشی زانستی نایخوێنن وەك ئەوەی بەشە زانستییەکان لە ئەزەلەوە خۆیان خاوەن بیرکردنەوە و پرسیاربن و پێویستیان بە فەلسەفە نەبێت!

ئەم وانەی فەلسەفەیە هەمووساڵێك وەك دێوەزمەیەك ڕوو لە خوێندکاران و مامۆستایان دەکات، هەردوولایان تا بۆیان بکرێت لەبری ئەوە بە عشقەوە بەرەو پیری بچن بەپێچەوانەوە لێی ڕادەکەن، فەلسەفە لە دونیای کوردیدا خۆی زۆر خۆشەویست نییە کتێبی "سەرەتاکانی فەلسەفە" وای کردووە فەلسەفە دوو هێندەی تر خۆشەویست نەبێت!

کتێبی "سەرەتاکانی فەلسەفە" لێونلێوە لە هەڵەی زمانەوانی و زانستی بە جۆرێکە بە زەحمەت دێڕێك یان بڕگەیەك دەدۆزیتەوە مانایەکی درووست بدات کە هەم مامۆستا لێی تێبگات و هەمیش خوێندکار! ئەگەر هەڵە زمانەوانی و زانستییەکانی دیاری بکەین بە جۆرێکە دەتوانیت کتێبێکی لەسەر بنووسیت! چەمك و زاراوە فەلسەفییەکان بە جۆرێك وەرگێڕدراون مرۆڤ جارجار قاقا پێدەکەنێت و زۆرجاریش غەم دای دەگرێت، چونکە هیچ مانایەکیان نییە و پەیوەندی بە فەلسەفەوە نییە و لە هیچ کتێبێکی فەلسەفی ئەو چەمك و زاراوە و مانایانە نادۆزیتەوە.

کتێبی "سەرەتاکانی فەلسەفە" لە بنەمادا بە زمانی عەرەبی نووسراوە لە سەردەمی ڕژێمی بەعس دا نراوە و لەو کاتەدا لە خوێندنگاکانداخوێنراوە، کتێبەکە بە عەرەبی لەو بڕوایە دانین هەڵەیەکی

ئەوتۆی تێدابێت لە شوێنێکدا نەبێت زیاتر هەستی پێدەکرێت کە نەتەوەچێتی و ئایدۆلۆژیا بەسەر زانستدا زاڵە ئەویش ئەوەیە دەیەوێت ڕیشەی فەلسەفە بۆ یەکەمجار لە ڕۆژئاوا و یۆنان دابڕێت و بیگەڕێنێتەوە بۆ ڕۆژهەڵات و لەناویشیاندا عەرەب! بۆیە وادەڵێین چونکە دانەرانی زمانی عەرەبی کە هەشت کەسن شەش کەسیان دکتۆر و پرۆفیسۆرن کە چەند ناوێکیان ناسراون لە دونیای عێراقی و عەرەبی کە پسپۆڕی فەلسەفەن، ئەگەر ئەم نووسینەی خۆیان بە کوردی پیشان بدەیتەوە و وەریبگێڕیتەوە بۆ زمانی عەرەبی ئەگەر بەشێکیان مابن لە ژیاندا گومانم دەکەم یەکەم کاریان ئەوەدەبێت شکات کردنە لە وەزارەتی پەروەردە و فێرکردن، چونکە ئەوەی ئەوان فەلسەفەیە بەڵام وەرگێڕانە کوردییەکە شتێکی دیکەیە! ئەو لیژنەیەی وەریانگێڕاوە بۆ کوردی ناوێکی ناسراوی فەلسەفە نین و دوور و نزیك پەیوەندیان بە فەلسەفەوە نییە، هەروەها ئەوانەشی پێداچوونەوەی زانستی و زمانەوانییان بۆ کتێبەکە کردووە.

لە لاپەڕە"٢١"دا لە بابەتی "زانست لە سەدەکانی ناوەڕاستی خۆرئاوا(ئەورووپا)" نوسراوە" لەم سەردەمەدا زانست لە هیچ بوارێکدا پێشکەوتنێکی ئەوتۆی بەردەست نەهێنا شایانی باس بێت، هیچ گۆڕانکارییەکی نوێ لە چەمکی زانستدا نەهاتە ئاراوە و هەروەك ئەرستۆ ئاماژەی پێداوە و کڵێسەش پاڵپشتی کردووە"، ئێمە واز لەوە دەهێنین ئەو بڕگەیە لەڕووی داڕشتن و زمانەوانییەوە پڕە لە هەڵە، بەڵام مەعقولە نەزانیت ئەرستۆ پێش زایین ژیاوە کە هیچ پەیوەندییەکی بە سەدەکانی ناوەڕاستی ئەورووپاوە نییە کە سەدەی پێنج بۆ پازدەی زایینیی دەگرێتەوە تاوەکو ئەرستۆ قسەی لەسەر سەدەکانی ناوەڕاست کردبێت! ئەمە

نمونەیەکە وەك دەوترێت لە خەروارێك. پرسیار ئەوەیە ئێمە لە ناو کورددا پسپۆڕی فەلسەفەمان زۆرە و کتێبی زۆرباشیش هەیە بکرێتە پرۆگرام و بخوێنرێت وەزراتی پەروەردە ئەمە بۆ ناکات؟! وشەی فەلسەفە کەلە بنەمادا یۆنانییەو بە مانای خۆشەویستی دانایی دێت ئەم کتێبە بە پێچەوانەوە فێری ڕق لە دانابیت دەکات وا دەکات فێرخواز و مامۆستاش بە ئەندازەیەکی زۆر لێی دووربکەونەوە، لە بری ئەوەی فێری پرسیارو بیرکردنەوەت بکات فێرت دەکات پرسیارنەکەیت و بیرنەکەیتەوە !

## بەڕاست وەزارەتی پەروەردە بۆ وادەکات؟*

لەپێشتر و لەجێگایتریش وتومانە هەندێك لەكار و بڕیارەكانی وەزارەتی پەروەردە ئەوەندە جێگای سەرسوڕمانن، ئەوەندە جێگای پرسیار نین، ئەوەی ئێمە مەبەستمانە لەم نووسینەدا باسی لێوە بکەین، ڕوونکردنەوە و دەرخستنی هەندێ هەڵە و کەمووکورتی پەرتووکی ( مێژووی شارستانییەکان) ی پۆلی دەیەمی وێژەییە کە نەدەبوو هەبووایە بە تایبەتی لەبواری شێوازی وەرگێڕان.

ئەو پەرتووکەی ئێمە لەبەردەستماندایە دواچاپە، واتە چاپی شەشەمی ٢٠١٠، دیارە ئەم هەڵانەش لە چاپەکانی پێشووتر هەرهەن و ئاسایی تێپەڕیون، دەبێت ئەم پەرتووکەش لەبنەڕەتدا بەزمانی عەرەبی نوسرابێت ، چونکە لەیەکەم لاپەڕەی پەرتوکەکە نوسراوە وەرگێڕانی لیژنەیەك لەوەزارەتی پەروەردە، لەڕاستیدا ئێمە گومان دەکەین ئەم لیژنەیە پسپۆڕبن لەبواری وەرگێڕان، چونکە ئەگەر پسپۆڕ ! بونایە ئەو هەموو هەڵەیە لەپەرتوکەکەدا نەدەبوون. وەرگێڕان تەنیا ئەوە نییە زمانێك بزانیت و کۆمەڵێك وشە لە زمانێکەوە وەربگێڕیتە سەر زمانێکیتر و تەواو، بەبێ باگراوەندێکی ڕۆشنبیری و شارەزابوون لەو بابەتە و شێوازەکانی هونەری وەرگێڕان.

* لە ژمارە "٢٨٢"ی ڕۆژنامەی "ئاوێنە" ڕۆژی سێشەممە ٥/٧/ ٢٠١١ بڵاوکراوەتەوە.

ئەوەشی ئێمەی تووشی سەرسامی کرد، ئەوە بوو کاتێك ناوی دانەرانی پەرتوکەکەمان بینی، چونکە دانەران کوردن و لە زانکۆکانی کوردستان بەکوردی وانەی مێژوو دەڵێنەوە، لە کاتێکدا وەك پێشتر باسمان کرد لە پەرتووکەکە نووسراوە وەرگێڕانی لیژنەیەك لەوەزارەتی پەروەردە! ئێمە دەپرسین ئەگەر ئەم دانەرە کوردانە لە بنەڕەتدا کتێبەکەیان بەزمانی عەرەبی نووسیوە لەبەرچی؟ بۆنەدەکرا لەبنەڕەتدا بەزمانی کوردی بنوسرێت، وەك بابەتە کۆمەڵایەتییەکانی پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی ؟

لەپەرتووکەکەدا و زۆرجار لەکاتی وەرگێڕاندا شێوازی قسەکردنی ناوچەیەك لەبەرچاو گیراوە نەك هەموو کوردستان، بەتایبەتی هەولێر و دەووروبەری و دەبووایە هەندێ وشە کە چەند مانایەکتری هەیە پەراوێزی بۆدابنرایە و بنووسرایە، چونکە هەندێك وشە و زاراوە هەیە تەنیا ناوچەیەکی دیاریکراو بەکاری دەهێنێت . ئەمە جگە لە چەندین هەڵەی ڕواڵەت و ناوەڕۆك کە ناکرێت لە پرۆگرامی خوێندندا هەبێت، بۆ نموونە لەلاپەڕە ٨ ی کتێبەکەدا فرمانی (فرەبوون) بەکارهێنراوە لەبری (زۆربوون)، هەروەها لە "مێژووی شارستانییەکان"دا نوسراوە "سەردەمی ماوەی فەرمانڕەوایی ئەکەدیەکان ٢٣٧١ – ٢٢٣٠ پ.ز" کە چی لە لە " بابەتە کۆمەاڵیەتییەکانی" پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی نوسراوە "٢٣١٧–٢٢٣١" .

لەلاپەڕە ٢٨ داو لەبەشی شارستانیەتی میسۆپۆتامیا ناوی عێراق بەرچاومان دەکەوێت، ئەمە لەکاتێکدا ناوی عێراق ناوێکی تازەیە و لەدوای یەکەمین جەنگی جیهانی و بەدیاریکراویش لەساڵی ١٩٢٠و ١٩٢٥ هاتۆتە ناو فەرهەنگی سیاسیی و مەعریفیی.

لە چەندین شوێنی کتێبەکەدا هۆ و پرسیاری گرنگ هەن کەچی وەڵامەکەی تێدا نییە و نازانرێت بە چ پێوەرێك وەڵامی هەندێ پرسیار دراوەتەوە و هەندێکیتر بێ وەڵامن ؟ ئەوەشی زۆر لەم کتێبەدا فەرامۆشکراوە، ئەوەیە کە ڕستەکان فرمانی ڕابردوویان تێدا نیە و کاتێك دەیخوێنیتەوە واهەست دەکەیت ئەو ڕووداوەی لە ڕابردوودا ڕوویداوە، ئێستاش بەردەوامی هەیە.

جگە لەمەش چەندین وشەی نامۆ بەکارهاتووە کە مەگەر تەنیا لیژنەی وەرگێڕ"دانەر! " بزانن ماناکەی چییە، بۆ نمونە لەلاپەڕە ٤٦ دا نووسراوە ( ئاشیبوو: بەرپرسی چارەسەری نەخۆشی و ڕاونانی گیانە نابووەکان بوو) مەگەر تەنیا لیژنەی وەرگێڕ و پسپۆڕ ! ڕاونانی گیانە نابووەکانمان بۆلێك بدەنەوە و شیبکەنەوە؟

ئەم هەڵانە کە کورد وتەنی نموونەی خەروارێکن لە سەراپای کتێبەکەدا بەرچاو دەکەون و هەموو ئەمانەش جگە لەوەی بارگرانی بۆ مامۆستا و خوێندکار درووستدەکات، نیشانەیەکی پرسیاری گەورەش لەسەر لیژنەی پرۆگرامەکان و وەزارەتی پەروەردە درووستدەکات کە چۆن دەشێت لە ڕێزمانی کوردی و لەسایەی حکومەتێکی کوردیدا نەتوانن پرۆگرامێکی گونجاو بەرهەم بهێنن.

# لای وەزارەتی پەروەردە
# شاری فۆلکستۆن لەئەڵمانیایە![*]

کەم بابەتی پرۆگرامەکانی خوێندنی بنەڕەتی و ئامادەیی هەیە بەدەربێت لە کەم و کورتی و هەڵەی زانستیی، ئەوەی مایەی سەرسووڕمانە ئەوەیە کە سالانە ئەم هەلآنە دوبارە دەبنەوە و وەکو خۆی چاپ دەکرێت، بەبێ ئەوەی پیاچوونەوەی بۆ بکرێت بە هەمان هەڵە و کەم وکورتییەوە چاپ دەکرێت، یەکێك لەو کتێبانەی ئێمە دەمانەوێت قسەی لەسەر بکەین، کتێبی مێژووی پۆلی دوازدەیەمی وێژەییە، ئەم کتێبە بڕێکی زۆر هەڵەی زمانەوانی و زانستی تێدایە، نازانم ئەگەر لە بەکەلۆریا ئەو بابەتانە بێتەوە کە هەڵەی زانستین خوێندکاریش دەبێت بە هەمان هەڵەی وەڵامی ناو کتێبەکەوە وەڵام بداتەوە؟! زۆرجاریش ئێمە وەکو مامۆستایەك کاتێك ئەو هەلآنە بۆ خوێندکار ڕوون دەکەینەوە تووشی پرسیارێك دەبین لەلایەن خوێندکارانەوە ئەویش ئەوەیە کە پێمان دەڵێن مامۆستا ئێمەش هەر وەلآمە هەڵەکە بنوسین؟ ئەگەر بڵێین بەڵێ نابێت و دەڵێن چۆن دەبێت هەڵە وەلآم بدەینەوە، ئەوجا مەگەر هەر باسی وەزارەتی پەروەردەی بۆ بکەی، ئەگەر بڵێین نەخێر ئەمە وەلآمە ڕاستەکەیە و وەلآمی ناو کتێبەکەیە هەر نابێت، چونکە بەکالۆرییە و لە سەرەوە وەلآمی هەڵەی ناو کتێبەکەی دەوێت، بۆیە ئێمە وەکو مامۆستایەك هەموو جارێك و هەموو ساڵێك ڕووبەڕووی ئەو گرفتانە دەبینەوە.

---

[*] لە ژمارە "٥٦"ی ڕۆژنامەی " گەرمیانی ئەمڕۆ" ئەیلولی ٢٠١٢ بلاّوکراوەتەوە.

له ڕێگەی ئەم نووسینەوە داوا لە وەزارەتی پەروەردە دەکەین ئەم گرفتانە چارەسەر بکات، لەلاپەڕە ٨١ ی کتێبەکەدا، لە بابەتی میرنیشینی بۆتان نووسراوە:(سەرکەوتنەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و ژێرکەوتنی سوپای عوسمانی دەرفەتێکی باش و لەباری بۆ میر بەدرخان ڕەخساند....) ئەوەی جێی سەرنجە لەم پەرەگرافەدا ناوی هێزی پێشمەرگەیە، کە ئەم ناوە بۆخۆی تازەیە و دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی کۆماری کوردستان و بە هیچ شێوەیەك ناگەڕێتەوە بۆ سەردەمی عوسمانی وەبەکار نەهێنراوە لەو سەردەمەداو دەبوایە بنوسرایە(هێزە چەکدارەکانی).

له لاپەڕە ١٠١ لە بابەتی سەرهەڵدانی ڕۆژنامەگەری کوردی نووسراوە:(ژمارەکانی٢٥–٢٩ لە فۆلکستۆن لە ئەڵمانیا دەرچووە) ئێمە نازانین ئەم هەموو سەرپەرشتیار و کاربەدەستانی ئەم بوارە ئیشیان چییە کە ئەم هەڵە زەقەیان بەسەردا تێپەڕیوە؟ فۆلکستۆن دەکەوێتە خوارووی لەندەن لە بریتانیا نەوەك ئەڵمانیا!

لەلاپەڕە ١٩٠ دا لەباسی (چۆنیەتی هاتنی بەعس بۆ سەر حوکم و هەوڵدانی بۆ سەرکوتکردنی نەتەوەی کورد) دا لە بڕگەی یەکەمی ئەو لاپەڕەیەدا باسی پەیوەندی نێوان عبدالسلام عارف و مەلا مستەفا دەکات، باسی ئەوکارە خراپانە دەکات کە عبدالسلام بەرانبەر بە کورد کردوویەتی، ئاشکرایە ئەو کاتەی عبدالسلام عارف دێتە سەر تەختی دەسەڵات عبدالکریم قاسم کوژراوەو نەماوە,لە کتێبەکەدا نووسراوە:(زۆربەی دانیشتوان ڕوویان کردە شارباژێڕ و قەرەداغ بۆ ڕزگاربوون لە دەست زەعیم صدیق) لە ڕاستیدا دەبوایە بنووسرایە بۆ ڕزگاربوون لە دەست عبدالسلام

عارف، چونكه ئەم باسە تايبەتە بە بەعسيەكان و لەو برگەيەی ئاماژەمان بۆكرد باسی سياسەتی خراپی عبدالسلام دەكات بەرمبەر كورد و عبدلكريم قاسم هيچ پەيوەندی بەم باسەوە نييە !

لەلاپەرە ٢٦ دا نووسراوە:(لەدوای ئەم رێكەوتننامە((مەبەست رێكەوتننامەی زەهاوە)) ئيتر عوسمانيەكان ترسيان لەسەفەوييەكان نەماو، هەروەها ئيشيان بەهەمان شێوە بەكورد نەما، كەوتنە چەسپاندنی سياسەتی مەركەزی لەكوردستاندا....) لەراستيدا ئەمە هەڵەيە، چونكە ڕێككەوتنامەی زەهاو لەساڵی(١٦٣٩) بووە واتە نيوەی يەكەمی سەدەی حەڤدە، چەسپاندنی سياسەتی مەركەزی لەكوردستاندا لەلايەن دەوڵەتی عوسمانی لەسەدەی نۆزدەبووە، واتە دوای دووسەدە ! لەلاپەرە ٣٣ دا لەبابەتی ڕێككەوتننامەی ئەرزرۆمی دووەم دا نووسراوە(دوای جەنگی يەكەمی جيهانيش تا ئەمرۆ وەكو ميراتێكی نارەوا بۆدەوڵەتی ناسيۆناليستی عێراقی عەرەبی ماوەتەوە) هەموو دەزانين عێراق ئەمرۆ دەوڵەتێكی ناسيۆناليستی عەرەبی نييە، بەڵكو بەگوێرەی دەستوور فيدراڵيە.

لەلاپەرە ٣٦ دا نووسراوە:(لەسەرەتای سەدەی نۆزدەهەمدا چەند ميرنشينێكی گەورەی كوردی پەيدابوون) ديارە مەبەست لەميرنشينی(بادينان و سۆران و بۆتان و بابان...ە) لەڕاستيدا ئەم ميرنشينانە لەسەدەی نۆزدەهەم پەيدا نەبوون، بەڵكو چەندين سەدە پێش ئەوە هەبوون، بەڵام لەسەدەی نۆزدەهەم گەورەبوون و فراوان بوون و دەسەلأتيان زۆربوو.كارەسات ئەوەيە لەساڵی ٢٠٠٥-٢٠١٢ كەدەكاتە حەوت ساڵ ئەم هەلأنە دووبارەدەبنەوە ! ؟

## لە بارەی پێدانەوەی نمرەی پۆلە ناکۆتاییەکان*

بێنەزمی و ناڕێکییەکی سەیر و نامۆ لە کایەی پەورەردە و فێرکردندا هەیە کە پێویستی بەوە نییە چاوەڕێی ژیینگەیەکی لەبار و گونجاوبکرێت بۆ ڕاستکردنەوەی، بەڵکو تەنیا پێویستی بە عەقڵییەتێکی پەروەدەیی هەیە بۆ ڕاستکردنەوەی ئەو بێنەزمی و ناڕێکییە.

هەندێك بڕیار و ڕێنمایی و کردەی پەروەردەیی هەیە پێویست بەوە ناکات چەند ساڵێك چاوەڕوانبی بۆ ئەوەی جێبەجێیان بکەیت بە بیانووی نەگونجانی بارودۆخ و هەلومەرجەوە، ئەمە وەڵامێکی حازربەدەست و تەمبەڵانەیە!

پۆلە ناکۆتاییەکان جگە لە پۆلی نۆی بنەڕەتی کە تاقیکردنەوەی نیشتیمانییان هەیە و پۆلی دوازدەیەمی ئامادەیی کە تاقیکردنەوەی بەکالۆری هەیە باقی پۆلەکانیتر دەگرێتەوە. وەکچۆن هەموویان ڕۆژی دەستپێکردنی تاقیکردنەوەیان بۆ دیاریدەکرێت و لەیەك ڕۆژدا ئەنجامی دەدەن و بەیەك ڕۆژیش کۆتایی پێدەهێنرێت درووست وابوو ئەگەر هەموو کوردستانیش نەبێت پەروەردەی قەزاکان، یان پارێزگاکان لەیەك ڕۆژدا ئەنجامی تاقیکردنەوە بە فێرخوازەکان بدرێتەوە.

---

* لە ژمارە "٢١"ی ڕۆژنامەی "زەمەن" ڕۆژی سێشەممە ١١/٦/ ٢٠١٩ بلاوکراوەتەوە.

ڕوون و ئاشکرایە بەرپرسانی پەروەردە و لایەنی پەیوەندیدار هەموویان داوای ڕێزگرتن لە کات و پابەندبوون بەدەوام و ڕێساو یاسا دەکەن لە فێرخوازان، کەچی بەپێچەوانەوە لە کاتی پێدانەوەی ئەنجامی تاقیکردنەوەکاندا ئەوەی ڕێزی لێناگیرێت کاتە وحساب بۆ باری سایکۆلۆجیای فێرخواز ناکرێت. بەشێکی گرنگی خوێندنگاکانی ئێمە بە میزاجی شەخسی خۆیان و بزانە کەی تاقەتیان دەبێ ئەنجامەکان ڕادەگەیەنن، بەبێ ئەوەی هەست بەوە بکەن فێرخوازەکان سات بە سات و ڕۆژ لەدوای ڕۆژ دەژمێرن و چاوەڕوانی ئەوەن بزانن کەی ئەنجامی تاقیکردنەوەکانیان وەردەگرن و زۆربەیجار ئەمڕۆ و سبەینێیان پێدەکرێت ئەمەش کاریگەری نەرێنی بەسەر سایکۆلۆجیای فێرخوازەوە بە جێدەهێڵێت. وێنایەکی خراپیان دەربارەی خوێندن و خوێندنگاکەیان لەلادرووست دەبێت.

هەر قوتابخانە و خوێندنگایەك لە ڕۆژی جیاوازدا ئەنجامی تاقیکردنەوەکان بە فێرخوازەکان دەدەنەوە، هەیە دوای هەفتەیەك، هەشیانە دوای دووهەفتە، بەشێکیشیان دوای سێ هەفتە لە تەواوبوونی تاقیکردنەوەکان ئەنجامەکان بە فێرخوازان دەدەنەوە، ئەم جیاوازییە زۆرە تراژیدیی و کۆمیدییە، دوای سێ هەفتە چاوەڕوانی جگە لە ڕێز نەگرتن لە کات و یاریکردن بە هەستی فێرخواز تەفسیری دیکە هەڵناگرێت! چونکە نمرەکان بە کۆمپیوتەرییە و ڕاستەوخۆ دوای پشکنینی پرسیارەکان لەلایەن مامۆستاوە تۆماردەکرێت بچوکترین هەڵە دەدۆزرێتەوە وەك ساڵانی ڕابردوو نییە هەمووی بە دەستنووس تۆماردەکراو پێویستی بەکات هەبێ.

لە هەموو کوردستان تاقیکردنەوەی بەکالۆری دەکرێت و ئەو ژمارە زۆرە لە فێرخواز بەشداری دەکات زۆر کات لە ماوەی سێ هەفتە ئەنجامەکان ڕادەگەیەنرێت، کەچی ئەوە حاڵ و دۆخی فێرخوازانی پۆلە ناکۆتاییەکانە بە دەست وەرگرتنەوەی ئەنجامی تاقیکردنەوکانەوە!

لەتاقیکردنەوەی کۆتایی وەرزی یەکەم دەفتەری تاقیکردنەوەکان دەدرێتەوە بە فێرخوازان بۆ ئەوەی نەبادا مامۆستا هەڵەیەکی کردبێ و بەسەریدا تێپەڕیبێ، بۆئەوەی فێرخواز هیچ گومانێکی نەمێنێ و دڵنیابێ لەو نمرەیەی کە وەریگرتووە. تا ئێرە کارێکی درووستە و لە جێگای خۆیەتی، بەڵام ئەوەی مایەی نەنگی و گرفتە چەند ناوچەیەکی زۆر کەم نەبێت بەشێکی زۆری پەروەردەی شار و شارۆچکەکان بۆ تاقیکردنەوەی کۆتایی وەرزی دووەم، فێرخوازان ناتوانن دەفتەری تاقیکردنەوەکانی خۆیان ببینن و پێیان نادرێتەوە. ئەمەش دیسانەوە دەگەڕێتەوە سەر میزاجی کەسیی و نەبوونی ڕێنماییی پەروەردە! ئەو حیکمەتەی کە لە پشت پێدانەوەی دەفتەرەکانی تاقیکردنەوەی کۆتایی وەرزی یەکەمە هەمان حیکمەت درووستە بۆ پێدانەوەی دەفتەرەکانی تاقیکردنەوەی کۆتایی وەرزی دووەم، بەڵام بۆچی ناکرێت؟ ئەوە ئەو پرسیارەیە کەوا لە فێرخواز دەکات لە وەڵامدانەوەیدا گومان بکات و وەك ناهەقیەق دەیبینێ کە بەرانبەری دەکرێ، تێبینیکراوە هەموو کات لە کاتی پێدانەوەی دەفتەرەکانی تاقیکردنەوەی کۆتایی وەرزی یەکەم مامۆستا چەندین هەڵەی کردوە و فێرخواز بۆی ڕاستکردووەتەوە، پرسیار ئەوەیە لە کۆتایی وەرزی دووەم بە هەمان هاوکێشەی وەرزی یەکەم زۆر و کەم هەڵە لەپشکنین و

کۆکردنەوەی نمرەکان دەکرێت، ڕەوانییە فێرخواز وەك وەرزی یەکەم دەفتەرەکانی ببینێت و مافی خۆی وەربگرێت؟

# کێشەی ٣٠ نمرەکە*

بڕیارە لە ئەمساڵەوە ٣٠ نمرە بۆ خوێندکارانی پۆلی ١٠، ١١، ١٢ ئەژمار بکرێت(ئەمساڵ تەنیا بۆپۆلی دەیەم ئەژمار دەکرێت). بەپێی ئەم بڕیارە خوێندکار تاقیکردنەوەی پۆلی ١٢ (بەکالۆری) لەسەر ٧٠ نمرە ئەنجام دەدات و ٣٠ نمرەکەیتری پۆلی ١٠، ١١، ١٢ بە شەش وەرزی تاقیکردنەوە ئەنجامی دەدات بە هەموویەوە دەکاتە سەد نمرە.

وەزارەتی پەروەردە کەبڕیارێك دەردەکات، لەدواییدا ئەوەندەی دەبێت چاوەڕوانی درووستکردنی کێشەی لێ بکرێت نیوهێندە چاوەڕوانی چارەسەرکردنی کێشەی لێ ناکرێت، ئەمەش هۆکارەکەی ئەوەیە کەبەرپرسانی وەزارەتی پەروەردە لەدەلاقەیەکەوە سەیری هەموو شتەکان دەکەن و شتەکان وەکو خۆیان نابینن، هەروەك بینیمان لەماوەی ڕابردوودا چەندین خۆپیشاندان دژی ئەم بڕیارە ئەنجام درا، پاساوی وەزارەتیش لەدەرکردنی ئەم بڕیارە ئەوەیە کەخوێندکار هەموو کۆششی کورت نەبێتەوە لەیەك ساڵدا و پەراوێز نەخستنی قۆناغەکانی پێش پۆلی ١٢و بەهەند وەرگرتنی بابەت و وانەکانی پۆلی ١٠ و ١١ لەلای خوێنکار.بەهۆی ئەوەی نمرەی لەسەرە و ئەوەش دواڕۆژی دیاریدەکات و وادەکات زیاتر خۆی هیلاك بکات و فێر ببێت، بەڵام لەڕاستیدا ئەم بیانووانە لەکاتی جێبە

* لە ژمارە "٣١٢"ی ڕۆژنامەی "ئاوێنە" ڕۆژی سێشەممە ٢/٧/ ٢٠١٢ بڵاوکراوەتەوە.

جێکردنی ئەم بڕیارەدا بەشێکی زۆری ئامانجی خۆی ناپێکێت، ئەمەش بەهۆی کۆمەڵێك هۆکارەوەیە: جاریّ ئێمە گومانمان هەیە لە٧٥٪ی مامۆستایان ئەو بڕیارەیان بۆ ڕوونکرابێتەوە و بزانن ئەو ٣٠ نمرەیە چۆن دابەش دەکرێت و کۆ دەکرێتەوە چ جای خوێندکاری داماو!

ئێمە دەپرسین ئایا ئەو ٣٠ نمرەیەی پۆلی ١٠، ١١، ١٢ بەدادپەروەری خوێندکار وەری دەگرێت؟ ئایا مامۆستایانی ئێمە وەکو خۆی ئەو نمرانە دەدەن بەخوێندکاران؟ دەبێت ئەو ڕاستییە بزانین ئەوەی تائێستاش لەزۆرێك لای مامۆستایانی ئێمە بڕیار لەسەر نمرەهێنانی خوێندکار دەدات پەیوەندی خزمایەتی و هاوڕێیەتی و حزبایەتییە، ئەو هوشیارییە لای زۆرێك لەمامۆستایان نییە کەحوێندکار وەکو خۆی هەڵبسەنگێنرێت و مافی تەواوی پیّ بدرێت، دواجار چاودێریەکی ئەوتۆ نییە ئەگەر مامۆستا ئەو جیاوازییانەی کرد لیپرسینەوەی لەگەڵدا بکرێت، بۆیە ئێمە پێمان وایە ئەوەی دەبێتە قوربانی ئەم بڕیارە، ئەو خوێندکارەیە کە مامۆستاکە ناناسێت و خزمی نییە و سەر بە ئایدیۆلۆژیای ئەو نییە، لەگەڵیشیدا لەوانەیە زۆرجار ئەوخوێندکارەی کەپرسیار دەکات و زیرەکیشە ببێتە قوربانی، چونکە هەندێك لەمامۆستایانی ئێمەش ئەو جۆرە حوێندکارەیان ناوێت، چونکە هاروهاجە! یان بۆ نمونە وانەی بیرکاری یان کۆمەڵزانی پۆلی دەیەم لەخوێندنکای(س) تەنیا دووبەش دەخوێنن ئیتر بەهۆی هەر گرفتێکەوە بێت، بەڵام لەخوێندنگای(ج) چواربەش دەخوێنن، ئایا خوێندکارەکانی هەردوو خوێندنگاکە وەك یەك نمرە دەهێنن؟ یان خوێندنگای شەوان(لەگەڵ ڕێزمان بۆ خوێندکار و مامۆستاکانیان) هەمان نمرەیان هەیە وەك خوێندنگای ڕۆژان؟ هەر بەراورد ناکرێت لەزۆرێك

لەخوێندنگاکانی شەوان لاوازترین خوێندکار نمرەی زۆر کەمتر نییە لەخوێندکارێکی باشی بەیانیان! یان مامۆستای واهەیە پرسیاری ئاسان دادەنێت و مامۆستای واش هەیە پرسیاری قورس دادەنێت، ئایا لێرەدا خوێندکار نابێتە قوربانی دەستی میزاجی مامۆستا؟ دادپەروەری ئەم بڕیارەی وەزارەت لەکوێدا دەبێت ئەم حاڵی حوێندن بێت؟

هەندێك لەمامۆستایانی ئێمە تائێستاش نمرە بەموڵکی خۆیان دەزانن و بە ئارەزووی خۆیان دابەشی دەکەن، زۆرجار لەوەڵامی ئەمانەدا بەرپرسانی وەزارەت دەڵێن ئەی چی بکەین بووەستین، هەنگاوێك بنێین باشتر نییە؟ ئێمە پێمان وایە بەم حاڵەوە بووەستین باشترە وەك لەوەی هەنگاوێك بنێین و ملمان بشکێت و لەوەستانیش بکەوین، ئێمە دەڵێین وەزارەت تۆ کەسی باش بۆ بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکان و بەڕێوەبەری قوتابخانەکان و سەرپەرشتیاران دابنیٚ، پرۆگرامی بابەتاکان چاك بکە، هوشیاری مامۆستا فراوان بکە، خوێندنگای باش درووست بکە، ئەوکات ئەمانەت کرد بڕیارەکان ئاسایی وەردەگیرێن، یان باشتروایە تاقیکردنەوەی ئەو شەش وەرزە ناوەندی بێت و وەزارەتی پەروەردە، یان هەر بەڕێوەبەرایەتییەکی گشتی بەشێوەی سەربەخۆ سەرپەرشتی بکات و پرسیارەکان دابنێت و دەفتەرەکانیش لەویٚ پشکنینی بکرێت، ئاخر تۆناکرێت بەناوی بڕیار و گۆرانکاریەوە نەوەیەك بکەیت بەقوربانی و بڵێیت نەوەی دەهاتوو باش دەبێت کەمەرجیش نییە، دواجار ئێمە دەپرسین گەر ئەم بڕیارە لەجێگەی خۆیدایە، بۆچی ساڵی پار بەفشاری خوێندکاران لابراو ئەمساڵ گەڕایەوە، لەبەرئەوەی داواکاریەکانی پاریان دروست بوو، بۆ ئەمساڵ نادروستە!؟ یان حزب بڕیارەکەی لابرد بەبیانوی ئەوەی بارودۆخ نالەباربوو؟

# پەیوەندی نێوان مامۆستا و قوتابی*

پەیوەندی نێوان مامۆستا و قوتابی باس و بابەتێکە هەمیشە زیندووە و هێندە گرنگ و هەستیارە ئەوە دەهێنێت بەردەوام قسەی لەبارەوە بکرێت بۆ ئەوەی ئەو پەیوەندییە بە دروستی و پەروەردەیی پیادەبکرێت، " پرۆسەی پەروەردە وەك شارەزایان ئاماژەیان پێداوە سێ کۆڵەکەیە، یەکێك لە کۆڵەکە گرنگەکانی کۆڵەکەی مرۆییە کە خۆی دەبینێتەوە لە مامۆستا و قوتابی کۆڵەکەی ماددی واتە بیناکان و ئامێر و کەلوپەلە زانستیی و تاقیگەییەکان لەگەڵ کۆڵەکەی مەعریفی کە خۆی دەبێنێتەوە لە پرۆگرامەکانی خوێندن و گۆڤار و بڵاوکراوە وەرزییەکان...هتد". لە ماوەی پێشوودا لەو بارەیەوە کتێبێکی گرنگ و بە بایەخ بڵاوکرایەوە بەناونیشانی "پەیوەندیی نێوان مامۆستا و قوتابی، چی لە ناوەوەی قوتابخانە و پۆلەکانی خوێندندا دەگوزەرێت؟" کە نوسەر و وەرگێڕ و مامۆستا "هەورامان وریا قانع" ئامادەی کردووە و وەریگێڕاوە و ٢٨ سەرچاوەی جیاوازی بە زمانەکانی کوردی و عەرەبی بەکارهێناوە، قەبارەی کتێبەکە ٣٨٥ لاپەڕەیە و لەلایەن دەزگای چاپ و پەخشی سەردەمەوە لە سلێمانی چاپ و بڵاوکراوەتەوە.

---

* لە گۆڤاری "ژیار" ژمارە "٣٩"ساڵی یازدەهەم ٢٠٢١ بڵاوکراوەتەوە.

سەرەتا دەمەوێت چیرۆکێك لەبارەی سەرەتای بڵاوکردنەوەی کتێبەکە و چۆنێتی پێشوازیکردنی لە لایەن مامۆستایان بگێڕمەوە کە چەند خەماوی و مایەی سەرسوڕمان و تێڕامانە! یەکێك لە ناوەندەکانی چاپکردنی کتێب و کتێبفرۆشییەکانی پارێزگاکانی کوردستان کۆڕێکیان بۆ مامۆستا "هەورامان وریا قانع" ڕێکخستبوو بۆ ئەوەی لەبارەی کتێبەکەوە قسەبکات، مامۆستا هەورامان خۆی ژمارەیەکی زۆری مامۆستای داوتکردبوو هەروەها ناوەندی کتێبفرۆشییەکەش ژمارەیەکی لە مامۆستایان داوەتکردبوو، کەچی تەنها چوار مامۆستا ئامادەبوون و لەو چوارەش کەسیان کتێبەکەیان نەکڕیبوو بیخوێننەوە و بۆ ئەوەی بزانن چی تێدایە!؟

ژمارەیەکی زۆر لە فێرخوازان و خوێندکاران بە هۆی پەیوەندی خراپی نێوان مامۆستا و قوتابییەوە وازیان لە خوێندن هێناوە و وازدەهێنن و ئێستاش بەردەوامی هەیە، هەندێکیان بەهۆی مامەڵەی خراپی ئەو پەیوەندییەوە تووشی نەخۆشی دەروونی هاتوون، بەشێکیان ئازاری جەستەیی دراون و لە گەورەبونیشیاندا بەو ئازارانەوە تلاون و بە شێوەیەکی گشتی بەشێکی گرنگی خوێندکاران بە هۆی خراپی پەیوەندی نێوان مامۆستایان و قوتابیانەوە ئازاری جەستەیی و دەروونی جۆراوجۆریان چەشتووە و دەی چێژن! لە کتێبی "پەیوەندیی نێوان مامۆستا و قوتابی" چیرۆکی ئەو قوتابی و خوێندکارانە دەخوێنینەوە کە هەریەکەیان لە قۆناغێکی خوێندنی خۆیاندا دەیگێڕنەوە دەربارەی پەیوەندی خراپی نێوان خۆیان و مامۆستاکانیان چیرۆکەکان هێندە کاریگەر و ئازاردەرن گومان دەکەیت لەناوەندێکی پەروەردەیی و فێرکاریدا ڕوویاندابێت، چونکە کەشەکە و گێڕانەوەکان ئەوەندەی لە زیندانێکی کۆن

دەچێت هێندە لە قوتابخانە ناچێت! وەرگێڕ و ئامادەکاری کتێبەکە سەرگوزەشتەی خۆشی لە بیرناکات و دەیگێرێتەوە کە چۆن مامۆستاکانی عەرەبی و ئایین و بیرکاری ئازاریان داوە دور لە پەیوەندییەکی پەروەردەییانەی نێوان مامۆستا و قوتابی!

پەیوەندی نێوان مامۆستا و قوتابی بۆ ئەوەی پەیوەندییەکی پەروەردەیی و درووست بێت پێویستی بە هوشیاربونەوە و فێربوونی زانستە لەبارەی ئەو پەیوەندییەوە، هەروەها زانینی هونەری پیادەکردنیەتی ئەگەر ئەمە کرا ئاسانە مامەڵەکردن لەگەڵیاندا، بۆیە ئەمە دەڵێین، چونکە بەداخەوە زۆرجار پەیوەندییەکان لەسەر بەر مەبنای زانست و پەروەردەیەکی درووست بنیات نانرێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە لەسەر میزاجی شەخسی و بە پێی ئارەزووی کەسەکان پەیوەندییەکان بەڕێوەدەچن هەر بۆیە ئەوەی لێدەردەچێت کە ڕۆژانە دەیبینین یان گوێمان لێدەبێت لەبارەی پێکدادانی نێوان مامۆستا و قوتابی! کەمنین ژمارەی ئەو مامۆستا و قوتابیانەی بەهۆی ناجۆری پەیوەندییەکانیان پەلەپەلیانە خێرا وانەکان تەواو ببێت و بڕۆنەوەماڵەوە و بۆ ئەوەی لە یەکتری ڕابکەن! بێگومان پەیوەندی نێوان مامۆستا و قوتابی خراپ بێت ئاڵوگۆڕی زانست و مەعریفەش ڕوونادات و کاریگەری نەرێنی درووست دەکات و ئەوەی هەیە تەنیا کات بەڕێکردنە فێربوون و فێرکردنی حەقیقی لە لایەن قوتابییەوە ڕوونادات و لە دواجاردا مرۆڤێکی تێکشکاوت بۆ بەرهەمدەهێنێت.

لەزۆرباردا درووستکردنی پەیوەندییەکی درووست و پەروەردەییانە لەنێوان مامۆستا و قوتابی ئەرکەکەی زیاتر"دەڵێین زیاتر نەوەك هەمووی"

دەكەوێتە سەرشانی مامۆستا وەك لە خوێندكار و فێرخواز، لەبەرئەوەی دەسەڵات زیاتر لای مامۆستایە هەروەها بڕیاری لایە و جگە لەوەش بەهۆی بوونی پێگەكەشیوە جیاواز لە قوتابی هەر ئەوە دەسپێشخەری دەكات و پەیوەندییەكان دروست دەكات و بڕیاری لێدەدات، بۆیە ئەگەر هەڵە و كەم و كورتییەكیش یان خراپییەكیش هەبێت لە جۆری پەیوەندی نێوان مامۆستا و قوتابی زیاتر بەرپرسیارێتییەكە دەكەوێتە سەر مامۆستا وەك لە قوتابی، مامۆستا هێندە ڕۆڵ و كاریگەری هەیە" دەوترێت مامۆستایەكی باش و پرۆگرامێكی خراپ و قوتابخانەیەكی وێرانم بخەبەردەست، قوتابییەكی زیرەك و سەركەوتووت بۆ پێدەگەیەنم"

مامۆستا بۆ ئەوەی پەیوەندییەكی دروست و زانستی و پەروەردەیی لەگەڵ قوتابییەكانی دروست بكات دەبێت مامۆستایەكی خاوەن پەیام بێت نەوەك مامۆستایەكی خاوەنكار، مامۆستای خاوەن پەیام ئەو مامۆستایەیە بڕوای بە توندوتیژی نییە خاكییە و لەگەڵ خوێندكارەكانی ئاوێتە دەبێت بەشێوەیەك وانە دەڵێتەوە خوێندكارەكانی لێی تێدەگەن و سوودی لێوەردەگرن، هەمیشە خۆی نوێ دەكاتەوە و بەدوای زانست و زانیاری نوێدا دەگەڕێت بۆ ئەوەی بیگەیەنێت بە خوێندكارەكانی، ناو و ناتۆرە لە قوتابییەكانی خۆی نانێت و بە ڕێزەوە بەناوی خۆیانەوە بانگیان دەكات، مامۆستای خاوەن پەیام وەها سەیری قوتابییەكانی ناكات كە ئەوان هیچ نازانن و ئەمیش هەمووشت دەزانێت و هەرشتێك نەزانێت بە ڕاستگۆی وەڵام دەداتەوە و دەڵێت نازانم و زانیاری هەڵەیان پێنالێت! جیاوازی لەنێوان خوێندكارەكانی خۆیدا ناكات بەهۆی جیاوازی ئایدۆلۆژی یان ئاینی یان ڕەگەزیانەوە و بە ئارەزووی خۆی نمرە نابەخشێتەوە، ڕێز لە

کەسایەتی قوتابییەکانی دەگرێت و نایانشکێنێتەوە، بەجۆرێك وانەکەی دەڵێتەوە سەرنجی هەموو قوتابییەکان بۆلای خۆی ڕادەکێشێت و هەروەها میتۆدەکانی شێوازەکانی ڕێگاکانی وانەوتنەوەی نوێ بەکاردەهێنێت، بەدەم کێشەی قوتابییەکانییەوە دەچێت و ڕۆڵی خۆی دەبینێت لە چارەسەرکردنی کێشەکانیان بەپێی توانا بە بێ درکاندنی نهێنی قوتابییەکانی، خۆی بە بەرپرسیار دەزانێت و بەدوای کەم و کورتییەکانی خۆیدا دەگەڕێت بۆ ئەوەی چاکیان بکات و چارەسەرییان بکات، بیر لە داهاتوو دەکاتەوە و خەم و ئامانجی هەمیشەیی و بیرکردنەوەی پێگەیاندنی قوتابییەکی هوشیار و بە ئاگا و داهێنەرە بۆ کۆمەڵگاکەی و بۆ مرۆڤایەتیش، بەڵام مامۆستای خاوەنکار یان لە زۆرباردا دەتوانین بڵێین مامۆستای سەرنەکەوتوو بە پێچەوانەی مامۆستای خاوەن پەیامەوە ڕەفتار دەکات و بیردەکاتەوە هەربۆیە بە هەمیشەیی بەریککەوتنیان هەیە لەگەڵ قوتابییەکانیان و پەیوەندییەکانیان هەمیشە بریتییە لە کێشەو گرفت! مامۆستای خاوەنکار بەشێوەیەك لە مامۆستایی دەڕوانێت کە پیشەیەکە بۆ وەرگرتنی بڕە پارەیەکی دیاریکراو بۆ ئەو کاتەی دەوامی تێدادەکات و کاتی خۆی تێدا بەسەر دەبات! خۆی بە بەرپرسیار نازانێت بەرانبەر قوتابییەکانی و کۆمەڵگاکەی، لەو کاتەی بووە بە مامۆستا و تا کۆتایی تەمەنیشی کتێبێك ناخوێنێتەوە! قوتابییەکانی لێی تێناگەن و وانەکە ڕوون ناکاتەوە و لەسەر وانەکەی خۆشی زانیاری تەواوی لانییە، هەمیشە خەریکی بەخشینەوەی ناو و ناتۆرەی بریندارکەرە بە قوتابییەکانی، خۆ بەزلزانە و پێی وایە ئاوێتەبوونی لەگەڵ قوتابییەکانی لە هەیبەتی کەم دەکاتەوە! وشەی نازانم لە بەرنامەی ژیانیدا نییە، باشترین و ئاقڵترین و

بێدەنگترین قوتابی لای مامۆستای خاوەنکار ئەو قوتابیەیە تا کۆتایی ساڵ پرسیارنەکات! خوا خوایەتی درەنگ بچێتە پۆلەوە و زوویش لە پۆل دەرچێت بۆ ئەوەی ڕزگاری بێت لە وانەوتنەوەکەی! پێی قبوڵ نییە قوتابییەکانی ڕەخنەی لێبگرن، ڕازی نابێت قوتابیەکانی ڕێگایەکی تری وەڵامدانەوە هەڵبژێرن با ڕاستیش بێت جگە لەو وەڵامەی کە خۆی دەیزانێت یان دیاریکردووە!

یەکێك لە ڕێگاکانی درووستکردنی پەیوەندییەکی درووستی نێوان مامۆستا و قوتابی ئەوەیە مامۆستا برەو بە زانیارییەکانی خۆی بدات و بە زانیارییەکانی متمانە لای فێرخوازەکانی درووست بکات، چونکە زۆرجار لەم سەردەمەدا قوتابی تەنیا بە وەرگرتنی زانیارییەکانی ناو پرۆگرام ئیکتیفا ناکات و لە شوێنی ترەوە زانیاری وەردەگرێت و پرسیاری بۆ درووست دەبێت " ئەگەر پزیشکێك بەردەوام ئاگاداری دۆزینەوە تازەکانی بوارەکەی خۆی نەبێت و نەزانێت دواهەمین چارەسەرە تازەکان چین، ئەوا متمانەی نەخۆشەکانی لە دەست دەدات، بەهەمان شێوە ئەگەر مامۆستا بەردەوام نەبێت لە خوێندنەوە و ئاگاداری تازەترین توێژینەوە پەروەردەییەکان و تازەترین شێوازەکانی وانەوتنەوە نەبێت، ئەوا متمانەی قوتابی و خوێندکار و دایك و باوکیان وەرناگرێت".

ڕیگا و شێوازی زۆر هەیە بۆ درووستکردنی پەیوەندییەکی سەرکەوتوو وە پەروەردەیی لە نێوان مامۆستا و قوتابی یەکێك لە ڕێگا گرنگ و کاریگەرەکان دوورکەوتنەوەیە لە ڕق و نزیك بوونەوەیە لە خۆشەویستی " ئەحمەد شەوقیی شاعیر لە دێڕە شیعرێکدا دەڵێت:" دایك قوتابخانەیە. دەکرێت ئەم دێڕە شیعرە بە پێچەوانەشەوە بیخوێنینەوە و بڵێین:

قوتابخانە دایکەو هەموان نەوەی ئەون، باشە پەیوەندی نێوان دایك و نەوەکانی چۆنە؟ ئەی نابێت ئەو پەیوەندییە لەسەر بنەمای خۆشەویستی بێت؟ ئەگەر پەیوەندی نێوان دایك و نەوەکانی لەسەر بنەمای خۆشەویستی نەبوو، ئەو خێزانە چ نەهامەتی و وێرانەیەك ڕوویان تێدەکات! مامۆستای هەردوو ڕەگەز، نێر و مێ، دڵی قوتابخانەیە. قوتابییەکانی قوتابخانە بە نێرو مێ وە، شاخوێنبەر و خوێنهێنەرەکانی ئەو دڵەن. ئەم هاوپەیوەستەگییە خوێنییە تا بڵێی گرنگ و چارەنووسسازە، بێ ئەو هاوبەستەگییە قوتابخانە دەکەوێتە گیانەلاّ و پرۆسەی پەروەردە و خوێندن هەرەس دەهێنێت".

# پەروەردە و فێرکردن لای ژان پیاژێ*

## کتێبێك کە دوای خوێندنەوەی شێوازی هەڵسوکەوتت لەگەڵ منداڵاندا دەگۆڕێت

منداڵ بۆ بەگوێمان ناکات؟ مامۆستای پەروەردەیی و درووست کێیە؟ پرسیاری کراوە و داخراو کامەیە؟ سیستەمی پەروەردەی کراوە و داخراو چییە و باشوری کوردستان سیستەمەکەی داخراوە یان کراوە؟ ماتماتیك ئەوەیە خوێندکاری ئێمە دەیخوێنێت؟ چۆن خوێندکار فێری بیرکردنەوەی لۆژیکی دەبێت؟ ئەمانە ئەو پرسیارانەن کە لە کتێبی " ستروکتوورەکانی بیرکردنەوە و گەشەسەندنی مەعریفیی منداڵان، شرۆڤەکردنی تیۆرییەکانی پیاژێ" بەشێوەیەکی زانستی و پەروەردەیی وەڵامەکانیمان دەست دەکەوێت. کە کتێبێکی فایەق سەعیدە و پێش چەند مانگێك بلاۆکرایەوە.

خوێندنەوەی ئێمە بۆ ئەم کتێبە و قسەکردن لەسەری لەم کاتەدا لەڕاستیدا بە مەبەستەوە بوو، بەهۆی ئەوەی کەمترین نووسین و بابەت، یان دەتوانین بڵێین لە حاڵەتی نەبوونە نووسین لەبواری پەروەردە و فێرکردن و بەتایبەتی کتێبێکی زانستی و پەروەردەیی لەم چەشنەشن هەروەها وەك هاندانێکیش بێت بۆ مامۆستایان و پەروەردەکاران و دایکان و باوکان کەدەستی بخەن و بیخوێننەوە، چونکە وەك نووسەر ئاماژەی

* لە ژمارە "٤٩٣"ی ڕۆژنامەی "ئاوێنە" ڕۆژی سێشەممە ١/٩/ ٢٠١٥ بلاۆکراوەتەوە.

پێکردوە" هەمو ئەوانەی پیاژێیان خوێندۆتەوە، ئاماژەیان بۆ ئەوە کردوە کە دوای شارەزابون لە پیاژێ، گۆڕانکاری گەورەیان لە هەڵسوکەوتەکانی خۆیاندا بەرامبەر بەمندالآن و خوێندکاران کردوە".

کاتێك ئەم کتێبە دەخوێنیتەوە ڕاستی بۆچونەکانی نووسەر دەردەکەوێت و ئەگەر پیشەت مامۆستا و پەروەردەکار بێت لەزۆر شوێندا دەوەستیت و هەست دەکەیت(ئەگەر تەعبیرەکەم ڕاست بێت) لەزۆر کاتدا تاوانت بەرانبەر خوێندکاران و مندالآن ئەنجام داوە.

بۆ نموونە یەکێك لەو پەروەردە و مامەڵە هەلأنەی بەرانبەر خوێندکار و منداڵ کردوومانە وەك لای ئێمە باوە و بە حەقیقەتی نەگۆر وەرمان گرتوە ئەوەیە کە منداڵ پەڕەیەکی سپییە و چۆنمان بوێت دەتوانین بەئارەزووی خۆمان وێنەی بکێشین! کە لەڕاستیدا بەپێی بۆچوون و تاقیکردنەوەکانی پیاژێ ڕاست نییە و منداڵ پەڕەیەکی سپی نییە، بەڵکو بەپێچەوانەوە کائینێکە خاوەن بۆچوون و بیرکردنەوەی خۆیەتی و دەتوانێت گفتوگۆ بکات لەگەڵ شتەکانی دەوروبەری و تەنیا بونەوەرێکی گوێڕایەڵ نییە.

بەداخەوە یەکێك لە کێشە هەرە دیارەکانی دنیای پەروەردە و فێرکردنی ئێمە ئەوەیە و ڕۆژانە گوێمان لێدەبێت و دەیبینین ئەو تێڕوانینەیە لای مامۆستا و پەروەردەکار بەوەی خوێندکار و منداڵ هیچ نازانن وەك بونەوەرێکی بێ بیرکەرەوە و بێ زمان ڕەفتاریان لەگەڵدا دەکرێت، ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە بەشێکی زۆری ئەو پێکادان و گرفتانە درووست دەکات کە ئێمە لە خوێندنگاکاندا دەیبینین و ئالۆزی لێدەکەوێتەوە.

یەکێك لەو خاڵە گرنگانەی کە نووسەر باسی دەکات هەردوو چەمکی خودبینی و کۆمەڵبینی منداڵە لای ژان پیاژێ، خودبینی ئەوەیە کە منداڵ لەسەرەتای تەمەنیدا هەموو شتەکان لەڕوانگەی خۆیەوە دەبینێت و هەموو شتەکانی دەوروبەری بەپێی بیرکردنەوە و عەقڵیەتی خۆی هەڵدەسەنگێنێت و ناتوانێت لەڕێگەی گەورەکان و ئەوانیترەوە شتەکان ببینێت و هەڵیسەنگێنێت، کۆمەڵبینی بەپێچەوانەی خودبینییەوە ئەوەیە بەهەڵکشانی تەمەن مەعریفەی منداڵ وای لێدێت منداڵ تەنیا بەگوێی بیرکردنەوەی خۆی نەکات و گوێ لەوانیتر بگرێت و دانیان پێدا بنێت و لەڕێگەی بیرکردنەوەی گەورەکان و ئەوانیتریشەوە شتەکان هەڵبسەنگێنێت.

ئەگەر تێبینی بکەین لەدنیای پەروەردە و فێرکردنی کوردیدا ئەوە دەبینین کە ئەو منداڵانەی کارێك دەکەن بەبیرکردنەوەی خۆیان و گوێ لەوانیتر ناگرن لەقۆناغێك لەقۆناغەکانی تەمەنی منداڵی سزای جەستەیی و دەروونی دەدرێن تەنانەت وەك منداڵی لاسار و خراپ دەناسرێن! بەبێ ئەوەی بزانرێت ئەوە شتێکی سروشتییە و منداڵ تاوانی لەوەدا نییە و بەبێ مەبەست گوێ ناگرێت و ئەو تەمەنەی سەرەتای منداڵی ئاوایە تەنیا شتەکان لەڕوانگەی خۆیەوە دەبینێت.

ئەوەی بەلای ئێمەوە سەرنجڕاکێش بوو لەخوێندنەوەی کتێبەکەدا. بواری پەروەردە و فێرکردنی ئێمە چ لەخوێندنگاکان و چ لەخێزانەکاندا ئاگاداری نین و پێکدادان و ململانێی درووستکردوە لەنێوان دایباب و منداڵەکانی و نێوان مامۆستا و خوێندکارەکانی، نەبونی شارەزایی و ناسینی مامۆستا و دایبابە لە خوێندکار و منداڵەکانیان، نووسەر ئاماژە بە

دوو چەمکی زۆر گرنگ دەکات ئەویش چەمکەکانی "دەبەنگی مەعریفی" و " غروری مەعریفی" یە.

" دەبەنگی مەعریفی" ئەوەیە کە منداڵ لەتەمەنێکی سەرەتایی و دیاریکراودا پێی وایە وادەزانێت کە گەورەکان جا مامۆستا بێت یان دایباب هەموو شتێك دەزانێت و خۆشی هیچ نازانێت! بۆیە زۆرجار لەتەمەنێکی دیاریکراودا ئەگەر منداڵ و خوێندکار پرسیار دەکات و ئەجوڵێتەوە و پشت بەخۆی نابەستێت ئەبێت بەشێوەیەکی ئاسایی وەربگیرێت و ناکرێت بەتێڕوانینی گەورەکان سەیر و وێنای خوێندکار بکرێت و کۆمەڵێك ناوو و ناتۆرەیان بۆ درووست بکرێت کە لەبنەمادا پەروەردەیی و ڕاست نین، وەك گێل و ئیزعاج و لاسارو ... تاد.

" غروری مەعریفی" کە دوای قۆناغی دەبەنگی مەعریفی دێت و پێچەوانەی قۆناغی دەبەنگی مەعریفییە ئەوەیە، کە منداڵ وادەزانێت دایباب یان گەورەکان هیچ شتێك نازانن و خۆی هەمو شتێك دەزانێت، ئەمەش قۆناغێکی سروشتی تەمەنی هەمو مرۆڤێکە و دەبێت بزانرێت بەشێوەیەکی زانستی و پەروەردەیی ڕێنوێنی بکرێت تاوەکو قۆناغی غروری مەعریفی تێدەپەڕێنێت، نەوەك وا وێنای قۆناغی غروری مەعریفی منداڵ بکرێت وەك ئەوەی ئێستا دەیبینین و هەستی پێدەکەین لە خێزان و ناوەندە پەروەردەییەکانی ئێمە بەوەی وا پێناسەیان دەکەین و وەسفیان دەکەین کە گوێ ناگرن و خۆیان بە هەمو شت لەقەڵەم دەدەن و بە ئەنیشتیان خۆیان ناگۆڕنەوە و چەندین نازناو و تۆمەتیتر کە ئەگەر شارەزای ئەو تەمەنە و تیۆرەکانی پەروەردە و فێکردن بین نایکەین!

کۆمەڵناسی دیاری کورد، دکتۆر عادل باخەوان لەکتێبی " سۆسیۆلۆژیای بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکان" دەربارەی گرنگی پەروەردە و قوتابخانە دەنووسێت:" لەولاتێکی وەك فەرەنسادا، تەواوی کاتیگۆرییە کۆمەلایەتییەکان، هەر لەسەرۆکی کۆمارەوە تا دەگاتە وەزیرێك، بەرێوەبەرێکی گشتی و تەنانەت فەراش و ئەو کەسەش ناومال پاك دەکاتەوە و قاپ دەشوات، تەنانەت چێشتلێنەرەکانیش، هەمویان لەنێو حەرەمی قوتابخانەکاندا بینا دەکرێن و بەکۆمەلگا دەبەخشرێن، واتە چەند نەوەکان لە مەیدانێك لە مەیدانەکاندا سەرکەوتن بەدەستبهێنن، هێندەش وێنەی قوتابخانە لەجوانترین شێوەدا خۆی دەنوێنێت، هەروەها چەند نەوەکان شکست بێنن، هێندەش قوتابخانە بەرپرسیاردەکرێت!".

لەکۆتاییدا پێویستە ئاماژە بەوە بکەم کە ئەمە تەواوی وردودرشتی خوێندنەوەی کتێبەکە نییە، چونکە لەراستیدا خوێندنەوە بۆ کتێبێکی زیاد لە سێسەد لاپەرەیی و لەنوسینێکی ئاوا کورتدا و بەو هەموو بابەتە جیاوازانەی کە کتێبەکە باسیان دەکات ئاسان نییە.

# پێویستمان بە مامۆستای هاوشێوەی "جۆن کیتینگ" ە، نەوەك مامۆستایەکی وەك "نۆلان"*

گرفت و ڕەخنە زۆرن لەسەر نادرووستی شێواز و هونەری وانەوتنەوەی مامۆستایان لە ناوەندەکانی خوێندندا، دەتوانین بڵێین بە جۆرێك خراپە زۆرجار فێرخوازان تووشی هەراسانکردن دەبن! فێرخوازانی گەلانی دونیا کەم تا زۆر و بە ڕێژەی جیاواز بە دەست خراپی و ناشیاوی هەڵسوکەوت و مامەڵەی مامۆستاکانی ناڵاندویانە و ئاشکراشە فێرخوازانی گەلی کوردیش ڕووبەڕووی هەمان گرفت بونەتەوە! گەلان و نەتەوەکانی جیهان هەندێکجار لە ڕێگەی گێڕانەوەی یادەوەرییەکانیان یان لە شێوەی چیرۆك و ڕۆمان نووسەرەکانیان باسی سیستەمی پەروەدەی خۆیان دەکەن لە قۆناغێکی مێژوویی دیاریکراودا.

ئەوەی ئێمە مەبەستمانە لەسەری بدوێین قسەکردنە لەسەر ڕۆمانێکی بە ناوبانگ کە باس لە دوو جۆر مامۆستا دەکات لە سیستەمێکی پەروەردەییدا کە دوو ئاراستەی دژبەیەکن و یەکێکیان دونیابینی کراوە و پەروەدەیی و پێشکەوتوخوازە و ئەویتریان تەواو بە پێچەونەوە دونیابینی داخراوە و دژ بە پەروەردە و دونیای نوێیە، کاتێك ڕۆمانەکە دەخوێنیتەوە

* لە گۆڤاری "ژیار" ژمارە "٤٦"ساڵی دوازدەهەم ٢٠٢٢ بلاْوکراوەتەوە.

هەست دەکەیت باسی ناوەندەکانی خوێندنی کوردستان دەکات و ئەو جۆرە لە دوو مامۆستایە زۆر بە ئاسانی هەستی پێدەکرێت!

ڕۆمانی " کۆمەڵگەی شاعیرە مردووەکان" خانمە نووسەر و ڕۆژنامەنووس "ئێن. ئێچ. کلاێنباوم" ساڵی ٢٠٠٦ نووسیویەتی، " محەمەد سەعید و ڕەوەز کەمال" بە قەبارەی ٢١٤ لاپەڕە بۆ سەر زمانی کوردی وەریانگێڕاوە، بە هاوبەشی ناوەندی ڕۆشنبیری ڕەهەند و کتێبخانەی ڕۆمان ساڵی ٢٠٢٢ چاپ و بڵاوبۆتەوە.

ڕۆمانی " کۆمەڵگەی شاعیرە مردووەکان" دەیەوێت خراپی و گرفتەکانی پەروەردە و فێرکردن لە ئەمریکا لە قۆناغێکی مێژوویی دیاریکراو بخاتە ڕوو، قوتابخانە یان ناوەندێکی ئەکادیمی هەیە بەناوی "وێڵتن ئەکادیمی" کە کۆمەڵێك فێرخواز تێیدا دەخوێنن و پەروەردە دەکرێن، بەڵام خوێندن و پەروەردە و فێرکردنێك کە کلاسیکییە و درێژەپێدەری دۆخی باوە و فێرخوازەکان لەسەر توندوتیژی و بیرکردنەوەی تاکڕەهەندی گۆشدەکرێن کە ئەمە دیدگای سیستەمەکەیە و بەڕێوەبەرەکەشی بەناوی مامۆستا "نۆلان" هەمان دیدگای هەیە، بەڵام دواتر مامۆستایەکی تەواو جیاواز دێت بۆ قوتابخانەکە بەناوی "جۆن کیتینگ" کە مامۆستای ئینگلیزییە و تەواو بە پێچەوانەی دیدگای بەڕێوەبەرەوە ڕەفتار دەکات و هونەر و شێوازی وانەوتنەوەی بە جۆرێکە فێرخوازان خۆشحاڵدەکات! لە ڕێگەی شیعرەوە مامۆستا "جۆن کیتینگ" فێرخوازەکان پەروەردە دەکات و هوشیاری و ئاگاییان فراوان دەکات و لەگەڵ فێرخوازەکانی دیالۆگ دەکات بەجۆرێك لەو بێدەنگی و

سەرکووتکردنە ڕزگاریان دەکات کە بەڕێوەبەر و کۆمەڵگە سەپاندویانە بەسەر فێرخوازەکان!

مامۆستا "جۆن کیتینگ" و مامۆستا "نۆلان" نموونەیان لە کوردستاندا زۆرە، هەڵبەت زۆرینەی مامۆستا و بەڕێوەبەرەکان هەمان دیدگا و تێڕوانینی مامۆستا "نۆلان"یان هەیە و کەمینەیەکی زۆر کەم هاوشێوەی مامۆستا "جۆن کیتینگ"مان هەیە و تەنانەت هەندێکجار وەك مامۆستایەکی نامۆ و دژە سیستەم و دژ بە دۆخی باو وێنا دەکرێن و زۆرجار تۆمەتباردەکرێن بەوەی ئەم جۆرە مامۆستایانە پەروەردە و کۆمەڵگە تێك دەدەن، وەك ئەوەی کۆمەڵگە و پەروەردەی ئێمە ڕێك بێت! مامۆستا "جۆن کیتینگ" لەگەڵ فێرخوازەکانی ئاوێتە دەبێت و فێرخوازەکان بەشێوەیەك پەروەردە دەکات پرسیار بکەن و بیربکەنەوە کە ئەمەش دەبێتە هۆی بێزاری و توڕەبوونی مامۆستای بەڕێوەبەر" نۆلان" و تەنانەت باوك و دایکی فێرخوازەکان و کۆمەڵگەکەشیان، چونکە دایك و باوك و کۆمەڵگەکەشیان فێرخوازیان بۆ ئەوە نەناردوە بۆ قوتابخانە تاوەکو فێرخوازەکانیان پرسیار بکەن و بیربکەنەوە و دژ بە هەندێك دیسپلین و داب و نەریتی خراپ بوەستنەوە و ببنە خاوەنی ڕاوبۆچوونی خۆیان، بەڵکو بۆ ئەوە ناردویانن فێری خوێندەوارییەکی سادەببن!

فێرخوازەکان "نەیل، تۆد، نۆکس، میکس، چارلی، کامیرۆن، جۆرج هۆپکن" پێش ئەوەی مامۆستا"جۆن کیتینگ" بێت وەك مامۆستا دەست بەکاربێت لە لایەن مامۆستا "نۆلان"ی بەڕێوەبەرەوە مێگەل ئاسا ڕەفتاریان لەگەڵ کراوە و دەتوانین بڵێین قوتابخانەی "وێڵتن ئەکادیمی" تەواوکەری ناشرینییەکانی کۆمەڵگەیە نەوەك دەستکاری ناشرینییەکانی

کۆمەڵگە بکات، تا ئەو کاتەی مامۆستا"جۆن کیتینگ" دێت و دەستبەکاردەبێت ئیدی فێرخوازەکان هەست بە بوونی خۆیان دەکەن و دەبنە خاوەن پرسیاری خۆیان و گوێ لە حەز و ئارەزووەکانیان دەگرێت.

مامۆستا"جۆن کیتینگ" بە تێپەڕبوونی کات کاریگەری بەسەر خوێندکارەکانییەوە جێدەهێڵێت بە جۆرێك فێرخوازەکانی دەبنە خاوەن دید و تێڕوانینی خۆیان و دەتوانن ئازادانە قسە بکەن، بەڵام بەداخەوە ئەمە بەبێ باج تێناپەڕێت دەرئەنجام دەگات بەوەی مامۆستا"جۆن کیتینگ" لە لایەن بەڕێوەبەری قوتابخانەوە دەربکرێت و لە مامۆستای قوتابخانەکە دووری بخەنەوە، مامۆستا"جۆن کیتینگ" کاریگەری لەسەر فێرخوازەکانی هێندە زۆر و دیار و بەرچاوە بۆ نموونە فێرخوازێکی وەکو "نەیل" خێزانەکەی فشاری دەخەنەسەر بۆ ئەوەی ببێتە پزیشك کەچی ڕەتی دەکاتەوە و دەیەوێت ببێتە شانۆکار، بەڵام خێزانەکەی ڕازی نابن و پێیان وایە دەبێت بە حەز و ئارەزووی ئەوان بێت نەوەك حەز و ئارەزووی خۆی، "نەیل" ئەمە ڕەتدەکاتەوە و تەنانەت دەبێتە هۆی ئەوەی قوربانی بە گیانی خۆشی بدات، " تۆد" فێرخوازێکی شەرمن و بێدەنگە بە کاریگەرییەکانی مامۆستا"جۆن کیتینگ" وای لێدێت دەبێتە فێرخوازێکی قسەکەر و بە هەڵوێست و تەنانەت ئەو کاتەی مامۆستای بەڕێوەبەر "نۆلان" دەیەوێت واژوی فێرخوازەکان کۆ بکاتەوە بۆ ئەوەی بیسەلمێنێت و شەرعیەت بە دەرکردنەکەی مامۆستا"جۆن کیتینگ" بدا "تۆد" ی فێرخواز بەرگری لێدەکات کە دووری نەخەنەوە و واژووی ناکات، "نۆکس"ی فێرخواز بە کاریگەری مامۆستاکەی هوشیاری دەگاتە ئاستێك

له شوێنێکدا دەڵێت:" گرنگە کەسێك بتوانێت، لەسەر پێی خۆی بوەستێت و لە گاڕان سەربەخۆبێت! "

مامۆستای بەڕێوبەر"نۆلان" فێرخوازەکانی لەسەر بێدەنگی و ڕێزگرتنێکی شەرمنانەو پارێزگاریکردن لەسەر نەریتە سواوەکان ڕاهێناوە، بەڵام مامۆستا"جۆن کیتینگ" دێت و بە تەواوی درزێکی گەورە دروست دەکات تەنانەت وەك گلەییەك "نۆلان"ی بەڕێوبەر بە مامۆستا"جۆن کیتینگ" دەڵێت:" جۆن، قسەو باسێك بڵاوبۆتەوە، گوایە بەڕێزت لەناو پۆلدا وانەی تازە دەڵێیتەوە"!، مامۆستا"جۆن کیتینگ" ڕەخنە لە شێوازی پەروەردەو فێرکردنی قوتابخانەی وێڵتن ئەکادیمی دەگرێت و لە شوێنێکدا ڕوو فێرخوازەکانی دەکات و دەڵێت:" جەنگ! ئێوە ڕۆحێکی فریادڕەسن لە بارودۆخێکی پڕ تەنگوچەڵەمەدا، گەر ئێوە ملکەچی ئیرادەی ئەکادیمیای مێگەل بن، ئەوا میوەی بەری درەختان وشکدەبێت، بە پێچەوانەوە هەمیشە بە خودێتیتان دەتوانن ژیانتان پڕکەن لە بەرهەمن." مامۆستا"جۆن کیتینگ" ڕۆحی ململانێ و کۆڵنەدان لە فێرخوازەکان گەشەپێدەدات و دەڵێت:" بە بۆچوونی من، گرنگترین شت لە هەموو وەرزشێکدا، بریتییە لە هاندان و کێبڕکێکردن لەگەڵ ئەوانی تر تاوەکو باشتربین. ئەفلاتۆنی بلیمەتیش وەکو من جارێکیان وتبووی“ تەنها کێبڕکێ منی کردە، شاعیر، سۆفی، گوتاربێژ“".

مامۆستا"جۆن کیتینگ" ڕوبەڕوی ئاستەنگی زۆردەبێتەوەو ڕێگری و بەربەرەکانی و دژایەتی دەکرێت بۆ ئەوەی واز لەو شێوازەی وانە وتنەوە بهێنێت، بەڵام جگە لە حەزو ئارەزووی بۆ مامۆستایی هوشیاری و ڕۆشنبیرییەکەی وەك مرۆڤێکی بەرپرسیار ڕێگردەبن لەوەی ڕۆحی

کۆڵنەدانی تێدا بکوژن "نەیل" ی فێرخواز لێی دەپرسێت (" بەڕێز کیتینگ، ئەزانی ئەم دارو دەستەیە، نایەڵن بەکامی دڵی خۆت بژی، ئەی وانییە؟" کیتینگ بە زەردەخەنەیەکی گرژەوە " دەشێ مەبەستیان ئەوەبێت، سەرقاڵم کەن بە ئیش و کارو بزنسی ڕۆژانە، تاوەکو مامۆستای و جەوهەری ڕاستەقینەی وانەوتنەوەم لەبیر بچێتەوە" " نەیل پرسی بۆچی بەو شێوازە دەتەوێت بژیت؟ مەبەستم لەوەیە، ئەوەندەی مژۆڵی ئەم بێنەو بەردەیەیی بۆ خۆت بۆناچی دونیا ببینیت؟ " کیتینگ باگۆیدایەوە " ئا نەیل، ئەوەی واملێدەکات دونیا بە جوانتر ببینم و زیاتر تێبگەم ئەوە ئەم شێوازی ژیان و وانەوتنەوەیە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی ئەم شوێنە مامۆستایەکی وەکو بەندەی گەرەکە").

کاتی دورخستنەوەو دەرکردنی مامۆستا"جۆن کیتینگ" لە قوتابخانە دێت فێرخوازەکانی بێتاقەت و غەمگین و پەرێشان دەبن و بە چاوی پڕ فرمێسك و بەڕێزەوە ماڵئاوایی لەو مامۆستایەیان دەکەن کە هەمیشە لە یادەوەرییاندا دەمێنێتەوە، هەموویان دژ بەو دەرکرنە ناڕەوایەی مامۆستاکەیان دەوەستنەوە ! "نۆلان پەشۆکابوو قوودرەتی نەبوو کۆنترۆڵی پۆلەکە بکات، بۆیە ناچار دەستبەرداریان بوو بە بێجووڵە لە شوێنی خۆیدا وەستابوو سەری سووڕمابوو بەرامبەر ئەو هەموو حورمەت و ئەرزشەی خوێندکارەکان لە بەڕێز کیتینگیان گرت".

# کاریگەرییەکانی جەنگ و تیرۆر لەسەر منداڵان*

"پۆستتراومای منداڵان و جەنگ و تیرۆر" کتێبێکی مامۆستا و نووسەری بواری پەروەردە و فێرکردن" فایەق سەعید"ە، کتێبەکە لێکۆڵینەوەیەکە لەسەر کاریگەرییەکانی جەنگ و شەڕ و توندوتیژی و ناسەقەمگیری لەسەر کەسێتی منداڵ و نەهامەتییەکانی و ڕەنگدانەوەی بەدرێژایی ژیانی، کتێبی"پۆستتراومای منداڵان و جەنگ و تیرۆر" ساڵی ٢٠١٦ لەلایەن "دەزگای ڕۆشنبیری مارگرێت" لە سلێمانی بە قەبارەی ٢٤٦ لاپەڕە چاپ و بڵاوکراوەتەوە.

## هۆکاری نووسین لەسەر پۆستتراوما

نووسەر لەبارەی نووسینیی کتێبێك لەسەر پۆستتراوما دەڵێت" مەبەستی سەرەکی من لە نووسینی ئەم کتێبە بەڕادەی یەکەم ئەوەیە لە کاتێکدا کە جەنگ نیشتیمانی ئێمەی لول کردووە، ببمە یەکێك لەوانەی لەنووسینەوەی ئەدەبیاتی جەنگدا ڕۆڵیان هەبێت، هەروەها بەڕادەی دووەم دەمویست سەرنجی دەزگاکانی پەروەردە و خەڵکی ئاسایش بۆ ئەوە ڕابکێشم کە بەرلەوەی تۆمەت ئاڕاستەی منداڵەکان بکەن و هەراسانیان بکەن کە ناتوانن فێربن و بخوێنن، بیر لەوە بکەنەوە ئایا ئەو منداڵانە

* لە ژمارە "٥٧٤"ی ڕۆژنامەی "ئاوێنە" ڕۆژی سێشەممە ٤/٢٥/ ٢٠١٧ بڵاوکراوەتەوە.

تووشی جۆرێك لە جۆرەكانی تراوما نەهاتوون؟! هیوادارم هەموو دەزگاكانی كۆمەڵگە، بەر لەوەی هەر بڕیارێك بدەن، بیر لەوەش بكەنەوە ئایا ئەم منداڵانە لە ڕابردوودا هیچ گرفتێكیان لەماڵەوە هەبووە؟ لە ناوچەكانی شەڕدا ژیاون؟ باوك و دایكیان جیابوونەتەوە؟ دایكەكانیان تووشی هەندێ حاڵەتی وەك خەمۆكی بوون؟... هتد.

## تراوما و پۆستتراوما چییە؟

" تراوما لەڕوانگەی دەروونناسیەوە بریتییە لەو ناڕەحەتیی و كاریگەریی و زیانە دەروونییانەی لە ئەنجامی هەندێ ڕووداو و بارودۆخی دەرەكیدا (لە دەرەوەی دەروون) دروست دەبن، بۆ نموونە: جیابوونەوە، مایەپووچیی، پێكدادانی ئۆتۆمبێل، هێنانەوەی نمرەیەكی زۆر نزم لە تاقیكردنەوەكاندا كە زۆر نزمترە لە ئاستی چاوەڕوانییەكان.... هتد، بە مانایەكی دیكە، تراوما بریتییە لە ترسی هاوكارینەكردن لەكاتی كارەساتەكاندا، ترسی ئەوەی هیچ یەكێك بە هانای خۆت یا كەسە نزیكەكانتەوە نەیەت و پارێزگاریتان لێ نەكات، دەرئەنجام زیان بە دەروونی خۆت یا كەسە نزیكەكانت دەگات"."پۆستتراوما لە دوای تراوما دێت، واتە كاتێك تراوما سەخت و ئاڵۆز دەبێت و مرۆڤ توانای دەربازبوونی نییە، لەو دۆخەدا كاریگەرییەكان ئاڵۆزتر دەبنەوە و لە دەرئەنجامدا مرۆڤ تووشی ترس و دڵەڕاوكێیەكی زۆر دەبێت، بۆیە دەروونناسەكان و پزیشكە دەروونییەكان باس لە پۆستتراوما دەكەن، كە بەكوردیش بەمانای پەشێویی و سترێسی پاش تراوما دێتەوە، بەشێوەیەكی دیكە، ڕووداوێكی دەرەكی زۆر بەهێز دەروونی مرۆڤ دەهەژێنێت، ئەو مرۆڤە تاماوەیەكی درێژ

ئەو ڕووداوەی بیردەکەوێتەوە، پێوەی دەناڵێنێت، لەترس و دڵەڕاوکێدا دەژێت، بۆ نموونە ئەنفال، ڕفاندنی ژنە ئێزدییەکان... هتد. لەم حاڵەتەدا مرۆڤەکان تا ماوەیەکی درێژ وا هەست دەکەن کە هەمیشە شتێکی خراپ بەڕێوەیە و تارمایی ڕووداوە تراوماوییەکان هەمیشە بەسەر سەریانەوەیە"و، " بەشێکی زۆری تووشبووان بە پۆستتراوما زۆربەی کاتەکان نەسرەوتن و بێ ئۆقرەییان پێوەدیارە".

## کاریگەرییەکانی جەنگ و تیرۆر لەسەر منداڵ

"ئالوودەبوون بە جەنگ و تیرۆر لەتەمەنی منداڵیدا دەبێتە هۆی تووشبوون بە پۆستتراوما و ئەمەش کاریگەری گەورە لەسەر ژیانی جەستەیی و دەروونی داهاتووی مرۆڤ دادەنێت، یەکێك لەو دەرهاویشتانە ئەوەیە مرۆڤەکان زۆر توندوتیژ دەبن و بە ئاسانی پەنا بۆ توندوتیژی دەبەن"، "جەنگ و تیرۆر لەسەر ئاستە بەربلاوکەیدا هۆکارێکی زۆر بەهێزن بۆ تراوما و پۆستتراوما"، "بە پێی لێکۆڵینەوەیەك (٦٠٪) ئەو منداڵانەی لە ناوچەکانی جەنگدا تووشی پۆستتراومای هاتبوون کۆمەڵێك نیشانەی جیاوازیان پێوە دیاربووە، ئەو منداڵانە سیما و حاڵەتە تراماوییەکانیان لەناو یاری، قسە و پەیام، هێماکانیاندا دووبارە زیندوو دەبوونەوە، میزاجیان زیاتر تێکدەچوو، کە بەشتێکەوە خوویان دەگرت تا ماوەیەکی زۆر پێوەی خەریك دەبوون، لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە زیاتر پاشکەوتووبوون، هەستیان بە دڵتەنگیی دەکرد و خۆیان دوورەپەرێز ڕادەگرت".، "دەنگ و دیمەنەکانی جەنگ دیمەنی ئاسایی نین، بەڵکو دیمەنی زۆر بارگاوی و هەستیار و بەهێزن، بەهێزی و هەستیاربوونی ئەو

دیمەنانە کاریگەریی ئەوتۆ لەسەر یادەوەریی و هەستەکانی منداڵی کۆرپە بەجێ دەهێڵێ، کە دواجار دەبنە هۆی درووستبوونی کێشەی دەروونی بۆ منداڵ"، بۆیە"جەنگ بە هەموو فۆرمەکانیەوە منداڵ لە ژینگەی منداڵێتی دادەبڕێت"، هەروەها"یەکێك لە دەرهاویشتەکانی تراوماکانی جەنگ، تیرۆر و کۆمەڵکوژیی ئەوەیە، منداڵ لە جیاتی چالاکیی فێری بێدەنگییەکی سێ ڕەهەندیی دەبێت، بێدەنگیی لەناخی خۆیدا، بێدەنگیی لەنێوان خۆی و خێزانەکەیدا، بێدەنگیی لەنێوان خێزانەکەی و جیهانی دەرەوەدا، بۆیە هەر هەنگاوێك بۆ چارەسەرکردنی تراوماکانی منداڵ دەبێ لە نەهێشتنی ئەو بێدەنگییانەوە سەرچاوەبگرێت"، لە ڕاستیدا"بەدەر لە بوونی فیزیکی ڕاستەوخۆی منداڵان لە بەرەکانی جەنگ، لەناو پرۆسەی کۆمەڵکوژیی و لەبەر هێرشە تیرۆریستییەکاندا، زۆر دۆخ و فاکتەری دیکەش هەن کە کەشێکی لەبار بۆ تووشبوونی منداڵان بە پۆستتراوما دێننە ئاراوە بۆ نموونە بینینی فیلم و هەواڵە بینراوەکان، بینینی دیمەنی کوشتن و بڕین، دەستدرێژیی سێکسی و ناسێکسی، دیمەنەکانی توندوتیژی و ئازاردانی جەستەیی کەسە نزیکەکان... هتد، هەڵمژینی هەوای جەنگ و ژیان لەژێر هەڕەشەی کردە تیرۆرئامێز و جەنگە ئامێزەکاندا کاریگەری گەورە لەسەر گەشەسەندن و دروستکردنی ستروکتوورەکانی بیرکردنەوەی منداڵ دادەنێن"، بەڵام "بەرقەراربوونی ئاشتی دەبێ ڕۆڵی لە هێورکردنەوە و هێدیبوونی مرۆڤەکاندا هەبێت، توێژینەوەیەکی زانستی ئەم مەسەلەیە پشتڕاست دەکاتەوە و دەگاتە ئەو دەرئەنجامەی دوای تێپەڕبوونی ساڵێك بەسەر پرۆسەی ئاشتی لە نەوەتەکاندا لەنێوان ئیسرائیلییەکان و

فەلەستینییەکاندا ڕێژەی تووشبوون بە حاڵەتی پۆستتراوما ٧٠٪ کەم بووەوە""

## منداڵ و یادەوەریی

"منداڵ وەکو گەورە دەتوانێ کارەساتە ناخۆشەکانی جەنگ، تیرۆر و کۆمەڵکوژیی لە یادەوەریی خۆیدا بپارێزێت و بەشێوەیەکی ئەکتیڤ یا پەسیڤ لەکاتی پێویستدا زیندوویان بکاتەوە"، "منداڵێك دوای هێرشەکانی یازدەی سێپتەمبەری ڕێکخراوی ئەلقاعدە لە نیۆیۆرك ترسی دونیای لێ نیشتبوو کاتێك فڕۆکەیەکی لەسەر ئاسمانی قوتابخانەکەیان بینی کە زۆر نزم دەفڕی، ئەو پێی وابوو ئەو فڕۆکەیە خۆی دەکێشێ بە تەلاری قوتابخانەکەیاندا، داڕووخانی تاوەرەکانی نیۆیۆرك ئەو ترسەی لە لا بەرجەستە کردبوو و هەموو فڕۆکەیەك ئەو تراومایەی لە لا زیندوو دەکردەوە"، "ئەو منداڵانەی بەهۆی جەنگ و تیرۆرەوە تووشی پۆستتراوما دێن، بە بەردەوامی یاری جەنگ دەکەن، یان ئەو کەرەسانە بەکاردێنن کە لەو جەنگەدا بەکارهاتوون، بۆ نموونە فڕۆکە، نموونەیەکی دیکە، ئەو منداڵانەی هەڕەشەی کوشتنیان لێ کراوە، هەوڵ دەدەن هەمان هەڕەشە لە هاوڕێکانیان بکەن، بەڵام لە فۆرمی یارییەکی منداڵانەدا"، "بەشێك لەو منداڵە کۆرپانەی لە هێرشەکانی یازدەی سێپتەمبەر لە نهۆمی خوارەوەی مەڵبەندی بازرگانی ئەمریکا بوون، بەهۆی داڕووخانی تاوەرەکانەوە تووشی پۆستتراوما بوون، یەکێك لە نیشانەکانی ئەو پۆستتراومایە تێکچوونی خەوی ئەو منداڵانە بوو، یەکێك لەو کۆرپانەی ئەو کاتە تازە لە دایك ببوو وا ڕاهاتبوو تەنها دوو کاژێر لەسەر یەك بخەوێت، بەڵام دوای ئەو ڕووداوە پێنج کاژێر لەسەر یەك دەخەوت بەبێ ئەوەی خەبەری بێتەوە، ئەم حاڵەتە کە

دوای ڕووداوەکانی یازدەی سێپتەمبەر هاتە کایەوە لەهەندێ حاڵەتدا بووە مایەی تاڵکردنی ژیانی خێزانەکان"و" زۆرێك لەو منداڵانەی ڕووداوەکانی ١١ی سێپتەمبەریان بینیبوو، نەیاندەوێرا بەتەنیا بخەون و مانیان دەگرت بۆ ئەوەی لەگەڵ دایکەکانیاندا بخەون، چونکە لەگەڵ ئەواندا هەستییان بە سەقامگیری و ئارامی دەکرد، ئەو منداڵانە لەوەش دەترسان لە دایکەکانیان بە یەکجاری داببڕێن، وەك ئاماژەیەك بۆ مردنی دایك و باوکی هاوڕێکانیان"، دەبێت ئەوە بزانین"یادەوەرییەکانی منداڵی کۆرپە بەڕادەیەك بەهێزن تەنانەت بۆنی لەشی دایك، شیری دایك و جل و بەرگەکانیشی بەباشی دەناسێتەوە و لەژنەکانی دیکە جیایان دەکاتەوە، بۆیە هەر دابڕانێکی دایك لە منداڵەکەی، جا بەهۆی جەنگەوە بێت یا بەهۆکارێکی دیکە، دەبێتە مایەی قەیرانی گەورە بۆ منداڵی کۆرپە کە بەچەندین شێوە گوزارشتی لێدەکات، بۆ نموونە: گریان، خەوزڕان، مانگرتن لەخواردن(شیر)... هتد، بەپێی هەندێ تاقیکردنەوەش بۆنی دایك منداڵی کۆرپە ئارام دەکاتەوە".

## گرنگی یاری بۆ منداڵانی تووشبووی جەنگ و تیرۆر

"یاریکردنەکانی منداڵی کۆرپە دوو جۆرن: یاریکردنی منداڵی کۆرپە لەگەڵ خۆی یا ئامرازەکانی یاریکردن، هەروەها یاریکردن لەگەڵ دایك یا دەوروبەرەکەیدا، منداڵی کۆرپە و بچوکیش زۆرێك لە کاتەکانی خۆیان بۆ دیالۆگکردن لەگەڵ دایك، بووکەشووشە، ورچ، پشیلە، یارییەکانی دیکەیاندا تەرخان دەکەن، پیاژێ لە تیۆرییەکەی خۆیدا، ئەوە دەخاتە ڕوو کە منداڵ لەڕێگەی ئەو دیالۆگەوە چی حەز و خۆزگەی هەیە بۆ یارییەکەی (بووکەشووشەکەی) ئاشکرا دەکات و گفتوگۆیەك بەدەست دێنێ کە

دەچێتە خانەی مەنەلۆجی بە کۆمەڵەوە، بەم شێوەیە چ بووکەشووشە و چ یارییەکانی دیکە (واتە پەیوەندی منداڵ و ئامرازە بێڕۆحەکان) ئەو ئامرازە باشانەن کە بەهۆیانەوە دەتوانین خەمەکانی جەنگ و پەرچوون لە دەروونی منداڵە ئاوارەکان بهێنینە دەرەوە"، "لەکاتی جەنگ و تیرۆردا بەزۆری هیچ جۆرە یارییەك بەردەست ناکەون، ئەوەی جێگەی سەرنجە کەمترین بایەخ بە ئامرازەکانی یاریکردن دەدرێ، لێرەدا دەتوانین دوو هۆکار یاداشت بکەین، یەکەمیان گرینگی ڕۆڵی یاریکردن لە گەشەسەندنی پرۆسە دەروونییەکان و گەشەسەندنی مەعریفیی منداڵاندا هێشتا وەکو زانست لە هۆشمەندیی کۆمەڵگەی ئێمەدا نەچەسپیوە، دووەمیشیان بەهۆی دابەزینی داهاتی خێزانەکان و قەیرانی ئابووری وڵات هیچ پارەیەك بۆ ئامرازەکانی یاریکردن تەرخان ناکرێت، خێزانەکان لە جیاتی ئەوەی بووکەشووشە و سمۆرە و کەروێشك بۆ منداڵەکانیان بکڕن خەریکی ئەوە دەبن نان بۆ منداڵەکان بکڕن"، "دروستکردن و بەهێزکردنی کەسایەتی منداڵ یەکێکە لەو لایەنانەی کە لە ڕێگەی یاریکردنەوە زیاتر پتەو دەبێت"، "پزیشکی دەروونی و دەروونشیکاری منداڵ (وینکۆت) لە تیۆرییەکەی خۆیدا لەبارەی (ناوچەی ڕاگوزەر) بەم شێوەیە گوزارشت لە گرنگیی یاریکردن دەکات: لە یاریکردن، تەنها لە یاریکردندا منداڵ دەتوانێ شت دروست بکات و داهێنان بکات، وەکو تاکیش تەنها لە ڕێگەی داهێنانەوە دەتوانێ خۆی و کەسایەتی خۆی بدۆزێتەوە"، هەروەها "(ڤالدەر) لە تیۆرییەکەی خۆیدا، دەرونشیکاری یاریکردن، یاریکردن وەك فاکتەری گۆڕان لە پەسیڤبوونەوە بۆ ئەکتیڤبوون وەك ئامرازێك بۆ ئەسمیلیزەکردن و بەتاڵکردنەوەی بارگرانییە دەروونییەکانی منداڵ پێناسە دەکات"،

هەربۆیە" یاریکردن چۆن لە بواری پەروەردەناسیدا ئامرازێکە بۆ پەروەردەکردن و بەرهەمهێنانەوەی مەعریفە، بەهەمان شێوە لەبواری دەروونناسیدا ئامرازێکە بۆ چارەسەرکردنی نەهامەتییەکانی جەنگ، لەکاتی چارەسەرکردنی تراوما یا پۆستتراومای منداڵ، یاریکردن و وێنەکێشان دەبنە دوو ئامرازی چارەسەریی زۆر ئەکتیڤ لە پێناوی شکاندن و بەرتەسککردنەوەی هەژموونی جەنگ لە دەروونی منداڵدا"، " بەو پێیەی جەنگ زۆرجار بەهەموو ڕەهەندەکانییەوە لەژیانی منداڵدا ئامادەیە، بۆیە دۆخی جەنگ لە درکپێکردنی هەموو هەستەکانی منداڵدا بەشێوەیەکی زۆر زەق ڕەنگ دەدەنەوە، بەهەمان شێوە ئەو دیمەنە تۆقێنەر و ناشیرینە بەهێزانەی جەنگ و تیرۆر دەبنە بەشێك لەو ستروکتوورانەی مێشکی منداڵ ڕەنگرێژ دەکەن، ئامرازی هەرەسەرەکی بۆ بەرێکردنی ژیان لەلای منداڵ و منداڵی کۆرپە بریتییە لە یاریکردن، بۆیە ئەوان لەکاتی یاریکردندا هەموو خەمەکانی خۆیان دەخەن ڕوو، مامەڵەیان لەگەڵدا دەکەن و چارەسەریشیان بۆ دەدۆزنەوە".

## چەند نموونەیەکی کاریگەر لەوانەی تووشی پۆستتراوما هاتوون

"چەندین بەڵگەی زانستی بەهێز ئاماژە بەوە دەکەن کە تەندروستیی دەروونی منداڵ لە پێنچ ساڵی یەکەمی ژیانیدا لەوانەیە پەیوەندییەکی قوڵ و بەردەوامی بە کاریگەری فاکتەرەکانی تراوماوە هەبێت، بۆ نموونە: توندوتیژی ناو ماڵ، ئازاردانی منداڵ، توندوتیژی کۆمەڵگەو جەنگ"، "شانۆکارێکی جوولەکە بەناوی (roma Ligocka) لەکاتی قڕکردنی جووەکاندا، منداڵی خۆی لەناو گیتۆکانی (ئۆردوگا زۆرە ملێیەکان) پۆڵەندا

بەسەر بردووە، ئەم خانمە لە دیدارێکی ڕۆژنامەی گاردیانی ساڵی ٢٠٠٢ ئەوەی ئاشکرا کردووە، لەگەڵ ئەوەشدا کە ئێستا ئەو ژیانێکی دەوڵەمەند و داهێنەرانەی لەبواری شانۆدا هەیە، بەڵام هەرگیز ئەو ڕووداوە تۆقێنەرانەی بیرناچنەوە کە لەسەردەمی منداڵیدا لە ئۆردوگای نازییەکاندا بینیویەتی، ئەو تا ئێستاش بەدەست کەم خەوی، ترس و خەمۆکییەوە دەناڵێنێت"، هەروەها"(سوزان فێلاوس) نموونەیەکی دایکێکی دیکەیە کە کچەکەی لە دارستانێکدا دەستدرێژی سێکسی کراوەتە سەر و کوژراوە، سوزان ئەوە بۆ ڕۆژنامەی گاردیان باس دەکات کە تاماوەیەکی درێژخایەن تووشی شۆك بووە و نەیهێشتووە مێردەکەی تەنانەت پەنجەشی پێوەبدات، هەموو پیاوێك بۆ سوزان بۆتە هەڕەشە و تارمایی بکوژی کچەکەی و بەقسەی خۆی ئەو ڕووداوە بەبەردەوامی لە مێشکیدا گوزەری کرد"، نموونەیەکی دیکە" (ئێمیلیا و ئاننا) دوو ژنی جولەکە بوون کە لەساڵی ١٩٣١ لە پۆڵەندا و لەیەکێك لە وڵاتەکانی باڵتیك لە دایك بوون، لەکاتی داگیرکردنی وڵاتەکانیاندا ئەوان تەمەنیان ٨ ساڵا بوو، هەردووکیان لەگەڵ خێزانەکانیاندا بەر شاڵاوی نازییەکان کەوتن، لەدوای ٦٦ ساڵ کاتێك بەمەبەستی توێژینەوە دیداریان لەگەڵ ساز دەکرێت، هەردووکیان زۆر بە وردی ئەو پۆستتراوماویەیان بیردێتەوە، هەر لەلێدان و کارکردنەوە تا گیتۆکان و ئەو ژوورانەش کە بەگاز منداڵە جووەکانیان کوشت، بۆیە هەردووکیان بڕیار دەدەن کە لە ژیانیاندا هەرگیز دووگیان نەبن بۆ ئەوەی ناچار نەبن منداڵێك بهێننە دنیاوە لەو تەمەنە ناسکەدا ئازارێك بچێژن لەوەی خۆیان بچێت. (ڕابردوو)ی ئەم دووژنە (هۆلۆکۆست) هەمیشە لە (ئێستا)یاندا دەژیا و ڕۆژ نەبووە لەبیری بکەن، وەکو هەموو تووشبوویەکی

پۆستتراوما، ئەمانەش ترسێکی گەورەیان هەبووە لەوەی ڕابردوو لە داهاتوودا خۆی دووبارە بکاتەوە، بۆیە هەردووکیان بەشێوەیەکی ئارەزوو مەندانە نەیانهێشت منداڵیان ببێت".

## پۆستتراوما لە کوردستان

"دەکرێ مرۆڤ گریمانەی ئەوە بکات بەلایەنی کەمەوە هەموو ئەو ژن و منداڵە ئیزیدییانەی لەلایەن داعشەوە گیراون، هەموو ئەو ژن و منداڵانەی لە ئۆردوگاکانی ئەنفالدا لەلایەن بەعسەوە گیراون، هەموو ئەوانەی کەوتنە بەر کیمیابارانکردنی هەڵەبجە.... هتد، بەدەست پۆستتراومایەکی درێژخایەن دەناڵێنن، ئەو توێژینەوە کلینییانەی لەگەڵ ڕزگاربوانی هۆلۆکۆست سازکراون ئەوە پشتڕاست دەکەونەوە کە بەلایەنی کەمەوە هەندێ نەخۆشی دەروونی کەبەو ڕزگاربووانەوە دیاربووە، بە دوو نەوەی دواتری ئەو کەسانەشەوە دیاربووە، بۆنموونە پۆستتراوما، ترس و دڵەڕاوکێی درێژخایەن، خەمۆکی و پەیوەندییەکی خراپی نێوان ئەندامەکانی خێزان"، "ئەو کەسانەی پۆستتراومایان هەیە، لەماوەی ٣ تا ٦ مانگدا چاك نەبنەوە حاڵەتەکەیان بە پۆستتراومای درێژخایەن ناوزەد دەکرێ، لەبەر ڕۆشنایی کەسوکاری ئەنفالکراوەکاندا کە دوای زیاتر لە ٢٧ ساڵ ئەوان هەموو ئەو یادەوەرییانەی لەبارەی ئەنفالەوە هەیانە، زۆر بەئاسانی لەگەڵ بینینی هەر دیمەنێکی هاوشێوە، یادکردنەوەی ئەنفالەکان لە میدیاکانەوە، وێنەی قوربانییەکان...هتد، زیندوو دەبنەوە، ئەم جۆرە لە پۆستتراوما دەچێتە خانەی پۆستتراومای درێژخانەوە"، هەروەها" ئەمڕۆ لەهەر بازاڕ و کۆڵان و ماڵێکی کوردستاندا لە پەیوەندیی، پرسیار و بەرخوردی مرۆڤەکان

وردبینەوە ئەو مامەڵە ڕەقە و نا هاوسۆزییە بە ڕوونی دەبینین، مرۆڤەکان بە ئاسانی و لەبەر کەمترین ڕای جیاواز بەیەکدا دێن و بێڕێزی بەرانبەر بەیەك دەکەن، تەنانەت لەکاتی دروستبوونی ترافیکدا کە خەتای کەسی تێدا نییە، شۆفێرەکان بەئاسانی لەگەڵ یەکدا بەشەڕ دێن، لە ژیانی سیاسیشدا هەموو حیزبەکان بەڕووی دیکتارتۆردا هەڵدەشاخێن، بەڵام دوای دیکتاتۆر یەکتر دەکوژن و کەمترین بەزەییان بە کەسدا نایەتەوە"، " (پونامێکی) لە توێژینەوەیەکی هاوبەشدا لە زانکۆی (تامەر فۆرسی) لە فینلەندا لەسەر کاریگەری ڕووداوە تراوماوییەکان لە لای ١٥٣ منداڵی کورد باس لەوە دەکات" توندوتیژی سەربازی وەك فاکتەرێکی گرینگ، بەشێکی دانەبڕاوە لە ژیانی منداڵانی کوردستان و ڕۆڵێکی گەورەی لە دروستبوونی تراوماکاندا بینیوە، بۆ نموونە ٢٩٪ منداڵەکان یەکێك یان زیاتر لە خێزانەکانیان کوژراوە، ١٨٪ یەکێك یان زیاتریان لێ بریندار بووە، هەروەها ٣٦٪ خزمەکانیان کوژراوە، ٣١٪ خزمەکانیان برینداربووە، بەهەمان شێوە ٦٣٪ منداڵەکان لەناو شەڕ و تەقەدا ئامادەییان هەبووە، لە لایەکی دیکەوە ٢٣٪ منداڵەکان کوشتنی خەڵك و ١٨٪ برینداربوونی خەڵکیان بەچاوی خۆیان بینیوە، هەروەها ١٩٪ وێرانکردن و ڕووخانی خانووەکانیان بینیوە"، لە بواری پەروەردە و فێرکردن "وەزارەتی پەروەردە تا ئێستا هیچ لێکۆڵینەوەیەکی لەسەر هۆکارەکانی ئەو گرفتانە بڵاونەکردۆتەوە کە بۆ ئەو منداڵانە درەنگ تێدەگەن، یان کاژێرێك لەسەر یەك وشە ڕادەوەستن، یان چەند نیگەران و خەمبار و نائارامن؟ بە هەمان شێوە ئەو منداڵانە پێشتر لە چ ناوچەیەك نیشتەجێ بوون؟ ئایا ناوچەکانیان جەنگ و شەڕی تێدابووە یان نا؟ ئایا منداڵانی شەنگال، سەردەشت، هەڵەبجە،

هەکاری، دێرسیم، ناوچە سنوورییەکانی کوردستان.... هتد، چەندیان ئاسایی و چەندیان پۆستتراومایان هەیە؟ ئایا ئاستی خوێندکارانی ئەو ناوچانە لەگەڵ ئاستی خوێندکارانی ناو شارە گەورەکان جیاوازییان هەیە؟ ئایا گریمانەی ئەوە نییە دواکەوتوویی بەشێك لە خوێندکاران پەیوەندی بە پۆستتراومای جەنگ و نەخۆشییەکانی دیکەوە هەبێت کە ئەو جەنگ و شەڕانە بلاّویان کردۆتەوە؟"، "لە توێژینەوەیەکدا کە لەسەر خوێندکارە کوەیتییەکان کراوە ئەوە دەرکەوتووە کە ئاستی بەرزی پۆستتراومای خوێندکاران و کاریگەری لەسەر ئەدای خوێندکاران پەیوەندیی بە توندوتیژییەکانی جەنگی کوەیتەوە هەبووە"؟

# ڕۆمانێك لەسەر ڕۆڵی باوكایەتی... باوكی ئەو*

"باوكی ئەو" ڕۆمانێكی سایكۆلۆجی و پەروەردەیی گرنگە، باس لەدیاردە و واقعێكی خێزانێكی ئێرانی دەكات كەباوكێك لەپەروەردەكردنی منداڵەكانیدا جیاوازی دەكات بەوەی فەزڵی یەكێكیان بەسەر ئەویتریاندا دەدات، كەهەمان دیاردە و واقیع بەڕێژەی جیاواز لەخێزانی كوردی و ڕۆژهەلأت بەشێوەیەكی گشتی دەبینرێت و هەیە.

ڕۆمانەكە لەنوسینی ( پەرینوش سەنیعی) یە و ڕووناك شوانی كردویەتی بەكوردی، ناوەندی ئەندێشە ئەمساڵ بلأوی كردۆتەوە، تێما و پاڵەوانی سەرەكی ڕۆمانەكە منداڵێكە بەناوی "شەهاب"، ئەم منداڵە تەمەنی چوار ساڵە تاوانی ئەوەیە هێشتا فێری قسەكردن نەبوە و زمانی گۆ ناكات و دەربڕینی نییە، لێرەوە ژیانی ئاڵۆز دەبێت و ناو و ناتۆرەی دەخرێتە پاڵ و بە" شەهابە گێل" دەناسرێت و بانگ دەكرێت لەلایەن ناسری باوكی و دەووروو بەرەكەیەوە !

ئەم ناو و ناتۆرە ڕەنگدانەوەیەكی خراپ تەنها بەسەر شەهابەوە بەجێ ناهێڵێت، بەڵكو كاریگەری خراپ بەسەر خێزانەكەشیەوە بەجێ دەهێڵێت، بۆنموونە برایەكی شەهاب بەناوی"ئارش" هەمیشە ئازار دراوە بەوەی لەناو خەڵكدا بیستویەتییەوە و باسیان كردووە كەشەهابی برای گێلە، تەنانەت

---

* لە ژمارە "٤٩٨"ی ڕۆژنامەی "ئاوێنە" ڕۆژی سێشەممە ١٠/١٣/ ٢٠١٥ بلأوكراوەتەوە.

شەهاب جارێکیان گوێی لەئارشی برای دەبێت کە دەڵێت" پێم شەرمە لەتەك ئەمدا بۆ کۆڵان بڕۆم، هەموو ئێژن براکەت گێلە".

ناخۆشترین کات بۆ شەهاب ئەو کاتەیە کەباوکیشی دەگاتە ئەو باوەڕەی کەخەڵك ڕاست دەکەن کوڕەکەی گێلە و هەربۆیە قسە ناکات! نزیکترین کەسێك دڵی شەهاب بداتەوە و هاوکاری بکات و دەزانێت شەهاب گێل نییە دایکییەتی بەناوی مریەم، بەڵام ئەوەی زیاتر خێزانی شەهابی نیگەران کردووە کەس و کار و خزمەکانیانە کە وازیان لێناهێنن و شەهاب بەگێل و نەخۆش دەزانن و هەردەڵێن بیبەن بۆلای پزیشك، دایك و باوکی شەهاب دەڵێن بردوومانە هیچ کێشە نییە و سروشتییە، هەندێك منداڵ زوو زمان دەگرێت و هەندێکیش تر درەنگ، کەچی ئەم قسانە وەر ناگیرێت و هەردەڵێن شەهاب گێل و نەخۆشە، چونکە ناکرێت منداڵ تەمەنی چوار ساڵ بێت و قسە نەکات!

ئەم بارودۆخەی دەرەوەی خێزان کاریگەری لەسەر خێزانی شەهاب دروست دەکات، دواتر شەهاب زۆر نامۆ دەبێت و جیاواز سەیر دەکرێت و ڕەفتاری لەگەڵدا دەکرێت لەلایەن خێزانەکەی خۆیەوە بەتایبەتی باوکی.

شەهاب هیچ کات ناسری باوکی بەباوکی خۆی نەزانیوە بەڵکو بەباوکی براکەی تری زانیوە بەناوی"ئارش"، چونکە ئارش عاقڵ بوە و هەموو ساڵ بەیەکەم دەردەچێت و قسەش دەکات، بەڵام بەپێچەوانەوە ئەم باوکی پەراوێزی خستوە و بەگێلی زانیوە و ئازاری داوە تەنها بەهۆی ئەوەی قسەناکات، هەر لێرەشەوەیە ناوی ڕۆمانەکە هاتوە بەناوی"باوکی ئەو".

شەهاب زۆر بەباشی هەست دەکات باوکی پەراوێزی خستوە و هەموو جار دەیشکێنێتەوە و گرنگی پێ نادات و بەپێچەوانەشەوە تەنیا گرنگی و

بایەخ بەئارشی برای دەدات لەگێڕانەوەی چیرۆکەکاندا شەهاب نالێت باوکم بەڵکو دەڵێت باوکی ئارش! تەنانەت ناسری باوکی ئەوەندە شەهابی پەراوێز خستوە و گوێی پێ نەداوە لەوێنەگرتنیشدا کەمترین وێنەی شەهابی گرتووە بە بەراورد لەگەڵ منداڵەکانیتری.

هونەر و وریایی و ئاگایی پەروەردە و فێرکردن گرنگییەکەی لێرەوە دەردەکەوێت کەتایبەتمەندی منداڵ بپارێزین و هەستیار بین لەوەی جیاوازی درووست نەکەین لەنێوان منداڵاندا لەڕووی گرنگی و بایەخ پێدانەوە، چونکە منداڵ بەوە تێکدەشکێت و دونیایەك گومان و پرسیار لەمێشکی خۆیدا درووست دەکات و ڕەنگدانەوەی خراپی دەبێت لەداهاتوودا، دەبێت تێبگەین لەوەی ئەگەر باوك و دایك جیاوازی درووست کرد لەڕووی گرنگی و بایەخ پێدانەوە ئەوا زۆر بەئاسانی منداڵەکانی هەستی پێدەکەن و کاریگەری خراپی دەبێت.

ناسری باوکی هەمیشە لەبیانوو گەڕاوە بۆئەوەی ئازاری شەهاب بدات و لێی دات و بیشکێنێتەوە بەهۆی ئەوەی قسەنازانێت و ئابڕووی چوە و گێلە! کاتێك شەهاب لەگەڵ منداڵانی هاوڕێی یارییان دەکرد کێشەیەك ڕووی بدایە دەیانخستە ملی شەهاب، چونکە زمانی نەبوو بەڕوونی بەرگری لەخۆی بکات لەکاتێکدا شەهاب پەیوەندی نەبووە بەکێشەکەوە، باوکیشی بێ لێپرسینەوە و وردبونەوە شەهابی دارکاری دەکرد.

جارێکیان دایك و باوکی شەهابی کوڕیان دەبەن بۆلای پزیشك، شەهاب لەدەستیان ون دەبێت و نایدۆزنەوە بۆماوەی چەند ڕۆژێك، شەهاب دەکەوێتە بازاڕ بەڕێکەوت ژنێك دەبینێت و دەیباتەوەماڵەوە، شەهاب لەوماڵەدا هەست بەبوونی خۆی دەکات بەوەی گوێی لێدەگیرێت و دەیبەن

بۆشاری یاری و ماڵێك بوە ئارام و هێمن و خۆشگوزەران ژن و پیاوێكی لێییە گوێ لەمنداڵەكانیان دەگرن هەست دەكات ماڵی ڕاستی و ژیانی درووستی ئەو لەو ماڵەیە نەوەك باوكە بایلۆژییەكەی پێشووی كە ڕەفتاری بریتی بووە لەتوڕەیی و ئیهانەكردنی ئەو، بەوەی گێلە و هیچ نازانێت! كاتێكیش شەهابیش دەدۆزرێتەوە هیچ خۆشییەك ناكات بەبینینی باوكی و تەنانەت ناشچێتە لای! شەهاب دەكەوێتە تێڕامان و بیركردنەوە لەو دوجۆرە ژیانە ئەوەی دایك و باوكی بایلۆژی لەگەڵ ئەو ژن و پیاوەی دۆزیویانەتەوە و بۆ ماوەی چەند رۆژێك بەخێویان كردووە، دەڵێ" ئەگەر دایك و باوكم وەك ئەم ژن و پیاوە بونایە دەمتوانی قسەبكەم و زمانم بكەوێتە جوڵە".

كەسێكی نزیكی شەهاب بەناوی "بیبی" لەكێشەكانی شەهاب تێدەگات و بڕیار دەدات بیباتە قوتابخانە بۆ ئەوەی بخوێنێت، شەهاب لە خوێندنگا زمان دەگرێت و دەكەوێتە قسەكردن، چونكە ئازادە و ممارەسەی ژیانی منداڵی خۆی دەكات و لەباوكە دڵڕەقەكەی دوور دەكەوێتەوە، دواتر شەهاب بەهرەكان و حەزەكانی لەخوێندنگا دەردەكەون و دەبێتە یەكێك لەخوێندكارە دیار و بەتوانا و لێهاتووەكان لەبواری خۆشنووسی و نیگاركێشان و مامۆستاكانی سەرسام دەكات.

مریەمی دایكی شەهاب بەردەوام ئامۆژگاری شەهابی كوڕی دەكات، كەباوكی خۆشبوێت لەبەر ئەوەی نان پەیدا دەكات و كار بۆ منداڵەكانی دەكات و ئەگەر ناسری باوكی نەبوا دەمردن لەبرسان و پارەمان نەدەبوو بچین بۆ پزیشك و دەڵێت ئەگەر ناسری باوكت نەبوایە ئەمانە نەدەبوو، بەڵام شەهاب باوكایەتی وا نابینێت و ئامۆژگارییەكانی دایكی خراپی

هەڵسوکەوتە ناپەروەردەییەکانی باوکی بیر ناباتەوە نمونەیەک دێنێتەوەودەڵێت بارامی هاوڕێمیش باوکی نییە و لەبرساش نامرن و هەروەک منە!

ئەوەی شەهاب پێویستییەتی سۆز و خۆشەویستی باوکایاتییە، سوکایەتی پێ نەکردنە، ئارشی برای لەم زیاتر خۆش نەوێت، سوکایەتی پێنەکات، بیەوێت منداڵی خۆی بژێت، بەردەوام خەریکی شەڕ و ئاژاوە نەبێت، بەکورتی شەهاب پێی وایە تەنیا ئەوەی بەباوکییەوە دەبەستێت دیوە بایلۆژییەکەی باوکە و هیچیتر نەوەک ڕۆڵی ڕاستەقینەی باوکایەتی.

ڕۆمانەکە بەوە کۆتایی دێت کەشەهاب بەهۆی ئەوەی دوای حەز و ئارەزووەکانی خۆی کەوت بو بە یەکێک لەهونەرمەندە بەناو بانگەکان لەبواری شێوەکاری و خۆشنووسیدا و چەندین خەڵات وەردەگرێت، ئارشی براشی کەناسری باوکی پۆزی لێدەدا و هەموو ساڵێك دەبوایە بەیەکەم دەرچوایە هەرچۆنێك بێت دەبێت حەزی باوکی جێبەجێ بکات، بەڵام لەکۆتاییدا کۆلێژی پزیشکی دەرناهێنێت و بەو هۆیەوە نەخۆش دەکەوێت و سێ ساڵ لەنەخۆشخانە دەمێنێتەوە! ئەمەش دەرئەنجامی ئەوەبوو شەهاب خۆی بوو، بەڵام ئارش خۆی نەبوو.

ئەوەی ماوەتەوە بیڵێین ئەوەیە، ئەو مامەڵە نادرووست و ناپەروەردەییەی کەشەهابی منداڵی تێدا ژیا ڕەنگدانەوەی لەسەر کۆی ژیانی بەجێهێشت و کاتێك گەورە دەبێت و تەمەنی دەبێتە بیست ساڵ شەهاب هەست دەکات ئەو هەڵسوکەوتە ناپەروەردەییانەی کە بەمنداڵی بەرانبەری کراوە کاریگەرییەکەی ئێستاشی ماوە، هەست دەکات کاتێك قسەدەکات ڕەنگی تێك دەچێت، ناتوانێت بڕیاری تەواو بدات، شەرم دەکات، بڕوای

بەخۆی نییە، ناتوانێت بەئاسانی پەیوەندی لەگەڵ خەڵك درووست بكات. ئەمەش تیۆرەكانی سایكۆلۆجیامان بیردەخەنەوە كە زۆربەیان جەخت لەوە دەكەنەوە بەوەی ژیان و پەروەردەیی منداڵی كەسێتی و داهاتووی مرۆڤ دیاری دەكەن.

# خوێندنەوەیەك بۆ دۆخی زانكۆكان و خوێندنی باڵا لە هەرێمی كوردستان*

كتێبی"زانكۆ لە نێوان ناو و ناوەڕۆكدا، خوێندنەوەیەك بۆ دۆخی زانكۆكان و خوێندنی باڵا لە هەرێمی كوردستان" لە نووسینی مامۆستای زانكۆ"د.خالید عومەر"ە، ساڵی ٢٠١٥ لە سلێمانی چاپ و بڵاوكراوەتەوە. كتێبێكی گرنگ و بە بایەخە لەبەرئەوەی ئەوەندەی ئێمە سەرنجمان دابێت و تێبینیمان كردبێت تاكە كتێبێكە تا ئێستا بە شازدە بەش و بابەتی جیاواز بە شێوەیەكی سەربەخۆو ورد لە سەر دۆخی زانكۆ و خوێندنی باڵا لە هەرێمی كوردستان نووسرابێت و بە تایبەتیش لەلایەن كەسێك كە خۆی لەو بوارەدا كاردەكات كە ئەویش نووسەری كتێبەكەیە، خۆی مامۆستای زانكۆیە و چەند ساڵێكە وانە دەڵێتەوە، ئەمەش وای كردوە كەوەك كەسێكی بە ئەزموون و ئاگادار و هەروەها بەشێوەیەكی زانستی و ئەكادیمی قسە لەسەر زانكۆ و خوێندنی باڵادا بكات.

ئایا پەروەردە و وانەوتنەوە لە زانكۆكانی هەرێمی كوردستاندا لە قەیراندایە؟! تا چەندێك پەروەردەی زانكۆیی بەشێوەیەكە كەسی بیركراوە، لێبوردە، متمانە بەخۆ، بنیاتنەر و خوێندەوار دروستبكات؟ تا چەندێك زانكۆكانی هەرێمی كوردستان خاوەنی سیاسەتێكی پەروەردەیی

* لە ژمارە "٥٤٦"ی ڕۆژنامەی "ئاوێنە" ڕۆژی سێشەممە٢٠١٦/١٠/٤ بڵاوكراوەتەوە.

ڕاستن بە شێوەیەك نەوە دەرچووەکانی دەتوانن کۆمەڵگا لە قەیرانەکانی ڕزگاربکەن؟ یان ئایا فێرخوازان پاش خوێندنی زانکۆیی دەتوانن گەشە بە خۆیان و بە کۆمەڵگا بدەن؟ ئەمانە ئەو پرسیارانە کەنووسەری کتێبەکە دەیانکات و لە ناوەڕۆکی کتێبەکەدا وەڵامیان دەداتەوە.

## ڕۆڵ و پێگەی زانکۆ

"زانکۆ" دامەزراوەیەکی ئەکادیمی زانستی مەعریفی باڵایە، تێیدا توێژینەوەی ئەکادیمی لەسەر سەرجەم بوارە جیاوازەکانی زانست و مەعریفە ئەنجامدەدرێت، هاوکات لەگەڵیدا بڕوانامەی جۆراوجۆر دەبەخشرێت. ڕۆڵی زانکۆ بەرچاوە و بەشدارییەکی زۆر گرنگ و کارا دەکات لە بەڕێوەبردن و گەشەی هەموو وڵاتێکدا. ئەرکی زانکۆ بریتییە لە پێگەیاندنی تاکی پسپۆڕ و پێدانی بڕوانامە، بۆ سەرجەم کایە جۆر بەجۆرەکان بۆ ئەوەی بتوانێت کۆمەڵگا و دام و دەزگاکانی نێو کۆمەڵگا بەڕێوەببات. هەروەها کارکردن لەسەر توێژینەوەی زانستی بەمەبەستی بەشداریکردن لە بەرهەمهێنانی زانست و تەکنەلۆجیا و گەشەکردنی کۆمەڵگا. زانکۆ دەزگایەکی ئەکادیمیە بە پێوەری ئەکادیمی دادەمەزرێت و کاردەکات و هەڵدەسەنگێنرێت، بۆئەوەی نەوەیەك عەقڵی ئەکادیمی و زانستی بەرهەمبهێنێت لەوێوە بتوانێت ئەو عەقڵانە، کە لە وەرگرانی بڕوانامە جۆربەجۆرەکاندا خۆیان ئەبیننەوە، کێشە جۆربەجۆرەکانی کۆمەڵگا چارەسەر بکەن، کۆمەڵگا ببەن بەڕێوە، پلان بۆ ئێستا و داهاتووی وڵات دابنێن.

## کردنەوەی زانکۆ بەو ژمارە زۆرەی ئێستا دروستە؟

تێڕوانین بۆ زانکۆ وەك ئەوەی لە هەموو شار و شارۆچکە و شارەدێیەکدا هەبێت، نەك هەر هەڵەیەکی کوشندەیە، بەڵکو بارگرانییەکی زۆر گەورەشە بەسەر شانی بودجەی گشتیەوە. هیچ گرنگ نییە ئێمە دوو زانکۆمان هەبێت یان بیست، وە شانازیش نییە خاوەنی زانکۆی زۆربین و لە هیچ شوێنێکی دونیادا زانکۆی زۆر جێگای شانازی نییە، دەبێت پرسیار و خەمی ئێمە ئەوەبێت ئایا چەند زانکۆی ئاستبەرزمان هەیە؟ یان ئایا بەڕاستی هەرێمەکەمان پێویستی بە ئەوەندە ژمارەی زانکۆ هەیە؟؟ تا چەندێك زانکۆکانمان توانیویانە ببنە یەکەی ئەکادیمی باوەڕپێکراوی جیهانی....؟؟ بۆیە تێگەیشتنمان بۆ زانکۆ، ڕوانینمان بۆ زانکۆ، یان تێگەیشتنی حکومەت بۆ زانکۆکان، واتە ستراتیجی حکومەت لەمەڕ زانکۆکان، بەشێکە لەو گرفتە"ئیشکالیەتە" دژوارەی کە زانکۆکانی بەو دۆخە گەیاندوە و بەداخەوە زانکۆی لە فۆرمێکی کارتێکراو"پاسیڤ" و نا کاریگەردا کۆتایی پێهێناوە. بینینی زانکۆ وەك دەزگایەك بۆ پێدانی بڕوانامە یان تەنها وەك دەزگایەك بۆ ئەوەی ئەبێت هەبێت لە هەموو شوێنەکان و شار و شارۆچکەکاندا، هۆکاربووە بۆ دروستبوونی ئەو قەیرانە زۆرانەی زانکۆکانی تێکەوتووە.

## ئایا زانکۆکان کاریگەرییان هەبووە لەسەر کۆمەڵگا؟

بەپێی وتەی کەسانی ئەکادیمی، شارەزا، خەمخۆران، چاودێرانی بواری زانکۆ و کۆمەڵگای مەدەنی، دەرچووانی زانکۆکان لەو ئاستەدا نەبوون بە پسپۆڕی سەرکەوتوو یان دەرچووی بەرهەمهێن ناوزەدبکرێن، واتە

زانکۆکان بە کەمی نەبێت نایانتوانیوە کاریگەریی بەرچاو چ لەسەر دەرچووان یان لەسەر کۆمەڵگا دابنێن، واتە بەشێوەیەك بێت، زانکۆ بتوانێت چارەسەری بەشێك لە کێشە جۆربەجۆرەکانی کەرتە جیاوازەکانی کۆمەڵگا بکات. ئەمەش وایکردوە قەیرانی جۆراوجۆر لە کۆمەڵگا درووست ببێت و بەشێکی ئەو قەیرانانە، دەگەڕێنەوە بۆ لاوازی ئەو پسپۆڕانەی ئەو شوێنانە بەڕێوەدەبەن، هەروەها ئەمەش بە ناڕاستەوخۆ دەگەڕێتەوە بۆ لاوازی زانکۆکان. ئەوەی بەدیدەکرێت، چ لە ئێستا و چ لە ڕابردووشدا، سەبارەت بە دۆزینەوەی ڕێگاچارەی ئاریشە زانستیەکانی نێو دونیای زانست و گیروگرفتەکانی کۆمەڵگا، زانکۆکان لە هەرێمی کوردستاندا هیچ بەشداریکردنێکی بەرچاویان نییە و هەوڵ و کارەکان زۆر سادەن و لە ئاستی ئەوەدا نین باسبکرێن لە ڕوانگەی زانستیەوە و بە پێوەری جیهانی. واتە زانکۆ ڕۆڵێکی ئەکتیڤی نەبووە سەبارەت بە گرفتە زانستی، ئابوری، سیاسی، کۆمەڵایەتیەکان، بەڵکو پتر کارتێکراو"پاسیڤ" بووە و زیاتر تەنها لە بەخشینی بڕوانامەدا خۆی بینیوەتەوە.

### زانکۆکان شوێنێك بۆ بەرهەمهێنانی"کولتوری ترساندن و ترس"!

خاوەن پۆستەکان زۆر جار چەندین شێوازیان بەکارهێناوە بۆ درووستکردنی ترس لای ئەکادێمیەکان" لە هەندێ شوێندا حزبەکان بە نادیاری و لەژێر دەمامکی خاوەن پۆستەکاندا ئەو کارە دەکەن" بە تایبەتی لە بەرانبەر ئەو ئەکادیمیایانەی ڕەخنە دەگرن یان داوای مافی خۆیان دەکەن، یان لە بەرانبەر نادادپەروەریدا دەنگیان بەرزکردبێتەوە. لەو جۆرە ترسانە، وەك ترسی درووستکردنی بەربەستی بەرزکردنەوەی

پلەی زانستی، ترسی دژایەتیکردن، ترسی لابردن لە لیژنە گرنگەکان، ترسی پێنەدانی پۆستی کارگێڕی بەرز، ترسی درووستکردنی بەربەستی جۆربەجۆر، ترسی پێدانی لیژنە بێزارکەرەکان، یان لیژنە پڕکێشەکان، بێبەشکردن لە هەندێ کاری تری زانستی، کارگێڕی...... هتد.ئەمانە بە کۆ، ئەو ژینگەی ترسە درووستدەکەن کە کەسی ئەکادێمی تێدەکەوێت و کەسایەتییەکی لەرزۆك و گوێڕیەڵ و بێئیرادەی لێدرووست دەکات. کەسی ئەکادیمی ئەگەر بچوکترین ڕەخنە یان ناڕەزایی بەرانبەر بە دۆخێك وایلێیکات کە لە زۆر ئیمتیاز و کاری تر بێبەشی بکات، ئیتر بە ناچاری ترس دایدەگرێت و ئەویش بێدەنگی هەڵدەبژێرێت.

### یاسا و ڕێنماییەکانی زانکۆ وەك کۆت و بەند!

یاساو ڕێنماییەکان، کاریگەریی گەورەی لەسەر خراپی ڕەوشی خوێندنی باڵا داناوە، بەشێوەیەك وەك کەلەپچەکردنی خوێندنی باڵای لێهاتوە و زیندانێکی زانستی بۆ زانکۆکان و مامۆستاکان درووستکردوە، کە نەتوانن ئازادانە کاربکەن، ئازادانە پرۆژە دابنێن، ئازادانە لەگەڵ کۆمەڵگادا بەیەکدا بچن و کاریگەریی لەسەر یەکدی دابنێن، بگرە هەندێك جار ناتوانرێت زانستیانە بڕیاریش بدرێت. وەك مەرکەزیەت"ناوەندگەرایی" لە بڕیارە ستراتیجیەکاندا، سەربەخۆنە بوونی زانکۆکان، نەبوونی چاودێری گرنگ و زانستی بەسەر ئەدائی بەڕێوەبەرانی زانکۆکان، هەروەها ئەوەش هەر ڕاستە بۆ ڕێنماییە ئاساییەکان، وەك ڕێنمایی خوێندنی باڵای ماستەر و دکتۆرا و چۆنیەتی وەرگرتنیان و بڕوانامە پێدانیان، هەڵسەنگاندنی چالاکی مامۆستاکان، ڕێنماییەکانی ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی، مەرجەکانی

بەرزکردنەوەی پلەی زانستی، شێوازەکانی وەرگرتنی فێرخوازانی خوێندنی بەرایی.... هتد.بە شێکی یاسا و ڕێنماییەکانی خوێندنی بالاّ و زانکۆکان زۆر کۆنن و لەسەر مۆدێلی زانکۆی هاوچەرخ بنیاتنەنراون، هەروەها بەشێکیان بەربەستن بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی زانکۆ و بەشێکی زۆر لە یاساکان و ڕێنماییەکان پێویستی بە چاوپێداخشاندنەوەی وردو زانستی هەیە. هەروەها ڕێنماییەکان لە هەندێ شوێندا بەشێوەیەك ئالۆزبوون زانستیبوونی خۆی لەدەستداوە و بەشێك لە ڕێنماییەکان لە کەلێن و کەلەبەرە یاساییەکەوە درووستبوون و لە فۆرمی پڕ ئیشکالیەتدا داڕێژراون. گۆڕانکاری بەردەوامی ڕێنماییەکان"ئەوەی هەرماوەیەك و کۆمەڵە ڕێنماییەك لە ئارادابێت" بۆ بابەتێکی دیاریکراو کۆی سیستەمی خوێندنی بالاّ خستۆتە مۆلەقی و ناجێگیرییەوە و دۆخێکی ناکاراو نەزۆك دەخولقێنێت. نەبوونی یاساو ڕێنمایی بۆ هەندێ بابەتی گرنگی وەك چۆنیەتی گەشەدان بە توێژینەوەی زانستی و چۆنیەتی گەشەپێدانی ئاستی توێژەر یان تۆکمەکردنی سیاسەت و سیستەمی پەروەردەیی، وەهای کردووە زانکۆ ڕووە و ناکارابوون"پاسیڤی" و کۆنبوونی زانستی بڕوات.

## گرفت و قەیرانی توێژینەوەی زانستی

بەپێی پێوەرە ئەکادیمیەکان بۆ ئاستی توێژینەوەی زانستی، زانکۆکان بەرهەمی زانستی ئاستبەرزی وەك توێژینەوە و داهێنانیان کەمە. لە ڕاستیدا، کەمی توێژینەوەکان لە گۆڤارە زانستیە ئاستبەرزەکاندا بەڵگەی لاوازی کارە زانسیەکان و ئاستی توێژەرانی زانستییە، زۆری توێژینەوە بەژمارە، هیچ هاوکاری و کۆمەکمان ناکات ببینە خاوەنی زانکۆیەکی گرنگ

و کاریگەر، ئەوەی کۆمەك بە زانکۆ دەکات" هەروەها بە کۆمەڵگاش" بریتییە لە بەرزیی کوالّیتی توێژینەوە زانستیەکان، ڕەسەنی، ناوازەیی، نوێگەریی کارە زانستییەکان، بەشداریکردنی زانستی توێژینەوە زانستییەکان بە دونیای زانست، چونکە دواجار ئەوەی ئێمە بە جیهانی زانست دەناسێنێت، هێز و ئاستی توێژینەوەکانە. نەك ژمارەکان. بەداخەوە توێژینەوەکانی زانکۆکان بڕێکی زۆری دەچنە خانەی توێژینەوە ئاستنزماکانەوە! ئەزموونی ساڵانی ڕابردوومان ئەوەیان سەلماند ژمارەی پرۆفیسۆرەکان بەشێوەیەکی بەرچاو زیادیکردوە، بەڵام ئاستی توێژینەوە زۆر نزمە و ڕیزبەندی زانکۆکانیش هەر لەخوارەوەیە، بەمشێوەیە، زانکۆمان زۆر هەیە، توێژینەوەی زۆرمان هەیە بە ئەندازەی زانکۆکانی هارڤارد و ستانفۆرد، پرۆفیسۆرمان بە ئەندازەی کامبریج و ئۆکسفۆرد دەبێت، هەموو شتەکانمان وەك ناو دەبێت، بەڵام ئایا بە ناوەڕۆك وەها دەبین؟!! ئایا ناوەڕۆکەکان لە ئاستی ناوەکاندا دەبن؟! ئەمەیە گەورەترین کێشەی زانکۆکان و وڵاتی ئێمە، ناوەکان هەن، بەڵام ناوەڕۆکەکان ئامادەنین. دوورکەوتنەوەی ناو لە ناوەڕۆك لێدانێکی کوشندە لە ئاستی زانستی ڕاستەقینەی زانکۆکان دەدات، هەروەها نیشتیمان و نەوەکانی ئاییندە دەخەنە بەردەم قەیرانی زۆر قوڵ و بێچارەوە، قەیرانێك مامۆستایانی زانکۆ لە ئایندەدا لێی بەرپرسیاردەبن.

## تاقیکردنەوەکان و ڕازیکردنی دڵی خوێندکار!

پرسیاری لاواز مرۆڤی گەورە دروووستناکات، ئەوە پرسیارە گرنگەکانن مرۆڤی گەورە دروست دەکەن، بەداخەوە زۆرێك لە مامۆستایانی زانکۆکان

لە ئێستادا پرسیاری تاقیکردنەوەکانیان بۆئەوەیە زۆرینەی خوێندکارەکانیان نمرەی زۆرباشە و باشە بهێنن، بۆئەوەی خوێندکارەکان تورە نەبن و مان نەگرن، ئەمە کەڵچەرێکی زۆر مەترسیدارە بۆ ئاستی زانستی دەرچوان، سیستەمی پەروەردەیی لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستاندا بە پلەی یەکەم لەسەر تەنها تاقیکردنەوە وەستاوە، ئەمەش دۆخێکی چەقبەستووی دروستکردوە و فێرخواز ناتوانێت لەدوای دەرچوونی کەسێکی بیرکراوە و سەرکەوتووی لێدرووست ببێت.

## مامۆستای سەرکەوتوو کێیە؟

ئەرکی مامۆستا مامۆستابوونە لە فۆرمێکی فێرکاری سەرکەوتوودا، واتە مامۆستا فێرکارە یان دەکرێت بڵێین پەروەردەکارە، کەسێکە پەیامێکی پێیە، بۆ گوێگرەکانی کە فێرخوازانن، ئەرکی فێرخوازیش کەسێکە دەیەوێت هەم فێربێت و هەم بەشداری لە پرۆسەی فێربوون بکات، کەسێکە دەیەوێت گوێبگرێت و شتی نوێ فێربێت و پاشان کارلێکی زیندوو بکات لەگەڵ وانەکە و مامۆستا. لێرەوە خولقاندنی بیری نوێ درووست دەبێت، لێرەوە دەبنە نەوەیەکی بیرکەرەوە، خاوەن دید، پرسیارکەر، گەڕیدەی زانین، مامۆستای پەروەردەکار ئەوەیە بتوانێت فێرخوازەکانی فێری پرسیار بکات، فێری خوێندنەوەیان بکات. بەڵام ئەمە چۆن دەکرێت ئەگەر مامۆستاکە خۆی نەهیچ بخوێنێتەوە و نەخۆی بەهەموو تەمەنی پرسیارێکی گرنگی کردبێت...!!!

## نهێنی کردنەوەی زانکۆ ئەهلیەکان چی بووە؟

بەرپرسێکی پێشووی خوێندنی باڵا دەڵێت: زانکۆ ئەهلیەکان کەسی سیاسی گەورە و سەرمایەداری گەورەیان لە پشتە، بەشێك لەو زانکۆیانە نەکراونەتەوە بۆ خزمەتی نیشتیمان و خزمەتی هاوڵاتیانی کوردستان، بەڵکو بۆ ئەوەیە سیاسییەکان، سەرمایەدارە گەندەڵەکان منداڵەکانیان بە حەزی خۆیان ببەنە ئەو شوێنانەی کە خۆیان دەیانەوێت و بە ئارەزووی خۆیان چ بڕوانامەیەکیان دەوێت بیاندەنێ!

## نموونەیەك لە شکستی بەرنامەی تواناسازی و خوێندنی دەرەوە!

خوێندکارێك لە یەکێك لە زانکۆ تازەکانی هەرێمی کوردستانەوە نێردرا بۆ بەریتانیا لەسەر پرۆگرامی تواناسازی و لەوێ زانکۆیەکی ئاست مامناوەند و گروپێکی ئاست مامناوەندی هەڵبژراد، بەهەرحاڵ پاش ئەوەی نەیتوانی هیچ بکات لە خوێندنەکەی و هیچ ئەنجامێکی ئەوتۆی نەبوو، بە کورتە ڕاپۆرتێك ماستەرەکەیان پێدا و گەڕاندیانەوە بۆ هەرێمی کوردستان، پاشان لە سیمیناری نازناوپێدان لەزانکۆی سلێمانیش دەرنەچوو، چونکە ئاستەکەی ئێجگار لاوازبوو، دواتر لە زانکۆکەی خۆی بە هەرچۆنێك بوو بۆی کراو نازناوی زانستی پێدرا، ئێستا نەوەکانی ئایندەمان پێدەگەیەنێت! ڕەنگە لە داهاتووشدا ببێتە بڕیاردەر لەسەر چارەنووسی خوێندنی باڵاو نەتەوەکەمان.

## حزب و زانکۆ

حزب له ڕێگەی دەمامکەوه و بە پشتبەستن بە ڕێنمایی نویێ، چەندین شتی جۆراوجۆری کردوه، ڕێنمایی نوێی دەرکردوه بۆ دامەزراندنی زانکۆی نویێ، ڕێنمایی نوێی دەرکردوه بۆ کردنەوەی بەشی نویێ و ڕاگرایەتی نویێ، ڕێنمایی نوێی دەرکردوه بۆ ئەوەی هەندیێ" مامۆستای نا لێهاتوو" ببن بەڕاگر، ڕێنمایی نوێی دەرکردوه بۆ ئەوەی پلەی زانستی هەندیێ مامۆستا بەرزبکرێتەوه، ڕێنمایی نوێی دەرکردوه بۆ ئەوەی هەندیێ مامۆستا ببن بە سەرپەرشتیاری خوێندنی باڵای ماستەر و دکتۆرا، بەشێکی زۆر لەگەشەی لاوازی زانکۆکانمان هۆکارەکەی دەگەڕێتەوه بۆ دەستێوەردانی نەرێنیی حزبەکان بە نادیاریی لە کاروباری زانکۆکاندا، زانکۆکان پڕن لەو ڕێنماییانەی کە بە نادیاری لەژێر کاریگەری حزبەکاندا دەرکراون، پڕن لەو مامۆستایانەی کە حزب دروستیکردون، پڕن لەو چاوانەی کە حزب دایناون.